خەبات بەرەو سەرکەوتن

دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە
مێژووی کۆمەڵە و کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی چەپ

بەرگی یەکەم

چاپی سێیەم

بەهمەنی سەعیدی

2012



ناوی کتێب: خەبات بەرەو سەرکەوتن – بەرگی یەکەم
ئامادەکار: بەهمەنی سەعیدی
چاپی یەکەم: کوردستان– ٢٠٠٩
چاپی دووەم: سوید – ٢٠٠٩
چاپی سێیەم: کوردستان – ٢٠١٢
چاپ: ئینتیشاراتی ناوەندی کۆمەڵە
ساڵی چاپ: ٢٠١٢
نرخی هەردوو بەرگەکە: ١٠,٠٠٠دینار

لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئەم کتێبە و ماندووبونەکەی پێشکەشە بە:

- دایکم
- شەهیدەکان و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵە و خانەوادەکانیان
- باران و وشیار
- بەو کەسانەی بە عیشقەوە زۆر بەم کتێبەوە هیلاک بوون

بەهمەن

چاپی سێیەم، چاپێکی نوێ، ناوێکی نوێ

خوێنەری بەڕێز

چاپێکی نوێی کتێبی" سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە – سکرتێری کۆمەڵە" بە تەنها چاپکردنەوەی کتێبەکە نییە و مەبەستیش ئەوە نیە ، کە کتێبەکە سەرەڕای ئەوەی هێشتا داواکاری زۆری لەسەرە، چاپدەکرێتەوە.

کە ئەوەش مایەی گرنگی پێدانە کاتێك تەنها لە ماوەی (4) ساڵدا کتێبێك بە تیراژێکی زۆر سێ جار چاپکرێتەوە و داواکاری خوێنەرانی لەسەر بێت، بەڵام دەبێت بڵێم چەند خاڵی سەرەکی هۆکار بوون بۆ چاپکردنەوەی ئەم کتێبە ئەمجارە.

یەکەم: پێویستی بەردەوامی واقعیەتی مێژوویی و دۆکیۆمێنتکردنی بۆ خەلکی کوردستان، کە پەیوەستە بە ژیان و خەبات و تێکۆشانی ئەوانەوە و بە داهاتووی بزووتنەوە سیاسی و شۆرشگێرانەی خەڵك بەتایبەت لە هەر چاپێکدا هەوڵماندواە تازەترین زانیاری و بەڵگە بدەینە دەست خەڵك کە نەك هەر تازەن، بەلکو بەسەهمی خۆیان کاریگەری خۆیان دەبێ و دەبنە یارپدەدەرێکی باش بۆ رۆشنکردنەوەی زهن و رێگای داهاتووی خەڵك، بۆیە دەبێ بڵێم، زۆربەی زانیاریەکان و گفتوگۆکانی نێو چاپی سێهەم تازە و نوێن، کە دلنیام تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆریان نەنوسراو و نەبینراون.

دووەم: هەمووومان ئەوە باش دەزانین ، بەهۆی هەلومەرجی سەخت و نالەباری وڵاتەکەمان لە ئێران و کوردستان بوونی هێزە سیاسەیەکانی خۆرهەڵاتیش لە کوردستانی عیراق، سەختی

و دژواری هەلومەرجی سیاسی کە بەم چاپە تازەیەیەشەوە رەنگە نەمانتوانیبێ هەموو شت بە ورد و درشتی باس بکەین.
واتا دەمەوێ بڵێم لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی تازە و نوێ و بوونی دەرفەتێکی بچکۆلە و درککردن بە مەسولیەت، بێگومان کە لك لەو دەرفەتە وەردەگرین تا بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە بێ دروستکردنی کێشە و گرفت بۆ هیچ لایەك کەلك لەو دەرفەتە وەرگرین بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری نوێ و دەسترەسی گەیاندنی بە خەلك تا ئەوانیش لێی بەهرەمەندبن.
بۆیە دەبێ بڵێم دیسان ویستومانە خزمەت بە خوێنەرانی کورد و دلسۆزانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و ناوچەکە بکەین لەوەی کە بەهرەمەندبن لەم زانیاریانە و هەتا بکرێ بچوکترین زانیاری و رووداوەکانی کوردستان لە خەڵکی نەشاردرێتەوە.
سێهەم: هۆکارێکی تری گرنگی چاپکردنی کتێبەکە ئەوەیە کە دەمانەوێ زۆر بەجدی راوەستین لەسەر ئەوە وەڵامەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کتێبی (5 ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی). ئەگەرچی رەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێش کە بۆچی لەم کتێبەدا کە مصاحبەکە لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادەیە ، وەڵام بە راو و بۆچونەکانی حزبی دیموکرات دەدرێتەوە ؟
بۆ ئەمەش دەبێ بڵێم “ فاکتۆری سەرەکی ئەوەیە کە خودی عەلیزادەش پێیوابوو بەشێك لە قسەکان و جوابەکانی دیموکرات قسەکردنە لەسەر مێژووی کۆمەڵە کە ناراستی لەوتنی راستیەکان هەیە، کە تا ئەم ساتەش (سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە) خۆی بە میراتگر و خاوەنی حەقیقی و واقیعی کۆمەڵە دەزانێ و لەسەر ئەو خەت و رێبازە بەرداوامە کە خەڵکانێك خەباتیان بۆ کردوە و قوربانی و شەهیدبونیان لەپیناو داوە، هەربۆیە داکۆکیکردنیش هەر لەو پێناوەدایە نەك لە کەسێکی تر.
هەر بۆیە عەلیزادە وەکو خۆی دەڵێ “لە کات و شوێنی

خۆیدا ئەویش وەڵامی بۆ قسەکانی موهتەدی ئەبێ و ئەم وەڵامانەش بە حزبی دیموکرات، مانای نە دژایەتی و نە داکۆکیکردنە لە کەس، بەڵکو خستنەڕووی واقیعیەت ڕەوتی ڕوداوەکانی مێژووی چوار دەیەی ڕابردووی ئێران و کوردستانی ئێرانە تا هەر هێز و لایەنێك و گروهێکی سیاسی بە ئارەزوی خۆی ڕووداوەکان چەواشە نەکات"

بۆیە لەم بەشە نوێیەی کتێبەکەدا عەلیزادە بە وردی قسە لەسەر وەڵامەکەی حزبی دیموکرات دەکات و وەکو خۆی دەڵێ هەندێ لە ڕاستیەکان لە ڕونکردنەوەکەی دیموکرات شێوێندراون و پێویستیان بە وەڵام و بەڵگە و سەنەد و چەند دۆکیۆمێنتی ڕاستەقینە هەیە.

ئەگەرچی هەر لە ئێستاوە لە پەیوەست بەم بابەتەوە ئێمە لە شوێن ئەوەدا دەبینن کە عەبدوڵای موهتەدیش وەڵامی چییە بۆ وەڵامەکانی حزبی دیموکرات و تەنانەت چاپی سێهەمی ئەم کتێبەش.

هەموو ئەمانە بە هەقی تەبیعی و ڕاستەقینە بۆ حزبی دیموکراتیش ڕاستە کە دەیانەوێ وەڵام بە هەردوو عەلیزادە و موهتەدی بدنەوە، هەوڵدەدەین ئەوانیش بە تولانی وەڵام و قسەی خۆیان لەسەر مێژووی سیاسی کوردستانی ئێران و ئێران و ناوچەکە و ڕووداوەکان هەبێ کە دڵنیام ئەوانیش قسەی خۆیان دەبێ و زانیاری تایبەتیان هەبێ لەسەر مێژووی سیاسی کوردستان و ڕەنگە ئەم زانیاریانەش بەڕاست نەزانن.

بۆیە ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە وەکو نوسەری کتێبەکە، تەنها خزمەتکردنە بە مێژوویەك کە تەنها خزمەت بە خەڵکی کوردستان و ڕۆشنکردنەوەی بەشێك لە مێژووە جگە لەوەی هەر هێزێکی سیاسی کە شاهیدی ئەم ڕووداوە مێژوویانەیە ئێمە دەتوانین خزمەتی بکەین و بۆ ئەو ئەرکە لە خزمەتیاندایین بە تایبەتی هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان کە بۆ ئێمەش و خەڵکی کوردستانیش گرنگی مێژوی خۆی دەبێ گەر بڕیار بدەن بێکەوە هەمان کار

ئەنجامبدەین.

بەڵام دەبێ لە پەیوەست بە وەڵامەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کتێبی (5 ساڵ لەگەڵ عەبدوڵای موهتەدی) ئەو گلەیە لە بەرێزانی حزبی دیموکرات بکەم کە لە مەقتەعێکی وەڵامەکەدا هاتووە کە ئەم جۆرە کارانە نوسەر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆ من وەکو نووسەری کتێبەکە مایەی نیگەرانیە.

چونکە بەرێزانی حزبی دیموکرات ئەوە باش دەزانن کەم تا زۆری کتێبەکە بۆچوون و رەئی شەخصی منی تێدا نییە بەم کتێبەش کە لە بەردەستتدایە، بەڵکو من وەکو نوسەر پرسیاری خۆم کردوە و رەئی و نەزەری موهتەدی و عەلیزادەم وەرگرتوە و ئامادەم بەهەمان شێوە بۆ سەلماندن و خزمەتکردنی هەردوولا هەمان دیدار و کار و زەحمەت بۆ هەردوو ئازیزانم لە حزبی دیموکرات ئەنجام بدەم، هەر لێرەوەش دەبێ بڵێم چ هەردوو حزبی دیموکرات و چ ئەو هێزە شۆرشگێرانەی کوردستانی عیراق و ئێران کە بە هەر هۆیەك بێ لەم کتێبانە ناویان هاتووەمن رێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەوان دەگرم و هەرکارێك کە لە دەستم بێ لەمبارەیەو درێغی ناکەم، کە خوازیارم بۆ سەلماندنی رێزگرتن لە هەوڵ و کۆششی ئەوان هەرچی زووە دەست بەم کارە بکەین، بەڵام راستی ئەوەیە کە دەبێ هەمووڵایەك بزانن لەم گفتوگۆیانەدا هیچ رەئی و نەزری منی تێدا نیە و ئەگەر هەر رەئیکیشم هەبێ تێکەلی ئەم کتێبانەم نەکردوە.

چوارەم: خاڵێکی تری گرنگی چاپی نوێی کتێبەکە زانیاری تازەیە کە کە دەتوانین بڵێن وەکو چاپەکانی تر ئەو چوارچێوەیەی تێپەڕاندووە کە تەنها لەسەر بابەتێکی تایبەت بە کۆمەڵە بوەستێ ، بەڵکو لەم چاپەدا بۆ نمونە هەوڵدراوە لەسەر رووداوەکانی راپەرینی گەلانی عەرەبی بوەستێ کە پەیوەستن بە داهاتووی خەڵکی کوردستان و رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە یان وەستاوە لەسەر باسەکانی دروستکردنی سوپای رزگاری و مەکتەبی موفتی زادە و زۆر هۆکاری تر.

هەر بۆیە وامان پێباشبوو کە ناوی کتێبەکەش لە سێ

ساڵ لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادەوە بگۆرین بۆ (خەبات بەرەو سەرکەوتن) کە ئاماژەیە بۆ سەخت و دژواری شۆرشی خەڵکی کوردستان کە ئەنجام دەگاتە سەرکەوتن ئەگەر ئەم مێژووە نەبێ و خەڵك نەیزانێ وەك ئەفسانەی شۆرش نەبێ کە قوربانی دراوە لە پێناو بوون و مانەوە و بە گژداچوونەوەی دیکتاتۆیەت و بێ مافی خەڵکی کوردستان و ئێران (خەبات بەرەو سەرکەوتن) گێرانەوەی مێژوویەکە پر ئەفسانە، کە مەحاڵ کراوە بە واقیع دژی رژێمی شاهەنشایی و کۆماری ئیسلامی ئێران.

پێنجەم: هیوادارم چاپی چوارهەمی کتێبەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئێرانی ئازاد چاپ بکەین و بە ئازادی لە کوچە و کۆڵان و شارەکانی کوردستان و ئێران بەدەست خەڵکی بگات و خوێنەران باشتر قەزاوەت لەسەر رووداوەکان بکەن و ئەو مێژووە و واقیعیەتی باشتر قسەی لەسەر بکرێت و حکوم لەسەر کتێبەکەش بدەن.

شەشەم: خاڵێکی تر هەرچەندە بۆمان گرنگ نەبوو، بەڵام پێویستی بەروونکردنەوە هەبوو بۆ خوێنەران. تا بەهۆی نووسین و بۆچوونی کەسانێکەوە کە دور و نزیك ئاگایان لەکارو ماندوبوونەکانی ئێمە نیە و رمل لێدەدەن بە پێویست زانی.

کە دەڵێن پرسیارەکان قوڵ نین و کتێبەکە تەنها باسی کۆنگرەکانی کۆمەڵەی کردووە،

دیارە قسەمان لەسەر ئەو کەسانە نییە، گەر کۆمارەکەی ئەفلاتونیش بکەیتە واقیع ئەوان دەڵێن نا کاکە هێشتا ماویەتی، بەچاك و خراپ هەر دەڵێن خراپ، تا خەڵکی پێیان بڵێن رەخنەگر.

بۆ ئەوەش کە پرسیارەکان قوڵ نین، دەبێ بڵێم کە ئێمە نەهاتووین مێژووی فەلسەفە و مارکسیزم بنوسینەوە، یان بچینە جەدەلی جۆراوجۆرەوە، نەخێر ئێمە باس لە میژووی حزبێکی شۆرشگێر دەکەین لە چوارچێوەی کوردستان و ئێراندا. کە ئەمەش (دیدارە) نەك وتار و لێکۆڵینەوە.

دەبوو ئەو رەخنەگرانە ئەوەش بزانن کە بەڵێ ئەم سێ

کتێبە دەساڵ پێوەی خەریك بووین، ئـەوەش بزانن کە (400.000)چوارسەد هەزار ووشە و نووسینەوە و دارشتن و خوێندنەوەی ماندوبوونێکی زۆری ویستووە، بەڵام عیشقمان بۆ کارەکە بەهۆی ئەو قسانەوە ساردمان ناکاتەوە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە گوایە نوسوینەوەی کۆنگرەکانی کۆمەلەیە، بێگومان وانیـە، بـەڵام ویستوومانە مێژووی رووداوەکـان لەنێوان دوو کۆنگرەدا باس بکەین، ئەگەرنا هەر کەس کە کتێبەکە دەخوێنێتەوە دەزانێت کە کەمترین باس لەسەر کۆنگرەکانەو زۆرترینی قسەو باسەکان لەسەر رووداوە مێژووییەکانە، بەڵام دیارە ئەو بەرێزانە تەنها سەر لاپەرەکانیان خوێندۆتەوە چونکە بەفۆنتی گەورە نووسراون و ناوو ناوەرۆکەکانیان نەخویندۆتەوە.

هیوادارم خوێنەرانیش ئەوە بزانن کە ئەگەر هەندێ زانیاری وردمان بڵاونەکردۆتەوە ئەوە لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە چونکە کاتی نییە، لەداهاتووشدا هەموو ئەوانە بڵاودەکەینەوە.

گەر ئەمانەش دروست نین کە باسمان کردن، کەسێکی تر نایەوێ تەنها قسەی زل بکات لە دوورەوە، فەرموو با بێت کارەکە جوانتر و باشتر و قولتر بکات و تەواوی بکات، ئەم ئەرز و ئەمە گەز.

بەهمەنی سەعیدی
1/1/2012

چاپی دووهەم بۆ...

سەبارەت بەچاپی دووهەمی کتێبی (سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە)دا. حەزمکرد چەند قسەیەکی کورت بخەمە سەر قسەکانی پێشووم.

بێگومان لەهەموو دونیادا چاپی دووهەم و سێهەمی کتێب، ئاماژە و دەلالەتە بۆ باشی، سەرکەوتنی کتێبەکە، هەرئەمەش وایکردوە پاش چاپی یەکەم و سەرکەوتن و دەستخۆشیەکی زۆر لەکتێبەکە. نەمانی لەبازار و داواکاریەکی زۆر لەسەری بەتایبەت لەئەوروپاوە. بریارماندا چاپی دووهەمی بکەین.

لەسەر کتێبەکە وترا" "مێژویەکی سی ساڵەی زیندووکردەوە" "چەند قسەی مێژوویی خنکاوە، کەنەکرابون، درکێندران"

"هەقیقەتی مێژوو دەگێڕێتەوە" پرۆژەیەکە بۆ گەڕان بەدوای پرسیارە ونبوەکان و خەمی گرفتەکان"

ئەوەش وترا" لایەنگری پێوەیە" "دەبوو لایەنەکانی تریش قسەبکەن" "بەشێک لەنهێنیەکان ئاشکرا نەکراون"

بێگومان ئەوانە هەردووکیان بۆچونی خوێنەرانی کتێبەکەیە و لەم چاپە و چاپەکانی داهاتوشدا، ئەو بۆچونانە لەبەرچاو دەگرین.

بەڵام ئەوە دەزانین، کەکارێکمانکردوە، بەوپەڕی یەقینەوە بۆ ئاشکرابوونی گومانەکان و بێ لایەنگری بەڵکو ئامانجمان خزمەتکردن بوە بەمێژوو و گەل و بەرنامە، بەواقیعەتێک کە (30) ساڵ درێژەی کێشاوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین لەسەر ئەم پرۆژەیە بەردەوام دەبین و دەگەڕێن بەدوای یەک بەیەکی ئەو وەڵامانەی خەڵکی کوردستان دەیەوێت.

هەربۆیە بەم زوانە پرۆژەی دووەم دیدارێکە لەگەڵ (عەبدوڵلا مهتدی)، تابتوانین ئەو مێژووە باشتر قسەی لەسەر بکەین

و دواتریش پرۆژەی ترمان دەبێت لەسەر هەڵوێستی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەهەبوون پێیانوایە ئەم کتێبە پرۆژەیەکە تەنها لەخزمەت (کۆمەڵە)دایە. کەهەرگیز وانیە.

بەڵام دەبێ ئەوە بڵین. هاوکاریکردنی ئیبراهیم عەلیزادە و زوو بەدەنگەوە هاتنی هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی کارەکە بوو لەهەردووجارەکەدا.

گەرچی ئێستا نالێین کتێبەکە و پرۆژەکەمان. بێ هەڵەنیەو کامڵە، بەڵام پێموابێت هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەیەقین ...

هەروەکو چۆن بەچاپی یەکەمدا چوینەوە، دیزاین و فۆرمەکەیمان گۆری و لەپاشکۆیەکیشدا چەندین پرسیاری ترمان خستە سەر چاپی دووەم. کەلەچاپی یەکەمدا لەبیرکرابوون. سەڕەرای چەندین بەڵگەو دۆکۆمێنت و وێنەی تر کەکارەکەی دەوڵەمەنترکرد.

سەرەرای هەموو خۆشەویستیەک بۆ خوێنەرەکانمان و گلەیی و رەخنەو بۆچونەکانیان دەتوانن لە رێگای ئەم ئیمێڵەوە رەخنە و سەرەنج و بۆچونەکانیانمان بۆ بنێرن تالەچاپی سێهەمدا کەڵکیان لێ وەرگرین.

bahmansnaiy@yahoo.com

بەهمەنی سەعیدی
25/10/2009

پێشەکی چاپی یەکەم

خوێنەری خۆشەویست

ئەم کتێبەی بەردەستت، هەوڵێکە بۆ زیندووراگرتنی مێژوویەک کە(سی) ساڵە درێژەی هەیە، مێژووی سازمانێکی سیاسیو چەندین کەسایەتی شۆڕشگێڕ، کەرۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە لەمێژووی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو ئێران بەگشتی.

ئەم کتێبە دیدارێکی مێژووی، سیاسی تایبەتە، کەسێ ساڵی خایاندووە، لەگەڵ "ئیبراهیم عەلیزادە" سکرتێری کۆمەڵە"

ئیبراهیم عەلیزادە سیاسیەکی ناسراوی ناوچەکەو کوردستان بەگشتی–کوردستانی ئێران بەتاپبەتیو کەسێکی چەپو مارکسیو کۆمۆنیستێکی تێکۆشەرە، کەرۆڵی بەرچاوی هەبووە لەبزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانو چەوساوەکانی ئێران.

بێ لەوان کۆمەڵەو مێژووەکەی هێندە دەهێنێت، کەلەدیدارێکی وەهـادا هەموو ئەو باسو خواسانە بخرێنەروو کەلەماوەی (سی) ساڵی رابردوودا بەشاراوەیی ماونەتەوە، یان کەوتونتەژێر تەپووتۆزی بارودۆخی ناهەمواری سیاسی کوردستانو ناوچەکە.

لەم کتێبەدا زۆر باسو بابەت خراونتەروو، کەپەیوەستن بەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە، یان پەیوەستن بەمەسەلە نەتەوەییو چینایەتیەکانو داهاتووی کوردستانی ئێران.

بێگومان بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی سیاسی (کۆمەڵە)دا بە شەفاف و وردبینیووە، قسەلەسەر زۆربەی نهێنەیەکانی رابــردووی ئەم رێکخراوەو رووداوەکانی کوردستانی ئێران دەکرێت، بەو پێیەی کۆمەڵە، حزبێکی جەماوەریو لەمێژینەیە، بێگومان کتێبێکی وەها، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ هەموو ئەو کەسانەی عەودالی مێژووی سیاسی کۆمەڵە و کوردستانی

ئێران‌و بزوتنەوەی چەپ وئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێرانن و پەیوەندیەکانی پارچەکانی ترن.

لەم دیدارەدا کەماوەی سێ ساڵە خایاندوە، لەگەڵ ئیبراهیم علیزادە، زۆر باس‌و بابەتی گەرم‌و نهێنی‌و سەرنجراکێش‌و حەماسیانەو مەترسیدار قسەیان لەسەرکراوە.

دەبوو کارەکە لەسەرەتاوە بەسادەیی دەستپێبکات، هەربۆیە بریارماندا، سەرەتا لە باسی منداڵی‌و ژیانی شەخسی ئیبراهیمی علیزادەوە دەستپێبکەین.

ئەو سەرەتا باس لەمنداڵی خۆیدەکات، کەچۆن هەژاری تەنگی پی هەڵچنیوەو عەوداڵی عەدالەت‌و بەدیهێنانی یەکسانی بووە... ئەو باس لەوەدەکات کەچۆن لەرێگای باوکێکی دیموکراتەوە پێ دەنێتە سیاسەتەوە...

علیزادە سیاسیەکی هێمن‌و قوڵ‌و شارەزایە، بەڵام ئەو وەک چۆن لەمنداڵی شەرمن بووە، ئێستاش هەر شەرمنە و خۆشی دان بەوەدا دەنێت کەعاشقێکی دۆراوە.

علیزادە باس لەسەرەتا مەترسیدارەکانی کاری نهێنی‌و سیاسی دەکات لەسەردەمی شاداو دەمانگێرێتەوە بۆ بیرەوەیە تالەکانی سەردەمی خەفەقانی شاهانشایی‌و زیندان‌و کاری نهێنی‌و شانە نهێنەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵە، کەچۆن چەند گەنجێکی چەپ‌و مارکسی کەزۆرینەیان کوردبوون. لەشاری تاران کەوتنە رێکخستن‌و دروستبوونی رێکخراوێکی چەپی کوردستانی بەناوی کۆمەڵە کەجیاوازتر بوو لە رێکخراوەکانی پێش خۆی.

باس لەوەدەکات چۆن کۆمەڵە سالی (1969) بەنهێنی لەتاران دروستدەبێت، بەمەیلی مائویستی‌و مارکسیسزم‌و لینینزم، کە دەیانویست عەدالەت‌و یەکسانی بێتەکایەوەو کۆمەڵگای ئێران‌و کوردستان لەو سیستمە فئودالیە رزگاربکەن، سیستمێکی سوسیالیزمانە شوێنی بگرێتەوە.

لەم دیدارەدا کەسێ سالی خایاندووە، ئیبراهیم علیزادە زۆر

شەفافانە هەموو ئەو بیروەریانە دەگێڕێتەوە کەلەم پێناودا بۆ سەرخستنی دروستبوونی کۆمەڵە هاتەکایەوە.

هەربۆیە لەیەکەم کۆنگرەی ساڵی (1978) دەستدەکات بەگێڕانەوەی ئەو مێژووە سیاسیە، کەلەو ماوەیەدا کۆمەڵە لەساڵی (1357) و گرتنی شارەبانی سەقزو شەهیدبوونی حەمەحوسێنی کەریمی و ناونانی کۆمەڵە بەناوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)و هەر لێرەوە عەلیزادە دەچێتە ناو ئەم مێژووەو کەبەشێکی زۆری مێژووی سیاسیو خوێناوی و ململانێیەکی زۆر گەروەیە.

لەم دیدارەدا باس لەچۆنیەتی ئاڵوگۆڕ دەکرێ لەریزەکانی ئەم ڕێکخراوەداو گەشەکردنی لەرێگای ڕێکخراوەکانی جەماوەریو جوتیارانەوەو چەکدارکردنی ژنانو پیاوانی شۆڕشگێڕو دروستبوونی ململانێی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی چەند ساڵەو شەری بەردەوامی (کۆمەڵە-ئێران)، علیزادە لەم دیدارەدا باس لەو دۆستایەتیو هاوپەیمانیەتییە دەکات کەهەر لەسەرەتاوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیو کۆمەڵەی رەنجدەران دروستدەبێت.

دواتریش ئەو پەیوەندیەی کەتائێستاش درێژەی هەیەو هاوکاری جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراقی ئێستاو سکرتێری یەکێتی. ئامادەبوونی تاڵەبانی لەزۆربەی کۆنگرەکانی کۆمەڵەدا لەو کاتەدا بەشداربووەو پەیوەندی کۆمەڵەو یەکێتی دەخاتە بەرباس.

لەبەشێکی تری ئەم کتێبەدا، ئیبراهیم علیزادە تیشک دەخاتەسەر شەری ناوخۆی نێوان (دیموکراتو کۆمەڵە) و لایەنەکانی تر، کەچەندە کاریگەری خراپی کردە سەر بارودۆخی سیاسی کوردستانی ئێران، هەر لەو نێوەدا باس لەتیرۆرکردنی د.عەبدولرحمان قاسملۆو د. شەرەفکندی دەکات، ئەوە جگە لەگرفتە بەردەوامەکانی کۆمەڵەودیموکرات تادەگات بەئێستاو

جیابوونەوەکانی ئەو کاتی حدکا-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر...

هەر لەم دیدارەدا بەوردی قسەلەسەر بەعس‌و پەیوەندیەکانی (کۆمەڵە-بەعس) و حکومەتی عیراق‌و داهاتووی عیراقی ئێستادەکات‌و پـەردە لەسەر زۆر نهێنی ئەم پەیوەندیانە هەڵدەماڵی.

لەبەشێکی تری باسکردنی مێژووی سیاسی کۆمەڵەدا، ئیبراهیم علیزادە، بەوردی باسی دروستبوونی (حزبی کۆمۆنیستی ئێران)و هاتنە ناوەی گروپە سەهەندو مەنسوری حیکمەت‌و ڕۆڵی عەبدوڵڵای موهتەدی دەکات لەم بارەیەوە.

باس لەچەمکە فکرییەکانی مارکسیزم‌و لینینزم دەکات‌و ڕۆڵی مەنسور شیدەکاتەوە، تا دەگات بەسەرهەڵدانی گرفت‌و کێشەکانی ناو کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیست‌و ململانێیەکانی ناو ئەو حزبەو جیابوونەوەی مەنسوری حیکمەت‌و دروستکردنی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کارگەری‌و بێهزکردنی کۆمەڵە.

علیزادە بەشێکی ئەو گرفتانە دەخاتە ئەستۆی عەبدوڵڵای موهتەدی‌و مەنسوری حیکمەت‌و پێیوایە مەنسور کۆمەڵەی زۆر لاوازکرد.

ئەم کتێبە جیالەوەی باس لەمێژووی شۆڕشگێرانەی سازمانێکی سیاسی چەپ و مارکسی دەکات. لەهەمانکاتدا لەپەیوەست بەمەسەلەکانی چەپ و مارکسیزم وەستاوە، لەسەر خودی فەلسەفەی مارکسیزم و ململانێی چینایەتیەکان و سیستمی فئودالی و ململانێی هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیزم و وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی کەشورەوی نەیتوانی بەهەق نوێنەرایەتی باسکی سۆسیالیزمی جیهانی بکات.

هەر لەم بەشەدا، باس لەمەسەلەی چەپ و ڕێکخراوە مارکسیستەکانی کوردستان دەکرێت. سـەرەرای پەیوەندی کۆمەڵە بەڕێکخراوە چەپ و مارکیستەکانی ئێران لەبابەتی (ڕای کارگەر، حکمەتێست، حزبی کۆمەنیست، چریکە فیداییەکان...)

جیالەوەی، لەبەشێکی ترێ ئەم کتێبەدا، مەسەلەی نەتەوەو مەزهەب و ناسیۆنالیزم ڕۆلیان هەبووە لەسیاسەتی کۆمەلەو بزوتنەوەی هەقخوازانەی خەلکی کوردستان و

ئینشیقاق و ئینشعابەکانی کۆمەلەدا بەئەهمیەتەوە لەسەری وەستاوەو چ وەکو فەلسەفە چ وەکو بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و قەومی بەوردی قسە و باسی لەسەرکراوە.

ئیبراهیم علیزادە لەم کتێبەدا، باس لەیەک بەیەکی کۆنگرەکانی کۆمەلە دەکات هەر لەیەکەم کۆنگرە کەلە سالی (1978) لەسنە بەرێوەچوە، تا کۆنگرەی (13) لە (2008) کەلەزرگوێز لەکوردستانی عێراق بەرێوەچوە.

ئەگەر چی لەکۆنگرەی (حەوت و هەشت)دا بەوردی باس لەکێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەلە دەکات، بەتایبەت جیابونەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری و جەماعەتی مەنسوری حیکمت، بەوردی لەسەر ئەم ئینشیقاقانە دەوەستێت وبەشێکی ئۆبالەکەی دەخاتە ئەستۆی مەنسوری حیکمت و عەبدوللای مهتدی و پێیوایە حیکمت زەربەی گەورەی لەکۆمەلەدا. لەکاتێکدا یەکێک بوو لە بونیادگوزەرانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

لەباسەکانی مەربوت بەکۆنگرەی نۆ لەسالی (2000)دا بەوردی باس لەجیابوونەوەی عەبدوللای مهتدی دەکات وباس لەچۆنیەتی پێکهێنانی سەرلەنوێ ی کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەکـات، کەچۆن ئێران و ئیتلاعات، لایەنی تری سیاسی کوردستانی رۆلیان هەبوە .بەتایبەتی کەئەوکات چۆن ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و(ی.ن.ک) هاوکاری عەبدوللای مهتدی دەکات لەو ئینشیقاقەدا.

جیالەوە علیزادە لەم بابەتەدا باس لەرۆلی جەلال تالەبانی سەرۆکۆماری ئێستای عێراق و سکرتێری (ی.ن.ک) دەکات بۆ رێگرتن لەجیابونەوەی هەردوولا، بەلام هەولەکانی سەرکەوتوو

نەبوو، علیزادە لەم بارەیەوە دەڵێ بەڵام (16)ی گەلاوێژ دەریخست کەکێ کۆمەڵەیە..؟!

ئەگەرچی لەم کتێبەدا علیزادە بەوردی باس لەپەیوەندیەکانی خۆی و مهتدی دەکات لەهەموو کێشەو گرفتە سیاسیەکان و ململانێیەکانیان لەگەڵ حیکمت و باس و گرفتەکانی تردا

علیزادە لەباسی کۆنگرەی (13)دا لەساڵی (2008) باس لەکێشەو گرفتەکانی باڵی فراکسیۆن دەکات کەیەکێکی ترە لەگرفتەسیاسیەکانی ناوکۆمەڵە.

لەم کتێبەدا باس لەهێزی پێشمەرگە دەکات وەکو باسکی بەهێزی کۆمەڵە کەچ رۆڵ و کاریگەری پۆزەتیفی لەسەر خەباتی کۆمەڵە جێهێشتوە، باسی قارەمانی و گیانبازی ئەو پێشمەرگانەو خێزان و خانەوادەکانیان دەکات. باس لەوە دەکات کەکۆمەڵە خاوەنی (2300) شەهیدی سەنگەرە کەلەپێناو بیرو باوەرەکانیان بونەتە قوربانی، دەڵێ ئێمەش بەردەوام دەبین لەسەر رێبازیان.

علیزادە لـەوەڵام بەکێشەو ململانێی مێژووی کۆمەڵەو دیموکرات باس لەسەرەتاو رەهەندو قوڵبونەوەکانی دەکات کەچۆن حزبی دیموکرات ئەوەی پێ قبوڵ نەدەکرا، رێکخراوێکی چەپ و خاوەن جەماوەر زو بەزوبێتە مەیدانەوە، هەربۆیە ئەوە سەرەتای ئەو ململانێ و شەرو شۆرانە بوو کەدواتر فاکتەری تری هاتەسەر، علیزادە رۆڵی خراپی قاسملۆ باسدەکات لەو شەرانەدا ،سەرەرا باسکردن لەنهێنیەکانی تیرۆری قاسملۆ و شەرەفکندی و جیابونەوەکانی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران– رێبەرایەتی شۆرشگێر) بەرێبەرایەتی جەلیل گادانی.

لەپەیوەند بەئێران، علیزادە ئەوە باسدەکات ئامانجی سەرەکی کۆمەڵە روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەدیهێنانی سیستمێکی سیاسی نوێیە لەئێران و خزمەتکردنی چەوساوەکانی کوردستانە.

باس لەخەباتی نهێنی و تەشکیلات و رۆڵی پێشمەرگە دەکات لەم پێناوەدا کەچۆن هەزاران کەس لەسێدارەدران و شەهیدبوون،

باس لەدانیشتنەکانی لایەنەسیاسیەکان دەکات لەگەڵ خومەینی و ئێران. باس لەرۆڵی ئیتلاعات و هاوکارەکانی دەکات لەکوردستانی عێراق کەچۆن سەدان پێشمەرگەی کۆمەڵەو لایەنەکانی تریان تیرۆرکرد، کەچۆن دەیان پیلانیان داناوە بۆ تیرۆرکردنی علیزادەو رێبەرانی کۆمەڵەو رێبەرانی ئۆپۆزسیۆن.

باسێکی تری ئەم کتێبە پەیوەندی کۆمەڵەو بەعس و کیمیاپارانکردنی هەڵەبجەو شەهیدبوونی (100) پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، سەرەرای روخانی بەعس و زۆربایەتی تری پەیوەست بەبەعس

لەکۆتایدا دەبێ بڵێم ئەم کتێبە. پاش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر هاتە بەرهەم کەسێ ساڵی خایاندوە و توانیویەتی وەڵامی زۆر پرسیارو زۆر رووداوی سیاسی نهێنی بداتەوە کەبۆ خوێنەرانی و خەلکی کوردستان و لایەنگرانی و رێکخراوە سیاسیەکان گرنگەو ئەهیمەتی سیاسی و مێژووی تایبەت بەخۆی هەیە.

خوێنەری بەرێز.

بەوهیوایەی ئەم کتێبە ببێتە مایەی رەزامەندی هەموو لایەک و بتوانێت خزمەتێکی بچووک بکات، ئەوی تری کەماوە خوێنەر خۆی حەکەم دەبێت و بریار دەدات کەتاچەند راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ مێژووی سیاسی (30) ساڵی رابردووی کوردستانی ئێران و رێکخراوە سیاسیەکان و کۆمەڵە کراوە.

بەهمەنی سەعیدی
ئازاری/2009

ئیبراهیم عەلیزادە
لەمامۆستاییەوە بۆ سکرتێری کۆمەڵە

ژیانی منداڵی و گەنجێتی ئیبراهیم عەلیزادە

×ئێمە خۆشحاڵین بۆ دیدارێکی وەها؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر خۆشحالم کە بۆ دیدارێکی وەها. ئەمە بۆشاییەکە دەبێت پڕبکرێتەوە، وە جێگای خۆشحالی زۆر دەبێت بۆ من، وەمن بەشبەحاڵی خۆم بۆ هەموو یارمەتێەک لەپێناوی ئەو مەسەلەیە کە قازانجی خەلکی تێدایە ئامادەم.

×دەکرێت شوێنی لەدایکبوونت، وەزعیەتی ژیانی هاوسەری و خێزانتم بۆ باس بکەیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ناوم ئیبراهیم عەلیزادەیە، –لەیەکێک لەئاواییەکانی نێوان بۆکان و مەهاباد بەناوی غەوس ئاوباد، لە

هاوینی ساڵی (1329) هەتاوی لەدایکبووم. دووجاڕ زەواجم کردووە، ئێستا لەگەڵ هاوسەری دووەمدا دەژیم. مندالمان نییە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە مەهاباد تەواوکردووە، دوای ئەوە چووم بۆ کۆلێجی تەکنیکی لەزانکۆی تەورێز و لەوێش دەرەجەی فەوقی لیسانسم لە مۆهەندیسی کارەبادا وەرگرتووە. لە دەورەی خوێندنم لە زانکۆی تەورێزدا یەکێک لە هەڵسووراوانی بزووتنەوەی خوێندکاران بووم. دوای تەواوکردنی زانکۆ بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک دەورەی سەربازیم بەپلەی سیتوان دووهەمی لە کارخانەی قەندی شاری میاندواو کە سەر بەبەشی لوجیستیکی سوپای ئێران بوو، تێپەرکردووە. بەدوای ئەوەدا بۆ ماوەی ساڵێک لە مەدرەسەیەکی تەکنیکیدا لە شاری مەهاباد دەرسم وتووەتەوە. هەر لەم دەورەیەدا بۆ ماوەی (9) مانگ کەوتوومەتە زیندانی ساواکی شا. ماوەیەکی کورت دوای ئازاد بوونم، ژیانی نهێنیم هەڵبژاردوەو لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران کرێکاریم کردووە. لەکاتی ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی (1979) وازم لە ژیانی نهێنیم هێناوە، هەڵسوورانی ئاشکرام دەستپێکردووە.

×پاش چەند ساڵ خەبات و قوربانیدان وململانێ لەگەڵ شۆڕش، ئەتوانم بڵێم (35) ساڵ خەبات و پێشمەرگایەتی، کەچی ئێستا گەنج دیاری وبە ئومێدەوە ئەژیت وچاوەڕوانی داهاتوویەکی باش دەکەیت، دیارە کەهیلاکو ماندووشیت وە سەرو ریشت سپی بووە، بەڵام پێم ناڵێیت بەنیازی چیت یان ئەتەوێت چی بکەیت لەو ڕێگایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیلاک بوون و ماندووبوونی لەش واقعیەتێکە کەکەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات، بەڵام من تائێستا هەرگیز هەستم بەماندوو بوون و هیلاکی لەتێکۆشانی سیاسیمدا نەکردووە. من لام وایە هەوڵ و ماندووبوونی ئێمە لە چاو ڕەنجێک کەخەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان دەیبەن، هیلاک بوونێکی قورس نییە. من

بۆ ئەو هەولانەی کەتائێستا داومە هیچ منەتێکم بە سەر خەڵکەوە نییە. دیارە مەترسی لەسەر ژیانم بووە، هەروەکوو مەترسی کە بەردەوام لەسەر ژیانی گەلێک خەلکی تریش لەو وڵاتەدا هەبووە ،کەلەوانەیە لە ناو تێکۆشانی سیاسیشدا نەبووبن. بەڵام ژیان چییە ئەگەر خەتەرکردنی تێدا نەبێت. تەنانەت لەناو بنەماڵەی منیشدا کەسانێک هەن کەلەژیانی ئاسایی خۆیاندا زیاتر لە من رەنجیان بردووە. ئەو رێگەیەی من پێیدا رۆیشتم هەرچی بووە باش بووە و هیواداریشم و پێموایە روو لەسەرکەوتنە. ئەو ئامانجە سیاسیانەی کە بۆ خۆم دیاریمکردووە، باوەرم پێیەتی و لام وایە لەگەڵ رەوتی مێژووی ژیانی ئینسان دێتەوە و هەر دەبێت بین.

× ئەوانەی کەدەبێت بین، چین ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر بمهەوێ هەمووی لە چەند ووشەدا وەڵام بدەمەوە، بریتییە لە یەکسانی، لە ئاسایش و خوشبەختیدا.

×هەر ئەوەیە کە لەسەرەتاوە کارت بۆ کردووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە خاڵێکی سەرەکیو هەموو بیرو بۆچوونێکم بووە، کە من لە کۆمەڵگایەکدا بژیم ژیان تێیدا بەئاسودەیی بێت، یاسایانەو یەکسان بێت، زولم نەبێت، چەوسانەوە نەبێت، هەڵاواردن نەبێتو لەهەمان کاتدا خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بێت. ئەوە هەمیشە ئارەزووی من بووەو سیاسەتو تاکتیکو ستراتێژی بۆ من هەمووی لەپێناوی ئەوەدا مانای پەیدا کردووە.

×تۆ وتت ژیانی کێ هەیە خەتەر نەبێت، بەڵام من زۆر زیندەگیت پێت دەڵێم خەتەر نییەو زۆر خۆشگوزەران دەژی. ئەو پیاوەی کە پیاوی دەوڵەتەو لەتاران بەئوتومبێلکیەوە دەسورێتەوە، ئەو پیاوەی بۆ خۆی لە سەفارەتخانەیەک دانیشتووە، ئەوپیاوەی کەهەرگیز مەترسی تیرۆرو رفاندنو کوشتنی لەسەر نییە، ئەوە زیندەگی جیاوازترە بەپێچەوانەی ئەوەی کە تۆ هەمووکات رووبەرووی مەترسی بویتەوە، تۆ حەزت نەئەکرد لەو زیندەگیانەدا بژیت، بۆچی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێوە باسی پیاوی دەوڵەتتان کرد لە تاران، با چەند نمونەیەکتان لەم بابەتەوە بۆ بهێنمەوە. دوو دەستە لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە هەر لە تاران تێدا چوون. ئێمە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی خەباتی پێشمەرگانەمان هەڵبژارد، بەڵام لە باقی شوێنەکانی تری ئێران خەڵکیان هەر لە کرێکارەوە بگرە هەتا خوێندکارو دوکتۆرو مۆهەندس‌و فەرمانبەرانی ئیدارە دەولەتییەکان، لە سەردەمی شەڕی ئێران‌و عێراقدا بە زۆر ڕاپێچی مەیدانی شەردەکران‌و تێدا دەچوون. کەچی لەکوردستان جمهوری ئیسلامی توانای ئەو کارەی نەبوو، چونکە هەر کە زەختی بۆ خەڵک دەهێنا ڕوویاندەکردە پێشمەرگایەتی‌و ئەویش ناچار دەبوو زەختەکەی کەم بکاتەوە. لە (28) ساڵی ڕابوردوودا گەلێک مەرگەساتی گەورە بە سەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا هاتووە. منیش (35) ساڵە خەبات دەکەم‌و لام وا نییە ئەو مەترسیانەی کە لەسەر ژیانم بووە زیاتربووبێ لە چاو ئەو مەترسیانەی کە لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی بووە. هەربۆیە من لام وایە لەدونیای ئەمرۆ لە وڵاتانێکی وەکوو وڵاتی ئێمەدا هەڵبژاردنی ڕێگای خەباتی سیاسی کەم مەترسی ترە لە بەرانبەر ئەو هەموو کارەساتانەی کە بەردەوام بەسەر خەڵکی ئاساییدا دێت. بە کورتی دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خەباتکردن ڕێگەیەکی پڕ مەترسی‌و هات‌و نەهات نییە. بێگومان مەترسی هەر لەڕێدا هەیە، بەڵام لەژێر سێبەری ئەو نیزامەدا، کێ ئەتوانێ بەدڵنیاییەوە هەست بە ئاسایش بکات .

×تۆ وتت من دلنیام هەر سەرئەکەوین، چۆن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەبەر ئەوە پێموایە مێژوو لەگەڵ ئێمەیەو ڕەوتی حەرەکەتی مێژووش تائێستا هەر بەرەو پێشچوون بووە. ئارەزوەکانی من شتێک نین کەلەئیرادەوە سەرچاوەیان گرتبێت. بەڵکو دەتوانم بەشێوەیەکی زانستی نیشانی بدەم کەقابیلی وەدیهاتنن. لەئاکامی خەباتی ئینسانەکاندا ڕەوتی ژیان بەرەو

پێشچووە. حەرەکەتی مێژوو بەرەوپێش بەردەوام دەور هەڵدەگرێت و هەلو مەرجی ژیانی کۆمەلایەتی لەسەرکەوتنی گەورە نزیک دەبێتەوە. من گۆرانکاری لەژیانی ئینساندا هەر ئەمرۆکە بە چاوی خۆم دەبینم. دیاردەی پێشکەوتوو کەنیشانەکانی کۆمەڵگای داهاتون دەبینم . کۆمەڵگای سوسیالیستی داهاتوو خەریکە لەناخی هەر ئەو کۆمەڵگایەی ئیستادا لەدایک دەبێ. ئەم نیشانانە ئاکامی خەباتی ئینسانیو وشیاری سەردەمی ئێمەن بۆیە دلنیام لەوەی کە هەر سەردەکەوین.

×ئەو کاتەی ئێوە دەستان بەشۆرشکرد، تەوەقوعتان ئەکرد کە (35) ساڵ درێژە بکێشێ کە ئێستا هەر بە ئومێدی ئەڵێت هەر رووئەداتو سەردەکەوین، ئەگەر هاتوو دەیان ساڵی تری خایاند، ئەو تەوەقوعاتەکانتان نەهاتە دی هەر بەردەوام ئەبن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەیان ساڵی تریش بخایەنێ گرنگ نییە، بەو مەرجەی کە ئێمە هەست بکەین کە لەهەر لەحزەیەکدا رێکخراوێکین کە هەبوونمان پێویستەو بە قازانجی خەلکە. شەرت نییە، ئێمە هەر بەئومێدی کۆتایی بژین، بەلکو دەبێت نیشانی بدەین لە هەر لەحزەیەکیشدا کارێک دەکەین کە ئەو کارە یارمەتیدەدات بەباشتربوونی ژیان، یارمەتیدەدات بەئاسانکاری بۆ ژیانی ئینسانەکان، یارمەتی دەدات بە وشیارکردنەوەیانو رزگارکردنیان لەژێر باری بیروبۆچوونی دواکەوتوانە کەئازاریان دەدات. من پێموایە خەبات بۆ باشترکردنی ژیانی ئەمرۆ پەیوەندیەکی نەپساوەی هەیە لەگەڵ خەبات بۆ باشترکردنی ژیانی دوا رۆژ ، واتە خەبات بۆ رێفۆرم لەگەڵ ئامانجی کۆتایی کە گۆرانکاری گەورەو شۆرشگێرانەیە لەژیانی کۆمەلدا یەک پرۆسەیە.

ژیانم پڕبووە لەکوێرەوەری

×شەڕو پێشمەرگاپەتی، تەق، تۆق، تیرۆر، برسیەتی، سەرما، گەرما و دوری لەمندال و خێزان، باوکو دایکو کەسو کار، ئەو هەموو شتانە بەدرێژایی ئەو هەموو سالە هیلاکیان نەکردویت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەمانای تایبەتی ئەم وشەیە دیارە هیلاکیش هەربووە، بەلام سەرجەم کەبیر لەرابردووی خۆم ئەکەمەوە هەست بە هیلاکی ناکەم. لەزۆر لەحزەی ژیانمدا کە ئەو جۆرە کوێرەوەرپانەی وا باستکرد تێیدا بووە، زیاتر هەستم بە شادی و خۆشحالیکردووە لەچاو ئەو کاتانەی کە بەرەوالەت ئاسودەتر بووم. من هەرکات سەفەرێکی ئەوروپا دەکەم وەکو ئەوەی کە لەسەر ئاگربم وایە. حەز ئەکەم زووتر بگەرێمەوە بۆ ئەو شوێنەی وا وەکو مەئموریەت بۆم دیاریکراوە. هەر کات هەستم بەوە کردووە کە پێشکەوتنێک لەکارێکدا کە باوەرم پێیەتی بووە، هیلاکیم دەرچووەو هەستم بە خۆشحالی کردووە.

×عەبدوللا ئوج ئالان دەلێت: سیاسەت بەلای منەوە هونەرێکی گـەورەی بەدەستهێنانی جوانییە، من لەپێناوی جوانترکردنی مرۆڤدا سیاسەت دەکەم، ئەی تۆ لەپێناوی چییدا سیاسەت دەکەیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من سیاسەت بۆ ئەوە ئەکەم کە خزمەت بەکۆمەلگا بکەم.

×کام کۆمەلگا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەلگایەک کە زۆلم وناعەدالەتیو چەوساندنەوەی تێدا هەیە. بۆ وێنە کۆمەلگای کوردستان.

×پێتوایە ئەو کۆمەلگایە بەدەرجەی یەکەم کۆمەلگای کوردستانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆیە دەلێم کۆمەلگای کوردستان، چونکە خۆم تێیدا ژیاومو لەسەر رەوتی رووداوەکانی کەم یا زۆر

کاریگەریم بووە، بەڵام پێموا نییە ئەمە هیچ ناتەبایەکی هەبێت لەگەڵ ئاواتی من بۆ ژیانی باشتری مرۆڤ لە هەموو شوێنێک.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێرانیش بم، هەروەک ئێستا وام

× لەم بناری شاخەدا تۆ جیالەوەی کە سکرتێری حزبێکیت، بەڵام دەسەڵاتێکی ناوچەیی لۆکالی کەمت هەیە، چەند پێشمەرگەیەکت بەدەورەوەیە، هەموو کەس بەئاسانی دەگاتە لات، گەر لەداهاتویەکی نزیکدا لەکوردستانی خۆرهەڵات، بەرێزت لەکۆشکێکی ئەنجومەنی وەزیران یان لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستانی ئێراندا، سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی یەکێک لەو دەسەڵاتانە بیت، یەکەم پرسیارم ئەوەیە تۆ هەست بەچی ئەکەیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وەڵامدانەوە بەم پرسیارە ئاسان نییە، چونکە دەبێ بزانیت ئەو هەلومەرجەی کە باستکرد ئەو کات چ رەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر ژیانت. ئەو کات چۆن بەرەورووەدەبیەوە لەگەڵ واقیعیەتەکان. وەڵامی ئێستام روونە، هەر ئەوەیە کەئەمرۆش دەیبینیت. نابێت هیچ ناتەباییەک لە مابەینی کردارو رەفتارو قسەی ئەورۆم لەگەڵ ئەو کاتە کە لە دەسەلاتدا دەبین هەبێت. بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا هیچ شتێک ئیسبات ناکات. ئینسان دەبێت بکەوێتە ئەو حالەتەوە تابتوانێت نیشانیبدات کە ئەو قسەیەی کە ئەمرۆ دەیکات چەندە واقعیە، ئەگەر ئێستا دەپرسیت من هەست بەوە دەکەم کە ئەگەر رۆژێک لەرۆژانی ژیانم، فەرهەنگی کۆمەڵایەتیم، هەڵستانو دانیشتنو رەفتارم لەگەڵ دەوروبەرم، لەگەڵ هاوسەرم، لەگەڵ منال، لەگەڵ هاورێیەکانم بە پێی پلەو پایەیەک کەبەفەرز لەدەسەڵاتدا پەیدای دەکەم لەگەڵ ئێستادا جیاوازی هەبێتو ناتەبا بێت مانای

ئەوەیە کە هەموو هەوڵ و کۆششەکانی ژیانم تائێستا بەفیڕۆچووە و پشتمکردووە لەو ئامانجانەی کە سالەهای سالە هەولمداوە خەلکی پێ پەروەردە بێ.

×بەڵام من بەڵگەم پێیە، ئەو کاتەی فیدل کاسترۆ دەستیان بەشۆڕشکرد لەگەڵ گیڤارا، قەناعەت و بۆچوون و بەرنامەیەکیان هەبوو، کەخزمەتی خەڵک بکەن، بەڵام ئێستا وەکو خۆت دەیینی کاسترۆ دەڵێ" کە سپیدار هەڵوژەی گرت، ئەوکاتە خەڵکی کوبا، با باسی دیموکراسی بکەن" وە وەزعیەتێکی خراپ لەسەردەستی ئەو بۆهەموو خەڵکی کوبا هاتۆتە پێش، نمونەیەکی نزیکتر وەزعیەتی سیاسی خەڵکی کوردستانی عیراق و سەرکردەکانیتی لەوکاتەی کەلەشاخ بوون جۆرێکی تر تەعامولیان کردووە، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە کە گەیشتونەتە پلەی دەسەڵات جۆرێکی ترە، تۆ پێتوانییە، ئەوە دوو نمونەبن بۆ تۆش بەهەمان شکل بێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئارەزووی من ئەوەیە کە ئەو تەجروبە تالە دوپات نەبێتەوە، من بە سەهمی خۆم هەوڵدەدەم کە دووپات نەبێتەوە. بەڵام بەبروای من کەسێک دەتوانێت نیشانی بدات کە لەوجیهەتەدا هەنگاو هەڵدەگرێت کەلەژیانی ئەمرۆیدا نمونەی وەلەو گەلێک بچوکیش کەنیشانەی ئەو حالەتانە بێ نەبیندرێ. ئەگەر کەسێک ئەمرۆ نمونەی گەلێک بچوکیش لەم جۆرە خۆ بە زلزانیانە و دەستگرتن بەدەسەلات بە هەموو قیمەتێک و لەرێگە لادانی ئەخلاقی لەسەرکردەیەک یان بەرپرسێکی سیاسیدا ببینێ، پێویستە کەهەست بەنیگەرانی بۆ دوارۆژیشی بکات. ئەخلاقی ئەورۆمان لە هەمانکاتدا دەبێ وێنەی ئەخلاقی دوارۆژیشمان بێت. لەوانەیە ئەم وشانەش هیچ دلنیاییەک نەدات بە خەلکێک کە تەجرەبەی تالی لەم چەشنانەی کە باستان کرد، دیتویانە، بەڵام ئەمە بەلێنییەکە کە نابێ هەرگیز لە دوپاتکردنەوەی ماندوو ببین.

×پرسیاری دواترم، گەر من بۆ دیدارێکی وا جارێکی تر هاتمە لای تۆ لەیەکێک لەو کۆشکانە بوویت، من وا بەئاسانی ئەتوانم بێمەلات و تۆ ئەم دیدارەت لەیاد ئەمێنێتەوە، یان وەکو ئەو سەرکردانەی تر کە ئەچێتە بورجی عاجو وەڵامی کەس نادەیتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ من ئاسان نیە تەسەوری ئەوەی کە رۆژێک لەرۆژان ئەخلاقیاتم وەها بگۆڕێت کەهاوڕێیەکی دێرینی خۆم لە بیر بەرمەوە، تەنانەت بیرکردنەوە لەو حاڵەتەش هەر ئازارم ئەدات. ئەگەر ئەو ئەخلاقیاتە پەیدابوو مانای ئەوەیە کەلێنێکی گەورە کەوتووەتە نێوان جەماوەر و دەسەڵاتدا. مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتو جەماوەر بێگانەن لەیەکتر.

ئەخلاقیاتی سبەی رۆژ لە هەمانکاتدا کاردانەوەی بەرنامەی سیاسی، ستراتێژ و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەمرۆمانە. بەرنامەیەک کەئەمرۆ خەباتی بۆ دەکەین، شێوەی کاری ئەمرۆمان بەرەبەرە ئەخلاقیاتی تایبەت بەخۆشی لەناو ریزی خەباتکاراندا پەروەردە دەکات. بەرنامەی سیاسی ئەمرۆ دەبێت ببێت بەبەهای ئەخلاقی لەژیانی رێبوارانی ئەو رێبازە. ئەو گۆڕانکارییە سەلبیانەی کە ئێوە باسیدەکەن بە یەک شەو پەیدا نابێ، بەڵکو بەرەبەرە لەرەوتی بەرەوپێشچوونی حەرەکەتەکەماندا دەتوانن نیشانەکانی ببیندرێن. کە وایە یەکێک لە زەمانەتەکانی دووپاتنەبوونەوەی ئەزموونی رابردوو ئەوەیە کە ئەو میکانیزمانەی کە پاک و خاوێنی ریزەکانی حەرەکەتێکی سیاسی دەپارێزن لە هەموو ئاستەکانی خەباتدا بە باشی کاربکەن. سەرکردە و بەرپرسەکان بە خێرایی ناگۆڕێن و پێویستە گۆڕانی وردە وردەشیان لە میکانیزمێکی دیموکراتیکی ناوخۆییداو بەپێی بەهاکانی سیاسی و بەرنامەیی چاوەدێری بکرێ. کردەوەی ئەورۆمان پێویستە لە چەشنی ئامانجی دوارۆژمان بێت. دەسەڵات مافی جەماوەرەو دەبێ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی جەماوەر بە سەر دەسەڵاتدا بە باشی کاربکەن.

×ئەو قسانەی من بە تۆم وت، تۆ پێتوانییە خەیاڵ بێت یان تۆ بگەیتە ئەوێ یان واقعێکە ئەبێت قبول بکرێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە دوری نازانم کە واقیعی بێ. بەڵام لەکاتێکدا کە وڵاتێک لەئاکامی خەباتێکی پێشکەوتنخوازانەو شۆرشگێرانەی جەماوەریدا رزگار دەبێت گەلێک هێزی لاو و تازەتر و کار لێهاتووتر پێدەگەن کەدەبێ رێگایان بۆ پرکردنەوەی شوێنەکانی دەسەڵات خۆشبکرێت.

بیرم لەشەڕی ناوخۆ نەکردبووەوە

×ئەو هەموو ناخۆشیو شتانەی کەباسمانکرد، تەوەقوعت دەکرد بێتە رێگات، یەعنی ئەگەر بتزانیایە ئەو هەموو وەزعیەتی ناخۆشیو شەرو سەرماو گەرمایە توشت دەبێت شۆرشت ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لە تەسەوری سەرەتایی خۆمان لە کاتی پێکهاتنی (کۆمەڵە)دا نمونەی شۆرشی چینمان لەبەرچاوبوو، کە شۆرشێکی درێژخایەنو پر لە هەڵسوکەوت بوو. ئێمە هەر لەسەرەتاوە لامان وابوو کە سەرکەوتن ئەگەرچی مومکینە، بەڵام ئاسان نییە. هەر بۆیە ئەم رووداوانەی کە پێشدەهاتن بۆمان زۆر چاوەروان نەکراو نەبوون. هەڵبەت دیارە بەعزە شتێک هەبوو کە چاوەڕان نەکرابوو. بۆ وێنە من بیرم لە شەری ناوخۆ نەکردبووە. بەڵام بیرم لەوەکردبۆوە کە مومکینە ئێمە دوای شۆرشی ساڵی(1357)ی هەتاوی ئێران کە شارەکانی کوردستان ئازاد بوون، جارێکی دیکە لە دەستیانبدەین و بکەوینە قۆناغی خەباتی پارتیزانیەوە. من بیرم لەوە کردبووە کە ناوچەیەکی سوور لە سنوورەکان بتوانین بپارێزین بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بەڵام بیرم لەوە نەکردبووە مەجبوربین سنورەکان ببەزێنین بچین لەودیو سنوورەکانەوە لە کوردستانی عێراق دابەزین. ئێمە بیرمان لەوەکردبووە وە کەتەنانەت لەوانەیە بتوانین ناوچەیەکی

ئازادکراو لە ئێران پێکبێنین و بۆماوەیەکی دورو درێژ بیپارێزین‌و پاراستنیشی زەحمەت بێت.

×بەڵام وانەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا وانەبوو.

سەردەمی منداڵی‌و گەنجێتی ئیبراهیم عەلیزادە

من رۆژنامەفرۆش بووم

×دەمەوێت تۆ بگەرێنمەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆت، لەگوندەکەتان یان لەشارەکەتان چۆن ژیانت دەگوزەراند وە لەگەڵ خێزان و کەس و کاردا چۆن دەژیایت، پێشتوابوو کەدەبیت بە پێشمەرگە یان سکرتێری حزبێک؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من زۆر زوو لەگەڵ سیاسەت بەمانای دیاریکراوی وشەکە ئاشنابووم. لەبەرئەوە باوکم کادرێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. تەمەنم (9)ساڵ بوو تۆزێک فامم کردبۆوە،مالمان لە ئاواییەکی نزیک شاری مەهاباد بە ناوی "خانەگێ" بوو. باوکم گەلێک جار لە ناو باری توتنی قاچاخدا رۆژنامەی کوردستانی بۆ دەهات و هەموو جارێک ژمارەیەک لە خەڵکی دێی کۆدەکردەوەو رۆژنامەکەی بۆ دەخوێندنەوە. ئێمە (من و براکەم) منالبووین رێگایان نەدەداین بچینە ژورەکەوە. منیش زۆر تامەزرۆبووم و ئەمەویست بزانم چیدەکەن لەو ژورەدا کە دەرگایان پێوەداوە. گوێم بەدەرگاکەوە دەنا و هەر لەو سەرەتایەوە لەگەڵ کۆمەڵێک وشەی سیاسی ئاشنابووم.

پێم سەیربوو کە ئەم کارە بۆچی بەنهێنی دەکەن؟. هەڵبەت من هەر لەدەورانی منداڵییەوە هەستم بەدەسەڵاتی حکومەت لەرێگەی زەبر و زەنگ نواندنی ژاندارم لەئاواییەکەمان کردبوو و یان زەختو زۆری دەرەبەگی ئاواییەکەمانم بەسەر خەڵکەوە

دیبوو. هێشتا دەورەی سەرەتاییم تەواونەکردبوو، کە باوکم گیراو چووە زیندان و چوار ساڵ لەزیندان بوو، ئەو چوار ساڵە زیندانە بۆ ئێمە ژیانێکی پڕ لەنەهامەتی بەدوواوە بوو. هەر بۆیە بەردەوام بیرمان لەوەدەکردەوە کەباوکمان لەسەر چی گیراوە، بۆ گیراوە و بەم جۆرە وردە وردە سیاسەت هاتە ناو ژیانمانەوە. باوکم لەسەرەتاوە بە ئیعدام حوکم درا بوو، دوای ئەوە حوکمەی شکاو بوو بە چوار ساڵ زیندان. کە هاتەوە ئەگەر چی بە بۆنەی ئەو سەختیانەی کە لەزیندان کێشابووی و هەستێکی بێ هیوایی کە بە سەریدا هاتبوو، خۆی وازی لە سیاسەت هێنا، بەڵام ئێمە سەرنجمان بۆ ئەو کارەی کە ئەو دەستپێکردبوو ڕاکێشرابوو. دوای ئازادبوونی باوکم لەزیندان ماڵمان هاتە شارو من لە پاڵ دەرس خوێندن کاری ڕۆژنامە فرۆشیم دەکرد. هەندێک لە دۆست و برادەر کە لە دەوروبەرمەوە بون پێیانوتم کە کتێب بخوێنمەوە. ئەو شوێنەی کە ڕۆژنامەکانم لێوەردەگرتن خۆی کتێب فرۆشێک بوو، دەمتوانی کتێبی لێوەرگرم و کتێبەکان بە ئامانەت بهێنم و بیخوێنمەوە، ئیتر لەو ڕێگایەشەوە هاتبوومە ناو دنیایەکی دیکەوە.

×کێ بوون ئەو برادەرانەی تۆیان هاندا کتێب بخوێنیتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستا زۆر بیرم ناکەوێتەوە، چونکە ئەوانە هاوڕێی دەورانی منالیم بوون، ئێستا هیچیان لە کۆڕی چالاکی سیاسیدا نابینمو خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیانن.

×یەکەم کتێب کە خوێندەوە کتێبی چی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم کتێب کە خوێندمەوە، داستانێکی پۆلیسی بوو کە شەرحی ماجەراکانی شێرلوک هۆلمزی دەدا. ئینجا بە شوێن ئەوەدا ڕێنمایی کرام کەوا واز لەکتێبی پۆلیسی بهێنم و بەرەو خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی ڕۆیشتم. لە مەدرەسە کاتێک کە موعەلیمەکانمان تاقەتی دەرس وتنەوەیان نەدەما داوایان لە من دەکرد کە ئەم داستانانە بۆ هاوکلاسییەکانم

بگەڕێنمەوە. ئەوەش خۆی هاندەرێکی دیکە بوو بۆ زۆرتر چوونە ناو خوێندنەوە. ئەوەندەی کە بیرم دێ یەکەم ڕۆمانی سیاسی کە دەستمداوەتێ کتێبە بە ناوبانگەکەی "دایک"ی ماکسیم گۆرکی بوو.

خۆم بە قەرزاری حزبی دیموکرات نازانم

× وتت باوکم لەحزبی دیموکرات بوو، ئەو شتە نهێنیانەی ئەو خەریکی بوو، ئەوە تۆی والێکرد بچێتەکاری سیاسیەوە پاڵ بەتۆوە بنێت، تۆ خۆت بەقەرزاری حزبی دیموکرات نازانی، ئەوە کە باوکت دیموکرات بووە، تۆش بەنهێنی گوێت لەوەگرتووە شتەکانی ئەو فێربوویت، وایکرد تۆ ڕاکێشێتە ناو سیاسەتەوە، ئێستا تۆ جیاوازتر لە حزبی دیموکرات و ڕەوتێکی جیاوازترو مێژوویەکی خوێناویدا تۆ خۆت بەقەرزاری حزبی دێموکرات نازانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا، من خۆم بەقەرزاری حزبی دیموکرات نازانم. بەڵام ئەو سەردەمانەی کە باسی لێدەکەین دەورەیەک بوو کە لە کوردستانی ئێران هەموو هەڵسوڕانێکی سیاسی بە هەڕبارێکدابوایە خۆبەخۆ ناوی حزبی دیموکراتی دەچووە سەر. ساڵەها دواتر بە پێکهاتنی کۆمەڵە ئەم کەش و هەوا سیاسیەی کوردستانی ئێران گۆڕا. با ئەوەش بڵێم باوکم و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تر لەسەر ئێعترافی کادرێکی حزبی دیموکرات کەوتبوونە زیندان. حەزناکەم ناوی بێنم و ئێمە منال بوین و ئەوەمان دەزانی. جگە لەوە باوکم دوای هاتنەدەر لە زیندان وازی لە پەیوەندی گرتنەوە لەگەڵ حزبی دێموکرات هێنا. من پێموایە ئەم ڕووداوە سەرەتاییانەی ژیانم و هەروەها ژیانی هەژارانەی بنەماڵەکەم وردە وردە بیری سیاسی منی بەرەو مەسیرێکی دیکە دەبرد.

خانەوادەیەکی زۆر هەژار بووین

×ئەو رۆژنامانەی کەشەوانە بەقاچاغ دەهات بۆ باوکت لەباری توتندا، ئەوە سەرەتای یاخیبوونی تۆ نەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا. بەڵام سەرنجی راکێشام بەرەو هێندێک مەسەلە کە تا ئەو کاتە لەژیانمدا نامۆ بوون. بەڵام بەراستی ئەوەی کە پێی دەوتریت یاخبوون، ئەوە لەژیانی فەقیرانەی بنەماڵەکەمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئێمە خانەوادەیەکی یەکجار زۆر فەقیر بووین، هەمووومان یەک ژوورمانبوو کە نیوەی ژوورەکەشمان کۆزی کارژیلە بوو. لەراستیدا ژووری دانیشتن و نووستن و حەیوانەکانمان یەک ژوور بوو. ئینجا باوکم هەرچەند مەلا بوو، وردە وردە فێری کاری سەعات سازی بوو، لە شاری مەهاباد دوکانێکی بچوکی سەعات سازی دانابوو کە ژیانێکی یەکجار سادە و زۆر فەقیرانەی دەتوانی بەوە دابین بکات. کە گیرا، ئەوەشمان نەما، ئیتر من هەر لەو کاتەوە کە بیرم لەسیاسەت کردەوە بیرم لە جیاوازی چینایەتی‌و جیاوازی نێوان دەولەمەندو فەقیریش دەکردەوە، بۆ ئێمە واین و بۆ خەلکی دیکە وانیە ، ئەوەی کە پێی دەوترێت یاخیبوون‌و هاندەری من بووە، خەباتی کوردایەتی نەبوو، مەوقعیەتی باوکم نەبوو، حزبی دیموکرات نەبوو، بەلکو جیاوازی ژیانم بوو لەگەڵ کەسانێکی دەوروبەرم.

با بیرەوەریەکتان بۆ بگێرمەوە کە زۆر کاریگەری لەسەر زەینم داناوە. کلاسی چواری سەرەتایی بووم، رۆژێکیان لە ماڵەوە کۆتێکی جوانیان پێدام کردمە بەرم و زۆر بە خۆشحالییەوە هاتمە قوتابخانە. هاوکلاسییەکانم کە تا ئەوکات قەت منیان بە جل و بەرگی رێکوپێک و جوانەوە نەدیبوو، زۆریان پێ سەیر بوو و دەورەیـان گرتبووم و لێیان دەپرسیم ئەو کۆتە جوانەت لە کوێ بوو؟ لەناکاو یەکێک لە هاوکلاسییەکانم دەنگی بەرزکردەوە و وتی ئەوە کۆتە کۆنەکەی منە دایکم دوێکە پێیداون. من کە ئەوەم نەدەزانی هەموو گیانم بوو بە ئارەقە، بە پەلە مەدرەسەم بەجێهێشت و چوومەوە ماڵێ و کۆتەکەم

فرێدا و لیباسە ئاساییەکانی خۆمم کردەوە بەرم. ئەو بیرەوەرییەم باسکرد بۆ ئەوەی کە بڵێم من سەرچاوەی یاخیبوونی خۆم بە جیاوازییە چینایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان دەزانم.

×ئەو کۆتەی کە تۆی والێکرد، کە ئەو هاورێیەت لەناو قوتابخانە وای پێوتی، هەستتکرد بەخۆتدا بچیتەوە کە تۆ ئەوە قبوڵنەکەیت، ئەوکاتە هەستتکرد کەئەمەیە نیزامی سەرمایەداری، ئەمەیە جیاوازی نێوان چەوساوەو چەوسێنەر؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من ئەوانەم بەو قەناعەتە نەدەزانی، بەڵام بیرم دەکردەوە بۆ وایە؟ ئەوە پرسیارێک بوو کە دواجار کاتێک کتێبێکم دەخوێندەوە بەشوێن وەڵامەکەیدا دەگەرام.

×جوابەکەت دەستکەوت دوایی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر درەنگ دەستمکەوت، ساڵەها دواتر ئەتوانم بڵێم وەختێک کەچوومە زانکۆ.

×ئەو کۆتە کەبەو شکڵە لەوقوتابخانەیە کەبەسەرت هات پێموانییە قەد لەبیرت بچێتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا قەد بیرم ناچێتەوە.

×کەواتە قبوڵی ئەکەیت بۆ مناڵانی فەقیرو هەژارو ستەم و چەوساوە رۆژێک لەرۆژان وەکو تۆیان لێ بەسەربێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە مەرگەساتە ، ئەگەر دەسەڵات بەدەست ئەو رەوتەی ئێمەوە بێت و ژیان هەر ئاوا بێت و نمونەی ئاوا لە ژیاندا مابێت، بۆ ئێمە مایەی شەرمەزاریە، ئەو رۆژە هەست بە نائومێدی و شکست ئەکەم.

×خزمو کەس و کارە نزیکەکانی تۆ سبەینێ وانەبن، وەکو چۆن ئێستا لەکوردستانی عیراق چەند لێپرسراو ئەبینین مناڵەکانی ئەوان جیاوازن لەگەڵ ئەو پێشمەرگەکانەی کەبەیەکەوە لەیەک سەنگەردابوون، مناڵاکانی ئەو وئەوەی کە لەو پێناوەدا شەهیدبوون زۆر جیاوازترن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئارەزوومە هەرگیز وای لێنەیەت، وە ئەگەر ئەوە رووبدات دیارە ئێمە شکستمان خواردوە.

بیری ماڵەکەمان دەکەم

×وەکو پێشتر پێموتی، وە جوابیشت دامەوە وتم پەشیمان نیت لەو ڕێبازو سیاسەتەی هەڵتبژاردووە وتت نەخێر پەشیمان نیم، قەت؟ ئەی بیری ئەو شتانەی ڕابردووت ناکەیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەنانەت ئـارەزووی کوچە و کۆڵانی ماڵەکەمان دەکەم، ئارەزووی ئەو دارە دەکەم کە لە حەوشەی ماڵەکەماندا خۆم چەقاندومە و نازانم ئێستا چی لێهاتووە، ئارەزووی هەموو ئەوانە دەکەم، ئەوە جۆرێک لە نۆستالژیە، بەڵام پەشیمانی سیاسی نییە.

×کەی وە چ کاتێک پەشیمان دەبیتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کاتەی هەست بەوە بکەم ئەو بەڵێنانەی کە بە کۆمەڵگامداوە، ئەو ئامانجانەی کە لەبەرنامەی سیاسی خۆماندا دیاریمانکردووە، ئەوانە بەئیرادەی خۆمان خەریکین پێشێلیدەکەین.

×تۆ زیاتر لەم بناری شاخە ژیان ئەگوزەرێنیت، شەوانە بە ئارامی ئەخەویت یا بەترسەوە ئەنویت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من هەست بە ترسناکەم. نەک ئێستا هەستم بە ترس نەکردوە، بەڵکو ئەو کاتانەی کە شەڕیش بوو، لە بیرمە کە لە ئاوایی مالومەبووین، لەناو چادرەکانمادا پەناگامان دروستکردبوو. خۆمپارەکانی ئەرتەشی عێراق لە سی و پەنجا میتریمان دەدرا، پریشکەکانی جاری وابوو چادرەکانی کون کون دەکرد و ئێمە گوێمان پێنەدەدا و دەخەوتین. ئەوەی ڕاستی بێت بەرەو پیری مەرگ نەدەچوین، هەوڵماندەدا خۆمان بپارێزین، بە هەموو شێوەیەک، بەڵام من شەخسەن هەستم بە ترس نەدەکرد. سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وەزعەی کە من لە پشتی بەرەکانی شەڕەوە تێیدابووم، گەلێک ئەمین تر بوو لەو

شوێنانەی کە هاورێیانی دیکەم خەباتیان تێدادەکرد. رەفیقی ئێمە بوو کە بە فەرمانی ئێمەو بە ستراتیژێک کە ئێمە دامانرشتبوو، بە دڵئاواییەوە بەرەو خەتەرترین شوێن دەچوون و خەبەری گیانبەختکردنی ئەم و ئەومان بەردەوام پێدەگەیشت. ئەو داستانانە لە خۆبوردویی و فیداکاریە مەجالی ئەوەی نەدەهێشتەوە کە بیر لە خۆت بکەیەوە؟ بەراستی ئەم دەورانە هەموو کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئامادەبوون بۆ ئەوەی وەکوو هەموو تێکۆشەرێکی دیکەی ناو کۆمەڵە لەپێناوی ئامانجەکانیاندا فیداکاری بکەن. لەبیرمە لەکاتێکدا کەکۆتایی هەشتاکان بوو، ناکۆکی لەناو ریزەکانماندا پەیدابوو، یەکێک لەو رەخنانەی کەلەرێبەرایەتی کۆمەڵە دەگیرا ئەوەبوو کەلەکاتێکدا کەشتییەکەتان خەریکە نوقم دەبێت، شانازی ئێوە ئەوەیە کە وەکو کاپیتانەکەی ناو کەشتیەکە دواین کەس بن کە دەچێتە ناو قایقی نەجاتەوە؟ تۆمەتی ئەوەیان لێدەدایەن کە ئەمە خۆشەویستی خاکە کە واتان لێدەکات. ئێوە ئاسۆتان کوێستانەکانی قەندیلە و شتی تری لەو چەشنە کە هەرگیز ئەو قسانە بە گوێمدا نەدەچوو.

×بەراستی ئەوە عیشق بەخاکو جوگرافیاو کوردستان نەبوو کە ئێوە لەسەنگەرەکانی قەندیلدا نەبوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا، ئەوە رێگای مۆقاومەتێکی دروستبوو کە ئێمە هەڵمانبژاردبوو. سەرچاوەکەی دەگەراوە بۆ ئامانجی سیاسی و خۆشەویستی جەماوەر. ئێمە هەمیشە ویستوومانە لە خۆشی و لە ناخۆشیدا لەو خەڵکە جیا نەبینەوە.

شەرمنم، بەڵام ترسنۆک نیم

×من پرسیارێکت لێئەکەم، ئەگەر هەڵەبوو تۆ پۆم راستبکەرەوە، تۆ پیاوێکی شەرمن دیاریت، یەعنی ئەمەوێت بڵێم شەرمنیتو ترسنۆکیت وایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەوانەیە تۆزێک شەرمن بم، بەڵام ترسنۆک نییم.

×چۆن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جۆرێک لە شەرمنی هەڵدەگەرێتەوە بۆ پەروەردەی بنەماڵەیی و ژیانی رابردوو و ئەو کوێرەوەریانەی کەلەژیانی منالیدا بەسەرم هاتووە. ترس هەستێکی ئینسانییە کە بێگومان هەموو کەس لەژیانیدا تووشی دەبێت، بەڵام من دەتوانم بڵێم کەلەژیانی خۆما هەرگیز ترس بە سەرما زاڵ نەبووە. هیچ کات ترس مەسیری زیندەگی منی دیارینەکردوە.

باوەژنەکەم باشبوو

×لەماڵی ئێوە کێ بەهێزبوو باوکت یا دایکت، یا خێزانی ئێوە چۆن بوو، چی پاڵی بەوەوە نا تۆ خەریکی خەبات‌و شۆڕش بیت وەکامیان تۆیان زیاتر خۆشدەویست و هانیان ئەدایت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کەمتر لە دوو ساڵ تەمەنم بوو کە باوکم و دایکم لە یەک جیا بوونەوە و من لای باوکم دەژیام. باوکم منی زۆر خۆشدەویست، باوەژنیشم ئینسانێکی نەرم و نیان بوو، عەزیەتی نەدەدام. نە مەحەبەتی زۆری پێدەکردم و نە عەزیەتیشی دەدام. بەڵام گەورەترین هاندەری من بۆ خۆشەویستی و بۆ ئینسان دۆستی و بۆ میهرەبانی باوکم بوو.

×پەیوەندیت لەگەڵ براو خوشکەکانت چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من برایەکم هەیە کە دایکمان یەک نیە و پەیوەندیم لەگەلی زۆر رەفیقانە بوو، ئێستاش هەیە وە ئەو لە ئێران دەژی، ئەو خەریکی سیاسەت نەبوو، خەریکی ژیانی ئاساییانەی خۆی بوو، بەڵام دایکم لەباوکم جیابووە وە خۆی مێردی کردبوو، لەخانەوادەیەکی تردا بوو، ئەویش چوار کچ و کورێکی بوو کە لەدایکەوە خوشک و برا بووین. دایکم و برا وخوشکەکانم زۆر

خۆشدەویست . ئەگەر چی وەکوو ژیان لە یەک جیا بوین بەلام لەگەڵ ئەوانیش تێکەڵاویم هەبوو، ئەوانیش سەرچاوەیەکی خۆشەویستی بوون بۆ من کە زۆرم پێویستی پێی بوو.

×ئەی بۆ ئەو برایەت رانەکێشایە کۆمەڵەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو لەسەرەتای جەوانیدا عاشق بوو، وە ئەو عەشقە کاریگەری خستبووە سەر هەموو ژیانی. بە لای سیاسەتدا نەهات.

عیشق و سیاسەت

×باشە، تۆ کەی عاشق بووی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: چەند جارێک ئەوە روویداوە. لام وایە دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی دەرس خوێندنم لەزانکۆ هاوینی (1347).

کچێکم خۆشەویست

×چۆن چۆنی بوو، باسێکی ئەو عشقەم بۆ بکە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جارێکیان چاوم بە کچێک (کەنیشکێک) کەوتو دلمی گرت. وەها عاتفی بووم وا هەستدەکەم کە جۆرێک لە هەستی شاعیریم تێدا دروستبوو. کۆمەڵێک شیعر و پەخشانم بۆ نووسی ، ئەو شیعرانەم هەموو لەبیرچووەتەوەو ونبوون، بەلام من ئەو خۆشەویستیەی خۆم بۆ ئەو کچە هەرگیز بەرەو رووی خۆی دەرنەبری، واتا ئەو کچانە نەیانزانی کەمن ئەوانم خۆشدەویت . جارێکی دیکەش هەر لەم دەورانە دا عاشق بوم و هەر ئەو سیناریۆیە دووپات بۆوە.

×هەر ئەوە بوو کە شەرمن بووی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شەرت نییە وا بوو بێ، خەباتی سیاسی

وایکردبوو که ئەو کاتە تەسەورم ئەوەبوو کە ئەگەر بڕۆم بەرەو ئەو ژیانە وە بە دەمیەوە بچم ناتوانم درێژە بە خەباتی سیاسیم بدەم.

عشق زۆر گرنگە

×دەتوانی پێم بڵێی عیشق، قورسترە لەشۆڕش؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من عیشق زۆر گرنگە، زۆر فرسەتێکی گەورەیە کەلەژیانی ئینساندا پەیدا دەبێ، بەڵام عەشقەکەی ئەو کاتی من ئەوەندە قوڵ نەبوو کە بتوانێ لەگەڵ ڕووداوی گەورە بەراوردی بکەی. هەستێکی دەورانی سەرەتای جەوانییە کە بە پەلە دێت و دەڕوات.

× ئەو کچانەت خۆشدەوێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا.... نا تەواوبوو،

×تۆ وتت من ئەبمە پێشمەرگەو شەڕ ئەکەم لەو پێناوەدا ئەکوژرێم، بەس نەتوانی بەکچێک بڵێی خۆشمئەوێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشەکە ئەوە بوو کە ئاسۆی تێکۆشانی سیاسی، منی بەرەو ژیانی بەنهێنی و کاری سیاسی پیشەیی دەبرد و ئەوە لەگەڵ ئەو جۆرە خۆشەویستییانەی کە دەهاتە ڕێگام نەدەهاتەوە و منیش نەمدەویست کەسێک بخەمە شوێن هیوایەک کە لەوانەیە نەتوانم بۆی بەدیبێنم.

خانەی موعینی هەموو وێنەکانی خۆی فەوتاند

×ئەی تۆ ئیحتیمالی ئەوە دانانێیت ئەگەر ئێستا یەکێک لەو کچانەت خۆش بویستایە ئێستا تۆ نەئەبووی بەسکرتێری کۆمەڵەو ڕەنگە وەکو براکەت عاشق بویتایەو وازت لەسیاسەت بهێنایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلە ئەوە نەبوو کە ئێمە خۆشەویستی تەرک بکەین، بەڵام پرۆژەیەکە خۆمان دیاریمانکردووە، ئێمە دەمان هەویست، هەموو ئەو ئاڵقانەی کە دەیان بەستینەوە بە ژیانی رابوردوو نەیان هێڵین، بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ و لە شوێنێکی دیکە و بەناو ناسنامەیەکی دیکەوە پێکبێنین وهیچ حەلقەیەک واسیتەی نێوان ئێمە و ژیانی رابردومان نەمێنێ. لەبیرمە هاورێی گیانبەختکردوو (خانەی موعینی) هەرچی وێنەی بوو هەر لەئالبومێکدا تەنانەت لە ئەلبومی خزم و رەفیقەکانی دەورو بەریشی هێنایە دەرێ و لە ناوبیردن. دەمەوێت بڵێم ئەو شێوەیە لەژیان کە ئێمە هەلمانبژاردبوو، ژیانی نەهێنی، ژیانی کرێکاری ، ئەبوایە خۆمان بۆ ئامادەکردبا کە ئەوە رێگەی نەدەدەدا بە دەم ئەم جۆرە خۆشەویستیانەوە بچین.

×قــەرزاری ئەو کچەیەت کە تۆی گەیاندۆتە ئێستا، خۆشەویستیت لەگەڵ نەکردووە یان لەگەڵی نەکردویت، یەعنی لەو بەینەیا کە تۆ ئەوت بەنسیب نەبوو، یان حاسل نەبوو وسیاسەتیشتکرد، پەشیمان نیت خۆ لەمەیان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا پەشیمان نییم، بەس باش حاڵی نەبووم لە پرسیارەکەت.

×یەکەم کچ کەناسیتو عاشق نەبوویت، بوویت بەشۆڕشگێر، ئەگەر عاشق بویتایە رەنگە فاشل بویتایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەوانەیە

×بەڵێ کەسەرینەگرت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستا ئەو کچە ماوە و خەریکی ژیانی خۆیەتی، من جاروبار هەمیشە بیری لێدەکەمەوە، هەمیشە ئەحوالی دەپرسم دەمەوێتو پێمخۆشە بزانم چۆن دەژی، چ دەکات، منالەکانی گەورەبوون چ دەکەن چ ناکەن بەبێ ئەوەی پەشیمانیش بم، بەلام بیرەوەریەکەی بۆم شیرینە.

×جوانترین بیرەوەریو خاتراتە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ناتوانم بڵێم جوانترینە، بەڵام لە یاد ناچێتەوە.

×برادەرێک کەلەگەڵ تۆ بوو ئەو کات دەڵێ عاشقم کردووە بەردەوام؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من برادەرێکم بیر دەکەوێتەوە، ئەگەر ئەو بێ تا سنووری دەرکردن لەکۆمەڵەچوو. لەبیرمە ئەو برادەرە لەیەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەدا ئەندامێتی لە سەرئەو عەشقە هەڵپەسێردرا.

×بەگەنجی پارەت پێبوو، وەزعەت باشبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر لە (9)ساڵانەوە تاکۆتایی خوێندنی ناوەندی و چوونە زانکۆ هەموو ساڵێک (3) مانگی هاوین ڕۆژنامە فرۆشی یان کرێکاریم کردووە. لەدانیشگاش کە بووم ڕۆژانە دوای تەواوبوونی دەرسەکانم لە چاپخانەی دانیشگا ئیشم دەکرد. من هیچ کات ئەوەندەم پارە پێ نەبوو کە بتوانێ سێ ڕۆژ لە گیرفانمدا بمێنێتەوە، واتە هەر بەشی خەرجی ڕۆژانەم هەبووە.

×ئەوە وای لێکردیت ببیت بەچەپ و مارکسی و بزووتنەوەیەکی چەپ دروستبکەن دوایی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بوونی من بە هەڵسووراوێکی مارکسی دەگەرێتەوە بۆ وشیارییێکی سیاسی، کەلەرێگەی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی چەپدا بە دەستم هێنابوو. بەڵام جێگا و شوێنی چینایەتی و ژیانی رابردووم زۆر سوورتری کردم لەسەر پێداگرتن لەسەر ئەو ڕێبازە و درێژە پێیدانی.

×چی پاڵی بە تۆوە نا، فاکتەرێکی حەماسی گەنجانە بوو یان ڕێبازێکی جۆراوجۆر بوو وەکو زەرورێکی مێژوویی‌و نەتەوەیی، ئەقڵ و مەنتق، کەپێویست بوو تۆ بیکەیت، ئەو بنەماڵەکەت بوو یا تۆ چاوت لەباوکت کردکە دیموکرات بوو، چی وایلێکردیت بێیتە ناو ئەو مەیدانەوە بەردەوامبیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێش ئەوەی کە پێ بنێمە ناو هیچ چەشنە

خەباتێکی سیاسییەوە، هەستم بە بێ عەدالەتی و هەڵاواردن لە کۆمەڵگادا دەکرد. باوکم زۆری دەور بینی لەوەدا کە بزانم هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ خەڵک و ئەخلاقی پاک دەبێ چۆن بێ. چوونە زیندانی باوکم سەرنجی بەرەو سیاسەت راکێشام. خوێندنەوەی کتێب رەوتی بە ئاگاهاتنەوەی لە مندا بەرەو پێشبرد. شعوری سیاسی من بە دوورکەوتنەوە لەباوەرەکانی مەزهەبی و ئاشنا بوونم لەگەڵ زانستی مارکسیسم سەقامگیر بوو.

نوێژم کردوەو تەرکم کرد

×قەد نوێژت کردووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ بۆ ماوەیەک لە ژیانمدا هەم نوێژم کردووە و هەم رۆژوم گرتووە. لە تەمەنی(15) سالیدا یەکەم شک و گومان بەرانبەر بەم باوەرە لە مێشکمدا پەیدا بوو. بەڵام تەنیا کاتێک کە چوومە زانکۆ و لەوێ لەگەڵ کورێکی رووناکبیر ئاشنابووم و دوای خوێندنەوەی کتێبێک بە ناوی "بنەما سەرەتایی یەکانی فەلسەفە" لە نووسینی کۆمۆنیستی فەرانسەوی "ژۆرژ پۆلیتزێر" کەلەرژێمی ئەلمانی نازی دا ئێعدام کرا، بوو کە بە تەواوی هەموو بیروبۆچونێکی ئاییینم وەلا نا و بە سەر هەموو شک و دوو دلییەکانی خۆمدا زالبووم.

×خۆ بەنیاز نیت جارێکی تر نوێژ بکەیت و بەرۆژو بیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە وەڵامی ئەم پرسیارە لای خۆشت روونە، ئەوە داستانێکە کە پەیوەندی بەرابردووە هەیە و تێپەریوە. بەڵام با هەر بەم بۆنەوە باسێکی کورتت بۆ بکەم لەسەر کێشەی خۆمو ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەم لەسەر ئایین.

لەسەرەتاوە زۆر هەڵوێستێکی چەپرەوانەم هەبوو بەرامبەر بە مەزهەبو کاتێک خۆم لێی دوورکەوتمەوە، هەولمدا باوکم و مامم و کەسو کارم هەڵگەرێنمەوە. بەردەوام خەریکی

پیلەکردن بووم پێیان. هەولمّ ئەدا بە قەناعەتیان بگەیەنم کە ئەمانە خۆرافاتن. بەڵام دواجار لێم حالیبوو کە ئەمە زۆلمێکە دەرحەقی ئەوان دیکەم ، نەک هەر پارمەتی نەدەکرد کە پەیوەندیم ئاسایی وسەمیمانە بێت لەگەلیان و ئەوان گوێگرن بۆ قسەکانی دیکەشم، بەلکو جۆرێک لە موقاوەمەتی لە ئەواندا پێکدەهێنا، کە ئەگەر قسەیەکی حیسابیشم بووبایە، ئەوان گوێیان بۆ نەدەگرت. وردە وردە بۆم دەرکەوت کە ئایین پەناگایەکە بۆیان تێیدا ئارامدەگرن. من لە کاتێکدا کە هیچیان پێنادەم هەولدەدەم ئەو ئارمگەیان لێ بستێنمەوە. حالیبووم کە ئەگەر لەم بابەتەوە پێویست بێ کارێک بکەم نابێ لێرەوە دەستپێبکەم. من خۆم دەمبینی دایکم کە نانی ماڵانی دەکرد بۆ ئەوەی منالەکانی پێ بەخێوبکات، کاتێک منالەکانی نەخۆش دەکەوتن دەچووە لای دوعا نووس و نوشتەی بۆ دەنوسین. بۆ یەکەم جار کە ویستم بە دایکم بلێم "دایە واز لەوە بهێنەوئەوە خورافاتە"، بیرم لەوەکردەوە ئەو قسەیە وەختێک دەتوانێ ئارامی بەدایکم بدات یان لە منی وەربگرێت، کە بتوانم دەستی منالەکەی بگرم بیبەمە لای دکتۆر. وردە وردە بەوە گەیشتم کە مەزهەب لەئاستی جەماوەریدا تەنیا دەتوانێ بە پێی ئالوگۆڕەکانی زەمانە و گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەلایەتیو ئابوریو فەرهەنگی لەژیانی ئینسانەکاندا وردە وردە زەوال پەیدابکات. لەراستیدا ئەو شێوە کارەی من رەنجی بێ حاسل بوو.

×بەپێی زانست و سایکولۆژیا ئەلێت، ئەوانەی کە بەمنالی تۆرەبوون یان نەگبەتبوون، لەدوایدا کە گەورە دەبن عادەتەن هێمن و لەسەرخۆدا دەبن، تۆ بە گەنجی توند بویت یان وەکو ئێستا هێمن بویت، وە پێم بلێ چەندجار سەرت شکاوە لەشەرو هەرای کۆلاندا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من کەسێکی شەرانی نەبووم لە منالییدا شەرم زۆر کەمکردووە. چەند جارێک بیرم دێ کە لەگەلّ کەسی

به هێزتر له خۆم شەرم بووە و لێدانم خواردووە.

×هەر ئەوەیە بەردەوام لەدانوستانەکاندا لەگەڵ ئێراندا داوائەکەن ئێمە نامەناوێت خەڵک بکوژین، لێمان ئەکوژن ئێمە نامانەوێت شەڕ بکەین‌و شەڕمان پێ ئەفرۆشن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، پەیوەندی بە ستراتیجی سیاسیەوە هەیە، ئەم شتە سایکۆلیۆژیانەی ژیانی منالی کاریگەری زۆر زۆر مەحدود و بچکۆلەیان هەیە لەسەر زەینی کەسانێک کە ئیتر ڕەوتی ژیانی خۆیان وشیارانە دیاریدەکەن.

ژیانم زۆر خۆشدەوێ

×ژیانت خۆشدەوێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر.

×ئەی بۆ خەڵک ئەکوژی‌و پێشمەرگەکان ڕائەهێنی خەڵک بکوژن‌و خەڵکیان لێ بکوژرێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من پێموایە کە ئەمەش هەر لەپێناوی خۆشەویستی ژیاندایە. ئێمە بۆ پارێزگاری لەژیان بەرانبەر بە هێرشێکی ناجوامێرانە کە هێنایانە سەرمان، دەستماندایە موقاوەمەتی چەکدارانە. هەر لەسەرەتاوە کە ئێمە دەستمانکرد بەخەباتی چەکدارانە لە کوردستان‌و هێزی پێشمەرگەمان پێکەوەنا، یەکێک لە دەرسە هەرە گرنگەکانی کە بەپێشمەرگەی کۆمەڵە ئەوترا ئەوە بوو کەلەگەڵ دیل چۆن هەڵسوکەوت بکەن، ئەوە بوو کە لەگەڵ بریندارەکانی دوژمن لەمەیدانی شەڕ چۆن ڕەفتاربکەن. خۆم لە بیرمە یەکەم شەڕ کە خۆم تێی دا بەشدار بووم، دوو برینداری شەڕمان گرتبوو خۆم و چەند هاوڕێ یەکم لەناوچەی دارساوێنی سەردەشتەوە گەیاندمانە شوێنێک کەتەداوییان بکەین. ئەمانە هەردووکیان حزبوڵلاهی زۆر

توندرەو و دژ بە ئێمەبوون کە بەخوێنی سەرمان تینوو بوون و ئەوەیان نەدەشاردەوە. دوای دەرمانکردن ،ئازادمان کردن. زۆریان پێ سەیر بوو، باوەریان نەدەکرد. رێبازی ئێمە لەسەر بنەمای ئینسان دۆستی بینا کراوە و کاری بێ بەزەییانە دەرحەق بە ئینسان تێیدا جێگا و شوێنێکی نییە. بەڵام وەختێک لولەی تفەنگی دوژمن روو لەسینگت دەکرێ، تۆ چ چارەیەکت هەیە غەیری ئەوەی کە خۆ بپارێزی و وەڵامی بدەیەوە؟

×یەکەم تەقە کەی بوو کە کردت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم تەقە کە بە نیەتی شەرکردم ئەوەندەی لەبیرم بێ لە پاییزی ساڵی(1358)ی هەتاوی دابوو لە کاتێکدا کە تیمێکی پێشمەرگە بۆ مەئموریەتێک چوون بۆ ناو شارۆچکەی رەبەت لەنزیک شاری سەردەشت و ئێمە ئەرکی تەئمینکردنی رێگای پاشەکشێی ئەوانمان لەبەرزاییەکانی دەرەوەی رەبەت لەئەستۆ بوو. سەرجەمی ئەم شەرە هیچ کەسی تێدا نەکوژرا.

×چیت پێبوو ئەوکات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کلاشینکۆف.

×چەند تاقم تەفەنگ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شەش.

کەسم نەکوشتوە

×یەکەم کەس کە کوشتت کێ بوو لەو دەورانی شەردا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: باوەرناکەم کەسم کوشتبێ. نامهەوێ ئەمە بەبایەخێکی گرنگ بۆ خۆم حیساب بکەم، لەکاتێکدا مەسئولیەتی موقاوەمەتی چەکدارانە لەکوردستان وە ئەستۆ دەگرم. بەڵام بەهەرحال نەکەوتومەتە مەوقعیەتێک کە کەس بکوژم.

×پێشمەرگەیەکی ئازا بوویت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەزۆربەی نزیک بە هەموو دەورانی پێشمەرگایەتیم هەمیشە پارێزگاریم لێکراوە و زۆر کەم لەشەڕی پێشمەرگانەدا بووم.

×یەکسەر بویتە مەسئوڵ مەبەستت ئەوەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، یەعنی کاتێک هێزی پێشمەرگەمان پێکهێنا، من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمەڵەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵە بووم.

×بۆچی یەکسەر بویتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەر بەزوویی هی خوێندەواریەکەت بوو یان هی چی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەیەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەدا پێش ئەوەی هێزی پێشمەرگە پێک بێت لە ساڵی (1979) لەسنە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام.

×بۆچی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمە بریاری کۆنگرە بوو، لەوانەیە هەڵسورانی من لەدەورەی خەباتی نەهێنیدا لەبەرچاو ببوو بێت.

×پێتخۆشەبوو کەیەکسەر بوویت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ناتوانم بڵێم زۆر خۆشحاڵبووم، چونکە هەر ئەو کاتە کەسی تر هەبوو کە لە من بەتوانا تر بوو.

×بریندار بوویت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر، بریندار نەبووم.

لەزیندانی ساواکدا بووم

×چویتە زیندان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ: نۆ مانگ لە سلولی تاکەکەسی ساواکدا بووم.

×لەماوەی ئەو (35)ساڵە چۆن نەکوژراویت، چۆن ماویت؟

ئەو هەموو هاورێیانەت گیانیان لەدەستداو رەنگە هاورییانی جەهێل زۆر کوژراو شەهید بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە ئەو شوێنانەی کە ئێمەی لێ دەژییان زۆر بە ووردی پارێزراو بوو. هاورێکانم زۆریان هەولداوە بۆ پاراستنم. لە بیرمە لەوەختی سەخترین بۆمبارانەکاندا کەسێک یان دووکەس یا سێ کەس بووە خۆیان بەسەر مندا کێشاوەو پاراستوویانم. زۆرکەسم بینیوە کە فیداکاریان کردووە. ئەگەر نەکوژراوم تەنیا بە هۆی فیداکاری خەلکی دیکەوە بووە.

×ئەوە کارێزمایی نییە خەلک خۆی بەر فیشەکدا هەتابەرتۆ نەکەوێت و نەکوژرێیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پاراستنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریارێکی پەسەندکراوی حزبی بوو. من خۆم لەم جۆرە کاتانەدا بەم جۆرە پاراستنە خۆشحالْ نەبووم، بەلام هەستی رێز و ئیحترامی زۆرم بۆیان هەبووە. هەرگیز بەوەی کە پێشمەرگە بە شوێنمەوەیە و دەمپارێزیت یان لەجێگایەکی پارێزراو دەژیم هەستم بە ئاسودەیی نەکردووە، بەلام لەهەمانکاتدا وەکوو زەرورەتێک قبولم کردووە.

×تۆ لە دانیشگا بووی و لە کولیەی هەندەسە، چی بەسیاسەتیەوە بەستیەوە، بۆ خۆت بۆنەبوی بە موهەندیسێک یا خەریکی کاری کارەبایی بی، یا شارەزای لەکاروباری کارەبا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرچەند لەکاتی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیدا هەمیشە خوێندکارێکی دەرجە یەک بووم، بەلام سالێک دوای ئەوەی کە چومە زانکۆ ، وردە وردە خوێندن بۆ من ئەولەوییەتی خۆی لە دەستدا و بووم بە خوێندکارێکی مام ناوەندی. کە زانکۆم تەواوکرد ئیتر دەمزانی ناتوانم لەم رێگایەوە ئارەزووەکانم بەدی بێنم. دەمزانی کە ئەمە رێگای خۆشی و خۆشبەختی لەژیانی مندا نییە. کەلک وەرگرتن لە پلەی مۆهەندیسی هاندەری ژیانم نەبوو.

زۆرجار دەگریم

×هیتلەر جاروبار بۆ خۆشەویستەکەی ئەگریا، بەو هەموو دڵڕەقیەی هەیبووە، عەبدوڵڵا ئوج ئالان لەزۆرکاتدا ئەڵێن خەریکی دروستکردنی خانووی قوڕ ڕۆچکەی منالانە بوو، تۆ هیچ شتێکی وات تیایە لەو سیفاتە منالیانە یان سیفاتە گەنجیانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ من وەختێک زوڵمێکم لێبکەن، نەتوانم دیفاع لە خۆم بکەم، هەست بەوە بکەم کەبەرانبەر بەناحەقییەک کەدەرحەق بە من دەکرێت، هیچ کارێکم پێناکرێت، دلم پڕ دەبێت لەگریان.

×ئەگریت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جاری واش هەبووە. تەنانەت جاری وا هەیە ئەو زولمە تەنیا قسەیەکی ناحەقە.

×ئەی بۆ جوابی نایتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاتێک کە جوابی دەدەیتەوە فائیدەی نییە.

×تۆ باسی کتێبت کرد، تۆ کتێبی قاچاخت ئەخوێندەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کتێبی قاچاخم نەک هەر دەخوێندەوە بەڵکو گەلێک جار دەشم نوسیەوە بۆ ئەوەی بە دەستی خەڵکی تریش بگات.

چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمەڵە
(کۆمەڵەی شۆڕشگێری
زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)

چۆنیەتی دروستبوونی کۆمەڵە

×ئێستا بابێینە سەر بابەتێکی تر، پێم بڵێ ئێوە سەرەتا کێ و کێ سیاسەتان دەکرد، گروپتان پێکهێنا، بەنهێنی کارتان دەکردو لەماڵی کێ بوون‌و باسی چیتان ئەکرد، ئەوەی کە لە گەنجێتیا ئینسان ئەیکات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم چالاکی سیاسی من لەزانکۆی تەورێزەوە دەستپێکرد کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1347)ی هەتاوی. ئەو کاتە زانکۆی تەورێز ناوەندێکی پر جۆش و خرۆشی خەباتی سیاسی بوو. ژمارەیەک لەخوێندکاران گیرابوون‌و خەبات بۆ ئازادکردنیان لە ئارادا بوو. بەهۆی چالاکی سیاسیم بووم بەکەسێکی ناسراو لەزانکۆ. ئەو کاتە هاورێیانی کۆمەڵە کە بە نهێنی کاریاندەکرد سەرەنجیان بەرەو لای من ڕاکێشرا بوو و منیان بۆ بانگهێشت بە کارکردن لەگەڵ خۆیان هەڵبژارد بوو.

من و حەمەسوورو عومەری ئیلخانیزادە لەشانەیەک بووین

×کێ تۆی هەڵبژارد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وا بزانم بەهاری ساڵی (1350)ی هەتاوی بوو و یەکەم کەس، حوسێنی مۆرادبەیگی بوو کە دواجار بە ناوی حەمەسور دەناسراوە. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە لەگەڵ عومەری ئیلخانیزادە کە ئەویش پێش من پەیوەندی پێوە گیرابوو، هەر سێکمان بووین بەشانەیەک. هاوینی هەر ئەو ساڵە کەگەرامەوە بۆ مەهاباد لەوێ لەرێگای عەلی ئاشناگەرەوە پەیوەندیم لەگەڵ هاورێی گیانبەخت کردوو کاک حەمە حسێنی کەریمی گرت کەلەلایەن کۆمەڵەوە چالاکی لەشاری مەهاباد و دەوروبەری پێسپێردرابوو. بەم جۆرە شانەیەکیش لەم (3) کەسەمان لە مەهاباد پێکهات. دواجار لەم دوو شانەیەش ناوەندێکمان پێکهێنا. تا ئەو کاتەش هێشتا من بەرەسمی نەببووم

به ئەندامی ڕێکخراو و ئەوە ساڵی (1353)ی هەتاوی بوو کە دوای ئەوەی کۆمەڵە زەربەیەکی قورسی لەسەر دەستی ساواکی شا خوارد و ژمارەیەکی زۆر لەکادرەکانی کەوتنە زیندان، من بە ڕەسمی کرام بە ئەندام.

×حەوزەکانی تر کێ و کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای چوونە زیندانی هاوڕێیانمان کە بەشی زۆریان لەتەشکیلاتی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بوون، تەشکیلاتی ئێمە لەکوردستان دوو ناوەندی جیاوازمان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان بەناوی ناوەندی مۆکریان‌و ناوەندی سنە پێکهێنا. ناوەندی مۆکریان بریتی بوون لە حەمە حسێنی کەریمی، حسێنی مۆراد بەیگی، عومەری ئیلخانی زادە و من. ناوەندی سنەش بریتی بوون لە، ساعیدی وەتەندوست، سدیقی کەمانگەر، شوعیب زەکەریایی و جەمیل زەکەریایی،حسێنی مۆراد بە یگی کە لە هەر دوو ناوەندەکە دا بوو. ئەم حەرەکەتە هەوڵێک بوو بۆ ساغکردنەوەی ڕێکخراو دوای زەربەکەی پۆلیس.

عەبدوڵڵای موهتەدی لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەیە

×سەرەتای دروستبون و فکرەی کۆمەڵە کێ بوو چۆن بوو ئەوکاتە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆتایی ساڵەکانی دەیەی حەفتای زایینی دەورەیەکە کە زانکۆکانی ئێران ببونە ناوەندێکی چالاکی قسە و باس و دیالۆگی سیاسی. لە ناو کۆر و کۆمەڵی خوێندکاراندا مەیل و بۆچوونی سیاسی و جۆراوجۆر خەریک بوو شکلی دەگرت. ئەم باس و گفتوگۆیانە لەناو خوێندکارانێکدا کە بیری چەپ و غەیرە مەزهەبی یان هەبوو لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری ئەزموونی

خەباتی دژی دیکتاتۆری لە ناوخۆی وڵاتدا بوو و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی هەبوو بە کێشەکانی ناو بەرەی چەپ لەئاستی جیهانیدا. لەگەرمەی ئەو باس و گفتوگۆیانەدا ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی تاران بە بیری ڕێکخستنی خەباتی چینایەتی بۆ ئامانجی سۆسیالیزم یەکدەگرنەوە و ڕێکخراوێک کە دواجار ناوی کۆمەڵەی لەسەر دانرا پێکدێنن. ئەم کەسانەی کە دەتوانین وەکوو دامەزرێنەرانی سەرەتایی کۆمەڵە نێویان لێبەرین بریتین لە: فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حسێن کەریمی، عەبدوڵڵا موهتەدی، مۆسلێح شەیخۆل ئیسلامی، سدیق کەمانگەر، ساعد وەتەندوست، ئیرەج فەرزاد، شۆعەیب زەکەریایی، فاتح شیخۆل ئیسلامی، یەدێ بیگلەری، حسێن مۆراد بەیگی

کۆمەڵە بەدیلی دیموکرات نەبوو

×کۆمەڵە وەکو ئەڵتەرناتیڤی دیموکرات هاتەبووە کایەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ڕاستیدا وا نییە، کەسانێک هەن کە مێژووی کۆمەڵە لە سەر بنەمای بۆچوونی سیاسی ئێستایان دەنووسنەوە، ئەوانە هەوڵ دەدەن پێک هاتنی کۆمەڵە بە ململانێ و خەباتی سیاسی ناو کوردوستانەوە گرێ بدەن، کە ئەوە تەنیا بەشێکی کەم لە واقعیەتەکەیە. بێ گومان خەباتی سیاسی رابوردوو و ئەوکاتی کوردستان کاریگەری لە سەر زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە کوردوستانەوە هاتبوون و لە تاران دەژیان، هەبوو. بەڵام ئەساسی ئەو باسانەی کە کۆمەڵەی لە سەر دامەزرا پەیوەندی بە کێشە جیهانی و ئێرانییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپی ئەو سەردەم بوو. هەموو هاورێیانی دامەزرێنەری کۆمەڵە نامیلکەی "بۆچی پرژ و بڵاوین و چۆن ڕێکخراو بین" کە بە زمانی فارسی نوسراوە و واتە (چرا پراکندە ایم و چگونە متشکل شویم)، لە بیرە و دەزانن کە لەو نامیلکەیەدا بە ڕوونی سەرچاوە

فیکری و سیاسییەکانی کۆمەڵە دیاری کراون و دیارە کە کۆمەڵە لە جەرگەی چ دیالۆگێکی ئەو سەردەمدا لە دایک بووە. کە وایە ناکرێ بڵێین کۆمەڵە بەدیلی حزبی دیموکرات بوو. کۆمەڵە و حزبی دیمۆکرات لە دەورەی شۆرشی (1357)ی ئێران و ساڵەکانی دواتری بوو کە وەکوو دوو حزبی جیاواز بەرامبەر یەک لە کوردوستان دەرکەوتن.

ئەمانەی کە ناوم بردن هەموویان خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران بوون کەزۆربەیان لەتاران دەرسیان دەخوێند. گەلێک خەڵکی فارس و تورک زمانیشیان پێ پەیوەست بوون. دەزانین کە عادەتەن خوێندکارانێک کە لە شارە چکۆڵەکانەوە دەچنە شارە گەورەکان پەیوەندی ئاساییان بەیەکەوە هەیە و کۆرو کۆمەڵی تایبەت بە خۆیان پێکدێنن. کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی کەکۆمەڵەیان پێکهێنا لەدەوری یەکتر پەیوەندییەکی بە خەباتی کوردایەتییەوە نەبوو. هەر ئەو کاتەش لەژێر کاریگەری بیری ناسیۆنالیزمی کورد و رووداوەکانی کوردستانی عێراق، حەرەکەتێکی دیکەش لەئارادا بوو. ژمارەیەک لەخوێندکارانی ئەو سەردەمە زانکۆیان بەجێهێشتبوو و روویانکردبووە کوردستانی عێراق. پاش ماوەی ئەمانەش لەزانکۆی تاران کۆرو کۆمەڵی خۆیان هەبوو. دیارە پەیوەندیش لەنێوان ئەمانە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی ئاسایی هەبووە. ئەمرۆ بەداخەوە کەسانێک هەن کە بە پێی مەسلەحەت یان بۆچوونی ئەمرۆیان ئەم دوو سەرچاوەیە تێکەڵاو دەکەن، بۆ ئەوەی زەرورەتی پێکهاتنی کۆمەڵە بەرنەوە سەر ناسیۆنالیسمی کورد.

ئەم دوو حەرەکەتە هەرکامەیان دواجار چارەنووسی تایبەت بە خۆیان پەیداکرد. ئەوانەی کە روویانکردبووە کوردستانی عێراق لەژێر گوشارێک کە مەلا مستەفا بارزانی لەسەر داوای رژێمی شا بۆی هێنان کەوتنە هەلومەرجێکەوە کە ناچاربوون کوردستانی عێراق بەجێ بهێڵن و بە بێ ئامادەکاری و بەرنامەیەکی تەواو

و تۆکمە بێنەوە بۆ کوردستانی ئێران و چەک هەڵبگرن. ئەمە حەرەکەتێک بوو کە کۆمەڵێک ئینسانی مارکسیستی تێدا بوو و کەسانێکیشی تێدا بوو کە لەسوننەتی کوردایەتیدا پەروەردە بوون. بزووتنەوەکەی ئەوان لەلایەن رژێمی شاوە نوقمی خوێن کرا و زۆربەیان گیانیان بەختکرد و یا بۆ ماوەی دوورودرێژ لەزیندانەکانی شادا مانەوە.

حەرەکەتەکەی دیکەیان یان بابڵێین حەرەکەتی کۆمەڵە ئامانجی شۆرشی سەرانسەری لە ئێران و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی یان هەڵبژارد و رێبازێکیان گرتەبەر کە ئەو کات بە خەتی "کاری سیاسی_ رێکخراوەیی" دەناسرا. هەر لەم دەورەیەدا ژمارەیەکی دیکە لە هەڵسوڕاوانی چەپ لەئێران رێبازی خەباتی پارتیزانییان لەشارەکان هەڵبژارد، کەدواجار رێکخراوی "چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران"ی لێکەوتەوە.

نە سەر بەشورەوی بووین، نە مائویست

× بۆچی ئێوە ئەو کاتە رێکخراوێکی چەپو مارکسیتان دروستکرد، پێم بلێ ئەوکاتە ئێوە سەربە بلۆکی شۆرەویی بوون یا مائوئیست بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دامەزراندنی کۆمەڵە لەسەر بنەمای فکر و بەرنامەی کۆمۆنیستی بوو. هەر بۆیە کۆمەڵە وەکوو رێکخراوێکی چەپ پێکدێت. ئێمە نە سەر بە بلۆکی شورەوی بووین و نە خۆشمان بە مائویست دەناسی. بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری ئێرانمان هەر وەکوو هەلومەرجی وڵاتی چین پێش شۆرش هەڵدەسەنگاند، زۆر لەژێر کاریگەری ئەزمونی شۆرشی چین و دەرسەکانی مائۆ، رێبەری حزبی کۆمۆنیستی چین لەو شۆرشەدا بووین.

×بەڵام کارو فەعالیەتی ئێوە بەشێک بوو لە فکرەی ماوئیست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆچونی مائۆیستی تارادەیەک کاری تێکردبووین، بەڵام ئێمە خۆمان بە مارکسی_لێنینی پێناسەدەکرد. ئەوەی کە ئێمەی لەبیرۆکەی مائۆئیستی نزیک دەکردەوە هەڵسەنگاندنێک بوو کە بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگای ئێران هەمانبوو. ئێمە کۆمەلگای ئێرانمان بە "نیوە مۆستەعمەرە–نیوە فیئۆدال" دەزانی. لامان وابوو کە پێویستە زەویوزارەکان لەچنگ دەرەبەگەکان بێنینە دەرێ و بەسەر جوتیاراندا دابەشی بکەین، بەم جۆرە جوتیاران بکەین بەبنچینەی هێزێکی چەکداری شۆرشگێر کە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی خۆی بکاتو بەیارمەتی راپەرینی جەماوەری لەشارەکان سەرئەنجام وڵات لەدەست دەسەلاتی رژیمی شا رزگار بێت .

لامان وابوو کە ئەم ئەرکە لەتوانای حزبێکی کۆمۆنیستدایە کە لەسەرەتاوە لەشارەکان و لەشوێنە کرێکاریەکاندا پێکدێت و سەرجەمی ئەم حەرەکەتە رێبەرایەتی دەکات. دیارە ئەمە زۆر نزیک بوو لەئەزموونی شۆرشی چین. هەر بۆیە ئێمە هەموو نوسراوەکانی مائۆمان لەناو ریزەکانی خۆماندا بڵاودەکردەوە و دەمانخوێندەوە و وەکو ئەزمونێکی دیاریکراو چاومان لێدەکرد. هەڵبەت من دەزانم کە بەم حالەشەوە ئەگەر کەسێک ئەو کات ئێمەی بە مائۆئیست هەڵسەنگاندبێ، بۆچونێکی بە بێ زەمینە نەبووە. بەڵام لەراستیدا ئێمە هەمیشە هەولماندەدا بە هیچ لەونێک بە وابەستەی فکری هیچکام لەناوەندەکانی ئەو کاتی وەکوو شورەوی و چین و ئالبانی و کوبا، نەناسرێینەوە. هەر ئەوە جۆر خۆ پاراستن لەخۆ بەستنەوە بەم یا بەو جەمسەر یارمەتیکرد بەوە کە ئێمە بتوانین لەساڵانی دواتر لە دوگماتیزمێک کە لەوانە بوو رێگا نەدات دەوری شایستەی خۆمان لە شۆرشی (1357)ی گەلانی ئێران بنوێنین، خۆمان بپارێزین.

دکتۆر جەعفەر شەفیعی لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە نییە

×خۆت دەزانیو بەپێی قسەی چەند لەهاورێکانی تۆ، کۆمەڵە، لەشاری تاران لە ساڵی (1969) پێکدێت دووهێڵی سەرەکی یا دوو شانەی سەرەکی دەوری سەرەکیان هەبوو لەدروستکردنیدا ، شانەی یەکەمیان پێکهاتووە لە فوئادی مستەفا سوڵتانی، دکتۆر جەعفەری شەفیعی، حەمە حسێنی کریمی، عەبدوڵلا موهتەدی، شانەی دووهەمیشیان فوئاد تیابوو سدیقی کەمانگەر، ئیرەجی فەرزاد بووە، ئەمانە تا چەند راستە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێکهاتنی کۆمەڵە بەم شێوەیە نەبووە و ئەوەی من پێشتر باسم بۆ کردن ئەوە دەقیق ترە. با بۆ وێنە پێتان بلێم دکتۆر جەعفەری شەفیعی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویست و لێهاتوی ئێمە بووە، بەڵام ئەو لەساڵی (1979) بووەتە ئەندامی کۆمەڵە. پیشتر لەپەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەدابوو، بەڵام ئەندام نەبوو. من لەو ساڵەدا و لەکاتێکدا کەکۆمەڵە ئەوی بۆ مەئموریەتێک وەکو پزیشک و بۆ یارمەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ناردبوو، هەر لەوێ لەسەر بریاری کۆمەڵە، ئەندامەتیەکەیم پێراگەیاند. راستە کە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵە لە سەرەتاوە لە لایەن کۆرێکی چکۆلەترەوە گەڵاڵە کرابوو کە بریتی بوون لە فوئاد مستەفا سولتانی، حەمە حوسێنی کەریمی، عەبدوڵلای موهتدی و مصلح شێخ الاسلامی، بەلام لەگەل ئەوەش دا لام وایە ئەو ناوانەی کە پێشتر باسم بۆ کردی دەکرێ وەکوو دەستەی دامەزرێنەر ناو ببرێن، چونکە ئەوکات بە بۆنەی هەلو مەرجی دژواری پولێسی و مەرجەکانی کارێکی نهێنی جیددی، ئەو ئاستەنگانە ئاسایی بوون و ئەو جەمعە هەر بەو شێوەیە دەیانتوانی بە هاونەزەری لە سەر کارێکی هاوبەش بگەن.

×یەکێک لە هاورێیەکانی خۆتان دەڵێ کۆمەڵە لە (5) ڕەزبەری (1969) ز لەسەردەمی شادا دروستبووە، یەعنی سەردەمی ساواکە، دەقیقەن وایە ئەوکاتە کارێکی زەحمەت نەبوو کە بەتوندی مورەقابەی ئەم جموجۆڵە سیاسیانەی دەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من لەسەر (5)ی ڕەزبەرەکەی ناتوانم بەو تەئکیدە بڵێم. دیارە ساغبوونەوەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک لەپاییزی (1969)دا بووە. ئەوەندەی لەبیرم بێ هەر لەرۆژانی سەرەتای پێکهاتنیدا زەربەیەکی پۆلیسی خوارد، بەڵام نهێنییەکانی ئاشکرا نەبوو. هەر ئەو کاتە ئەو قسەیە لەناو دەستەی دامەزرێنەردا دەهات و دەچوو کە ئایا لە هەلومەرجی خەفەقان و دیکتاتۆری شادا ئیمکانی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنی لەسەر شێوازی "هێرەمی" هەیە یان نا؟ وەڵامی زۆربەی دامەزرێنەران بەم پرسیارە ئەرێ بوو. بەڵام لەبەرانبەردا بۆچونێکی دیکەش هەبوو کە دەیگوت ڕێکخراوی لەو چەشنە زۆر زوو دەبێت بە ئامانجی دوژمن و تێدا دەچێ و پێویست ناکات مەرکەزیەت دروستبکەین. دەتوانین بە شێوەیەکی ئاڵقەیی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر بپارێزین. ئەم بۆچوونە سەرنەکەوت. ئێمە لامان وابوو کە مەترسی پولێس و ساواک بەوە کەم دەبێتەوە کە شوێنی کار و ژیانمان لە سەتحی کۆمەڵگاوە بگوازینەوە بۆ قوڵایی کۆمەڵگە. واتە ببین بە کرێکار و بچین لەشوێنی کارو ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش لەشار و لە دێ بژین‌و کاربکەین و لە هەمان کاتدا ڕێکخراوێک بین بە مەرکەزیەتێکی دیاریکراوەوە. کەس یا کەسانێک بوون کە ئەو بۆچوونەیان قبوڵ نەبوو.

×یەعنی بەشدارییان نەکرد لە ئیدامەی پرۆژەکە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەشداری نەدران و بەشێوەیەک وەلانران‌و درێژەی کارەکەیان لێ شاردراوە.

×کێ بوون ئەوانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەندەی من لەبیرم بێت ئەو کات ناوی نهێنی کاک "فاتح شێخ الاسلامی" بە ئێمە دەگوترا.

×بەڵام ئێوە بۆچوونەکەی ئەوانتان قبوڵ نەکرد دەستاندایە چالاکی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ئەو رێکخراوەیان ئەوجۆرەی کە دەیان هەویست دامەزراند.

ئامانجی ئێمە رروخانی شاو کۆماری دیموکرات بوو

×ئەتوانیت پێم بڵێیت کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە کە دروستبوو وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی حزبی دیموکرات هاتە کایەوە، حزبی دیموکرات لەساڵی (1945) کە کۆمار دروستدەبێتو دوابەدوای ئەوە بەو پێیەی کە نەیتوانی بوو لەئاستی پێداویستیەکانی چەپ و خەڵکی شۆڕشگێر وەکو ئەوەی کە ئێوە هەوڵتاندا ئەڵتەرناتیڤێک بدۆزنەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەهیچ شێوەیەک لەشێوەکان کۆمەڵە لەسەرەتای پێکهاتنی خۆیدا وەکو ئەڵتەرناتیڤی حزبی دیموکرات نەبوو. حزبی دیموکرات لەسەرەتای پێکهاتنی کۆمەلەوە جێگایەکی ئەوتۆی لە فکر و بۆچوونی ئێمەدا نەبوو. جێگاو شوێنی حزبی دیموکرات لەلای کۆمەلەوە دوای رووخانی رژێمی شا و دەستپێکردنی بزووتنەوەی موقاوەمەتی خەلکی کوردستان بەرانبەر بە دەولەتی کۆماری ئیسلامی گرنگی پەیدادەکات. پێویستی پێکهاتنی کۆمەلە لەخەباتێکی سەرانسەری لە ئێراندا بوو. ئامانجی ئێمە روخاندنی رژێمی شا، دامەزراندنی " کۆماری دیموکراتیکی نوێ" و "هەنگاو نان بەرەو سوسیالیسم" لە ئێران دیاریکرابوو. ئەو بۆ چوونە لە نووسراوەکانی سەرەتایی ئێمەدا بە

روونی بەیانکراون.

×دەکرێت بڵێین بە رووخانی شا، کۆمەڵە دروستبوو یان کۆمەڵە گەشەی کردو فراوان بوو و هەر دوا بەدوای ئەوەش یەکسەر کۆمەڵە گەشەیەکی بەرچاوە ئەکات کەرەنگە لەمێژووی ئەحزابی کوردیدا گەشەیەکی وا خێراو بەرچاو کەمبێتەوە هەر دوابەدوای ئەوە کەگەشە ئەکات و خەڵک لەدەوری کۆئەبێتەوە، ئەبێتە مونافسی دیموکرات، یان دیموکرات ئەو کاتە نەمابوو، کۆمەڵە زوو گەشەی کرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: راستە کەکۆمەڵە بەرووخانی شا چالاکی ئاشکرای خۆی دەستپێکرد، بەڵام کۆمەلە زۆر پێش رووخانی شاش تێکۆشانی لەناو جەماوەردا هەبوو. دیارە ئەم تێکۆشانە مۆرکی دەورەی دیکتاتۆری و سەرکوتی رژێمی شای پێوە بوو وە بە نهێنی دەکرا. بەڵام رێکخراوی ئێمە هەر لەو هەلومەرجەشدا هاندەری چەندین حەرەکەتی جەماوەری لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران و کوردستان بووە. بۆ وێنە ئێمە دەورمان بووە لەمانگرتنێک لە کارخانەی ئاسن تواندنەوەی ئیسفەهان، یان مانگرتنی کرێکارانی سەدی بۆکان، مانگرتنی کرێکارانی جادەی بۆکان_ میاندواو، بەشی سەنگ شکەن، نارەزایەتی دەربرینەکانی شیرکەتی سەهامی زەراعی لە مەهاباد، هاندان و رێبەری کردنی حەرەکەتی جووتیاران لە دارسەیران لەنزیک شاری مەریوان، چەند حەرەکەتی جوتیاری دژی دەرەبەگایەتی لەئاواییەکانی نێوان سنە و دیواندەرە و کامیاران و نمونەی دیکەش. کۆمەلە لەخەبات بۆ رووخاندنی رژێمی شادا لە سالی (1979) لە هەموو بوارەکاندا چالاکانە بەشداربوو. رووخانی رژێمی پاشایەتی مەجالێکی کەم وێنەی بۆ تێکۆشانی کۆمەلە خولقاند. لەو دیموکراسیە بەرفراوانەدا کە پەیدابوو کۆمەلە بوو بە بالی چەپی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی گەورە.

حزبی دیموکرات و کۆمەلە دوو رێکخراوی سیاسی جیاواز

بوون و هەرکامیان بەرنامە و ستراتێژی و شێوەی کاری تایبەت بە خۆیان هەبوو هەر بۆیە هەبونی ناکۆکی لە بەینیان دا گەلێک ئاسایی بوو. بەڵام ئەگەر بمانەوێ بزانین کە کێشەکانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە بۆچی حاڵەتی توند و تیژیان بەخۆوە دەگرت، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ساڵی (1979) ئەو کاتەی کە حزبی دیموکرات لە حزبێکی تەبعیدیەوە پێی نابووە چالاکی ئاشکراو جەماوەریێکی دیارپکراو لەدەوری کۆببووە. ئەم حزبە لە سەرەتای پێکهاتنیەوە لە ساڵی (1947) تا ئەو کات خۆی بە تاقانە و یەکەم خاوەنی مەیدانی سیاسەت لەکوردستان دەزانی. کە لەتەبعیدەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان لەگەڵ هەلومەرجێک بەڕەو رووبوون کە بە تەواوی لە تەسەورێک کە ئەوان بۆ کۆمەڵگای کوردستان بویان جیاواز بوو. ئەوان نەیاندەتوانی ئەوە لێک بدەنەوە کە چۆن چۆنی رێکخراوێکی وەکو کۆمەڵە بەم شێوەیە لە کوردستان نفوز و توانایی جەماوەری پەیداکردووە. هەر بۆیە زۆرجار لەناو کادرەکانی خۆیاندا لێرە و لەوێ کۆمەڵەیان بە دەستکردی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناو دەبرد کە گوایا بۆ ژێر پێ خاڵیکردنی حزبی دیموکرات پێکهاتبێ!. ئەوان ئەو گۆرانکارییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتیەی کەزەرورەتی پێکهاتنی رێکخراوێکی چەپ و سۆسیالیستی لەکوردستان رەخساندبوو، دەرک نەدەکرد. کۆمەڵگای کوردستان پێی نابووە قۆناغی سەرمایەدارییەوە. چینێکی نوێی کرێکار پێکهاتبوو. ریفورمی زەوی و زار کرابوو ، پاشماوەی دەرەبەگایەتی دوایین هەناسەکانی خۆی دەکێشا. ژمارەی خوێندەوار و رۆشنبیر گەلێک زیادی کردبوو ،نەوەیەکی نوێ لە روناکبیرانی چەپ و کۆمۆنیست سەریان هەڵدابوو. ئیتر حزبی دیموکرات و رێبازەکەی و رابردوو و سوننەتەکانی وەڵام دەرەوەی هەموو ئەو هەلومەرجە نوێیە نەبوو.

کۆمەڵە لە یەکێتی جوتیارانەوە دەستیپێکرد

×کۆمەڵە خۆت دەزانی لەسەرەتاوە وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی خۆی نەناساند، بەڵکو لەڕێگای ڕێکخراوە سینفی و سەنعتیەکانی وەکو (جوتیاران، ژنان، کرێکاران و مامۆستایان)ەوە گەشەی کرد، واتا ئەم فکرەیە هی کێ بوو، وە من تەئکیدم لەوەی، ئەمە فکرەیەکی تازەبوو لەکوردستانی ئێران، وە زۆر بەخێرایی سەرکەوت، ئێوە توانیتان لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوە سەنفی و سەنعتیانەوە، خەڵکێکی زۆر لەخۆتان کۆبکەنەوە، ئایا ئەمە تاکتیک بوو، ئێوە ویستان خەڵک لەو ڕێگایانەوە کۆبکەنەوە، دوایی بیانخەنە پاڵ کۆمەڵەکە هەر واشتانکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم ئەزموونی کۆمەڵە لە کاری ڕێکخراوەیی دیموکراتیک و غەیرە حزبیدا لە یەکێتی جوتیارانی مەریوانەوە دەستی پێکرد. لەم ناوچەیە هەم پاشماوەی نیزامی دەرەبەگایەتی هەبوو، کە زەمینەی ڕاپەرینی جوتیاران لە دژی فەراهەم بوون و هەم کۆمەڵە هەر لەزەمانی حکومەتی شاوە پێگەی خۆی لەناو زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیەدا لە ڕێگەی هاندان و بەشداری لەخەباتی جوتیارانی "دارسێران" مەحکەم کردبوو.

بیری پێکهێنانی یەکێتی جوتیارانی مەریوان ئەوەندەی کە من ئاگادارم لە کاک فوئادەوە بوو. کاک فواد لەسەر ئەو باوەرە بوو کە دەبێ هێزی چەکداری جوتیاران پێکبێت بۆ ئەوەی جموجۆڵی دەرەبەگەکان پوچەڵ بکاتەوە. ئەو کات ژمارەیەک لە فێئۆدالەکانی کوردستان لەڕێکخراوێکدا بەناوی "شورای عەشایری" کۆببوونەوە، هێزی چەکداری بەکرێگیراویان پێکەوە نابوو. ئەمەش خۆی هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی کە مەیلی چەکدار بوون لەناو جوتیارانیشدا پەرەبستێنێ. ئەم تەجرەبە ماوەیەکی کورت لەناوچەکانی دیکەی کوردستان وەکو سەقز و مەهاباد و

سەردەشت دووپات بۆوە و زەحمەتکێشانی دێهات لەسەر ڕێنوێنی کۆمەڵە لە یەکێتی جوتیارانی ناوچەکانی خۆیاندا کۆبوونەوە.

دوهەمین تەجرەبەی کۆمەڵە لە پێکهێنانی ڕێکخراوەی دیموکراتیک لە "جەمعیەتەکانی دیموکراتیک" لەشارەکانی کوردستاندا خۆی نیشاند. هەر وەها گەلێک ڕێکخراوی کرێکارانی بێکار و ژنان لە شارەکانی کوردستان هەر لە سەر ڕێنوێنی کۆمەلە پێک هاتن.

لەسەردەمی ڕاپەرینی ڕێبەندانی (1357)ی هەتاوی و مانگەکانی دواتری ژمارەیەکی زۆر لەلاوان و تێکۆشەرانی بە بیر و بۆچوون چەپ هاتبوونە ناو کۆری خەباتی سیاسییەوە و مەیلیان بەرەو لای کۆمەلە بوو. ڕێکخراوی کۆمەلە نەیدەتوانی بە خێرایی هەموو ئەو هێزە لە ناوخۆیدا جێ بکاتەوە. پێکهاتنی ئەو جەمعیەتانە بوو بە زەرفێک بۆ پەرەپێدانی چالاکی سیاسی کۆمەڵە لەئاستێکی کۆمەلایەتیدا. تەجروبەیەکی دیکەی کۆمەڵە خۆی لە پێکهێنانی بنکەکانی گەرەکەکان لەشاری سنەدا دەبینێتەوە کە بەکردەوە بوون بەناوەندی ڕێکخستنی ژیانی ئاسایی خەڵکی گەرەک و هەروەها ناوەندی ئامادەکردنی خەڵک بۆ موقاوەمەت بەرانبەر بەهێرشێک کەلە ڕێگەدا بوو. کۆمەڵە هەروەها هاندەری پێکهێنانی شورای شارەکان لەهەموو کوردستان بوو و خۆشی چالاکانە لەم شورایانەدا بەشداری دەکرد. لە پاڵ ئەمانەدا چەندین ڕێکخراوی ژنانو کرێکارانو خوێندکاران لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەسەر ڕێنوێنی کۆمەڵە پێکهاتن.

جگە لەمە چالاکی سەربەخۆی کۆمەڵەش تارادەیەکی زۆر پەرەی سەندبوو. کاتێک کە کۆمەڵە خۆی ئاشکراکرد خاوەنی ژمارەیەک کادربوو، ئەگەرچی زۆر نەبوون، بەڵام هەموویان لەناو خەڵکدا خۆشەویست و جێگای متمانە بوون. هەر لەدەورانی دیکتاتۆری شاوە تێکەلاوی خۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵکی ئەو

ناوچانەبوون که تێیدا دەژیان. لەجەرەیانی راپەریندا لەریزی پێشەوەی خەباتی جەماوەری بوون. هەر بۆیە دوای تێکشکانی دیکتاتۆری شا خەلک که کۆمەلەی له ریگەی ئەوانەوە ناسیبوو، ئەو متمانه و خۆشەویستیەی که بەئەوانی بوو به کۆمەلەی بەخشی.

جەمعیەتەکانی دیموکراتیک لەرێگەی ناوەندێکەوە به ناوی "شورای هەماهەنگی" چالاکییەکانیان به یەکەوە گرێدرابوو. لەبیرمه که پێشنیاری پێکهێنانی ئەم شورای هەماهەنگییه لەلایەن کاک فوئادەوە بوو و بانگەوازەکەی له ئارشیوی کۆمەلەدا هەیه. ئەم جەمعیەتانه هەتا کاتێک که رژێمی کۆماری ئیسلامی هێرشی هێنایه سەر کوردستان هەر مابوون و چالاکییان هەبوو. دوای ئەوە زۆربەی هەلسووراوانی هاتنه ناو ریزەکانی کۆمەلە و له ناو هێزی پێشمەرگه و تەشکیلاتی نهێنی شارەکاندا رێکخران.

دیموکرات هەلوێستی پارێزگارانەی هەبوو

×هەر ئەوە نەبوو کەحزبی دیموکرات هەرشتێ لەو شتانەی نەکردبوو، ئێوەچون ئەو شتانەتان کرد کەحزبی دیموکرات فەرامۆشی کردبوو، یا ئەو خالە زوعفانەتان گرت که حزبی دیموکرات پەی پێ نەبردبوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من مەسئەله ئەوە نەبوو که حزبی دیموکرات دەرکی به هەلسوورانی لەم چەشنه نەکردبێ، بەلکو مەسەله ئەوە بوو کەنەوەیەکی خەباتکاری تازه هاتبووه سەر شانۆی سیاسیو کۆمەلایەتی لەکوردستان که حزبی دیموکرات زەرفییەتی جەزب و رێکخستنی ئەوانی نەبوو. له جەمعیەته دیموکراتیکەکاندا ژمارەیەکی زۆر هەلسوراوی چەپ هەبوون که سەرچاوەی بیر و بۆچونیان سۆسیالیستی بوون، ئەوانه له

سوننەتی کوردایەتییەوە نەهاتبوونە ناو خەباتی سیاسییەوە. هەر بۆیە حزبی دیموکرات ئەگەر بیشی هەویستبایە نەیدەتوانی وەها هێزێک لەناوخۆیدا جێبکاتەوە. سەبارەت بە یەکێتی جوتیارانیش پێویستە بزانین کە حزبی دیموکرات لەهەڵسوکەوت لەگەڵ پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان هەڵوێستێکی مۆحافزەکارانەی هەبوو. تەنانەت بەشێک لەو پاشماوەیە هەوڵیاندەدا کە لە ناو حزبی دیمۆکراتدا جێگایەک بۆ خۆیان ببیننەوە. هەر ئەوە جوتیارانی هەژار و زەحمەتکێشانی دێی تا رادەیەک لە حزبی دیمۆکرات دردۆنگ دەکرد. با لەم بابەتەوە بیرەوەریەکم هەیە بۆتی بگێرمەوە:

بەهاری ساڵی (1358)ی هەتاوی بوو. جموجۆڵێک لە ناو ئاغاکانی ناوچەی سەردەشت دەستی پێکردبوو. هاوبەشی کۆمەڵە و یەکێتی جوتیارانی سەردەشت و رەبەت تەرتیبی جەولەیەکی چەکدارانەیاندا کە بە ئاواییەکانی ئەم ناوچەیەدا بگەرێن و دەرەبەگەکان چەک بکەن. دەرەبەگەکان بەردەوام بەرانبەر بە هێزی کۆمەڵە و جوتیاران پاشەکشەیان دەکرد تا سەرئەنجام لە ئاواییەک کە وا بزانم ناوی "ئالاوان" بوو، لە ناوچەی "بەری مێرگان"، کۆ بوونەوە. لە بەر ئەوەی ئێمە نەماندەویست شەر و خوێن رشتن بێتە کایەوە، پێشنیاری گفتوگۆمان پێدان. شەو بە سەردا هات، حزبی دیمۆکرات کە بنکەیەکی سەرەکی لە ئاواییەکی گەورەتری ناوچەی سەردەشت بە ناوی "میراوێ" هەبوو، پەیوەندی پێوە گرتبوون و کارتی ئەندامەتی حزبی دیمۆکراتی بە هەموویان گەیاندبوو. ئەوانیش یەکێک لە ماڵەکانی خۆیان کردبوو بە بنکەی حزبی دیموکرات. بەم جۆرە ئێمە ئیتر ناچار دەبووین نەک لەگەڵ بەگەکان بەڵکو لەگەڵ حزبی دیموکرات گفتوگۆ بکەین، کە ئیتر کێشەکە بە تەواوی فەرقی کردبوو و بە ناچار وازمان لێهێنا.

×دەتەوێت لەم خاتەرەیە بڵێت حزبی دیموکرات نوێنەرایەتی دەرەبەگ و فیئۆدال و عەشایەرەکانی ئەکردو ئێمەش نوێنەرایەتی خەڵکی چەپ و شۆرشگێرو مارکسییمان دەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من نالێم کە نوێنەرایەتی فئودال و عەشایرەکانی دەکرد ، بەلکوو دەلێم سیاسەتێکی هەبوو کە ئەوانیشی لە نێو خۆیدا جێگا دەکردەوە.

×ئێوە ئەتانویست ئەوانە لای ئێوە جێگای نەبێتەوە، خەڵکی عەشایرو دەرەبەگ و خەڵکی فیئۆدال؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە کە لای ئێمە جێگایان نەدەبۆوە، بەڵام ئێمە دەمانویست کۆمەڵگای کوردستان پێ بنێتە نێو دەورەیەکی تازەوە کە تێیدا مەدەنیت و شارستانیەتێکی نوێ ببێتە سەرچاوەی پێکهاتنی حزبەکان و حزبایەتی و خەباتی سیاسی. ئەمانە پاشماوەی دەورەیەکی کۆن بوون و پێگەی کۆمەڵایەتیان تەقریبەن نەمابوو، حزبی دیموکرات ئەو بروا بەخۆیەی تێدا لاواز بوو کە بتوانێ بە تەواوی لێیان ببرێ.

کۆمەڵە دەرەبەگایەتی تواندەوە

×کۆمەڵە تا ئێستا بەوە ئەناسرێتەوە کە دیفاعی لە جوتیاران کرد، کە زەوی بۆ جوتیار گەراندەوە، کە دژایەتی ئاغاو دەرەبەگەکانی ئەکرد لەو زولم و زۆرەی کە کردبوویان، ئەم پرۆسەیە چۆن چۆنی بوو، وە نەئەترسان ئێوە هەم حزبی دیموکرات هەم ئاغاکان رووبەرووتان بینەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە راستیدا پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان لاوازتر لەوەبوو کە ئێمە لە زەینی خۆمان و بۆچوونی ئەو سەردەمی خۆماندا جێگامان بۆ کردبۆوە. هەر بۆیە لەگەڵ یەکەم هێرشی یەکێتی جوتیاران و لەگەڵیەکەم جەولەی چەکدارانەی هێزی جوتیاران تا رادەیەکی زۆر توانەوە. ئەو

سەرکەوتنە یارمەتی داین تا لە چەند شوێنی کوردستان وەکوو دیواندەرە، کامیاران و بۆکان، زەوییەکان بگەڕێنینەوە دەست خاوەنەکانی واقیعی خۆیان، واتە ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر دەکرد. چارەسەر بوونی بە خێرایی ئەم کێشەیە دەوری سەرەکی هەبوو لە ساغ بوونەوەی کۆمەڵە لەسەر ئەو بیرەی کە کوردستان کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بەڵام دواکەوتووە. ئەم ئاڵوگۆڕە فیکرییە کاری کردە سەر ستراتیژی کۆمەڵە لە شۆڕشی داهاتووی ئێراندا. چالاکی لە شارەکان دەورێکی گرنگتری لە قۆناغەکانی سەرکەوتنی یەکجاری لە بیر و بۆچوونی ئێمەدا پەیدا کرد.

×یەعنی حزبێکی شاری بوو، بە پێچەوانەی حزبی دیموکرات کەحزبی لادێییەکان یان حزبێکی دەرەوەی شاربوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من نامەوێت لەم بابەتەوە کۆمەڵە بە حزبی دیمۆکرات بەراورد بکەم. ئێمە زۆر زوو بووین بە حزبێکی شاری، زۆر زوو ئەو بیر و بۆچوونەی کە ستراتیژی ئێمەی لەسەر بنەمای خەبات لە دێهاتدا دادەمەزراند، وەلا نرا. هەر بۆیە بە بەراورد و لەگەڵ یەکێتی جوتیاراندا، جەمعییەتە دیمۆکراتیەکان کە لە شارەکان پێکهاتبوون گرنگتر بوون. بۆ وێنە ڕێکخراوەکانی ژنان و کرێکاران و بنکەکانی گەڕەکەکان، ئەوانە زۆرتر بوون بە پایە بۆ گەشەکردنی دواجاری کۆمەڵە. حزبی دیموکراتیش ئەگەر چی لە دێهات پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەلام ناکرێ بە حزبێکی لادێیی پێناسە بکرێ.

×تۆ ئەوانە ناو دەبەیت بە ڕێکخراوی دیموکراتی، یەکەم پێم بڵێ تۆ ئەتوانی پێناسەی دیموکراتی بکەیت وە دیموکراتیش لەو کاتەیە ئەوانە ڕێکخراوی دیموکراتیک بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیموکراتی بەو مانایە ئەڵێم کە ئەمانە ئامانجەکانیان ڕاستەوخۆ سۆسیالیستی نەبوو، جوتیاربوو زەمینی دەویست، ژنان یەکسانی و کۆتایی هێنان بە هەلاواردنیان دەویست، ژیانی ئاسایی لە گەڕەک و لە شار ئەبوایە بەڕێوە بچێت،

کۆمەڵگا پێویستی بە حەرەکەتی فەرهەنگی پێشکەوتنخواز هەبوو، ئەمانە هەموی هاندەری پێکهێنانی ڕێکخراوە دیمۆکراتیکەکان بوو.

×ئەو داوایانە هەر لەمانیفێستی سۆسیالیزمدا هەیە، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، زەوی بۆ جوتیار؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مانەوەی ئەمانە ڕێگرە لەسەر ڕێگای حەرەکەت بەرەو کۆمەڵگای سۆسیالیستی. کە تێیدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان کۆتایی پێدێت و گەشەی ئابوری و کۆمەلایەتی ئیمکانی ژیانێکی تێر و تەسەل و یەکسان بۆ هەمووان فەراهەم دەکات.

بۆچی کۆمەڵە لەتاران پێکهات ؟

×خۆت دەزانی کۆمەڵە بەپێی قسەی هاوریەکانت لەتاران لەشارێکی فارس پێکدێت، یەکەم ئایا ئەمە گونجاوە یان دەتوانم بلێم لەهەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا دروست نەبوەو زادەی واقعیەتی کوردستان نییەو لە رووی جوگرافیەوە دوورە لە کوردستان، مەبەستمە بلێم یەکەم ئایا مەسەلەکە مەسەلەی چەپ نەبوو، چونکە ئێوە پێتانوابوو دروستبوونی حزبێکی چەپ و مارکسی لەتاران زەرورترە تا لەسنەو مەهاباد، پرسیاری دووهەم، ئێوە هیچ نفوزێکتان نەبوو لە کوردستان بە پێچەوانەوە حزبی دیموکرات هیمەنەیکردبوو ئێوە لەکوردستان دوور بن، پرسیاری سێیەمیان ئەترسان، نەتان ئەوێرا لەکوردستان ئەو چالاکییە بکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلە وێران و نەوێران نییە. مێژووی کۆمەڵە هەمووی بە هەلومەرجی پێکهاتنی تەوزیح نادرێت، بەڵکو دەبێ چاو لە جێگا و شوێن و هەلومەرجی گەشە کردنیشی بکەین. ئەو تێکۆشەرانەی کە کۆمەڵەیان دامەزراند لە تاران و

شارە گەورەکانی ئێران دەژیان و ڕێکخراوەکەشیان لەسەرەتاوە هەر لەم شوێنانەوە پەرە پێ دا. ڕاستە کە ئەم ڕێکخراوەیە لە ساڵی (1969) لە شارەکانی غەیرە کورد نشین پێکدێت، بەڵام لە ساڵی (1979)لە کوردستان مەجالی گەشە کردن و پەرە سەندنی بۆ دەرەخسێ.

گەشە کردنی کۆمەڵە لە کوردستانیش هەر بەشێک لە مێژووەکەیەتی. ئەگەر لە ساڵی (1979) کۆمەڵە دەرکی واقیعی کوردستانی ئێرانی نەکردبایە و وەڵامی پێویستییەکانی ئەو سەردەمی لەو ناوچەیە نەدابایەوە ،بێگومان نەدەبوو بە ڕێکخراوێکی بە نفوزی جەماوەری. پێویستە ئەوە بزانین کە ڕێکخراوی کۆمەڵە لە تاران دەزگای ڕێبەرایەتییەکەی لە ساڵی (1353)ی هەتاوی زەربەیەکی قورسی لەسەردەستی ساواکی شا خوارد و بەشی زۆری تەشکیلاتەکەی کەوتە زیندان. بەشی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر ئەو زەرەبەیەی تێپەر کرد و درێژەی بە هەڵسووڕانی خۆیدا. دوای ڕووخانی ڕژێمی شا لە یەکەم ڕۆژەکاندا کۆمەڵە هەولیدا تەشکیلاتی خۆی لە تاران و تەورێز و شارەکانی دیکەی ئێرانیش ببوژێنێتەوە. جیاوازی کوردستان بۆ کۆمەڵە لە چاو باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران لەوەدا بوو کە موقاوەمەتێکی جەماوەری بەرانبەر بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی هەبوونی ستەمی نەتەوایەتی کەوتبووەرێ، کە کۆمەڵە خۆی دەوری چارەنوس سازی تێدا بوو.

×یەعنی مەسەلەکە ئەوە نەبوو ئەم حزبە، حزبێکی چەپ و مارکسیبێت دەبێ هەر لەتاران دروست بێت، کۆمەڵگای تاران ئامادەترە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شۆرشی دژی نیزامی پاشایەتی لە ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی (1979)دا بە لوتکەی خۆی گەیشت و ڕژێمی شای روخاند، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئامانجەکانی بۆ ئازادی و بۆ

ژیانی باشتر بەدی نەهاتبوو درێژەی پەیدا کرد. لە لوتکەوە بەرەوخوار چەند ساڵ درێژەی کێشا هەتا بە تەواوی تێکشکا. لەدەورەیەکدا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەئاستی سەرانسەریدا پاشەکشەی دەکرد، بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی و بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بەرپا بوو و گەشەیکرد. کۆمەڵە کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر بوو نەیدەتوانی و نەیدەویست لە خەباتی عادلانەی ئەو جەماوەرە لە کوردستان جیا ببێتەوە. با نمونەیەکتان بۆ بهێنمەوە: هاوکات لەگەڵ ئێمە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران کە ئەوانیش لە کوردستان چالاکییان هەبوو گەشەیانکرد، تارادەیەک کە بوون بەئەندامی "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد". بەڵام هەر ئەو هێزە کە ئەویش وەکوو کۆمەڵە هێزێکی سەرانسەری بوو بە هۆی ئەوەی کە دەرکی پێویستی بەشداری چالاکانەی لە خەباتی شۆڕشگێرانەی کوردستاندا نەکرد لەسەرەتاوە تووشی لەتبوون بوون و دواجاریش نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ واقیعی ئەم ناوچەیە بگونجێنن و هەر بۆیە باوەکوو زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامان و هەڵسووراوانیان خەڵکی کوردستانی ئێران بوون، بەرەبەرە توانەوە و دەورێکیان نەما. کە وابێ بەبروای من مەسەلە ئەوە بوو کە پێکهاتەی کۆمەڵە وەها بوو کە نەیدەویست و نەیدەتوانی لەهیچ هەلومەرجێکدا لە جەماوەر و خەباتەکەیان جیا بێتەوە. لە هەر کوێ خەباتی عادلانە و پێشکەوتنخوازانەی جەماوەری بوایە بە ئیشی خۆی دەزانی کە تێیدا حزوری بێت بۆ رابەریکردنی و بۆ سەرکەوتنی تێبکۆشێت.

کۆمەڵە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی عیراقدا دروست نەبوو

×پاش هەرەس یا پاش ئاشبەتاڵی ساڵی(1974) لە کوردستانی عێراق، لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان. رێکخراوێکی ئەلتەرناتیڤ بە ناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی- کوردستان) و دواتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکدێ و وە زووش گەشە ئەکات، یەعنی ئەمەوێت بڵێم هەر لەو سەردەمەشدا کۆمەڵە لەپاش شکستی کۆماری مەهاباد و لەپاش شکستەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان رێکخراوێکی بەهەمان شێوە چەپ و مارکسی لەکوردستانی ئێران دروست ئەبێ و زوو گەشە ئەکات، ئەم دووانە لێچونیان زۆرە، یەکێکیان ئەوەیە کە یەکێتی وەکو بەدیلی پارتی دروست ئەبێت، کۆمەڵەش وەکو بەدیلی حزبی دیموکرات دروستدەبێت، ئەمە خاڵێکیان وایە وە تا چەند ئەو قسەیەش راستە کەتۆ پێشتریش رەتتکردەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی کۆمەڵەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر وتم، کۆمەڵە وەکوو بەدیلی حزبی دیموکرات دروست نەبوو. کۆمەڵە لەجەرگەی باس و لێکۆڵینەوەکان بۆ دۆزینەوەی رێگای شۆرشی داهاتووی ئێران لە ناو باڵی چەپی رۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران، لە دایکبوو. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەجەرگەی خەباتی نەتەوایەتی لەکوردستانی عێراق پێک هاتبوو وە پەروەردە ببوو. ئەم رێکخراوەیە زۆر زوو تێکەڵاو بوو لەگەڵ بزووتنەوەیەکی مێژووکردی کۆنتر کەلەکوردستانی عێراقدا لە ئارادا بوو.

ئێمە لە ساڵی (1979) ئاگاداری هەبوونی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە ئەو کات ناوی کۆمەڵەی مارکسی-

لێنینی بوو، بووین. هەر لەسەرەتاکانی ئەو ساڵەدا هەوڵماندا پەیوەندییان پێوە بکەین. هاورێیەکمان نارد بۆ ئەوروپا کە ئەو لە ئەوروپاوە لەرێگەی سوریەوە بگەرێتەوە بۆ کوردستانی عیراق و لەوێوە پەیوەندی بکات بەو رێکخراوە وە. ئەم پرۆژەیە سەر نەکەوت و ئەم هاورێیە نەچوو بۆ کوردستانی عێراق و گەرایەوە بۆ لای خۆمان لەئێران. دوای ئەوە هاورێ (خانەی موعینی)مان لەرێگەی سنوورەکانی کوردستانی ئێران و عیراقەوە نارد کە ئەم پەیوەندییە بگرێت، ئەویش بەداخەوە هەرچەند گەیشتە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام نەیتوانی بگاتە شوێنی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتی و لە شەرێکدا لەگەڵ هێزەکانی ئەرتەشی بەعسی عیراق لەگوندی (درێ) لەناوچەی (ماوەت) گیانی بەختکرد. دوای ئەوە هەیئەتێکی دیکەمان نارد کە ئەوان توانیان خۆیان بگەیەننە شوێنەکانی سەرکردایەتی. ئێمە کە هەستمان بە نزیکایەتی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەکرد هەوڵماندا بۆ ئەوەی کەیارمەتییان بکەین و تارادەیەکیش بە پێی توانای ئەوکاتمان ئەو کارەمانکرد، کە لەگەڵ ئازادبوونی کوردستانی ئێران لەچنگ رژێمی شا ئەو یارمەتی دانە هەمە لایەنەتر و بەرینتر بوو.

کۆمەڵەو کۆمەڵەی رەنجدەران زۆر یارمەتی یەکترماندا

×دواتریش کۆمەڵەی رەنجدەران یارمەتی ئێوەیاندا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ.

×چۆن چۆنی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە دوایین مانگەکانی ساڵی (1979)

ئێمە لەبەردەم شۆرشێکی گەورەدابووین لە ئێران. شارەکان ئازاد ببوون. ئەو بارودۆخە ئیمکانیدا بە ئێمە کە پارمەتییەکانمان بۆ بەهێزترکردنی ریزی خەباتی دژ بە دەسەلاتی بەعس لە کوردستانی عیراق پەرە پێبدەین. لەم دەورانەدا ئێمە لە هیچ بابەتێکەوە درێخیمان نەدەکرد لەچەکو تەقەمەنی و خواردن، بەلام سالانی دواتر بەرەبەرە هەلومەرجەکە گۆرا. خەباتی پێشمەرگانە لەکوردستانی ئێران پاشەکشەی پێکرا و مقەرەکانی ناوەندی ئێمە گوازرانەوە بۆ سەر سنوورەکان و دواجار لە سالەکانی (83 و 84) مقەراتی لەکوردستانی ئێرانەوە پەرینەوە بۆ ناوچە ئازادەکانی کوردستانی عیراق. ئیتر بەردەوام هاوکاری و یارمەتیدان بە یەکتر مۆتەقابیل بوو.

×ئەی چۆن بوو یەکەم پێشمەرگە سەعیدی موعینی تان ناردە ناو یەکێتیەوە، بۆچی بوو یا بۆ تەدریب و دەورات بوو بۆ ئەوەی کە تۆ وتت بۆ پەیوەندی بوو دواتریش هەر لە دری لەناوچەی ماوەت شەهید ئەبێت، ئەو تا چەند لە ناو یەکێتی مایەوە، وە توانی ئەو ئەرکەی ئێوە پێتان سپارد جێبەجێ بکات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سەعیدی مۆعینی ناسراو بە "کاک خانە" بە مەبەستی دامەزراندنیپەیوەندی لەنێوان کۆمەلەی ئێمە و کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناردرا بۆ کوردستانی عیراق. مەئمورییەتی ئەو کورت ماوە بوو و بریار وابوو کە ئەو راپۆرتی ئەو دیدارەی خۆی بۆ کۆمەلە بنێرێتەوە و لەسەر چۆنیەتی پەیوەندییەکانی دوارۆژ بریاری نەهایی بدرێت. بۆیە کاک خانەمان هەلبژارد، چونکە ئاساییە کە لە هەلومەرجی کاری نهێنی لە ئێران رێکخراوی ئێمە و کادرەکانی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەناسراو بوون. بەلام کاک خانەی مۆعینی هەم لە بنەمالەیەکی ناسراوی کوردستانی ئێران بوو ،کە پێشتر دوو برای شەهید ببون ،کەهەردووکیان لە کوردستانی عیراق کەسایەتی ناسراو بوون. هەروەها کاک خانە خۆیشی بە بۆنەی

موقاوەمەتێکی کەم وێنە کە لەژێر ئەشکەنجەکانی ساواکی شادا کردبووی، ناوبانگێکی گەورەی لە هەموو ئێران و کوردستان دەر کردبوو. بەمجۆرە لامان وابوو حزوری کاک خانە لە لای کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی نیشتمانی مەئموریەتەکەی دەتوانێ ئاسانتر جێبەجێ بکات و زووتر متمانەی پێدەکرێ.

×شەهید بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، بەداخەوە لە ئاوایی "دری" لە ناوچەی ماوەت لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی بەعسی عیراق گیانی بەختکرد. ئەو کات ئێمە شارەزایەکی زۆرمان لەسەر هەلومەرجی نیزامی سنوورەکان نەبوو. سەرکردایەتی یەکێتی ئەوکات لە کوێستانەکانی قەندیل گیرسابۆوە، کەچی ئێمە هاوڕێ خانەمان لە ڕێگەی ناوچەی ئالانی کوردستانی ئێرانەوە ناردە ئەودیوی سنوور. ئەو کارە بە هۆی تێکۆشەرێکی ناسراوی خەڵکی ئاوایی بێژوێ بە ناوی کاک محەمەد مەلا عەلی کە ئەویش چەند ساڵ دواتر شەهید بوو جێبەجێکرد و لەوێ لەگەڵ مەفرەزەیەکی یەکێتی نیشتمانی پەیوەندی گرت. سەرکردایەتی یەکێتی کە ئاگاداری سەفەرەکەی کاک خانە بوو، بڕیاریدابوو کە بە زوویی بەرێیکەن بۆ ناوچەی قەندیل لەلایەن کاک ئەحمەد فەتحوڵڵاوە، بەڵام بەداخەوە خۆیشی شەهیدبوو.

× تۆ باسی خانەی موعینیت کرد، بەڵام بە درێژایی ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵە من هەرگیز ڕۆژێک لەڕۆژان نەمبینیوە کە بڵێن لە لایەن بەعسەوە کوژراوە، هەمیشە خۆتان لەوە ئەپاراست، هەتاوەکو پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی (2003)دا ئەوەتان ئاشکراکرد، لەڕووی کاری ڕێکخراوەیی و لە ڕووی ئەخلاقی تا چەند ئەو شاردنەوەیە دروستە، وە بۆچی ئێوە ئەو کارەتان نەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموانییە ئەم قەزاوەتەی ئێوە دەقیق بێ. ڕاست ئەکەی ئێمە سالانی دواتر بە هۆی بوونمان لە شارەکانی

عیراق ئاژیتاسیۆن مان لە دژی رژێمی بەعس نەبوو. بەڵام قەد ئەوەشمان نەدەشاردەوە کە کاک خانە لە کوردستانی عیراق و لە ریزی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا شەهید بوو. کاتێک رادیۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ یەکەم جار لە دۆڵی ناوزەنگ کەوتە کار لە یەکێک لە یەکەم بەرنامەکانی خۆیدا و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هاورێیانی ئێمە هەموو رووداوەکەی بە تێر و تەسەلی باسکرد. ئێمە حەتمەن لەم گفتوگۆیەدا لە جێگای خۆی دەبێ باسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵە بکەین و لە جێگای خۆیدا باسی ئەو مەحدودیەتانەی کە لە تەبلیغات دژ بە رژێمی بەعسدا بوومان دەکەین، بەڵام با لێرەدا هەر ئەوەندە بڵێم کە سەرەتایەک لەناو ئێمەدا لەم بابەتەوە جێکەوتبوو کە ئەویش ئەوە بوو، کەئەگەر نەشتوانین رۆشنگەریەکی دیاریکراو سەبارەت بە مەسئەلەیەک بکەین، بەڵام هیچکات نابێ راستیەکان بشارینەوە.

کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە
1978(سنە – نەغەدە)

کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە
(سنە – نەغەدە) 1978

× لەپێش رووخانی رژێمی شا لەساڵی (1979) لەپایزی ساڵی (1978)دا کۆمەڵە یەکەم کۆنگرەی خۆی لەسنە و نەغدە ئەبەستێت، بەئامادەبوونی (12 یا 14)کەس، مەبەستم ئەوەیە ئەوە سەرەتای رێکخستن و کاری سازمانی کۆمەڵەبوو، خۆت ئەزانی کۆنگرە زیاتر لە سازمان و رێکخراوەکان رێکدەخات بەرنامەو پەیرەو پرۆگرامی تیادائەنرێت، جۆرێک لە چالاکی زیاتر ئەدات بەو سازمانە ، یەکەم مەبەستم ئەوەبوو بۆچی وا کەمبوون، یەعنی رێکخراوەکەتان بچووک بوو یان ئێوە خۆتان حەزتانکرد وابێت، وەچیتانکرد، پەیرەو پرۆگرام چۆن نووسرا، کێ هەڵبژێرا، ئەگەر لەبارەی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەوە بۆمان بدوێت جگە لەیاس و مصنوعەکانی ئەوکاتی کوردستان و بارودۆخی سیاسی وڵات قسەیەک بکەی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەندامانی کۆنگرەی یەکەم (10) کەس بوون کەناوەکانیان ئەمانەیە: (فوئاد مۆستەفا سوڵتانی، حەمە حسێنی کەریمی، تەیب روحوڵاهی، ئیرج فەرزاد، عەبدوڵلا موهتەدی، عومەر ئیلخانی زادە، ساعد وەتەندوست، حسێن مۆراد بەیگی، مۆحسێن رەحیمی و ئیبراهیم عەلیزادە). لە دوایین رۆژی کۆنگرەشدا شوعەیب زەکەریایی کە تازە لە زیندان هاتبووە دەرێ حزوری بوو. لە ساڵانی تێکۆشانی نهێنیدا ئەندامگیری لەناو کۆمەڵەدا پرۆسەیەکی زۆر سەخت و دژواری بوو. بەتایبەت دوای ئەو زەربەیەی لە ساواکی شا خواردمان و ژمارەیەک لە هاورێیانمان چوونە زیندان، یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامەتی ئەوەبوو کە ئەبوایە ئەندامی کۆمەڵە وەکوو هەڵسووراوێکی پیشەیی ژیانی کرێکاری و نهێنی بوایە. ئەم جۆرە سەختگیرییانە ئێمەی

مەحروم کردبوو لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر شۆڕشگێری کۆمۆنیست کە دەیانتوانی لەناو ڕیزەکانی ئێمەدا چالاک بن. ئێمە ئەوکات لامان وابوو کە ئەم هەلسووڕاوانە مادام کە لە ژیانی وردە بورژواییانەی خۆیان نەبڕێن، ناتوانن هەڵگری بیر و بۆچوونی کۆمۆنیستی و کرێکاری بن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە چەندەها جۆر تاقیکردنەوە لە مەیدانی کردەوەدا ئەبوایە لەسەریان کرابا. بۆ نموونە من خۆم لە ساڵی (1349)ی هەتاویەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە بوو و لام وایە بە هەموو تواناشمەوە کارم بۆ دەکرد، بەڵام سێ ساڵ گوزەرا تا توانیم وەکوو ئەندام وەر بگیرێم. یان دوکتور جەعفەری شەفیعی باوەکوو چەندین ساڵ بوو لەگەڵ کۆمەڵە پەیوەندی هەبوو لە ساڵی (1979)دا بوو بە ئەندام. لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە هۆی کەمبوونی کادرەکانی کۆمەڵە لەیەکەم کۆنگرەیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەل و مەرجی دژواری کاری نەهێنی و بۆ داخراو بوونی کۆمەڵە و ئەو گاردەی کە بووی بەرانبەر بە وەرگرتنی رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ بە ئەندام.

لەم کۆنگرەیەدا پێداچوونەوەیەکی تەواومانکرد بە هەموو رابردووی کۆمەڵەدا و بە تایبەت قورسایی زۆر خرایە سەر رەخنە گرتن و هەڵسەنگاندنی کاری یەکەیەکەی ئەندامانی کۆنگرە لە زیندان و دەرەوەی زیندان. هاوڕێیانی زیندان لایان وابوو کە هاوڕێیانی دەرەوە لەم دەورەیەدا بە باشی ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام نەداوە. بەڵام سەرەڕای رەخنەیەکی زۆر کە لە کاری ئەم دەورەیە گیرا سەرئەنجام کۆنگرە ساغ بوە کە ڕابردوو بە جێبهێڵێ و پێ بنێتە دەورەیەکی تازەوە.

سەرەتا (5) کەس دەبنە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

×کێ بوون ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم کونگرەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: فوئاد مۆستەفا سۆڵتانی، مۆحسێنی ڕەحیمی، ساعد وەتەندوست، عەبدوڵڵای موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە.

×پێنج کەس بوون بەیەکەم کۆمیتەی ڕەهبەری کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ.

(26) ڕێبەندان ڕۆژی شەهیدبوونی حەمەحوسێنی کەریمی

×ئەو کاتە چ پێناسەیەکتان کرد بۆ ڕێکخراوەکەتان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕێکخراوی ئێمە هەر لەسەرەتاوە بە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی پێناسەدەکرا. ئەوکات هێشتا ناومان لەسەر دانەنابوو هەر بە ناوی "تەشکیلات" ناومان لێ دەبرد. بەیان و ڕاگەیاندنەکانمان لەژێر ناوی "هاونیشتمانانی تێکۆشەر" بڵاودەکردەوە. کاتێک لە (26)ی ڕێبەندانی (1357)ی هەتاوی لە جەرەیانی گرتنی شارەبانی شاری سەقز کاک حەمە حسێنی کەریمی شەهید بوو، ڕێکخراوەکەمان بەناوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) لەبەیانێکدا کە ئەم ڕووداوەی ڕاگەیاندبوو، ئاشکرا کرد.

×تۆ لەگەڵ برادەرەکانت بەو ناوە ڕازی بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ منیش بەو ناوە ڕازی بووم. بەڵام ئێمە هەمووومان ئەو ناوەمان بەناوێکی کاتی دەزانی. چونکە هەر لەسەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵەوە لە هەموو نووسراوەکانی دەورانی حکومەتی شادا کە کۆمەڵە بڵاویکردبۆوە، ئاسۆیەک کە

بۆ ڕێکخراوەکەمان دیاریکرابوو تەبدیل بوونی بوو بە بەشێک لە حزبێکی کۆمۆنیستی سەرانسەری. تەنانەت ماوەیەک دواتر لە کۆنگرەی(2)ی کۆمەڵەدا پێشنیارکرا، ئێستا کە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست دواکەوتووە با لانیکەم ناوی ڕێکخراوەکەمان ناوێکی سەرانسەری بێت. لە بیرمە کەپێشنیاری ناوی "ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران" یا شتێکی لەوە نزیک کرا. ئەو کات هەر بەو هۆیە گۆڕینی ناو ڕەتکرایەوە کە پێویستە هەوڵەکانمان بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران چڕ و پڕ تر بکەین و لەم بابەتەوە کۆنگرە بریارنامەیەکیدا کە ئاماژە بەپێویستی یەکگرتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەپێناوی پێکهێنانی وەها حزبێک دەکرد.

لەکۆمەڵەوە بۆ کرێکارانی شۆڕشگێڕ

× کێ بوون ئەوانەی ئەیان وت بابیگۆڕین بۆ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێر؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هاورێیانی تەشکیلاتی تاران بوون و پێشنیارەکە لەسەر زاری دوکتۆر سەعیدی یەزدییان کە ئەوکات بەرپرسی تەشکیلاتی تاران بوو دواتر لەسێدارەدرا، هاتە گۆڕێ.

×ئەو کاتە هیچ مەیلێکی ناسیۆنالیستی، مەیلێکی قەومی لەناو کۆمەڵە، لەناو سەرکردایەتی کۆمەڵە هەبوو؟ مەبەستم کۆنگرەی یەکە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە کۆنگرەی یەکدا دوو جۆر بەحس هاتە گۆڕێ. جۆرێکیان بەحسی ڕێکخراوەیی بوو کە تێیدا سەرجەمی هەڵسووڕانی دەورەیەکمان وکارکردی ئەم و ئەو تێیدا هەڵسەنگێندرا و ڕەخنەی لێگیرا و لەسەر ئەساسی ئەو ڕەخنەیە تەشکیلات خۆی بۆ هەلومەرجی نوێ ساغکردەوە. جۆرێکی دیکە بەحسی ناسینی کۆمەڵگای ئێران بوو. سەبارەت بەم مەوزوعەش دوو بۆچوون هاتە

گۆڕێ.

بۆچونێکیان لای وابوو کە کۆمەڵگای ئێران تێکەڵاوێکە لەسەرمایەداری و پاشماوەی فیئۆدالی، سەرمایەداری ئێران گرێدراوە بە ئەمپریالیزم و کۆمەڵگای ئێران نیوە فیئۆدالیە. بۆچونێکی دیکە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێران وڵاتێکی بە تەواوی سەرمایەدارییە. کۆنگرە لەسەر ئەوە ساغبۆوە کە لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکراوە و پێویست ناکات لەم بابەتەوە بە پەلە بریاری کۆتایی بدرێت و بە بێ ئەوەی بەحسەکە ببرێتەوە بە کراوەیی داینا بۆ داهاتوو. دواجار پوختەی باسەکانی کۆنگرە لەسەر ئەم مەسەلەیە لە گۆڤاری پێشرەودا لە ژێر ناوی "لە کۆنگرەی یەکەوە بۆ کۆنگرەی دوو" شی کرایەوە و بلاوکرایەوە. ئەوەی کە بە لای کۆنگرەی یەکەمەوە گرینگ بوو ئەوە بوو کە لە حەرەکەتی شۆرشگێرانەی ئەو سەردەم کە لە ئارادابوو دوا نەکەوێ و بە تایبەت لەکوردستان دەوری رابەریکردنی بگێرێ.

لەسەرەتاوە کۆمەڵە کۆمۆنیستی بوو

×لەهەموو کۆنگرەیەکدا کەپەیرەو پرۆگرام ئەنوسرێتەوە، پێناسەی حزب یا سازمانی تیا ئەکرێت، ئەو کاتە پێناسەی ئێوە بۆ کۆمەڵە چی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رێکخراوێکی کۆمۆنیستییە.

×کۆمەڵە رێکخراوێکی چەپی مارکسی_ لینینی بوو یان هەر بەتەنها مارکسی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە کۆمەڵەدا هەمیشە و هەتا ئێستاش بایەخێکی زۆر بۆ ئەزمونەکانی لێنین و شۆرشی ئۆکتۆبر لە روسیە دانراوە و دادەنرنێت، بەلام ئەو کات لە ناو هێزەکانی چەپدا لە ئێران رەوتێک هەبوو کە خۆی بە مارکسی- لێنینی "م.ل"،

پێناسە دەکرد. ئێمە لەبەرئەوەی کە خۆمان لەم ڕەوتە بە جیاواز دەزانی نەماندەویست لە نووسراوەکانماندا ئەم وشانە بەم شێوەیە بەکاربێنین، جگەلەوە لەئاستی جیهانیشدا کۆمەڵێک ڕێکخراوی چەپ هەبوون کە لایەنگری "ئالبانی" بوون و خۆیان بەم شێوەیە پێناسە دەکرد. ئێمە نەماندەویست لە ڕێگەی ناوەکەمانەوە ببردرێینە ناو ئەو ریزەوە. تەبعەن ئێمە نکۆڵیمان لەوە نەدەکرد کە هەم مارکسیستین و هەم بە مانایەک لێنینیستیش.

×باشە خۆ ئەو خەڵکانەی لەگەڵ ئێوەبوون، ئێوە جگە لەوەی کە زادەی واقیعی کۆمەڵگای کوردستانبوون. کوروکچانی کوردستانتان لەگەڵ بوون، ئەم هەموو خەڵکەی کەلەگەڵ ئێوە بوون کۆمونیست و مارکسی نەبوون، زۆربەیان ئەسڵەن ڕەنگە پێناسەی مارکسیزمی نەزانیبێت یا مارکس نەناسیبێت، چۆن ئێوە ئەو هەموو خەڵکەتان لەژێر ئەو ناوە ڕێبەری ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە وەلامی بەرنامەییمان هەبوو بۆ کێشە کۆمەلایەتیەکانی کوردستان. بۆ کێشەی نەتەوایەتی بەرنامەی خودمۆختاریمان دارشتبوو. بۆ پاشماوەی دەرەبەگایەتی دروشمی زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەردەکاتمان بەرز کردبووە، بەرنامەمان هەبوو بۆ یەکسانی ژن و پیاو. هاندەر و بەرێوەبەری موقاوەمەت بووین بەرانبەر بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی خەلک. ئەمانە خەڵکی لە دەوری کۆمەڵە کۆکردبۆوە. کاتێکیش باسی کۆمەڵگای سوسیالیستی مان دەکرد بێگۆمان خەڵکی کرێکار و فەقیر و هەژار ئاواتیان بۆ دەخواست بەلام کەسانیکیش هەبوون کە دەیان گوت بەداخەوە خەیاڵێکی شیرینە و بەدی نایەت. کاری ئێمە ئەوەبوو کە نیشانی بدەین ئەگەر ئەوان بە هێزبن ئەو ئاواتە شیرینە دەتوانێ ببێ بە واقیع.

ئەو خەلکە شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئامانجی ئێمە وەکوو مارکسیست و کۆمۆنیست دیوەتەوە کە لێمان کۆدەبنەوە، ئێمە

هیچ کات ناسنامەی خۆمان لە خەڵک نەدەشاردەوە. ئێمە هەستمان بەوە دەکرد کە ئەو قسانەی کە ئێمە دەیکەن جوابی پێویستیەکی کۆمەڵایەتییە لە کوردستان. بەڵام ئەو وەڵامە، وەڵامی ڕێکخراوێکی جیا لە خەڵک نەبوو، بەڵکوو وەڵامی ڕێکخراوێک بوو کە لەناخی کۆمەڵگادا پەروەردەببوو، جەماوەری بوو، لەگەڵ ژیان و لەگەڵ هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەم خەڵکە تێکەڵاو بوو. لە شکستیاندا و لەسەرکەوتنیاندا لەگەڵیان بوو. وەها ڕێکخراوەیەک بوو کەلە وەرچەرخانێکی مێژووی ئەو کۆمەڵگایەدا وەڵامی گونجاوی بە پێویستییەکانی زەمانەی خۆیدابووەوە. ئەگەر وانەبووایە تەسەوری ئەوە بکە ژن دەچوو لە میحرابی مزگەوتەوە نەسیحەتی پیاوی دەکرد. ئەمە هەمووی کفرە. ژن بچێتە مزگەوت کفرە، بچێتە میحراب کفرترە، نەسیحەتی پیاو بکات هەر تەسەور ناکرێت. دواجاریش عوزریان لێ بخوازێت و لە نوێژەکەشیاندا بەشداری نەکات. بەم حاڵەشەوە بۆچی پشتیوانیشیان لێ دەکردین؟ لەبەر ئەوەی کە هەستیان بەوە دەکرد کە شتێکی هاوبەش هەیە لەقسەی ئێمەدا وە لەڕەنج و ئازاری ئەواندا.

کۆمەڵەی هێزی چەکدار پێکدەهێنێت

×دوابەدوای کۆنگرەی یەکەم ئێوە خۆتان ڕێکدەخەن، ئەبنە ڕێکخراوی عەلەنی و خەڵک وەکو سازمان دەتاناسێت و بەشەخصیەتەکانتانە ئەتانناسێتەوە کە ئێوە خەریکی کاری سیاسین، بەناوی سازمانێک، پێم بڵێ چۆن دواتر خۆتان ڕێکخست و خۆتان چەکدارکرد، ڕاگەیاندتان دروستکردو بارەگاکانتان دروستکردو ئەم هەوڵانە چۆن چۆنی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلەی پێکهینانی هێزی چەکدار لەبۆچوونی ئێمەدا جێگایەکی کۆنی هەبوو. ئێمە لەو باوەڕەدا

بووین کە رزگاری لە چنگ نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری بە بێ شەری درێژخایەنی جەماوەری مۆمکین نییە. پێشتر باسمکرد کە ئەمە جۆرێک دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەی شۆرشی چین بوو. لە دەورەی پێش روخانی رژێمی شا هەمیشە بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ کەی ئەو هەلومەرجە دەرەخسێت کە ئێمە بتوانین خەباتی چەکداری لەشوێنە ستراتێژیکەکانی ئێران، لە دێهاتەوە دەستپێبکەین. ئێمە دەمانگوت کە پێویستە رێکخراوی کرێکاری لەشارەکان پێکبێنین. پێگەی رێکخراوەیی حزب لەناو جەماوەردا لەشارەکان بە نهێنی مەحکەم بکەین. هاوکات روو بکەینە دێهات و لەوێ بە یارمەتی هێزی چەکداری جەماوەر دەرەبەگ و ژاندارم راو بنێین. زەوی لەنێو جوتیاراندا دابەش بکەین. پێگەی کۆمەلایەتی خۆمان بەرینتر بکەینەوە. هێزی چەکداری جەماوەری پێکبێنین. ناوچەی ئازادکراومان هەبێ و بەرەبەرە بەرەو شارەکان بگەرێینەوە و بە گەمارۆدانی شارەکان لە دەرەوە و بەرپێکخستنی راپەرینی جەماوەری لەناو شارەکاندا، رژێمی دەسەلاتدار بروخێنین. ئەگەرچی دەزانین کە شۆرشی گەلانی ئێران دژی رژێمی پاشایەتی بەم جیهەتەدا نەچوو و ئێمە خۆمان بۆ جۆرێکی دیکە لە شۆرش لە ئێران ئامادە کردبوو، بەلام دەمهەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە پێویستی پێکهێنانی هێزی چەکدار بە لای ئێمەوە هەر لەسەر جێی خۆی مابوو، ئەگەرچی دەمانزانی ستراتێژی ئەو هێزە ئیتر هەر ئەوە نییە کە پێشتر بیرمان لێدەکردەوە.

کاتێک کە رژێمی شا رووخا، سیلاحێکی زۆر لە هەموو کوردستان بلاوبووە. پاش ماوەی دەرەبەگەکان خۆیان پر چەک کردبوو و شورای چەکداری عەشایریان پێکهێنابوو. دار و دەستەی ئیسلامی سەر بە رژێم چەکدار بوون. زەحمەتکێشانی دێهات کە نیگەرانی گەرانەوەی دەرەبەگەکان بوون هەولیاندەدا چەک بە دەست بێنن. جگە لەمانە رژێمی تازە بە دەسەلات گەیشتووش جێگای هیچ متمانەیەک نەبوو و بۆ هێرش هێنانە سەر کوردستان

هەر ئەمرۆ و سبەی دەکرد. لە وەها هەلومەرجێکدا کۆمەڵە هەستی بەوە دەکرد کە تەنانەت بۆ پاراستنی چالاکی سیاسی خۆشیبووە، پێویستە باڵی چەکداری هەبێت.

بوونی کادرەکانی ئێمە لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەڵک وەرگرتن لە ئەزمونی پێشمەرگانەی ئەوان، یارمەتیدا بەوەی کەئێمە زووتر دەس بە کار بین بۆ پێکهێنانی هێزی چەکداری کۆمەڵە. دەمهەوێ هەر لێرەش ئەوە روونبکەمەوە کە ریوایەتێکی نادروست هەیە کە دەڵێت هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە یەکێتی جوتیارانەوە شکڵی گرت، واتە یەکێتی جوتیاران بوو کە بەردی بناغەی پێشمەرگایەتی و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی دامەزراند. ئەوە راستە کە یەکێتی جوتیارانی مەریوان لەژێر رابەری کۆمەڵەدا هێزی چەکداری پێکهێنا و دەستیکرد بە جەولە لە نێو دێهاتی ئەو مەنتەقەیەدا. بەڵام ئەوەی کە بوو بە بربڕەی پشت و بناغەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بنکەیەک بوو کە لە ناوچەی سەردەشت لە شوێنێک بە ناوی گۆرەمەر بۆ پەروەردە کردنی کادری نیزامی دامەزرا. لەو بنکەیەدا کۆمەڵێک کادری نیزامی ئامادە کران کە هەرکامەیان دواجار ناردرانەوە بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هێزی چەکداری ناوچەکەی خۆیان رێکخست. هەڵبەت هاوکات لە ناوچەی مەریوانیش بنکەیەکی هەر لەم چەشنە و هەر بەو مەبەستە دامەزرا کە زۆر دەوامی نەکرد.

کۆمەڵە ژنان چەکدار دەکات

×کۆمەڵە یەکەم هێزی کوردستانە کە ژنان چەکدار ئەکات، ژنان دێنە ریزەکانیەوە، ئەمە چۆن چۆنی بوو، تاچەند قورسبوو بۆکۆمەڵگای کوردستان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: راستە کە کۆمەڵە یەکەم هێز بوو کە ئەو دەورەی هەبوو، بەڵام بەبروای من درەنگ دەستیپێکرد. نزیکەی سێ ساڵ گوزەرا تائێمە توانیمان ئەو دەستکەوتە بە دەست بێنین. هۆکارەکەشی ئەوە نەبوو کە ئێمە چالاکی و هەڵسووڕانی ژنان لەم بوارەدا بەرەسمی نەناسین، بەڵکو بەشی زۆری هەڵدەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کەئێستا بەجۆرێک لەپرسیارەکەی ئێوەشدا هەیە کە دەڵێن داخۆ چەندە قورسبوو بۆکۆمەڵە لەکوردستان. ئێمەش لەسەرەتاوە بە نادروست، بە پارێزەوە دەمانروانییە ئەو مەسەلەیە. لامان وابوو ڕەنگە ئەم کارە بۆ کۆمەڵگای کوردستان هێشتا قورس بێت. هەر بۆیە یەکەم دەستەی هێزی پێشمەرگەی ژنان بە جیاواز چەکدار کران. و لەناوچەی بۆکان بە جیاواز جەولەیانکرد. ئەو پێشوازیەی کە تەنانەت خەڵکی دێهاتی کوردستان لەم حەرەکەتە کردیان ئێمەی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە مۆحافزەکاریەکەمان لەجێگای خۆی نەبووە. پێشوازی لە چەکدار بوونی ژنان وەکوو پێشمەرگە زۆر لەچاوەروانیی خۆمان سەروەتر بوو. دوای ئەوەش کە ژنان لە ناو ریزی کۆمەڵەدا چەکدار بوون، هێشتا ئەو نیگەرانیە بوو کە ئاخۆ بە بێ حیجاب لە ناو خەڵکی دێهاتدا چۆن قەزاوەت دەکرێن، جامانە کە بەشێک لە جلوبەرگی پێشمەرگانە بوو تۆزێک وەلامی ئەم نیگەرانیە بێ جێگەیەی دەداوە. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو ئەم کێشەیە بە بێ هیچ گیروگرفتێک چارەسەربوو و ژنانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەسەری بێ جامانەشەوە بوون بەهاوڕێ و هاوسۆزی کچان و ژنان و پیاوانی کوردستان.

حەمە سوور بەرپرسی هێزی پێشمەرگە بوو

×واتا کۆمەڵە یەکەم ڕێکخراوی کوردستانییە کە ژنی هاندا بێتە ناو ریزەکانیو چەکداریکردن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ بەبروای من یەکەم ڕێکخراوی کوردستانییە کە لەو ئاستەدا ئەو کارەی کردووە. چونکە پێشتریش ژنی پێشمەرگە بووە بە تاق و تەرا، نەک لەو ئاستەدا کە لەناو ریزەکانی ئێمەدا بوون. کارکردی چەکداربوونی ژنان لەناو ریزەکانی ئێمەدا هەر ئەوە نەبوو کە هێزی چەکداری کۆمەڵەی پێ زیاد دەبێت، بەلکو گرنگتر لەوە کەش و هەوایەکی لەباری سیاسی بوو کە بۆ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان لەکۆمەڵگای کوردستاندا پێکیدەهێنا.

×دواتر لە بەشێکی تردا دێینەوە سەر مەسەلەی ژن و پێشمەرگەی ژنو کۆمەڵە، بەڵام ئێستا باسی دروستبوونی هێزی چەکداری کۆمەڵەمانکرد، یەکەم بەرپرسی ئەو هێزە کێ بوو ئەگەر لە بیرت دێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم بەرپرسی نیزامی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە حوسێنی موراد بەیگی ناسراو بە حەمە سور بوو.

×ئازاترین پێشمەرگە لەناو هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە تۆ بیناسی وە بینیبێتت کێ بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەستنیشانکردنی کەسێک زۆر زۆر دژوارە، چونکە بەراستی لەم دەورانەدا ئەوەندە ئازایەتی زۆر بوو، ئەوەندە فیداکاری زۆر بوو قەزاوتی ئەوەی کە کێ لە کێ ئازاتر بوو،زۆر دژوارە!.

×بۆ نموونە لەکوردستانی عیراق مامە ریشە نمونەی پێشمەرگەی ئازابوو، لای کۆمەڵە کێ بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لای ئێمە زۆر موشکیلە، چونکە

بەدەیان کەس دەناسم کە هەموویان کار لێهاتوو، رێکخەر و جەسوو بوون لەشەرەکاندا و پێشمەرگەی کۆمەلە بە دلنیاییەوە سەری خۆی پێئەسپاردن.

×یەک ناوم ئەتوانی پێ بلێیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر موشکیلەیە، چونکە ئەوانە زۆرن.

×هاورێ شوان ئەوەنەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: خەلکێکی زۆر هەن کە کاک شوان بە یەکێک لە فەرماندە جەسوور و لێهاتووەکانی کۆمەلە دەزانن، منییش هەر پێموایە، بەلام مەگەر خەسرەو رەشیدیان، شۆکێ خەیرئابادی، قادر بەهرامی، حەمەی حاجی و حەمەی رەسولی ، حەسەن شەعبانی، رەحیم عەبدینی، شەهلا کلاە قوچی، ئەیوب نەبەوی و دەیان کەسی دیکە کە زۆربەیان گیانیان بەختکرد و ئێستا ناویان نایێتەوە زەینم، هەر لەو چەشنە نەبوون؟

×خۆت بەشداری قورسترین شەرت کردبێت، کام شەرەبوو، چۆن وچکات بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من یەک، دوو وردەشەر نەبووبێ راستەوخۆ بەشداری شەری قورسم نەکردووە بەلام شەرێک کە لەنزیکەوە لە جەرەیانیدا بووم و لە نەقشە دارشتنەکەیدا بەشدار بووم و لێی نزیکبووم شەری ناسراو بە "شەری دارساوێن" بوو، تیایدا ستونێکی گەورەی تانکی هێزەکانی رژێم تێکشکا. ئەم ستونە لە بانەوە دەهات بۆ سەردەشت. ئەوە یەکێک لەو شەرانەبوو کە دەتوانم بلێم تارادەیەکی دیاریکراو جمهوری ئیسلامی ناچار کرد بێتە پای وتوویژ. شەرێکی دیکە بوو هەر لە دارساوێن، بەلام بچوکتر بوو. لەو شەرەدا من لەکەمینێکدا بووم، بەلام تەقەم نەکرد. لە شەرێکی دیکە من بەشدار بووم کە رێگای پاشەکشەمان بۆ تیمێک تەئمین دەکرد کەچوو بۆوە ناوشارۆچکەی رەبەت.

×ئەی ئازاترین ژنە پێشمەرگە کێ بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ناو ژنانی پێشمەرگەشدا کەسی کار لێهاتوو لە شەردا زۆر بوون، دیاریکردنیان کارێکی ئاسان نییە.

کۆمەڵە شەهیدی زۆری داوە

×تۆ سەرنج بدە ئەم پرسیارەی من، ئەم ناوانەت پێدەڵێم (خەلیلی زارعی، تاهیرەی ئاماجی(مریم)، ناسری عەلەوی، مەحمودی ئیبراهیم زادە، ئاوێنەی زەمانی (چیمەن)، سیرویسی ئەفراسیاپور، ئیبراهیمی کەمانگەر، ئازیتای شەریفی، شۆکێ، گەلاوێژسەردەشتی) ئەزانی ئەمانە کێن‌و لەپێناوی چیدا شەهیدبوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوانە هەموویان کادری ڕێبازێکی کۆمۆنیستی بوون. ئەوانە هاتبوونە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەلە بۆ ئەوەی هێزی داگیرکەری دوژمن لە کوردستان رابمالن. ئەوانە لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا کە کۆمەڵە بۆی دیاری کردبوون گیانبازییان دەکرد.

×شەهید لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مرۆڤێکی خۆنەویست کەلەپێناوی بەرژەوەندی جەماوەردا بەرژەوەندی شەخسی خۆی فیدا ئەکات.

×تا چەند وەفاداریت بەرامبەر بە ڕێبازو ئامانجیان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەولدەدەم تا بمێنم وەفاداربم.

×تا چەند بەهاوسەرو خێزان‌و ماڵ‌و منداڵ‌و هاوڕێیانیان لەئێستاو لەداهاتوودا وەفاداریت وە چییان بۆ ئەکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر بەداخەوە ئێمە زۆر کەممان بۆ کردوون، نەک لەبەرئەوە نەمانویستبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کەنەمانتوانیووە. بنەماڵەکانیان هەموویان جێگەی ڕێزن، ئەوەی کە ئێستا لەلایەن ئێمەوە پێویستە بۆیانبکرێ زۆرتر دەتوانێ مەعنەوی بێ هەتا ماددی. کاتێک ئەوان هەستبکەن بەوەی کە ڕێبازی ئەو خۆشەویستانە یان بەردەوامە ئەوە زۆر گرنگە و ئارامشیان پێدەدا، نمونەیەکت بۆ بێنمەوە کە خۆم بیستوومە، چەندە بنەماڵەی چەند شەهیدێکی ئازارداوە. لەسەر گلکۆی ژمارەیەک لەشەهیدەکانی

کۆمەڵە لەشاری سلێمانی لەپاڵ ناوەکەیان وشەی کۆمۆنیستی تێکۆشەر نوسرابوو، کەسانێک کە نازانم کێ بوون، چوو بوون وشەی کۆمۆنیستەکەیان خەت لێدا بوو. ئەم کارە بنەماڵەکانیانی ئازار دابوو، چونکە ئەوان دەزانن کەئەمانە لەسەر شانییەکانیان دروشمی بژی سۆسیالیزم یان نوسیبوو. گەورەترین دڵنەوایی لەبنەماڵەکانیان ئەوەیە کە بۆ رابردووی رۆڵەکانیان رێز دابنێین و بە ئامانجەکانیان وەفادار بین.

×تا ئێستا چیتانکردووە بۆ ئەو شەهیدانەتان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر وتم بە داخەوە کارێکی زۆرمان نەکردووە. بە تایبەت نەمانتوانیوە ئەو جۆرەی کە پێویستە کەموکورتییەکانیان لەباری مادییەوە چارەسەر بکەین. هەروەها بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی وڵات لێپرسینەوەشیان کەمبووە. ئەوە بۆشاییەکە لەکاری ئێمەدا کەپێویستە پر بکرێتەوە.

×چەندیان ئەدەنێ، ئێوە ئێستا یارمەتی مانگانەتان هەیە بۆیان، چۆن چۆنیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە یارمەتی مانگانەمان بۆ بنەماڵەی گیانبەخت کردووانمان نی یە، بەڵام ئەگەر هەستبکەین کە بنەماڵەیەک بەرێ چوون و ژیانیان بە هۆی ئەو کەسیانەوە بووە کە بووە و ئێستا هەژارن، بە پێی مەورید، جاروبار یارمەتی دەدرێن. بەردەوام لە نووسراوە و بڵاوکراوەکانمانەوە یادی گیانبەخت کردووانمان دەکەین.

پێشمەرگەی کوردستانی عیراقیشمان وەردەگرت

×ئێوە پێشمەرگەی کوردستانی عیراقیشتان لەگەڵ بووە ئەو کاتە، خەڵکی پێشمەرگەتان وەردەگرت کە لەکوردستانی عیراقەوە هاتبوو، پێم بڵێ یەکەم ئەوانە چۆن چۆنی بوو وەرتان

ئەگرتن، دوایی ئەم پرۆسەیەتان راگرت خەڵکی کوردستانی عیراقتان راگرت و ئەو شەهیدانەی کە هەتانە لەناو کوردستانی عیراق بە کەمتر باستان ئەکرد لەراگەیاندنەکانی ئێوەوە، ئایا ئەو هاوکارییە جوزئیەی کە هەیە ئەوانیش ئەگرێتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ هەر بەم پێیە ئەوانیش دەگرێتەوە. بەڵام چۆن هەر بۆ خەڵکی دیکە کەمو مەحدودە بۆ ئەوانیش کەم بووە. لەسەرەتاوە کەم تا زۆر وەردەگیران، بەڵام لەو کاتەوە کە ئێمە هەستمان بەوە کرد کە رژێمی عیراق زۆر حەساسیەت بەو مەسەلەیە نیشاندەدات وجۆرێک لە هەرەشەش لەم بابەتەوە لەلایەن رژێمی عێراقەوە لەسەرمان بوو، هەوڵماندا ئەو ژمارەیە لە پێشمەرگەکانی کوردستانی عیراق لە نێو ئێمەدا بوون بە جۆریک لەناوچەکە دەربازیان بکەین. لە ساڵەکانی (1988 و 1989) توانیمان ژمارەیەکیان رەوانەی دەرەوەی وڵات بکەین.

کۆمەڵە (2300) شەهیدی هەیە (100)یان ژنن

×ژمارەی شەهیدەکانتان چەندە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە زیاتر لە(2300)کەسن کە هەموویان هێشتا تۆمار نەکراون.

×ناتوانیت پێم بڵێت چەندیان پیاوە و چەندیان ژن بووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ژمارەی ژنانی گیانبەختکردوو کەناویان لەناو ئالبۆمی شەهیدەکاندا سەبتکراوە زیاتر لە 100 کەسە.

×چەندیان عیراقی بووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ژمارەی عیراقیەکان ئیشارەتم پێدا کەمترلە (10)کەس بوون.

×بەشێکی ئەو پێشمەرگانەی ئێوە کە شەهیدبوو گیانیان لە دەستدا لە شەڕەکانی ناوخۆبوو لە شەڕی ئێوەو حزبی دیموکرات

بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، بەداخەوە بەشێکی وابوو.

×یەک پرسیارم ماوە لەسەرئەو مەسەلەیە هیوادارم ئیحراج نەبێت، کە بەڵگەی راستیمان لەبەر دەستدایە، لەداهاتوودا مەبەستمە وەکوکوردستانی عیراق مەسئولەکان ژنەکانیان مارە ناکەنەوە هی شەهیدەکان وە تەعدایان لێناکرێت، مناڵەکانیان بێ سەرپەنا نامێننەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموایە ئەو پرسیارە بۆ ئێمە زۆر غەریبە. زۆر نامۆیە بۆ ناو ریزەکانی ئێمە. تەنانەت تەسەور کردنیشی ئازارمان دەدات. ئەگەر رۆژێک لەرۆژان وامان لێبێت، زۆر رەنج بە خەساربووین.

کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە
1981
(بۆکان – سەقز)

کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە
1981 (بۆکان – سەقز)

×دێینە سەر کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە کە لە بەهار یان مانگی (3) ساڵی (1981) لەخانەقای زەمبیل لە نێوان بۆکان و سەقز ئەبەسترێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە لەمزگەوتێکدا ئەبەسترێت، یەکەم پرسیارم ئەوەیە نێوانی کۆنگرەی یەکەم و دووهەم چۆن بوو، وە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو نێوانەدا هات چیبوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە کۆنگرەی ئێمە لە مزگەوتێکدا بەڕێوە چووە، شتێکی ئاساییە. مزگەوت لە هەموو دێهاتی کوردستان تەنیا شوێنێکی جێدارە کە دەکرێ ژمارەیەک زۆری خەلک تێداکۆببێتەوە. ئێوە دەبینن کە دێهاتەکانمان هەموو وێرانەن، بەڵام هەموویان مزگەوتی ئاوەدان وگەورە و جێداریان تێدا دروستکراوە. دەسەلاتداران ئەو پارەیان خەرجکردووە و بە رەنجی شانی خەڵک ئەو مزگەوتانەیان دروستکردووە، با کارێکی باشی لەو چەشنەشی تێدا بکرێت.

لەنێوان کۆنگرەی یەک و دوودا ئاڵوگۆری گەورە روویدا. یەکیان ئەوەبوو رژێمی شا رووخا، دووهەمیان ئەوەبوو کە ئێمە لەنێوان کۆنگرەی یەک و دوودا لە رێکخراوێکی چکۆلەوە بووین بە رێکخراوێکی جەماوەری گەورە. با هەر لێرە بیرەوەریەکتان بۆ بگێرمەوە. کۆبوونەوەی یەکەمی کۆنگرەی یەک لەشاری نەغەدە بوو. ئەو کات هێشتا کوردستان لەچاو باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران ئارام بوو. ئێمە نیگەران بووین کە مەبادا لەم رەوتەدا کە دەستیپێکردووە کوردستان دوابکەوێ. لە کاتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا خەبەرمان پێگەیشت کە توتن کارانی ناوچەی بانە بریاریان داوە ئەمساڵ توتنەکەیان نەدەن بە دەولەت. لە بیرمە کاک فوئاد وتی: " بەبروای من ئەو کارەی ئەوان دەستیانپێکردوە

ئێستا بۆ داهاتووی کوردستان لەدرێژەدانی کۆنگرە گرنگترە، پێشنیاردەکەم کە کۆنگرە چەند رۆژێک دوا بخەین و بچین ئەو حەرەکەتە بە سەرکەوتن بگەیەنین". زۆرمان ئەو پێشنیارەمان پێ سەیر بوو. بەڵام ئەو پێی لەسەرداگرت و هەمووشمانی بە قەناعەت گەیاندودواجار روونبووە کە جیهەتەکەی ئەو دروستبووە. دوو حەوتوو دواتر کۆبوونەوەکانمان لە شاری سنە درێژە پێدا. ئەو بیرەوەرییە نمونەیەکی بچووک بوو، ئێمە خۆمان بە شۆڕشگێڕ دەزانی لە هەر کوێ شۆڕشی لێبوایە وزیفەی خۆمان دادەنا کە بەشداری تیادابکەین وە بەراستی یەعنی تایبەتمەندیەکیش کەلەکۆمەڵدا هەبوو هەمیشە ئەوەبوو کە نەزەریە و تیئۆری بە ئەندازەی هەستی شۆڕشگێرانە و پێویستی تێکەڵاوی لەگەڵ ژیانو خەباتی جەماوەری دەوری نەبینیوە، دەنا ئەگەر تیئوەرییەکانی ئەو دەورەیەمان کە باسی لێدەکەین زۆری دەور بینیبایە، ئێمەی بەرەو جێگایەکی دیکە دەبرد.

لەنێوان کۆنگرەی یەکو دوودا، ئێمە خۆمان گرتەوە، یەعنی توانیمان لەو جموجۆڵە جەماوەریە لەکوردستانی ئێران بەشداری بکەین.

هەروەها ئاڵوگۆڕێکی دیکە کە هەر لە نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا بەسەر کۆمەڵە هاتبوو دەستپێکردنی موقاوەمەتو خەباتی چەکداری بوو بەرانبەر بە هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ناو وردەکارییەکانی کۆنگرەی دووهەم پێویستە باسی ئەو بۆچوونانەبکەین کەلەجەرەیانی تەداروکی کۆنگرەدا لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا سەریهەڵدا بوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم کۆمەڵەی نزیک کردبووە لە دوو پارچە بوونێک. باسەکان لەژێر ناوی "دیدگای یەک" و "دیدگای دوو" کۆ ببوونەوە.

بە کورتی دیدگای یەک لەسەر ئەو باوەرە بوو کەکۆمەڵگای ئێران هێشتا بە تەواوی قۆناعی فیئۆدالی تێپەرنەکردووە و

پاشماوەی فێئۆدالیزم دەوری گرنگ دەبینێ لەدارشتنی ستراتێژی شۆرشی دوارۆژ لە ئێران، بەو پێیە دەورێکی گرنگتریان بۆ خەباتی جوتیاران و هەلسانەوەی شۆرش لە دێهات دادەنا. دیدگای دوو لای وابوو کۆمەلگای ئێران کۆمەلگایەکی سەرمایەدارییە و بەو پێیە چینی کرێکار و شارەکان دەوری سەرەکییان هەیە لە دیاریکردنی رێگای سەرکەوتنی شۆرشی داهاتووی ئێران. ئەم باسانە هەموو تەشکیلاتی کۆمەلەی هەر لە شیمالەوە هەتا جنوبی کوردستان و هەروەها تەشکیلاتی کۆمەلە لەشارەکانی تەورێز و تاران‌و شوێنەکانی دیکە داگرتبوو، لەکۆنگرەی دوودا ئەم کێشەیە چارەسەرکرا، هاورێیانی خاوەنی "دیدگای یەک" دەنگیان بە بریارنامەکان و پێشنیارەکانی "دیدگای دوو" دا و بەم جۆرە کۆمەلە لە مەترسی دوو لەتبوون رزگاریبوو.

هەر زوو کۆمەلە خەریکبوو ئینشیقاقی تێبکەوێت

×کێ بوون خەتی یەکەم و دووهەم، ناوەکانت لەبیرە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ناوەکانم لە بیرە، بەلام وام پێ باشترە کە خۆتان بچنە سەر نەواری قسەو باسەکانی ئەو کۆنگرەیە کەلەسەر تۆری ئەنتەرنێت بلاوکراوەتەوە و لەوێ دەریانبهێنن.

× سەعید یەزیدیان، ساعید، ئیرەج فەرزاد ئەو سێ کەسە بوون ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەلێ وایە.

×ئەوە راستە کە کەسە دیارەکانی ئەم خەتە عەبدۆللای مۆهتەدی، حۆسێن مۆرادبەیگی و ئیبراهیم عەلیزادە بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەلێ ئەمانەش بوون و کەسی دیکەش بوون.

×ستراتێژی خەتی دوو چیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ستراتێژی ئەو خەتە لەباری رێکخراوەیی هەولدانی زۆرتربوو بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و

لەرووی خەباتی جەماوەریشەوە دەورێکی چارەنوسسازی بۆ خەباتی کرێکاری لە ئێران دەدیت.

×ناسینەوەی کۆمەڵە وەکو رێکخراوێکی مارکسیست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هـەردوو دیدگا کۆمەڵەیان وەکو رێکخراوێکی مارکسیست دەویست، دیدگای دوو تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە پێداچوونەوەیەکی ئەساسی بکرێت بە بۆچوونەکانی پێشووی ناو کۆمەڵە و پاشماوەکانی فکر و کار و کردەوەی مائۆئیستی و پۆپۆلیستی لەناوخۆماندا پاک بکەینەوە. هەروەها لەیەکێک لەبریارنامەکانی کۆنگرەدا سنووری خۆمان لەگەڵ رەوشەکانی ستالین لەئیتحادی شورەوی دیاریکردبوو.

×ئەو کاتە کۆمەڵە لەکۆنگرەی دووەمـدا کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتێکشانی کوردستانی ئێران ناوەکەی ساغبۆوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر باسمکرد کە پێشنیاری گۆرینی ناو هاتە گۆرێ ، بەڵام پەسەندنەکرا، لەبەرئەوەی کە پێمانوابوو ئەو ناوە کاتییە و ئێمە بەزوویی دەبێ خۆمان لەچوارچێوەیەکی گەورەتری وەکو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ببینینەوە و دەبێ بۆئەوە هەولبدەین.

×ئەم ناوە هەمووتان لەسەری رێکەوتبوون یا پێشتر کەسێک تەرحیکردبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایەبیرۆکەی سەرەتایی ناوی کۆمەڵە لەحاشیەی کۆنگرەی یەکدا هاتبووە گۆرێ. دواجار ئەو ناوە لە کۆبوونەوەیەکدا لەشاری بۆکان لە بیست و حەوتی رێبەندانی (1357)ی هەتاوی دا تەسبیت بوو، بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە کێ بوون بەدەقیقی لە بیرم نەماوە، بەڵام پێموایە کاک فوئاد، ساعد وەتەندۆست، ئیرجی فەرزاد و دوکتۆر جەعفەر تێیدا بەشداربوون، دەبێ عەبدوڵلا مۆهتەدیش لەوێ بووبێ.

×لەناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەستناکەیت ئێوە ویستۆتانە تاکتیکێک بکەن، یەعنی هەم گەرایشێک و مەیلێکی چەپی تێدایە و هەم گەرایشێک و مەیلێکی نەتەویی و قەومی تێدایەو ویستوتانە ئێوە هەردوو چەمکەکە بگرن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من لام وایە کورتکراوەی ناوی "کۆمەڵە" کە دواجار وردە وردە جێگای ناوە دورودرێژەکەی گرتەوە مەبەستێکی تایبەتی تێدا نەبووە و هەر مەبەست ناوێکی کورت بووە کە رەسم وابوو لەجێگای ناوی درێژ بەکاربهێنرێت. یەکەم راگەیاندن کەرێکخراوی ئێمەی ئاشکراکردووە بەزمانی فارسییە کەنووسراوە "سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران". دواجار ئەو ناوە تەرجومەکەی دەبێتە "کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران". کەناوی کۆمەڵە وەکوو کورتکراوە بۆهەردوو ناوەکە گونجاو دەبیندرێ و دیاریدەکرێ. لەوانەیە کەسێک لــەدەرەوەی ئێمە ئەم ناوە بۆی وەبیر هێنەرەوەی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" بوو بێت یەکێک لەوانە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی بوو، بەڵام لە ناو ئێمەدا کەس نەبوو کە بیهەوێت بە هیچ شێوەیەک پێشینەی کۆمەڵەی ئێمە بەرێتەوە سەر ئەو رابردوویە نە لەناودا و نە لە ناوەرۆکدا.

کۆمەڵەو دیموکرات لەململانێدا بوون

×ئەو کاتە کە کۆنگرەی دووهەم ئەبەستن کۆمەڵە حزبی یەکەمە یا بۆتە حزبی دووهەم لە کوردستانی ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من دیاریکردنی حزبی یەکەم و دووهەم موشکیلە، چونکە بە پێی وەزعە واقیعییەکە لام وایە لە جنوبی کوردستان ئێمە حزبی یەکەم بووین و لە شمالی کوردستان حزبی دووەم بووین. ئەو کاتە لە سەقز بۆ خوارەوە ئێمە

لەهەموو جێگایەک حزبی یەکەم بوین وە لەسەقز بۆ سەرو حزبی دووەم بوین و دیموکرات یەکەم بوو.

×بۆکۆمیتەی ناوەندی کێ هەڵبژێردرا لەو کۆنگرەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: عەبدوڵلا موهتدی، حوسین موراد بەیگی، موحسین رەحیمی، حەسەن قادری، جەواد مشکی، شوعەیبی زەکریایی، عومەر ئیلخانی زادە، سەعید یەزدیان، مەحمەد شافعی، ساعد وەتەندۆست و ئیبراهیم عەلیزادە

عەبدوڵڵای موهتەدی دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە

×ئەو کاتە کێ بەسکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا لەکۆنگرەی دووەم؟

ئیبراهیم عەلیزادە: عەبدوڵڵای موهتەدی.

×لەکۆنگرەی دووەم ئێوە کەوتونەتە نێوان دوو جەریانی گەورە، یەکەم شەڕی عێراق_ ئێران، خەریکە دەست پێئەکات یا دەستیپێکردووە، شەڕی ئێوەو حزبی دیموکراتیش لە ئارادایە، ئەم جەرەیانە گەورەیە چ کاریگەری هەبوو لەسەر کۆمەڵە وە لەناو کۆنگرەیا چۆن باسکرا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاتێک کۆنگرەی 2ی کۆمەڵە بەرێوە چوو هێشتا شەڕی ئێران و عێراق نەگەیشتبووە سنوورەکانی کوردستان، بەڵام سەرەرای ئەوە لە سەرجەم ئێراندا بەکوردستانیشەوە کەش و هەوای شەڕ زاڵ بوو. چەند سەرەتایەک لە هەڵوێستی ئێمەدا بەرامبەر بەم شەرە روون بوو، یەکەم ئەوەی کە مۆقاومەتی خەڵکی کورد بەرامبەر بە هێرشی کۆماری ئیسلامی مۆقاوەمەتێکی عادلانەیە و پەیوەندی بەو شەرەوە نییە، بەرپا بوونی ئەو شەرە ناتوانێ کاریگەری لە سەر بریاری ئێمە بۆ مۆقاومەت هەبێ. دووهەم، ئەو شەرە لە هەردوولاوە کۆنەپەرەستانەیە و ئێمە پێویستە مۆقاوەمەتی خۆمان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی

درێژە پێ بدەین و خۆمان لە بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراق بپارێزین. هەڵبەت بۆچوونێکیش هەبوو کە دەیگوت با ئێمە هاوکات دژی هەردوو لایەنی شەڕەکە بجەنگین، کە زۆر برەوی نەبوو. دیارە شەڕی 8ی ساڵەی ئێران و عێراق لە درێژەی خۆیدا کاریگەری زۆری هەبوو لە سەر هەلومەرجی خەباتی چەکداری و سیاسی ئێمە کە لە جێگەی خۆیدا پێویستە لە سەری بچین. ئەو شەڕە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی ڕژێمی ئێران بە خێراییەکی زۆرترەوە بتوانێ شوێنە ئازادەکانی کوردستان داگیر بکاتەوە. بە نیسبەت حزبی دیموکراتیش لەو دەورەیەدا کۆنگرەی (2)ی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، جار و بار لێرە و لەوێ لە نێوان هێزەکانی ئێمە و حزبی دیموکراتدا تێکهەڵچوون ڕوویدەدا، بەڵام شەڕی بەرین و سەرتاسەری حزبی دیموکرات و کۆمەڵە چەند ساڵ دوواتر هەڵگیرسا.

دیموکرات وەکو بۆرژواز ناسرا

× هەڵوێست بەرانبەر بە دیموکرات لە کۆنگرەی (2)دا چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار بریارنامەیەکی ناوخۆیی پەسەند کرا کە تێیدا حزبی دیموکرات وەکوو حزبێکی بورژوایی پێناسە کرابوو، بەڵام بریار درا جارێ ئەو بریارنامەیە بە ئاشکرا بڵاو نەکرێتەوە.

×یەکەم بەیاننامەی ئێوە، حزبی دیموکرات وەکو حزبێکی ناسیۆنالیستی وردە بۆرژوا ناوئەبەن کە بەیاننامەکەی بڵاوناکرێتەوە لەکۆنگرەی دووهەم؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وردە بۆژوا نا، بورژوا.

دیموکرات قەتڵوعامی پەیکار دەکات

×بۆبڵاوتان نەکردەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: قەرار نەبوو دوای ئەو بریارنامەیە سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بە حزبی دیموکرات هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردابێت، هەلومەرجە کەحەساس بوو، ئێمە بە لای خۆمانەوە وەکوو هەڵسەنگاندنێکی سیاسی چاومان لێدەکرد، بەڵام نەماندەزانی کاردانەوەی لای رێبەرایەتی و ریزەکانی حزبی دیموکرات چۆن دەبێ. حزبی دیموکرات بە تەبلیغاتی سیاسی دژ بە خۆی حەساس بوو. لە نمونەی رێکخراوی "پەیکار" دا لە شاری بۆکان دیتمان کە چۆن دوای ئەوەی کە ئەو رێکخراوە، چەپە ئێرانیە چەند بەیانێکی دژ بە حزبی دیموکرات بلاوکردەوە، چوونە سەر مەقەرەکەیان و چەند کەسیان لێ شەهید کردن. بۆیە وەکوو پرنسیب ئەو بەڵگەنامەیەمان پەسەندکرد، بەڵام بریارماندا تەبلیغی پێوە نەکەین و وەکوو سەنەدێکی ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندی رابیگرین.

×ئەوە سەرەتای ململانێی چەکداری لەنێوان کۆمەڵەو حزبی دیموکراتە یا مێژوویەکی پێشینەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر لەسەرەتاوە لە نێوان حزبی دیموکرات و کۆمەلە دا کێشە هەبوو، بەڵام تا کاتێک کە شارەکان ئازاد بوون، ناکۆکییەکان وەڵامی سیاسییان پێدەدراوە و کار نەگەیشتە تێکهەڵچوونی چەکدارانە. راستە کە ئێمە حزبی دیموکراتمان بە حزبێکی بورژوایی پێناسەکردووە، بەڵام لە بۆچوونی خۆماندا پێمانوانەبوو کە کوردستان ئەو مەیدانەیە کە دەبێ تەکلیفی کێشەی چینایەتی بورژوا و کارگەر بە خەباتی چەکداری یەک لایی بێتەوە. ئەولەویەت لە خەباتی چەکداریدا بۆ ئێمە هەڵچنین و راماڵینی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوو. ئێمە سەرەرای ئەو لێکدانەوەمان لەسەر حزبی دیموکرات ئامادە

بووین له کوردستان لەدژی رژێمی کۆماری ئیسلامی هاوکاریمان هەبێت لەگەڵیان.

×له کۆنگرەی دوودا ئیش‌وکار دابەشکرا، یەعنی کۆمەڵە چووه قۆناغێکی گەورەترو بوو بەهێزێکی جەماوەری ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای کۆنگرەی دوو.

×بەڵێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێش کۆنگرەی دوو کۆمەڵە ببوو بە هێزێکی گەورەی جەماوەری. بەڵام دوای کۆنگرەی دوو، هێرشی نیزامیِ جمهوری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان زۆر پەرەی سەند و کۆمەله ئارایشێکی جەنگی تری بە خۆی گرت. هەروەها بە پێی یەکێک له بریارنامەکانی کۆنگره ئەبوایه چالاکی سەرانسەری ئێمه لەئاستی ئێراندا بەرەو یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران بێ و هەولی جیدی بدرێت بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

×من ئەمەوێت یەک تۆز بتگەرێنمەوه بۆساڵی (1979) رژێمی شا ئەروخێ و کۆمەله و دیموکراتیش وەکو دوو هێزی جەماوەری له کوردستانی ئێران دەرئەکەون دوای ئەو بۆشایەی دەسەڵات که دروست ئەبێت، پاش کشانەوه هێزەکان پشێوی دروست ئەبێت کۆمەڵە و دیموکرات چۆنچۆنی ئەو دەسەڵاتەیان دروستکرد که ناو دەبرێت که دەسەڵات بەدەست کۆمەلەو دیموکراتەوه بووه، ئەم دەسەڵاتە چۆن چۆنی بوو تاکەی درێژەی کێشاوه چۆنچۆنی کوردستانتان دابەشکردبوو وه چۆنچۆنی ئیدارەکانتان بەرێوەئەبرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرلەوکاتەوه کەرژێمی شا بەرەو رووخان دەچوو و دەسەلاتی بەسەر شارەکانی کوردستاندا لەدەستدا ئێمه و هێزه چەپەکانی دیکەی هەلسوراو لەکوردستان دروشمی پێکهێنانی شورای شارەکانمان بەرز کـردەوە. ئەم دروشمه لەلایەن خەلکی راپەریوەوه پێشوازی لێکرا و دوای رووخانی

ڕژێمی شا لەزۆربەی شارودێهاتەکانی کوردستان، بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات کەوتە دەست ئەم شورایانەوە.

هەلبەت ئەوە بلێم کە شوراکان هەموویان لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا لە هەر شارێک دیاری نەکرابوون. تەنیا ئیستسنایەک کە هەیە شاری سنە بوو، کە لەوێ شورا بە هەڵبژاردن دیاریکرا. لەشارەکانی دیکە ئەو کەسایەتیە ناسراوانەی کە لە جەرەیانی ڕاپەریندا هاتبوونە ڕوو و خەڵک متمانەی پێدەکردن بە کردەوە بوون بە شورا و خەڵکیش تەئیدی دەکردن.

لە ناو شوراکاندا لە هەموو شارەکان جگە لە شاری سنە (3) جەرەیانی کەمو زۆر جیاواز هەبوون. جەرەیانی حزبی دیموکرات، جەرەیانی کۆمەلە و جەرەیانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران. هەلبەت کەسانی بێ لایەنیش بوون. لەشاری سنە جەرەیانی ئیسلامی سەر بە مۆفتی زادەش لە شورادا دەوریان هەبوو. وردە وردە ناکۆکی لە ناو شوراکاندا سەریهەڵدا و بە تایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتدارتر بوو زۆرتر مەیلی بەرەو دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆی دەکشا و عەلاقەیەکی بە درێـژە پەیداکردنی کاری شوراکان نەبوو.

دوایتێکشکانی یەکەم هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوردستان کە بە دەورەی یەکەمی "بزووتنەوەی موقاوەمەتی خەڵکی کورد" دەناسرێتەوە، ڕژێم ئامادەبوو لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکات. لەو کاتەدا دوای مشتومرێکی سیاسی چر وپر لەنێوان حزبی دیموکرات و کۆمەلە و دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان، "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد" پێکهات. زۆر زوو کاری ئەم هەیئەتە لەچوارچێوەی وتووێژ لەگەڵ ڕژیم تێپەربوو بەکردەوە بوو بەناوەندێک بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان. ئەوە کاتێکە کەئیتر بەرەبەرە شوراکانیش کالدەبنەوە.

دەسەڵات بەدەست کۆمەڵەو دیموکراتەوە بوو

×یەعنی مەبەستم ئەوەیە دام ودەزگاکان بەدەست کێوە بوو ئەوکاتە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای رووخانی رژێمی شا بێجگە لە ساواک و دام و دەزگای نیزامی ژاندارمری باقی ئیدارە دەوڵەتییەکان هەروەک خۆیان مابوونەوە. ئەو کەسانەی کە بەدنێو نەبوون و هاوکاری دەزگای ساواکی شایان نەکردبوو لە جێی خۆیان مانەوە. لە ناو دەزگا دەوڵەتییەکاندا بە دەرەجەی یەکەم لایەنگرانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەر لەشیمالەوە تا جنوب حزوریان بوو. ئەتوانم بڵێم کەئەساسەن دەسەلات بەکردەوەو بە پێی هاوسەنگی هێز لەهەر ناوچەیەک لەنێوان دوو رەوتی کۆمەڵەو دیموکراتدا دابەش ببوون.

×تەقریبەن کوردستانی ئێران دابەشکرابوو وەکو چۆن لەدوای کێشانەوەی هێزەکانی بەعس لە کوردستانی باشور رووی‌دا هەر ناوچەیەک کەوتبووە دەست هێزی سیاسی، شتێکی واهەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەکوردستانی ئێران دابەشبوونەکە بەم شێوەیە نەبوو، هەم حزبی دیموکرات و هەم کۆمەڵە لەهەموو کوردستان بەیەکەوە لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا دەوریان هەبوو. بەڵام لەناوچەکانی جنوبی کوردستان نفوزی کۆمەڵە لەناو دەزگاکانی دەسەڵات و ئیداریدا زیاتربوو و لە شمال و ناوەندی کوردستانیش نفوزی حزبی دیموکرات.

×هەیئەتی نوێنەران کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم هەیئەتە لەنوێنەرانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە و دەفتەری ماموستا شێخ عێزەدین و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران، پێکهاتبوو. رەئیسی هەیئەتەکە ماموستا شێخ عێزدین بوو، وتەبێژی هەیئەت دوکتۆر قاسملۆ بوو. ئەندامانی کۆمەڵەش لەم هەیئەتەدا بریتی بوون لە: دوکتۆر جەعفەری شەفیعی، یوسف ئەردەلان، عەبدوڵلا مۆهتەدی و ئیبراهیم عەلیزادە.

دیموکرات پروپاگەندەی دەکرد کە شێخ عێزدین کۆمەڵەیە

×مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی، وەکو لەهەموو میدیاکانە لەسەر ئێوە حساب بوو، بۆچی پیاوێکی دینی لەسەر کۆمەڵە حساب بێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مامۆستا شێخ عیزەدین لەسەر کۆمەڵە حیساب نەبوو، ئەوە زۆرتر تەبلیغاتی حزبی دیموکرات بوو وای دەنواند. راستە کەمامۆستا پیاوێکی ئایینی بوو، بەڵام بە سەراحەتەوە داوای جیایی دین لە دەولەتی دەکرد، هەلویستی بەرانبەر بە جمهوری ئیسلامی لێبراو بوو و هەولیدەدا لە هێزە سیاسییەکانی چەپی ئێرانی و لە کۆمەڵەش نزیکایەتی بکات. ئەو کەسایەتیەکی سەربەخۆ بوو کە لە گفتوگۆکانی ناو هەیئەتی نوێنەرایەتیدا هەلوێستەکانی لە هەلوێستی ئێمە نزیکتر بوو. هۆکاری ئەو تەبلیغاتە پاوانخوازی حزبی دیموکرات بوو کەئەو حزبەی هاندەدا دەوری لایەنەکانی دیکە کەم کاتەوە.

شەڕو ململانێکانی کۆمەڵە – دیموکرات

×بە درێژایی چەندین ساڵی رابـردوو، حزبی دیموکراتو کۆمەڵە وەکو دوو هێزی ئەساسی لە کوردستان مانەوە، تا ئێستا هیچ هێزەیکی تر نەیتوانیوە بێتە مونافسیان یا هێزی سێهەم، بە بۆچوونی ئێوە هۆکارە ئەسلەیەکان چیبوون، ئەم ململانێیە هاتەکایەوە وە تا چەند توانیوتانە ئەو هۆکارانە کە بوونەتە فاکتەری ململانێەی نێوان حزبی دیموکرات و کۆمەڵە چارەسەر بکەن چەند بە هیوان کە لەداهاتوودا ئەو کێشە و ململانێیی نێوانتان نەمێنێ، یان تەوقوع ناکەن بەرەو قولبوونەوە بچێ یان هەوڵتانداوە ئەو کێشانە نەمێنێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ململانێی سیاسی نێوان دوو حزب بە ڕێباز و ئیدئۆلۆژی و ستراتیژ و سیاسەتی جیاوازەوە شتێکی گەلێک ئاساییە. هەر لەسەرەتاوە ئێمە ڕەخنەمان بوو لە سیاسەتی حزبی دیموکرات، لەبەرنامە و لە هەڵسوکەوتی. هەروەها حزبی دیموکراتیش کۆمەڵێک ڕەخنەی هەبوو لە سیاسەت و هەڵسوکەوت و بەرنامەکانی ئێمە. ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە دەیتوانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەو ململانێیە بە شێوەیەکی شارستانیانە بەڕێوە بچێت. ئەو ململانێیە دەیتوانی لەکەش و هەوایەکی ئازاد دا، چ ئەو کاتەی کە کوردستان ئازادبوو و چ دواجاری کەخەباتی پێشمەرگانە دەورێکی گرنگتری پەیدا کرد، ئیمکانی هەبوو کە ئێمە و حزبی دیموکرات وەکوو دووحزبی سیاسی جیاواز لە کوردستاندا هەبین ململانێکەشمان، ململانێیەکی شارستانیانە بێ. قسە لەسەر ئەوەیە کە بۆچی ئەو ململانێیانە دەگوازراوە بۆ توندوتیژی؟ بۆچی زمانێکی وا بەکار نەدەبرا لەو ململانێ سیاسیەکە خەڵک نیگەران نەکا بگرە ئاموزشیان بدا؟ دیارە نامەوێ بڵێم کە لە هیچ قۆناغێکدا و لە هیچ شوێنێک تەشکیلاتی ئێمە لەم کێشمەکێشە سیاسیەی کە لە بەینی ئێمە و حزبی دیموکراتدا هەبووە تووشی هیچ هەڵەیەک نەبووە، بەڵام بەبروای من هەڵەکان ئەساسەن لە حزبی دیموکراتەوە دەستیانپێکرد و بەداخەوە کێشەی ئێمە و ئەوانی بەرەو توندوتیژی برد، پێموایە سەرچاوەکەی بەر لە هەر شتێک هەڵدەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕۆحیە پاوانخوازانەیەی کە حزبی دیموکرات هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانەوە و لە هاتنەوەی کادرەکانی بۆ کوردستان و ئاشکرابوونی تەشکیلاتیان لە ناو کوردستانی ئێران. ئەوان لەبەریانگران بوو کە هێزێکی نەیاری خۆیان بەو ئەندازە لە دەسەڵاتدا ببینن. پێیانوانەبوو ئەوە شتێکی ئاساییە و لەکۆمەڵگەی کوردستاندا ڕوویداوە، پێیانوانەبوو کە کوردستانی ئێران ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەردا

هاتووە. بۆیە ئاستی تەحەمولیان لەبەرامبەر مۆخالفینی سیاسی خۆیان زۆر نزم بوو وە لە هەر کوێ بەرهەڵستێکی ئاوا دەبینرا، ئەمان خۆیان لەو ئاستەدا نەدەبینی کە وەڵامی سیاسی پێبدەنەوە. بارەها و بارها ئەوەم لەرابەرانی حزبی دیموکرات بیستووە کە وتوویانە: ریزەکانی ئێوە رۆشنبیرن وخوێندەوارن و لە شت حاڵی ئەبن، بەڵام پێشمەرگەکانی ئێمە فەقیرو بێ سەوادن و ئەوەندە تەحمولی ئەوە ناکەن رەخنەیان لێبگیرێت و موخالەفەتی حزبە خۆشەویستەکەیان بکەن، لێتان بەرز دەبنەوە، نازانن بەو زمانەی ئێوە جوابتان بدەنەوە، لە ئەنجامیدا شەر دەخولقێت.

بۆ ئاگاداریتان یەکێک لەشەرتەکانی کە هەرگیز لە گفتوگۆکانی ئێمە و ئەوانەدا حەزف نەدەبوو هەمیشە بەشێوەی رەسمی یا بەشێوەی ناراستەوخۆ دەهاتە کایەوە، مەسەلەی تەبلیغات بوو. داوایان دەکرد تەبلیغاتی ئێمە لەرەخنە گرتن لەوان رابوەستی. ئێمە دەمانگوت تەبلیغات و رەخنە گرتنی سیاسی ناکرێت رابوەستێ. راوەستانی، یەعنی راگرتنی حەیاتی سیاسی حزبی. خۆ ئەگەر قسە لەسەر بەکاربردنی وشە و لەحنی موناسب بۆ خولقاندنی فەزای موتەمەدینانە بۆ ململانێی سیاسی بێ، ئەوە راستە ئێمەش بەش بەحاڵی خۆمان لەشێواندنی ئەو فەزایەدا قەت دەستپێشخەر نەبووین، بەڵام ئەوە لە کوێ و قەدەغەکردنی تەبلیغات یا دانانی مەحدودیەت لەسەر تەبلیغات وەکوو شەرتێک لەململانێی ئێمە و ئەواندا لەکوێ؟

لە داهاتووشدا ئەوەی کە پێی دەوترێت ململانێی سیاسی قەتعەن هەر درێژەی دەبێتو ناتوانێت بوەستێت، بەڵام تا ئەو جێیەی کە بە ئێمە مەربوتە ئێمە دەبێت هەوڵبدەین ئاستی شعوری سیاسی و ئەزموونی خەبات لەکوردستان ئەوەندە

بچێته سەرێ کەهیچ کەس نەتوانێ یان بۆی ئاسان نەبێت کێشەیەکی سیاسی لەگەڵحزبێکی نەیاری خۆی بکێشێتە قۆناغی تێکهەڵچوونی چەکدارانە.

×پێتانوایە ئەو عەقڵیەتە گۆرابێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموایە زۆر گۆرانیان بە سەرداهاتووە. بەڵام لەم جۆرە حزبانەدا ئەوەی کە لە دەسەڵاتدا بن و یان دوور بن لە دەسەلات، بەرانبەر بە دیموکراسی بە تەجروبە دوو هەڵوێستی جیاوازمان دیووە. پێویستە مکانیزمەکانی پاراستنی دیموکراسی لە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆندا، بدۆزینەوە، واقعیەت ئەوەیە کە لەو ساڵانەدا کە ئێمە لەشارەکانی کوردستان بووین و خەڵکی کوردستان خۆیان راستەوخۆ لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا بوون کێشەی بەینی ئێمە و حزبی دیموکرات نەیدەکێشا تێکهەڵچوونی چەکدارانە. توندوتیژی لەکاتێکەوە دەستیپێکرد کە جەماوەری خەڵک پاشەکشیان پێکرا لەراستیدا مەیدانی چالاکی سیاسی و مەیدانی نیشاندانی ئیرادەیان بەرتەسکبووە وە لەئەنجامدا فورسەت خولقا بۆ ئەوەی کە حزبی سیاسی خۆی ئیرادەی خۆی چۆن بوو، رەوتەکە ئاوا بەرێتە پێش، بەرهەڵستی جەماوەری لە بەرامبەریدا نەبوو. پێموایە لە داهاتوودا ئەگەر کوردستان بە خەبات و راپەرینی کۆمەڵانی خەڵک ئازاد بێت و خەڵک ئیمکانی ئەوەی هەبێت دەوری سیاسی خۆی راستەوخۆ بنوێنی رێگانادات بەوەی کە ئەوان شەر بخولقێنن.

هیچ ڕێکخراوێکی چەپ نییە
دیموکرات پەلاماری نەدابێ

× لەژمارە (11) گۆڤاری پێشرەو لەساڵی (1985) واتە لەساڵی (1363) سەبارەت بە شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات لەمەقالێکدا هاتووە، ئەڵێت بەهێرشێ چەکدارانە بۆ سەر کۆمەڵە، نیشانەی نیگەرانی و داماوی بۆرژوازی کوردە، لە درێژەی ئەو مەقالەیەدا ئەڵێت دیموکرات خوێنی کۆمۆنیستەکان دەرێژن، ئەم شەرە دژی کرێکارانە، ئەم مەقالەیە هی عەبدوڵلای موهتەدیە" من ئەپرسم بۆچی بۆرژوازو کرێکاران، بۆچی ناوی نانێن شەڕی نفوزو دەسەلات و پارەو ئیمکانات و ململانێی سیاسی و شەڕی دوو حزب؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من شەری کۆمەڵە و حزبی دیموکرات، شەر لەسەر دەسەلات نەبوو، ئەوە یەک، دووهەم ، شەرێکی کلاسیکی چینایەتیش نەبوو، شەری بۆرژوازی وپرۆلیتاریاش نەبوو.لە ناوەرۆکی واقیعی خۆیدا شەرێک بوو لەسەر دیموکراسی و دابین بوونی ئازادی بێ مەرجی هەڵسوورانی کۆمۆنیستی لەکوردستان، ئەوە راستە کەئێمە رێکخراوێک بووین کە دیفاعمان لەبەرژەوەندی خەلکی کرێکار دەکرد، پێشمانوایە بەرنامەی حزبی دیموکرات نیهایەتەن بەرنامەیەکە بۆ پاراستنی وەزعی موجود، یانی پاراستنی پەیوەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری. بەلام لەروانگەی ئێمەوە شەری چینەکان دەبێت، خەباتی چینایەتی، بەمانای دەقیقی وشە واتە بەرەورووبونەوەی چینە کۆمەلایەتەییەکان بێ، نەک بەرەورووبونەوەی دوو رێکخراو بە نوێنەرایەتی ئەو دوو چینە.ئامرازەکانی روتێنی چینی کرێکار، رێکخراو بوونە ، مانگرتنە، خۆپیشاندانە، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ژیانی رۆژانەیەتی. بورژوازیش بە ئامرازەکانی خۆی وەکوو دەزگای فریو، دەزگای پۆلیس و زیندان، لەسەر

کاردەرکردن و زەختی ئابوری و شتی دیکەی لەو چەشنە بەرەو رووی دەبێتەوە.

شەری حزبی دیموکرات و کۆمەڵە لەوەها چوارچێوەیەکدا نەدەگونجا. ململانی حزبی دیموکرات و کۆمەلە دەیتوانی ناوەرۆکی چینایەتی هەبێ بە بێ ئەوەی بکێشێتە بەرەو روو بوونەوەی چەکدارانە.

ئەو شەرە بەبروای من لەسەر دەسەڵاتیش نەبوو. هەر چەند حزبی دیموکرات لەچەند خاڵی گومرگی لەسەر سنوور کێشەی بۆ ئێمە خولقاند ، یان ژمارەیەک لە شوراکانی دێهاتی کە لەسەر رێنوێنی کۆمەڵە پێکهاتبون، هەڵوەشاندەوە، بەڵام لەسەرجەمی کوردستان دەسەلاتێکی ئەوتۆ نەمابوو کە شەری لەسەر بکرێ، واقعیەت ئەوەیە ئەگەر کەسێک سەرنج بداتە مەرجەکانی حزبی دیموکرات بۆ کۆتایی هێنان بەو شەرە، بەباشی ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە شەر لەسەر دیموکراسی و دابینبونی کەش‌وهەوایەکە کە کۆمۆنیستەکان بتوانن فەعالییەتی تێدابکەن. تەقریبەن هیچ رێکخراوێکی چەپی ئێرانی کە لە کوردستان چالاکیان هەبوو، نییە کە بە جورێک نەکەوتبێتە بەر هێرشی چەکداری ئەو حزبە ، چەک نەکرابێ یان زەربەی نەخواردبێ. خۆ ئەوان بۆ دەسەلات شانیان لەشانی حزبی دیموکرات نەدەدا، دوا جار دەتوانین باسی ئەو مەقالەیەی پێشرەو کە ئاماژەتان بۆ کردبکەین، بەڵام ئەوە چۆن تەوزیح دەدرێت کە بۆ چەندین ساڵ حزبی دیموکرات دوو مەرجی سەرەکی هەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە شەر لەگەڵ کۆمەڵە. مەرجی یەکەمیان ئەوە بوو کە کۆمەڵە دەبێت حزبی دیموکرات وەکو حزبێکی رەسەنی شورشگێر بناسێت. مەرجی دووهەم ئەوە بوو کە کۆمەڵە چونکە لە روانگەی ئەوانەوە هێزێکی بچوکە دەبێ سەرکردەیی حزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی کوردستاندا بسەلمێنێ. ئەوانەیان بە ئاشکرا لە گوڤاری کوردستان دا نووسیوە. واتە ئەوان رێک گۆرینی بیروباوەروبۆچونی سیاسی ئێمەیان

مەبەست بوو. مەگەر ئیمە چیماندەکرد؟ ئێمە بۆچون و فکری خۆمان تەبلیغ دەکرد . ئێمە ئازادیەکمان دەویست کە بتوانین بەرنامەی سیاسی خۆمان تەبلیغ بکەین و رەخنەش لە بەرنامە و هەڵسوکەوتی سیاسی ئەوان بگرین. ئەوە ئەو دیموکراسیەبوو کە ئێمە پێوەیماندوبوین و بۆ ئێمە حەیاتی بوو. ئەوە ئەو دیموکراسیە بوو کە حزبی دیموکرات بۆی هەزم نەدەکرا. هەر بۆیە دەیانگوت پێشمەرگەی ئێمە بێ سەوادن و گەلێک ناوناتۆرەی نارەوایان لە پێشمەرگەی خۆیان دەدا تەنیا بۆ ئەوەی کە تەوجیهی ئەوەبکەن کە گۆیا ئەوە تەبلیغاتی سیاسی ئێمەیە کە بەناچار شەری لێدەکەوێتەوە. من پێموایە کە ئەو وەختە ئەو تەبیینەی کە کاک عەبدوڵا لەو مەقالەیدا لە شەری دیموکرات و کۆمەلە کردی کەم دیقەتی تێدایە، بەڵام دوای چەندین شەری مەحدود لەم یان لەو ناوچە و دوای دەستپێکردنی شەری سەرانسەری، ئەو کاتەی کە هەولماندەدا هۆکارەکانی پێ داگرتنی حزبی دیموکرات لە سەر شەرێک کە بە عەمەلی لە جەریاندابوو بدۆزینەوە، ئەو مەقالەیە نووسرا. لەسەر لێکدانەوەی ماهیەتی شەر لە ناو ئێمەدا نەزەری جیاواز هەبوو. نەزەری کاک عەبدوڵا نەبوو بە نەزەری رەسمی.

شەڕ، دیموکرات هەڵیگرساند

×واتا حزبی دیموکرات دەستپێشکەر بوو کە شەڕیان هەڵگیرساند؟

ئیبراهیم عەلیزادە: واقیعەت ئەوەیە لە شەری کۆمەڵە و حزبی دیموکراتدا، حزبی دیموکرات دەستپێشخەر بووە. گەلێک بەلگەنامەی حاشا هەلنەگری مێژوویی هەیە کە ئەو راستیە ئیسپاتدەکات. ئێمە تەنانەت بیرمان لەوەشدەکردەوە، ئێستا کە حزبی دیموکرات دەست لەمەرجەکانی غەیرە دیموکراتیکی خۆی هەلناگرێ و شەرەکە

تەواو ناكات، خۆمان ڕێگایەک ببینینەوە بۆ ئەوەی بە عەمەلی شەڕ كۆتایی پێبێت. خۆ ئەگەر شەڕی چینایەتی بوایە و یان شەڕ لەسەر دەسەڵات بووایە، كۆتایی پێهاتنێكی بۆ تەسەور نەدەكرا. تەوزیحدانی ئەوەی كە شەڕ لەسەر دیموكراسیە هەم واقیعی بوو و هەم ڕێگای هێوركردنەوە و تەنانەت كۆتایی پێهاتنیشی تێدا دەدۆزراوە. دەتوانم بەڵگەنامەكانی مەربوت بەو بەحسانەی نێو خۆمان لەسەر ئەو مەوزوعە لە ئیختیارتان بنێم و سەر ئەنجامیش ئەو بۆچوونە لەناو ئێمەدا بوو بە بۆچوونی ڕەسمی كەلە دوو خاڵدا بەیاندەكرا.

خاڵی یەكەم: ئەوە بوو كە: ئەمە شەڕێكە لەسەر دیموكراسی و تەقەلایەكە كە كۆمۆنیستەكانی كوردستان دەیدەن بۆ ئەوەی كەش و هەوای حەیاتی بۆ فەعالییەت و كاری سیاسی خۆیان دابین بكەن.

خاڵی دووهەم: ڕێگای تەواوكردنی ئەو شەڕە ئەوەیە كە ئێمە تا ئەو جێگایەی بتوانین هێزەكانمان لە تێک هەڵچوون لەگەڵ حزبی دیموكرات بهێنینە دەرێ و بۆ ئەو مەبەستە كوردستان لەڕووی چالاكی نیزامی و حوزوری هێزی پێشمەرگەوە دابەش بكرێ و سیاسەتی جەنگی ئێمە لەو شەڕەدا لەسەرئەساسی وەها بۆچونێک دابمەزرێ.

×ئەو چەمكی دیموكراسیەی كە ئێوە باسی دەكەن خۆ حزبی دیموكراتیش هەمان دیعایەی دیموكراسی دەكرد؟ یەعنی ئەو خاڵ و بەندانە چیبوون كە بۆ ئێوە پێویست بوو، واتان دەویست حزبی دیموكرات قبوڵیان بكات، خاڵی دووهەم دیموكرات، دیموكراسییەكی خۆرئاوایی بوو ئێوە وەكو حزبێكی ماركسی دەتانویست ئەم دیموكراسیەتە چۆن لەكۆمەڵگایەک پیادە بكەن، یا هەر ئەوەبوو سەبارەت بەمافی ژنانو ئازادی ڕادەربڕین و ئەوانە بوو یان ئێوە تەفسیرێكی تری جیاوازتان هەبوو بۆ چەمكی دیموكراسی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هیچ کاتێک لەو بروایەدا نەبووین کە لە کوردستان دەتوانین جیاواز لە ئێران، دورگەیەکی ئارامی سۆسیالیستی بنیاد بنێن و لەئەنجامدا لە ستراتیژی ئێمەدا ئەوە نەبووکە تەکلیفی بــورژوازی و چینی کرێکار لەکۆمەڵگای کوردستاندا یەک لایی بکرێتەوە. ئێمە دەمانویست دیموکراسیەکی بەرین و هەمە لایەنە بەرقەرار بێ کە تیایدا ئازادی هەڵسوورانی سیاسی بەمانای وەسیعی وشەکە بەرەسمی بناسرێت. مافی ژنان، مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، کە لەبەیانیەکدا فورموڵەکرابوو و راگەیاندرابوو بە رەسمی بناسرێ و بە کردەوە بەرێوەبچێ، زۆربەی ئەو سەرەتا دیموکراتیکانە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە رۆژئاوا بەرەسمی ناسراون. لە مارکسیسمدا بەهرەمەندبوون لەو مافانە مەرجی حەیاتی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هەنگاو نان بەرەو سۆسیالیسمە.

×کۆمەڵە لە بریارنامەیەکدا لەساڵی (1988) لە دەقی ئەو بریارنامەیەدا هاتووە کە حزبی دیموکرات بەدرێژایی چەندین ساڵ نوێنەری سەرەکی جەرەیانی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران بوو، لەوێدا دیموکرات تۆمەتبارکراوە بەوەی کە ناسیۆنالیست و وردە بۆرژواو خودموختارخوازە وە دیفاع لە سیستمی سەرمایەدەکات، ئایا ئەم راگەیاندنەی ئێوە هی شەر بوو، یا واقیعی بوو، ئێوە چۆن ئەتوانن لەونێوەندەدا وەکو حەرەکەیەکی چەپو مارکسی دیفاع لە خەڵکی کوردستان بکەن، یەعنی ئەوە خراپ نەبوو کە ئێوە راتان ئەگەیاند حزبی دیموکرات حەرەکەیەکی ناسیۆنالیستیو قەومیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من نازانم رێک ئێوە ئاماژە بە کام بریارنامە دەکەن، بەڵام ئێمە لەبواری لێکدانەوە و هەڵسەنگاندندا حزبی دێموکراتمان بە هیچ شتێکی غەیرە واقیعی تۆمەتبارنەکردووە.

ئەگەر ئێمە وتوومانە حزبی دیموکرات، حزبێکی ناسیۆنالیستی کوردییە ئەوە هەم لێکدانەوەیەکی واقیعییە و هەم تەنانەت خۆشیان شانازی پێوەدەکەن. بەڵام پێویستە ئەوەش روون بکەمەوە سەبارەت بە لەحن و ئەو وشانەی کە لە تەبلیغات دا سەبارەت بە حزبی دیموکرات بەکارهاتوون پێویستە دوو دەورە لەیەک جیابکەینەوە، دەورەیــەک کەشەری قورس لەنێوانماندابوو و دەورەیەک کە لەگەڵ یەک لەئاشتیدا بووین. لە هەردوو دەورەکەدا لێکدانەوەی بنەرەتی ئێمە نەگۆراوە، بەڵام لەحن و ئاژیتاسیۆنی تەبلیغاتیمان وەلامی لەحن و ئاژیتاسیۆنی تەبلیغاتی ئەوان بووە و ئەو ئەدەبیاتەی کەبەکار هاتووە ناکرێ لە هەلومەرجێک کە تێیدا بووین جیا بکرێتەوە.

حزبی دیموکرات دەتوانێ حزبێکی ناسیۆنالیستی کوردی بێت کە ئامانجی نیهاییەکەی خودمۆختاری یا فێدرالیزم بێت، لە دژی نیزامی سەرمایەداری زاڵ بەسەر کۆمەلگادا، هیچ داخوازیەکی نەهێنابێتە گۆرێ و بەو مانایە لایەنگری پاراستنی وەزعی مەوجود بێ، لە هەمانکاتدا لەخەباتی هاوبەشمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیشدا خاڵی هاوبەش‌و هاوکاری دیاریکراویشمان هەبێت، ئێمە دەمانهەوێ خەڵکی کوردستان بە ئامانجی رزگاری لەستەمی نەتەوایەتی بگەن‌و لە هەمان کاتدا پرۆسەی رزگاری لەستەمی نەتەوایەتی پرۆسەی بە ئاگاهاتنەوەی سیاسی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بێت‌و لە هاوپەیمانانی چینایەتی خۆیان لەئاستی ئێران‌و جیهاندا نزیک ببنەوە. لەوەها ستراتیژێکدا هاوکاری لەگەڵ حزبی دیموکراتیش دەگونجێ.

شەڕی هەوراماانی کۆمەڵەو دیموکرات و ڕۆڵی (ی. ن. ک)

×ئەوە راستە کە کۆمەڵە لە پەکێک لە راگەیاندنەکانیدا ئەڵێت "حزبی دیموکرات لە (25)خەزەڵوەری ساڵی (1363) پەلاماری چەکداری بەرنامەدارێژراوی بۆ سەر واحیدێکی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەستپێکرد، ئایا ئەوە بەرنامە دارێـژراو بوو، حزبی دیموکرات دەیویست ڕاوانخوازی بکاو کۆمەڵە لەسەر ساحەی کوردستان لاداو کۆمەڵە دیفاعی لەمە ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من لام وایە کە حزبی دیموکرات هەرگیز تووشی ئەو خۆشباوەرییە نەبووە کە دەتوانێ کۆمەڵە لەسەر ساحەی کوردستان لابدات. مەسەلە ئەوە بوو کە ئەوان دەیانهەویست کە بەبەکار هێنانی هێزی چەکداری خۆیان مەیدانی چالاکی کۆمەڵە لەکوردستان ئەوەندەی بکرێت بەرتەسک بکەنەوە. بۆ نمونە هەندێک ناوچە هەبوو کە ئەوان بە پاوانکراوی خۆیانیان دەزانی و نەیاندەویست ڕێگا بدەن کۆمەڵە لەو ناوچانە چالاکی سیاسی و نیزامی هەبێ. بۆ نمونە ناوچەی شیمالی کوردستان و هەورامان کە دوو شەڕی قورسی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات تێیاندا روویداوە.

لەشوێنەکانی دیکەیش بە تایبەت لە دێهات، هەوڵیدەدا بە هێز نواندن، خەلک لە هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵە بترسێنێت.

دیارە لەسەرەتاوە لەساڵەکانی سەرەتای دەیەی شەست تێکهەڵچوونەکان مەحدود و محەلی بوون و بە گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەسەرەوە، پێش بەپەرەسەندنیان دەگیرا. کاتێک کە ئەوان لەو ساڵەدا کە ئاماژەتان پێکرد لە هەورامان چوونە سەر پێشمەرگەکانی ئێمە و قەتل و عامیانکردن، ئێمە وتمان کە ماوەی (3) مانگ مۆڵەت بەسەرکردایەتی حزبی دیموکرات دەدەین کەتاونبارانی ئەو رووداوە بناسێنێ و سزایان بدات و هەر

ئەو کات بەراشکاوی وتمان،کە زەربەی لێرە و لەوێی حزبی دیموکرات لەوە زیاتر تەحەممول ناکرێ و ئەگەر سەرکردایەتی حزب رووداوەکەی هەورامان تەئید ناکا و بە نارەوای دەزانێ پێویستە بە رەسمی هەڵوێستی لەسەر وەربگرێ و تاوانبارانیشی بە سزا بگەیەنێت. ئەگەرنا، ئێمە مافی پارێزگاری لە خۆمان بەکاردێنین. لەماوەی ئەم (3) مانگەدا هەم خۆمان دانیشتنمان لە گەڵیان بوو و هەم هەیئەتێکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیش وەکو نێو بژیوان بۆ لێکۆڵینەوە سەردانی ناوچەکەیان کرد، بەڵام بە داخەوە ئەم هەوڵانە کاریگەر نەبوون و حزبی دیموکرات ئامادە نەبوو چکۆلەترین پاشەکشەیەک لەم بابەتەوە بکات و هیچ مەیلێکی بە سازان لە خۆیدا نیشان نەدا. دوای تەواو بوونی (3) مانگەکە ئێمە بریارماندا بە زۆری چەکیش بووە مەودای درێژەی فەعالییەتی خۆمان لەناوچەی هەورامان دابین بکەین. دوای ئەو روداوە حزبی دیموکرات بۆچوونێک کە گەلێک جار لە پلێنۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندی خۆیاندا باسیان لێکردبوو، بە کردەوە دەریان هێناو بریاریاندا کەلە هەموو کوردستان پەلامار بەرنە سەر هێزەکانی ئێمە و شەر کە تا ئەو کات مەحدود و ناوچەیی بوو، بوو بە شەرێکی سەرانسەری و حزبی دیموکرات بۆ کۆتایی پێهێنانی، ئەو مەرجانەی هێنایە گۆرێ کە کۆمەلە، حزبی دیموکرات وەکوو حزبێکی رەسەنی شۆرشگێر و رێبەری بزووتنەوەی خەلکی کوردستان بە رەسمییەت بناسێ و رای بگەیەنێت.

(ی.ن.ک) دەیزانی شەڕ خەتای دیموکراتە

× هیئەتی نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی هاتە ناو جەریانەکەوە، بەڵام نەیانتوانی کێشەکە چارەسەربکەن، وە هیچ راگەیاندنێکی گشتیان بڵاونەکردەوە و دوای ئەوە کەنەیاتوانی سەرکەوتووبن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەیئەتی نێو بژیوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاکامی لێکۆلینەوەکانی خۆی بە ئاشکرا بلاونەکردەوە. بەڵام ئەوانە هەمووی لەبەڵگەنامەکاندا و لەوانەیە لە ئارشیوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشدا هەن. بە پێی ئەو لێکۆلینەوەی کە کردیان ئەوان دەیانزانی کە حزبی دیموکرات خولقێنەری رووداوەکەی هەورامان بووە، بەڵام بە ئێمەیان گوت کە ئەوە بریاری دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات نەبووە و بەرپرسەکانی ناوچەی هەورامان سەربەخۆ ئەو کارەیان کردووە. ئێمەش ئەوکات وتمان کە ئەگەر وایە با دەفتەری سیاسی حزب بۆ ئیسباتی ئەم مەسەلەیە هەلوێستێک بەرانبەر بە مەسئولە مەحەلییەکانیان وەربگرێ. دیارە وەلامی ئەو داوایەی ئێمە نەدراوە.

×هەر ئەو کاتە لە (15)ی پوشپەری (1384) واتە لەساڵی (1985) بابەتێک لە گۆڤاری پێشڕەو نوسراوە بەناوی" شەری ناوخۆ لەکوردستان و سیاسەتی ئێمە"، تێیداهاتووە گوایە "دیموکرات وتویەتی، شەر هاتە فەوتاندنی کۆمەڵە، جەنگ، جەنگ تا پیرۆزی" وە بەو شکڵەی کۆمەڵە فیودئاڵەو ساواکیەو کۆمەڵە لەئێران خەتەرناکە ئەم ریکلامانەی ئەم مەقالەیە راستە ، ئەمانەی لەم مەقالەیەدا هاتووە راستە وە ئایا حزبی دیموکرات دیعایەی ئەوەی ئەکرد کە کۆمەڵە ساواکیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاتێک کە حزبی دیموکرات بریاری شەری سەرتاسەریدا، ئیتر راگەیاندنی هەردوولاش رەنگ و بۆنی هەلومەرجی شەری بە خۆیەوە گرت. هەولەکانی (6)

لایەنی سیاسی کوردستانی و ئێرانیش بۆ کۆتایی پێهێنانی بێ ئاکام مایەوە. چاوخشاندن بە سەر بەڵگەنامەکانی بلاو کراوە لە لایەن ئەم (6) لایەنەوە نیشاندەدات کە ئەوە لایەنی حزبی دیموکرات بووە کە ئامادە نییە شەڕەکە کۆتایی پێبێت، ئیتر (م. س) دیموکرات بەعەلەنی شەڕی لەسەرتاسەری کوردستان دژی کۆمەڵە راگەیاند.

قاسملۆ و شەڕی ناوخۆ

×لەزۆر راگەیاندنی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات - رێبەرایەتی شۆرشگێری ئەوکاتەو زۆر شوێنی تر بیستراوە کە شەهید قاسملو رۆڵێکی خراپی هەبوو لە پەرەپێدانی شەری ناوخۆو لە قولبوونەوەی ململانێیەکان، ئایا ئەوە وابوو، قاسملو لەلایەن خەڵکی کوردستان وەکو پیاوێکی دیموکرات و ئازادیخوازو تێکۆشەر ناسرابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاتێ کە قاسملو لەئەورووپابوو، شەش لایەنی سیاسیو مامۆستا عێزدین حوسێن کەوتنە ناوبژیوانی ئێمەو دیموکرات. لە نەتیجەی هەولەکانی ناوبژیوانی شەش لایەنی سیاسی کوردستانی و ئێرانی دەفتەری سیاسی ئەو کاتی حزبی دیموکرات هەتا بەردەم رێککەوتن هات. بەلام دوکتۆر قاسملو لە دەرەوەی وڵاتەوە پەیامیان بۆ دەنێرێ کە هەتا گەرانەوەی ئەو دەست رابگرن و هیچ رێککەوتنێک ئیمزا نەکەن. کە گەرایەوە بۆ کوردستان ئامادەنەبوو رێککەوتن نامەکە ئیمزا بکات و هەولەکانی (6) لایەنی سیاسی بێئاکام مایەوە و سەر لەنوێ مەرجەکانی نادیموکراتیکی خۆیان دوپاتکردەوە.

بەعس و موخابەراتی عیراقی ناوبژیوانی کۆمەڵەو دیموکرات دەکەن

× بیستومە کە رژێمی بەعس هەوڵیداوە نێوبژیوانی بکات بۆ تەواو کردنی شەری نێوان ئێوە و دیموکرات، ئەو مەسەلەیە چۆن چۆنی بووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئەوە راستە. پائیزی ساڵی (1365) بوو، دەولەتی عیراق ئێمە و حزبی دیموکراتی بانگهێشت کرد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ئەو شەرە کۆتایی پێ بێنێت. ئەوان لەو کاتەدا زەختی زۆری سوپای ئێرانیان بەسەرەوە بوو و لایان وابوو کە رژێمی ئێران لە شەری ناوخۆی کوردستان زۆرترین کەلک وەردەگرێت بۆ بەهێز کردنی بەرەکانی شەری خۆی. لە لایەن ئێمەوە هەیئەتێک کە بریتی بوون لە کاک سەدیق کەمانگەر و حەسەن شەمسی و من چوین بۆ بەغدا. لە لایەن حزبی دیموکراتیشەوە دوکتۆر قاسملو لەوێ بوو لەگەڵ نوێنەری ئەوکاتیان لە بەغدا، ئەگەر کەسی دیکەش بووبێ، من خەبەرم نیە. دوکتور فازل بورراک، رەئیسی موخابراتی ئەوکاتی عێراق لەگەڵ کەسی دیکەیان بە ناوی ئەبو عودەی دەوری نێو بژیوانیان دەگێرا. حزبی دیموکرات ئامادە نەبوو راستەوخۆ لەگەلمان دابنیشێ. هەرکامەمان لە ژوورێک بووین و فازل بورراک لە نێوانماندا هاتوچۆی دەکرد. هەر لێرەدا ئەوە بلێم پێشتر فازل بورراک مامۆستای مێژوو بوو لە زانکۆی مۆسکۆ. ئەو کابرایە ماوەیەک دواتر بە هۆکارێکی نەزانراو بە دەستووری سەدام ئیعدام کرا.

ئەوکات حزبی دیموکرات مەرجەکانی خۆی بۆ ئاگربر فورموڵە کردبوو، بە پێی ئەو مەرجانە دەبوایە حزبی دیموکرات وەکوو هێزێکی رەسەنی شۆرشگێر و سەرکردەی بزووتنەوەی کوردستان بەرەسمی بناسین و رایبگەیێنین و ئامادە نەبوو لەو مەرجانەی

خۆی بێتە خوارێ. هەڵبەت ئەوان دەیانزانی کە ئەو مەرجانە بۆ کۆمەڵە قابلی قەبوڵ نین، پێیان لەسەر دادەگرت بۆ ئەوەی کە شەڕەکە درێژە پێ بدەن، چونکە لایان وابوو کە سەرئەنجام لەو شەڕەدا ئێمەین کە دەوام ناهێنین.

باڵێرەدا نوکتەیەکتان بۆ باس بکەم، فازل بورراک لەگەڵ خۆی چەند کتێبێکی مارکس و لینینی هێنابوو و چەند کۆدی لێ دەرکێشابوو و بە ئیستناد بەوانە لەگەڵ ئێمە قسەی دەکرد. بۆ نمونە دەیگوت ئێوە حەقتانە حزبی دیموکرات بە حزبێکی بورژوای بناسن، بەلام بەپێی ئەو کودانەی کە باسیان دەکەم لەم قۆناغەدا بورژوازی شورشگێرە، ئێوە جارێ ئەوە بسەلمێنن، باوتووێژەکانمان پێشرەفت بکات دواجار لەسەر شتەکانی دیکەش قسە دەکەین.

نە ئێمە و نە حزبی دیموکرات هیچ کاممان هەر کامەمان بە هۆکاری تایبەتی خۆمان، لە نێو بژیوانیەکە خۆشحاڵ نەبووین و ئێمە لامان وابوو کە ئەگەر مەجالێک بۆ رێککەوتن و کۆتایی هاتنی شەڕ هەبێ، باشتر وایە لەسەر دەستی هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، ئەو شەش جەریانەی کە لەهەوڵدا بوون، یان لەسەر دەستی یەکێتی نیشتمانی بێ. حزبی دیموکراتیش بەهۆی هەڵوێستێک کە لە شەڕەکەدا هەبووی بەو نێوبژیوانیە رازی نەبوو و هەوڵی دەدا خۆی لێ دەرباز بکات.

×پەیوەندی شەخسی تۆ لەگەڵ قاسملو چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ پەیوەندیەکی شەخسیم لەگەڵ قاسملۆ نەبوو و تەنیا لە کۆبوونەوە رەسمییەکاندا چاومان بە یەکدەکەوت.

×سەبارەت بە تیرۆرکردنی ئەوکاتەی کەتیرۆرکرا تۆ یان کۆمەڵە چ راگەیاندنێکی هەبوو هەستت بەچیکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای ئەو رووداوە بە ناوی خۆمەوە و لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە بەیانێکم ئیمزا کرد و تێیدا ئەم روداوەم مەحکوم کرد.

×ئائێستا کێشەی تیرۆری قاسملۆ یەک لایی نەکراوەتەوە، بەقەناعەتی تۆ وڵاتانی ئەوروپا لەتەماحی گرێبەستی ئابوری و پارەو پول و نەوت وایکردوە تیرۆرێکی وا ژێر بەرە بخرێت یان ئەوە بێ خەمی حزبی دیموکرات‌و کوردە کە نەیتوانی ئەو دۆسیانە راکێشیەتە ناو دادگاوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەتانی ئەوروپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران وایکردبوو کە زۆر لەسەر کێشەکە نەچن و تەنانەت دەوڵەتی ئۆتریش(نەمسا) بە ئاشکرا بکوژەکانی دوکتۆر قاسملوی رەوانەی ئێران کردەوە. هەلبەت دەوڵەتانی ئەوروپایی و بەتایبەت دەوڵەتی ئالمان دواجار و لەرووداوەکەی رێستورانی میکۆنۆسدا کە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی تێرۆرکران تارادەیەک ئەو هەلوێستەی خۆیان قەرەبوو کردەوە، بەلام ئەویش هیچ کردەوەیەکی جیدی بە دواوە نەبوو.

(م.س) دیموکرات، ئاگاداری وتووێژی قاسملۆ و ئێران نەبوون

× حزبی دیموکرات بە چ مەبەستێک چوو بوو بۆ وتووێژ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەو جۆرەی کە دواجار لە لایەن خودی حزبی دیموکراتەوە روونبووە تەنانەت دەفتەری سیاسی حزبیش ئاگاداری کۆبوونەوەکەی نێوان دوکتۆر قاسملۆ و ئەندامانی سوپای پاسدارانی ئێران نەبووە. ئاشکرایە کە نەفسی کۆبوونەوەکە لەلایەن رژێمی ئێرانەوە بەمەبەستی پیلانگێری تەرتیب درابوو و گومان لەوەدا نییە کە ئەوان نیەتی بە رەسمی ناسینی هیچ مافێکی گەلی کوردیان لە مێشکدا نەبووە و ئەو کۆبوونەوە ئەگەر بەم جۆرەش تەواو نەبوایە، نەیدەتوانی غەیری زیان گەیاندن بە بزووتنەوەی خەلکی کوردستان هیچ ئاکامێکی دیکەی هەبێ.

چەند مانگ پێش ئەو رووداوە لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ "کریس کۆچارا" ڕۆژنامەنووسی فەرانسەوی بووم لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر بە ئەگەری وتووێژ لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی چییە؟ پێم وت: بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزی ئێستای رژێمی جمهوری ئیسلامی و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و بە لەبەرچاو گرتنی ماهیەتی کۆماری ئیسلامی ئەم جۆرە وتووێژانە تەنیا دەتوانێ پلانێک بێ بۆ لەناوبردن نەک بۆ سەلماندنی هیچ بەشێک لە مافەکانی خەڵکی کوردستان. "کریس کۆچارا" لە باسی تێرۆری دوکتور قاسملۆدا ئەو خاڵەی باسکردووە.

×یەعنی تەوەقوعی کردەوەیەکی تیرۆریستی یان پلانێکی بەرنامە دارێژراوت کردوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من تەوەقوعی ئەو رووداوەم بەو شێوەیە کە رووپدا نەبوو، بەڵام دڵنیا بووم کە ئەمجۆرە بە ناو وتووێژانە لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، هیچ ئاکامێکی غەیری پلانگێری و قووڵکردنەوەی دوو بەرەکییەکان و زەرەر گەیاندن لێناکەوێتەوە.

قاسملۆ بەئاسانی کەوتە تەڵەی ئێرانەوە

×چەند قسە هەیە کە گوایە ئاگاداریەک هەبووە بە شکڵێک لە شکڵەکان، یان ئەکرا رێگری لەو پلانە بکرێت تۆ چی لە بارەی ئەم پلان و تیرۆرکردنەوە ئەزانی و ئەو نهێنیانەی کە تا ئێستا ئاشکرا نەبوون چی ئەزانی و وە چۆن ئەکرا رێگری لەم تیرۆرە بگیرێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من دوکتۆر قاسملۆ باشتر لە هەر کەسی دیکە دەیتوانی خۆی پێش بەو پلانەبگرێت. ئەگەر دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی لە وردەکارییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئاگادارکردبایە بێگومان رێ و شوێنێکی

گونجاوتریان بۆ دادەنا. ئەگەر دەوڵەتی ئۆتریشی لەکۆبوونەوەکە و شوێنەکەی ئادگادارکردبا، پارێزگاریان لێدەکرد و تیمەکانی تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە بۆ ئەم کارە ئامادەکرابوون کارێکی ئەوتۆیان بۆ نەدەکرا. خۆ ئەگەر ماهیەتی کۆماری ئیسلامیشی ناسیبایە و وەزعی ئەو کاتی حزبی دیموکرات کە دوو لەت ببوو و هەلومەرجی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانیشی بە دروستی لێکدابوایەوە، هەر نەدەبوایە پێبنێتە ناو ئەو پلانەوە کە بە ناوی وتووێژ دارێژرا بوو.

×تۆ پێتوانییە مەسەلەی تیرۆری قاسملۆ، ئێران زۆر بەجیدی گرتبووی، لەبەر ئەوەی قاسملۆ شەخسیەتێکی بەهێزو خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بوو، پلانێکی گەورەتر بوو لەوەی کەوا بەئاسایی سەیری بکەین یەعنی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو، رەنگە خەڵکی کورد ئاگای لێبووبێت، وڵاتی نەمسا بە نهێنی هاوکاری ئەو مەسەلەی کردبێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نازانم من مەعلوماتی وردم نییە، بەڵام سێ تیم بۆ ئەو کارە سازکرابوون لەو باوەڕەدا نیم کە دەوڵەتی ئۆتریش ئاگاداری پلانەکە بووبێت، بەڵام ئاشکرایە کە بە پێی ئەو بەرژەوەندیانەی کەلەئێران بووی، چاوپۆشی لەبکوژەکانی کرد و دەربازیکردن. دیارە کۆماری ئیسلامی هیچ فۆرسەتێکی بۆ تێرۆری نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات لە دەستنەدەدا. دوکتۆر قاسملۆش دەورێکی گەلێک گرنگی لە ناو حزبی دیموکراتدا هەبوو، هەر بۆیە ئاسایی بوو کە هەوڵی تێرۆرکردنی بدرێت. بریاری تیرۆری دوکتۆر قاسملۆ لە ئاستی زۆر سەرەوەی رژێمی ئێرانەوە بە مەبەستی لاوازکردنی حزبی دیموکرات درابوو، بەڵام هەرچی چۆنێک بێ دوکتور قاسملۆ کەوتە تەڵەکەوە.

× حزبی دیموکرات بە تیرۆرکردنی قاسملۆ لاواز بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کوژرانی رەهبەری حزبێک بێگومان زیان بە حزبەکە دەگەیەنێ، بەڵام من ناتوانم قەزاوەتی ئەوە بکەم

که ئەگەر دوکتۆر قاسملۆ تیرۆر نەکرابایە ئێستا وەزعی حزبی دیموکرات چۆن دەبوو؟

×بۆچی قاسملۆ تاکڕەوانە بڕیاریدا بێ ئەوە بگەڕێتەوە مەکتەبی سیاسی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوکتۆر قاسملۆ کەسایەتیەک بوو کە لە دەرەوەی وڵات زیاتر لە حزبی دیموکرات دەناسرا. لام وا نییە کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتیش ئەو جۆرە تاکڕەویانەی تەئید کردبێ.

× تاکڕەوی قاسملۆ بوو وایئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەناو زۆربــەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و بگرە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراستدا وا هاتووە لەکاتی خۆیشی بارزانی هەمان کاری کردبوو کە کەسایەتی رێبەرانی، سێبەر دەخاتە سەر زەوابتی حزبییەوە. ئەوە ئەساسەن هەڵدەگەرێتەوە بۆ نەبوونی سوننەتی دیموکراتیک لەو وڵاتانەدا. لەم رووداوەشدا حزبی دیموکرات قوربانیەکی هەر ئەم سوننەتە دێرینەیە بوو.

×ئەوە هەر ئەو شتەیە کە پێی ئەڵێن دروستکردنی کارِێزما حزبی دیموکرات کە قاسملۆی کردبوو بە کارێزما و خەڵکی کوردستان ئەوەی دەوێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموانییە کە چارەنووسی خەڵکی کوردستان هەر ئەوەیە کە دەبێ لەژێر سێبەری کارێزماکانیدا بێت. بەتایبەت کە ئێستا لەم بابەتەوە بە ئاگا هاتنەوەیەکی دلخۆشکەر هەیە. بەلام حزبێک کە بەرانبەر بە ئامانجەکانی و بەڕانبەر بە خەلکەکەی خۆی راستگۆ بێت، پێویستە ئاگاهانە هەولبدات کە ئیرادە بگەرێتەوە بۆ چەماوەر و بۆ ریزەکانی حزبەکەی. رێبەری بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان بەمیکانیزمی حزبی دیاری ناکرێن. ئەم رێبەرانە کەسانێکن کە توانیویانە لە هەلومەرجە هەستیارەکاندا و لە خاڵە وەرچەرخانەکانی مێژوویيدا

ڕێگا و شوێنی دروست دیاری بکەن و کۆمەڵگا بەرەو پێش بەرن و یان لە مەترسییەکان دەربازی بکەن.

×ئـەوەش بۆ حزب زۆر خراپە کارێزمایەک فەوتا حزب بفەوتێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وایە زۆر خراپە.

تیرۆری سادق شەرەفکەندی ڕێبەری دووەهەمی دیموکرات فیدایانەی ئەکسەریەت ئاگاداربوون

×دوای تیرۆرکردنی قاسملو یەکێکی تر لە سکرتێر و رابەرەکانی حزبی دیموکراتِ بەهەمان پلان تیرۆر دەکرێت کە سادق شەرەفکەندییە لە ئەڵمان، بەبۆچوونی تۆ حزبی دیموکرات بۆ دەرسی لە تیرۆرکردنی قاسملۆ وەرنەگرت وە بۆ ئێران وازی نەهێنا لەتیرۆرکردنی سکرتێرەکانی حزبی دیموکرات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچکات وازی نەهێناوە لەتیرۆرکردنی ڕێبەرانی حزبەکانی نەیاری خۆی. ئاساییە کە بۆ حزبی دیموکراتیش کە حزبێکی گرنگی دژی رژێمی ئێران بووە هەروا بکات. ئەو کۆبوونەوەیەی کە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی تێیدا تێرۆر کران لە لایەن ڕێکخراوی "فیداییانی ئەکسەریەت"ەوە ڕێکخرابوو. "ئەکسەریەت" لەو دەورەیەدا کەرەفسەنجانی هاتبووە سەرکار لای وابوو کە هەلومەرج بۆ گەرانەوەیان بۆ ئێران فەراهەمبووە. دەزگـای ئیتلاعاتی جمهوری ئیسلامی نفوزی کردبووە ناو ئەو ڕێکخراوەیە و لە ڕێگەی جاسوسەکانیەوە ئاگاداری کات و شوێنی کۆبوونەوەکە بوو. بەڵام ئەو هەڵوێستەی ئەکسەریەت و ئەو واقعیەتەی کە هاوکارانی جمهوری ئیسلامی لە ناویاندا هەن، شتێکی شاراوە نەبوو، هەر بۆیە ئەگەر جۆرێک لە نەناسینی

دوژمن نەبێ، ڕێبەرانی حزبێکی مۆخالیفی ئەو ڕژێمە کە خەباتی چەکداریش دەکات، بە پێی قاعیدە نابێ بچنە ناو کۆبوونەوەیەک بەم شێوەیە و لە وەها شوێنێک.

×زۆرجار باس لەوە ئەکرێت ئێران، کۆمەڵەی بەلاوەگرنگ نییە، بۆیە تا ئێستا هەوڵی تیرۆرکردنی ئیبراهیمی عەلیزادەو عەبدوڵڵا موهتەدی نەداوە، ئەوەندە خۆی بەدیموکراتەوە خەریک ئەکات، تۆ پێتوایە ئەمە فاکتەرە سیاسیەکەیە یا ئەوەی کە تۆ دەستنیشانت کرد، کە کۆماری ئیسلامی ئەمکارەی بۆ ئەکرا، بەڵام ئیبراهیمی عەلیزادە پێشترئەگەر شتێکی وابووایە یا لە مەکتەبی سیاسی یا لە کۆمیتەی ناوەندی باسی دەکرد وە ئامادەنییە لە شوێنێکی نهێنی دابنیشێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشە ئەوە نیە کە کێ گرینگە و کێ گرنگ نییە، بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هیچ مەجالێکی بۆ زەربە لێدان لە هیچ گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی خۆی، دەوری زۆری هەبووبێت یان کەم، لە دەستنەداوە. لە هەر شوێنێک کەلێنێکی شک بردبێت کاری خۆی تێدا کردووە. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی جۆراوجۆر و یا تەنانەت کەسانی سەربەخۆی لە ئەوروپا تیرۆرکردووە کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە حالەتی شەڕیشدا نەبوون تەنیا نەیاری سیاسی ئەو ڕژێمە بوون. بۆ وێنە بۆ ناو کۆمەلەش تا ئێستا هەوڵی زۆری داوە و بە داخەوە لەو شوێنانەی کە کەلەبەر و زەعفێک لە کاری ئێمەدا بووە زەفەریشی پێبردوین. ئێمە کەسایەتی وەکوو کاک سدیقی کەمانگەر و کاک غولامی کەشاوەرزمان هەر بەم هۆیەوە لە دەستداوە.

×چەند جار هەوڵی تیرۆرکردنی تۆیداوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: گەلێک پلان لە دژی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئێمە پوچەڵکراوەتەوە. هەر لە ناردنی ژەهرەوە بگرە هەتا تەقەمەنی و هەتا هەولی بە ئار پی جی و موشەک و خۆمپارە

لێدانی شوێنەکانی ناوەندی ئێمە. هەڵبەت بە نیسبەت خۆمانەوە بە شتێکی ئاساییمان زانییوە، چونکە ئێمە لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەحاڵی شەڕدا بوین و لە شەڕیشدا قەراردادێکی ئاوا نییە کە گۆیا نابێت پەلامار ببرێتە سەر ڕێبەران. لێرەدا تەنیا قسە ئەوەیە کە شەڕ لەلایەن ئێمەوە موقاومەتێکی عادلانە بووە و شێوازەکانیشی سنووردار بووە، بەڵام لە لایەن ئەوانەوە پەلامارێکی سەرکوتگەرانەیە بۆ ئەوەی کە خەڵکی وڵاتێک و یان ڕێکخراوێکی سیاسی لە مافی سەرەتایی خۆیان بێبەشکەن و لە بەکار هێنانی هیچ جۆرە شێوازێک دەستی نەپاراستووە. کاتێک لە وڵاتانی دەرەوە وەکو کوردستانی عیراق یان وڵاتانی ئەوروپایی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی تێرۆری ئەم و ئەو بەرێوەدەبات ئیتر ئەوە نەک هەر هێرشێک بۆ سەرنەیارێکی سیاسی خۆی بەڵکو گەلێک لەوە گرنگتر کایە پێکردن و سوککردنی دەسەڵات و یاسا و ڕێسای ئەو وڵاتانەیە لەلایەن دەولەتێکی ڕەسمی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

تیرۆری ئیبراهیمی عەلیزادە

×بەرچاوترین پلان بۆ تیرۆرکردن و کوشتنی تۆ چی بوو، کەی بوو چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کارێکی دیاریکراو کە ڕاستەوخۆ تەنیا لە دژی من بوبێت پێم شک نایەت.

×لە ئاگایی خۆتەوە بوو یا لەئەوەبوو کە هەوڵێک نەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە ئاگا لێبوونی خۆم دەورێکی زۆری نەبینیوە. بەڵام لە ناو ئێمەدا پاراستنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سوننەتێکی جێکەوتووە و بە هیمەتی هاوڕێیانی دیکەوە بەرێوەدەچێت.

تائێستا لەگەڵ ئێران دانەنیشتوین

×یەعنی کارێکی واکراوە کە ئێوە لە شوێنێکی وەکو ئاڵمان یا لە ڤێینا چۆن حزبی دیموکرات و ڕێبەرەکانی کەوتنە ئەو تەڵەیەوە، ئێوە ئەوا دانیشن بۆ موفاوەزات لەگەڵ ئێران و دەرباز بین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هەرگیز لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەهیچ شوێنێک دانەنیشتوین بۆ گفتوگۆ. ئەوەی کە بووە لە ساڵی (1980) و لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیانە بۆ دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بووە.

×تائێستا هیچ جارێک دانەنیشتوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە دانەنیشتوین. ڕێکخراوی دیکەش هەیە کە بەناوی کۆمەڵە کاردەکات، دەبێ لە ئەوانیش بپرسی. من تەنیا لە مەوردی خۆماندا بە دڵنیاییەوە وەڵامتدەدەمەوە.

مام جەلال و دانوستانی کۆمەڵە- ئێران

×ئەی بۆ قسەباس هەبووە کە ئێوە چەندین جار بەهەماهەنگی یەکێتی نیشتمانیو مام جەلال دانیشتننتان کردووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر ئاماژە بە گفتوگۆکانی سالانی سەرەتای رووخانی رژێمی شا، لەساڵی (1980) بێ، کە پێشتر باسمکرد، ئەوە راستە کەلەچەند دەوری گفتوگۆکاندا، یەکێتی نیشتمانی و بەرێز مام جەلالیش لە بەیندابوون.

×ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران داوا لە ئێوە بکات بۆ دانوستان و گفتوگۆ ئێوە ئامادەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هەمیشە وتوومانە کە وتووێژ لەگەڵ دوژمن دەتوانێ بەشێک لە موبارزەکەمان بێت لەگەڵی. بۆیە قەت

لەرووی نەزەرییەوە وتووێژ ڕەتناکەینەوە. بەڵام بەر لە هەموو شتێک وتووێژ لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان بە ئەمرێکی هەموو خەڵکی کوردستانی دەزانین و لامان وایە کە لە گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبێ خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی بکرێن. سەرەرای ئەوە، بۆ دەستپێکردنی وەها پرۆسەیەک ئێمە پێش مەرجی خۆمانمان هەیە. بۆ وێنە، پێویستە ئامادەیی کۆماری ئیسلامی بۆوتووێژ بە ئاشکرا و لەسەر زاری مەقاماتی ڕەسمی رژیمەوە رابگەیەندرێت. ناردنی چەند مەئمورێکی وەزارەتی ئیتلاعات بەناونیشانی خــوازراوەوە، بۆ شوێنێکی نهێنی، لێرە یان لەوێ، ئەوە وتووێژ نییە، هەر کەس لە هەر لایەنێکەوە پێبنێتە ناو وەها پرۆسەیەکەوە دەبێ شک بکەی لە نیەتی واقیعیدا. ئەگەر وتووێژ لەسەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە بۆچی دەبێ کەسانێک کە لەسەر دیفاع لەو مافانە لە زیندان دان یان لە تەبعید دان، ئازاد نەکرێن و یا نەگەرێنەوە وڵاتی خۆیان؟ کە وابێ مەرجێکی دیکە ئەوەیە پێش هەموو شتێک هەموو زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن و بگەرێنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان. بەشێوەیەکی گشتی هەلومەرجی گفتوگۆ لەگەڵ هەر رژیمێکی دەسەلاتدار لە ئاکامی هاوسەنگییەکی دیاریکراوی هێزی دوو لایەن دێتەکایەوە، ئەگینا مەسەلەن تفەنگێکی لەسەر مێشکت راگرتبێ و خوێنی خەڵکی کردبێتە شوشەوە، زیندانەکان پر بن لە زیندانی و هێزی چەکداری تۆیشی تا پشت مەرزەکان پاشە کشە پێکردبێت، گفتوگۆ چ مانایەکی هەیە؟.

ئامادەیی گفتوگۆی کورد– ئێران

×ئامادەن وەکو سازمانی کوردستانی–حزبی کۆمۆنیستی ئێران "کۆمەڵە" تاک لایانانە مفاوەزات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نە، ئەگەر وەها هەلومەرجێک خوڵقا ئەو جار پێمانوایە کە دەبێ هەیئەتێکی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان پێک بێت و پێبنێتە ناو وەها پرۆسەیێکەوە.

×کێن ئەوانە جگە لە ئێوە، حزبی دیموکرات، کۆمەڵەی شۆڕشگێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من مەبەستم تەنیا حزبەکان نییە، هەرچەند ئەوان بەشێکی گرینگی ئەو پرۆسەیە دەبن. خۆ ئەگەر هەلومەرجی گفتوگۆ رەخسا بێت، بە پێی قاعیدە دەبێت ئیمکانی ئەوە هەبێ کە لە ئاستی جەماوەریدا پرس بە خەڵک بکرێ و رادەی پشتیوانی خەڵک لە نوێنەرانی خۆیان چ بە ناوی حزبە سیاسیەکانەوە و چ لە دەرەوەی ئەوان دەر کەوتبێت. لە ئەزموونی کوردستانی ئێراندا، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردمان بوو کە خەڵکی کوردستان پشتیوانیان لێدەکرد، دەتوانێ گەلێک دەرسی بۆ ئەمرۆشمان تێدا هەبێت.

×پێتوایە کەی شتێکی ئاوا روو ئەدات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ هەلومەرجێکی وەکوو ئێستا زۆر زۆر بە دووری دەزانم. ئەوە دەتوانێ ئێستا تەنیا باسێکی گشتی و نەزەری بێ نە شتێکی زۆرتر.

کۆمەڵە، گەڵاڵەی هەیە بۆ دانوستان لەگەل ئێران

×ئەگەر هات و دانوستانێک روویدا ئێوە داخوازییەکانتان چ دەبێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لە دوایین کۆنگرەی خۆماندا ئەمساڵ (2006) گەلالەیەکمان پەسەندکردووە کە لامانوایە لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ مافەکانی خەلکی کوردستان بەدی بێت. لە هەر گفتوگۆیەکدا لە روانگەی ئێمەوە ئەو گەڵاڵەیە دەتوانێ رێ نیشاندەرێکی باش بێت. بەڵام پێشتر وتم کە مەسەلەی وتوویژ، مەسەلەی هاوسەنگی هێزە لەو کاتەدا کە وتوویژ هاتۆتە کایەوە، تەبعەن وەختێک شەرایەتی گفتوگۆی وەها دەخوڵقێنێت دەبێت هێزی خۆمان بناسین و هێزی تەرەفەکەشمان، ئەو کاتە دیاریدەکرێت کە لە رێگەی گفتوگۆوە دەتوانێ چیمان دەستبکەوێ. ئێمە ئەوەمان لێ روونە کە بە هەر دەرەجەیەک دەسەڵاتی دەولەتی مەرکەزی لەسەر کوردستان کەم بێتەوە پێشوازی لێدەکەین و هەولدەدەین بۆشاییەکەی پربکەینەوە.

×خاڵە ستراتیژەکانی ئەم دانوستانە چییە؟ کە تۆ ئەتەوێت تەرحی بکەیت لە دانوستان و موفاوەزات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە دەبێ پێش هەر شتێک هەلومەرجێکی وەها دیموکراتیک بخولقێ کە خەلکی کوردستان بتوانن رای خۆیان لەسەر هەر مەسەلەیەک ئازادانە دەربرن. ئەو ئازادایيە بەدینایەت ئەگەر هەرەشەی دام و دەزگاکانی ئەمنیەتی رژێم هەر بەسەر خەڵکەوە بێت و یان لەسەر هەر تەپە و جادەیەک، پایگایەک و پاسگایەک دامەزرابێت. ئەو ئازادیە بەدی نایێت ئەگەر خەلک دەستی بەراگەیەنە گشتییەکان رانەگات، ئەگەر ئازادی هەلسوورانی سیاسی بە بێ هیچ مەرجێک دابین نەبوو بێت. کاتێک ئەوە دەستەبەر بوو و خەلک لێی

بەهرەمەند بوون ئەو کات دەکرێ لێیان بپرسین کە ئایا دەیانەوێ لەچوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بمێننەوە؟ کە بڕیاڕی مانەوەیاندا ئەو کات دێنە سەر ئەو زەمانەتانەی کە دەسەڵاتی خەڵک بە سەر ژیانی خۆیاندا دابینی دەکەن و ڕێگە لە دوپاتبوونەوەی هەلومەرجی ستەمکاری پێشوو دەگرن. ئەوانە لەبەرنامەی ئێمەدا ڕوونکراوەتەوە.

لێرەدا دەمـەوێ ئەوە بڵێم ئەو بەرنامانەی کە بە ناوی خودموختاری و یان فێدرالی تا ئێستا هاتوونەتە گۆڕێ ناتوانن ئەو زەمانەتە بە خەڵکی کوردستان بدەن و هەر بۆیە ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی دژی دیموکراتیکی لەو چەشنەی کە ئێستا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کایەدان، ئەم جۆرە بەرنامانە قەبوولیش بکرێن، کاتی دەبن، چونکە ئامرازەکانی سەرەکی دەسەڵات کە بریتین لە ئەرتەش و ئابوری و سیاسەتی دەرەوە هەموویان هەر بە پێی بەرنامەی خودمۆختاری یا فێدرالی هەر لەژێر دەسەڵاتی دەولەتی مەرکەزیدا دەمێننەوە و لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگی هێز وڵات دەبەنەوە سەر دۆخی جارانی خۆی.

×لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دای لەوکاتەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مادام کە دەولەتێکی دژی دیموکراتیک لە مەرکەز لەسەر کار بێت و خەباتێکی شۆرشگێرانەش بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە لەئاستی سەراسەریدا کە ئاسۆی ڕوخانی ئەو ڕژێمە دەر بخات، لە ئارادانەبێ، لە وەها حاڵەتێکدا گەلێک ئاساییە کە خەڵکی کورد هەر کات مەجالی بۆ برەخسێت و فاکتۆرێکی گرنگی ڕێگرێ لە ڕێدا نەبێ، خۆی لە وەها دەوڵەتێک جیا بکاتەوە و دەولەتی سەربەخۆی خۆی پێکبێنێ.

لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیم

×دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ و خاوەنی ئاڵای خۆی بێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەولەتی سەربەخۆی هەبێ و خاوەنی ئاڵای خۆی بێت و خەباتی خۆی بۆ ژیانی باشتر و پێشکەوتن لەو چوارچێوەیەدا درێژە پێبدات.

×ئەو دەوڵەتە نابێتە دەوڵەتێکی قەومی، ناسیۆنالیست، کە ئێوە کار بۆ ئەوە ناکەن، ئێوە ئەتانەوێت لانیکەم دەوڵەتێک بێت کەچینی کرێکار، حاکم بێت تێیدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەکلیفی نیهایی دەسەلاَت لە وەها ولاَتێکدا،وەکوو هەر ولاَتێکی سەربەخۆی دیکە ، لە رووی هاوسەنگی هێزی خەباتکاری چینایەتی لەو ولاَتەدا دیاریدەکرێ.

×لە هێنانەدی ئەو ئامانجانە، کۆمەڵە، لایەنی یەکەمە لەبەرامبەر حزبی دیموکرات یا دووهەمە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە لە سبەی رۆژی رزگاری کوردستان لە ستەمی نەتەوایەتیدا هاوسەنگی هێزی چینایەتی و سیاسی چۆن دەبێ و کام حزب چ دەورێک دەبینێ، ئێستا دیاریکردنی ئاسان نییە. خەباتی سیاسی و چینایەتی لە رەوتی بەرەو پێشچونیدا لەوانەیە چەندین حزب و رێکخراوی دیکەش بێنێتە کایەوە. کۆمەڵگای کوردستان زۆر گۆراوە هەم هوشیاری سیاسی تیاگەشەی کردووە، هەم چینی کرێکارو زەحمەتکێش تیایدا بەژمارە زۆر بووە وە دەوری گرنگی پەیدا کردووە لەبەرهەم هێنانی کۆمەلاَیەتی، لەکۆنترۆلێ شوێنە حەیاتیەکانی ئەو کۆمەلگایە، ئەوانە هەمووی نیشاندەدات کە زەمینە بۆ سەرکەوتنی ستراتێژی ئێمە لەباری کۆمەلاَیەتیەوە لێرەش هەیە. هەر بەو پێیە هەولدەدین رەوتی ئێمە لە چارە سەرکردنی کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەوری سەرەکی ببینێ. بەلاَم واقعیەت ئەوەیە کە

ئەوە هاوسەنگی هێز لەئاستی سەرانسەریدایە کە بە دڵنیاییەکی زۆرترەوە دەتوانیین بڵێین بە قازانجی ڕەوتی ئێمە دەگۆردرێ. هەر بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین خەباتی کرێکاران و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان لە خەباتی سەرتاسەری هاوچارەنووسانیان لە ئاستی ئێران گرێبدەین.

سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان وەرناگرم

×لەو حاڵەتەدا حەز ئەکەیت سەرۆکی حکومەت بیت؟ یان سەرۆکی پەرلەمانەکەی بیت لەکوردستانی ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حەزناکەم سەرۆکی هیچیان بم. لە هەلومەرجی شۆرشگێرانە دا گەلێک ئینسانی بە توانا پەروەردە دەبن کە دەتوانن بۆشاییەکان پرکەنەوە. ئەوە مەیلی ئێستای منە خۆ ئەگەر زەرورەت بێ سەنگەرەکەی خۆم بەجێناهێڵم و وەزیفەیەک بە پێی توانا وەئەستۆ دەگرم.

×ئامادەی واز لەو ئیمتیازە گەورانە بهێنێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەک هەر ئامادەم، بەڵکو ئارەزووی دەکەم.

×ئەی بۆلەکوردستانی عیراق بەتەجرەبە نەبینرا بەعەکسەوە بوو، ئەوەی کە رۆژێک فیشەکێکی تەقاندوە ئێستا حەق بەخۆی ئەدەدات وەزیر بێت، ئەوەی بەشداری شاخی نەکردووە، شۆرشی نەکردووە، پێشمەرگە نەبووە، حەقی ئەوەی نییە وەزیر بێت، حەقی ئەوەی نییە زۆربەی ئیمتیازاتەکانی ئەم وڵاتە بۆ خۆی بێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەگەڵ گۆرانی هەلومەرج ژیان لەوانەیە جۆری بیرکردنەوە و حەز و ئارەزووەکانی ئینسانەکانیش بگۆرێ.لە ئاستێکی نەزەریدا هەر وەکو مارکس دەڵێ "بیرکردنەوەی ئینسان

له کاخ و له کۆخدا وەکوو یەک وانییە"، له مەوریدی ئەم یا ئەو کەسی دیاریکراویش لەوانەیە هەروابێ. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە کۆمەڵگا ئەو میکانیزمانەی پێکهێنابێ کە ڕێبەران و بەرپرسانی خۆی کونترۆڵ بکات.

من و کۆمەڵە نامانەوێت وەک سەرکردەکانی کوردستانی عیراق بین

×مەبەستم لەم پرسیارە ئەوەبوو بە تەجرەبە لە ئەزموونی شۆڕشی خەڵکی کوردستانی باشوردا هەیە، ئەو سکرتێرو سەرکردانەی کە وەکو تۆ بوون لەپێناوی خەبات و خەڵکدا شۆڕشیان کرد، بەڵام دواتر بینیمان ئێستا دەست لەهیچ کام لەم ئیمتیازاتانە هەڵناگرێت، مەبەستم لەوە بوو کە نمونەم هێنایەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شەرت نییە ئێمە وابین، نامانەوێت وابین ، من نامەوێت وابم.

کۆمەڵە، یارمەتی حدکا ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیدا

×ئێمە مەوزوعەکەمان لەسەر حزبی دیموکرات بوو، ئەوەی تۆ راستە، بەڵام پاش جیابوونەوەکانی (حزبی دیموکراتی کوردستان – ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) شەر لەنێوان کۆمەڵە و ئەم باڵەی کە جیابوونەوە، راوەستا، وە دیموکرات ئەوەشی راگەیاند "کە کۆمەڵە دەستی لەم جیابوونەوەو ئینشیعابەدا هەبووەو چەک و یارمەتی ماڵی زۆرتان داوە بەڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ئایا ئەوە وابوو، ئەمە یەک، دووهەم ئایا ئەو جیابوونەوەی ڕێبەرانی شۆڕشگێڕ مەوقعیەتی کۆمەڵەی بەهێز کردو و دیموکراتی لاوازکرد، هۆکاری

ئەو جیابوونەوەیە چیبوو، رێبەرانی شۆڕشگێر لەراگەیاندنەکانیدا حزبی دیموکراتیان بە تاقمەکەی قاسملۆ ناودەبرد، بەڵام دواتر ئەمانە لەناو حزبێکدا یەکیانگرتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو پرسیارە زۆر لاپەنی جۆراوجۆری هەیە ، یەکەم ئەوەی کە بە رای من، کۆمەلە دەستی نەبووە لەو جیابوونەوەیەدا، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە کاریگەری هەبووە لەجیابوونەوەی ئەو سەردەمیاندا. درێژە پێدانی شەڕ لەگەڵ کۆمەلە و بە گشتی سیاسەتیان بەرانبەر بە کۆمەلە ناراستەوخۆ دەوری هەبوو لە قوڵکردنەوەی کێشە ناوخۆیەکانیان. ئەو شەرە دەوری بوو لە زەربە لێدان لە حزبی دیموکرات ، لە زەربە لێدان لە کۆمەلە و لەزەربە لێدان لە خەبات و موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی.

کاتێک حزبێک سیاسەتێکی لەم چەشنە هەستیار و گرنگ دادەرێژێ و تێیدا سەرکەوتوو نابێ، کێشە لاوەکیانی ناوخۆی لێ گەورە دەبێتەوە. رەنگە زۆر کەس لە ناو حزبی دیموکراتدا لای وا نەبێ کە ئەو شەرە دەوری هەبوو لە جیابوونەوەی حزبی دیموکراتدا، بەڵام من دڵنیام لەوەی کە ئەگەر مێژوونوسێک کە رۆژێک لەرۆژان مێژووی کوردستان بابەتیانە بنووسێتەوە، بە پلەی یەکەم ئەم شەرە بە هۆکاری جیابوونەوەی حزب دادەنێ. خۆ ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەی ئێوە ئەوە بێ کۆمەلە راستەوخۆ دەستی بووبێ لەجیابونەوەکەیاندا، وەڵامی من ئەوەیە کە وانەبووە.

دوای ئەوەی کەجیابوونەوەکە مسۆگەر بوو، پەیوەندیان بە ئێمەوەگرت و سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەش هاتە سەر ئەوەی کە بە پێی توانا یارمەتیان بدات. لەراستییدا ئێمە زۆرمان پێویستی بەوە هەبوو کە شەری کۆمەلە و حزبی دیموکرات تەواو بێ. ئەو باڵەی حزبی دیموکرات لەسەر مەرجەکانی پێشوو پێیدانەدەگرت و ئەوە رێگایەک بوو بۆ تەواوکردنی ئەو شەرە.

× شەڕەکە تەواو نەبوو ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەگەڵ (حدکا- ڕێبەرایەتی شورشگێر) بەرەسمی شەڕ ڕاگیرا و دەرگای هاوکاری کرایەوە. ئەوان خۆیان بە ڕەسمی لەم بارەوە بەیانیان دەرکرد. لەگەڵ باڵی "حدکا"ش ئێمە خۆمان یەک لایەنە ئاتەش بەسمان ڕاگەیاند و من لام وایە دوای ئەو جیابوونەوەیە ئەوان توانای درێژەدان بە شەڕیان نەمابوو، بە تایبەت کەلەگەڵ باڵی جیابووەی خۆشیان تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە ببون. شەڕی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات وورده ورده بە عەمەلی تەواو بوو.

×واقعیەت کۆمەڵە بەهێز بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شەڕی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات کەسی بەهێز نەکرد. کۆماری ئیسلامی هەلەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی دەسەلاتی نیزامی بەسەر ناوچەکاندا جێگیر کات، ورەی خەلک دابەزێنێ و پاشەکشە بە بزووتنەوەی جەماوەریش بکات.

کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵە
(سەردەشت) 1982

کۆنگرەی سێیەم و بەشداربوونی مام جەلال لە (1982) لە سەردەشت

کۆنگرەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران

×لە پرسیارەکانی پێشوماندا باسی کۆنگرەی یەکەم و دووهەمی کۆمەڵەمان کرد، کۆنگرەی سێهەمی کۆمەڵە چۆن چۆنی بوو؟ کەی بەسترا؟ لەکوێ بەسترا وە ئاڵوگۆڕیان و خوێندنەوەی تازە چیبوو کە ئێوەکردتان؟ وە ئەو کاتە کۆمەڵە لەگەشەیەکی بەرچاودابوو؟ گرنگترین ئەو بریارنامانە و ئەو ئاڵۆگورانەی کەلەوکاتەدا لەکۆمەڵە کرا چی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی سێهەمی کۆمەڵە لەرۆژی (11)ی گولانی(1361) لە(1مەی1982) لە یەکێک لە مقەرەکانی کۆمەڵە لەنزیک ئاوایی بەردە سوور، لە ناوچەی سەردەشت دەستیپێکرد و بۆ ماوەی یەک هەفتە درێژەی بوو. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی "ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست" ئەو رێکخراوەی کە دواجار بوو بەشێک لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، مامۆستا شێخ عزالدین و چەند کەسێک لە ئەندامانی دەفتەرەکەی، مام جەلال و نوێنەرانی کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان، نوێنەرانی رێکخراوی ئالای رزگاری لەکوردستانی تورکیا بەشدار بوون. کۆنگرەی (3)ی کۆمەلە چەند بابەتی گرنگی تێدا یەکلایی کرایەوە، لەوانە بۆ یەکەمجار گەلالەی خودمۆختاری کۆمەلە بۆ کوردستان لەم کۆنگرەیەدا وەکو بەرنامەیەکی کامل پەسەند کرا. پێشتر گەلالەی خودمۆختاریمان بوو، لەم کۆنگرەیەدا وردترمانکردەوە و لەشکلی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەدا پەسەندکرا. هەروەها بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست پێش پێکهاتنی حزب هەر لەو کۆنگرەیەدا دەقی نیهاییەکەی پەسەند کرا.

پێشتر لەسەر گەڵاڵەی ئەو بەرنامەیە باسی زۆر کرابوو. هەموو ئەندامانی کۆمەڵە دیتبویان، زۆربەیان نەزەر و مۆلاحەزەی ئیسلاحیان لەسەردابوو، لە کۆنگرەدا وەکو ئامادەکاریەک بۆ پێکهێنانی حزب پەسەندکرا و بریاردرا کە بڵاوبکرێتەوە. مەبەست ئەوە بوو پێش پێکهاتنی حزب سەرنجی زۆرتری هێزە چەپەکانی ئێران بەرەو ئەو حزبەی کە قەرار بوو پێکبێت رابکێشین.

کۆمیتەی ناوەندی ئەرکی بەدواداچوونی پرۆسەکەی پێسپێردرا.باسێکی دیکەی گرنگی ئەو کۆنگرەیە مەسەلەی چۆنیەتی بەرێوەبردنی شوێنە رزگارکراوەکانی کوردستان بوو. لەو کۆنگرەیەدا بوو کە بە وردی باسی شوراکان کرا و بە پێی باسەکان و پەسەندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیە، دەسەڵات بە ماف و بەئەرکی جەماوەری خەڵک داندرا و بریاردرا کە یارمەتی خەڵکی ناوچە ئازادەکان بدەین لەرێگەی شورای هەڵبژێردراوی خۆیان ئەرک و کاری خۆیان بەرێوەبەرن و ئێمەش بە هەموو تواناوە کار ئاسانیان بۆ بکەین.

×ئێوە هەمیشە رەخنەی ئەوەتان لەحزبی دیموکرات ئەگرت کە داخوازی خودموختاری بۆ کوردستانە، لەم کۆنگرەیە ئێوە خودی خودموختاریتان قبوڵکرد، بۆچی ئەوکاتانە قسەتان لەسەر بەرنامەیەکی باشتر نەکرد وەکو فیدراڵی، یان ئێوە کە زۆرجار کەباسی سەربەخۆیی کوردستانتان ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رەخنەی ئێمە لە حزبی دیموکرات لەسەر خودمۆختاری نەبووە، ئەگەرچی بەرنامەی ئێمە و ئەوان بۆ خودمۆختاری جیاوازی زۆری هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا، ئەوە خالی هاوبەشیشمان بوو کە بۆ دەورەیـەک بنەمای هاوکاریەکانمانی پێکهێنابوو. بۆ نمونە ئێمە و ئەوان پێشتر لەسەر گەڵاڵەی (26) مادەیی بۆ خودمۆختاری کوردستان رێک کەوتبووین. خودمۆختاری لە سالەکانی سەرەتای دوای رووخانی

ڕژێمی شا و هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ببوو بە داخوازیەکی جەماوەری و هەر بۆیە کۆمەڵەش بەرنامەی بۆی هەبوو. لە سالانی دواتردا خەبات و موقاومەتی خەلک بەرانبەر بە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان درێژەی هەبوو، بەلام بزووتنەوەیەکی "خودمۆختاری خوازانە" لە ئارادا نەمابوو. مەسەلەی مافی سەربەخۆیی لە بەرنامەی ئەو کاتیشمان هەر بوو. بەرەسمی ناسینی مافی خەلکی کوردستان بۆ پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ و خەبات بۆ پێکهاتنی هەلومەرجێک کە بتوانێ لەو مافەی خۆی کەلک وەربگرێ، ئەوە خالێکی نەگۆری بەرنامەی ئێمە بووە هەتا ئێستاش، بەلام هەر وەک باسمکرد ئەو کات خەلکی کورد لەو سەنگەرەدا، بەرانبەر بە دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزی لەکوردستان موقاوەمەتی دەکرد. ڕەخنەی ئەوکاتی ئێمە لە حزبی دیموکرات ئەوە بوو کە ڕێگای گفتوگۆی جیاوازی لەگەل دەولەت دەگرتەبەر و لە گفتوگۆکانیدا داخوازیەکانی خەلکی کوردی کە لە گەلالەی (26) مادەیی هاوبەشماندا هاتبوو، دادەشکاند وا بەنەزەر دەگات کە بۆ ئەوان تەنیا وشەی خودمۆختاری بە هەر ناوەرۆکێکەوە لەلایەن دەولەتی مەرکەزیەوە قبول کرابا، کافی بوو.

دەچوینە لای مام جەلال بۆ قەندیل

×بەشداربوونی مام جەلال و شێخ عیزەدین حسێنی و ئەوانە، ئەوندەی من دیقەتم داوە مام جەلال هەمیشە لەکۆنگرەکانی ئێوە، لەکۆنفرانس، لە زۆربەی کێشەکانی ئێوە بەشدارە ئەو نزیکایەتی و دۆستایەتیەی ئێوە لەگەل مام جەلال چۆن چۆنی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ وەلامی ئەو پرسیارە پێویستە برێک بگەرێینەوە دواوە. ڕووداوەکانی سالی (1975) و شکستی شۆرشی کوردستانی عێراق، دەنگدانەوەی زۆر گەورەی لەکوردستانی ئێران هەبوو. بە تایبەت کە بە هەزاران کەس

له خەڵکی کوردستانی عیراق ئاوارەی کوردستانی ئێران بوون. ئەم رووداوە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ورەی خەڵکی کوردی لای ئێمەش دانابوو، کۆمەڵە ئەوکات لەنامیلکەیەکدا لەژێر ناوی "پیلانێکی نوێ لە دژی گەلی کورد" ئەو رووداوەی لێکدا بۆوە و هەڵوێستی گرتبوو.
کاتێک دوو ساڵ دوای ئەو رووداوە هەواڵی هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستانی عیراقمان بیست، سەرنجی زۆری ئێمەی بەرەو لای خۆی راکێشا و لە هەولی ئەوەدا بووین لە چەند و چۆنەکەی ئاگادار بین، کە بیستمان رێکخراوێکی چەپی مارکسی لە ناو ئەو حەرەکەتەدا هەیە ئەوەندەی دیکە عەلاقەمەند بووین کە پەیوەندیان پێوە بکەین و لەگەڵ حەرەکەتەکە ئاشنا بین. نامیلکەی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان، لە هەموو شوێنێک بلاوکردەوە. کاتێک کە ئێمە پەیوەندیمان پێوەکردن لە دژوارترین هەلومەرجی ژیان و خەباتی خۆیاندا بوون. کارەساتی هەکاری قەومابوو، لە ژێر زەختی دەولەتانی ئێران و عیراق و تورکیادا بوون و لە کوێستانەکانی قەندیل دا گیرسابوونەوە. بریارماندا، کەس بنێرین بۆ لایان، بۆ پەیوەندی گرتن و هەروەها دەستماندایە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆیان. یەکەم کەسی ئێمە کاک خانەی مۆعینی بوو، دوواجار دکتۆر جەعفەری شەفیعی و چەند هاوریٚ دیکەمان چوون بۆ لایان. ئەوە یەکەم ئاشنایی ئێمە بوو لە نزیکەوە لەگەڵ مام جەلال لە کوێستانەکانی قەندیل.
مام جەلال لە کۆنگرەی (3 و 4)ی ئێمەدا بەشداربووە و وتەکانی لەم کۆنگرانەدا لەئارشیوی کۆمەڵەدا تۆمارکراون. ئێمەش لە کۆنفرانسی یەک و دوو و سێی کۆمەڵەی رەنجدەراندا بەشدار بووین.

مام جەلال ڕەشنووسەکەی ئێمەی گۆڕی، کەچی ئێستا کاری پێناکات

×بیستوومە لە کۆنگرەی 3ی کۆمەڵەدا، مام جەلال دوای ئەوەی کە ڕەشنووسی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودمۆختاری کوردستان دەبینێ، ڕەخنەی لێدەگرێ، کە لەم بەرنامەیەدا بۆچی تەنها مافی پەنابەرێتی بۆ کوردەکانی ناوچەکانی تر هاتووە، بەڵام دوای قسەکانی ئەو ئێوە ڕەخنەکەتان وەرگرت و پەنابەرێتیتان گۆڕی بە پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی تر، کەچی ئێستا حکومەتی هەرێم ئەو مافەش نادات بە کوردە سیاسییەکانی نیشتەجێی ئێرە، ئەو باسە چۆن بیری مام جەلال دێننەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە ئێوە بیستووتانە ڕێک وابوو. لە سیمینارێکی پەراوێزی کۆنگرەدا کە مام جەلالیش بەشدار بوو ئەو ڕەخنەیەی لێ گرتین و ئێمەش سەلماندمان. وەک من بزانمئێستا حکومەتی هەرێم لەم بابەتەوە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی ناکۆکییان هەیە. هەرچۆنێک بێ لام وایە کە ئەوە لانیکەمی کارێکە کە بۆ تێکۆشەرانی سیاسی کوردستانی ئێران لێرە پێویستە بکرێ و گەلێکیش لەوە ئەولاتر، حەق وایە حکومەتی هەرێم ئەو ڕەخنەیەی ساڵی 1983ی مام جەلال لە ڕەشنووسی بەرنامەکەی ئێمەی لەبەرچاو بێ و بە پێی ئەو گۆڕانکارییە هەڵس و کەوت بکات کە ئەوکات ئێمە لە سەر پێشنیاری مام جەلال هێنامانە ناو بەرنامەکەی خۆمانەوە.

کۆمەڵەو رۆڵی شوراکان

×باسی شورا ئایا کارکردنی شوراکان تا چەند سەرکەوتووە، یەعنی ئەزموونێکی واقیعی بوو توانیتان ئێوە بیسەلمێنن کە فعیلەن سەرکەوتووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر لەرۆژەکانی پێش رووخانی رژێمی شـاوە، شوراکان لە شار و لە دێ دامـــەزران، لەگەڵ لەبەر یەکترازانی دام و دەزگای رژێمی شا، ئەو شورایانە کە هەموویان جێگەی متمانەی خەڵک بوون کۆنترۆڵی شارەکانیان بە دەستەوە گرت. تالان و برۆ رووینەدا، ئەمارەکانی دەوڵەتی، کەلوپەلی ئیدارە دەوڵەتییەکان، هەمووی هاتنەژێر کۆنترۆڵی شوراکانەوە. هەڵبەت لە برێک شوێن ئەو پرۆسەیە هەروا بە ئاسانی نەچووە پێشەوە. بۆ نموونە لەشاری سنە چەند لایەن لەسەر بەرێوەبردنی شار تووشی ناکۆکیبوون، کۆمیتەی سەر بە جمهوری ئیسلامی کە ئاخوندێک بە ناوی سەفدەری بەرێوەیدەبرد. مۆفتی زادە و لایەنگرانی کە رەوتێکی مەزهەبی بوون، کۆمەڵە، چریکە فیدائیەکان، حزبی دیموکرات بەڵام سەرئەنجام هەموو رێککەوتن و شورای شاری سنەش بەهەڵبژاردن دیاریکرا.

پێشتر باسی بنکەی گەرەکەکانم کرد. سەرجەم ئەزمونی شورا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بە داخەوە کورت ماوە بوو و بە هێرشی رژێمی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە شارەکان لەناوچوون و لەبرێک دێهاتیش کە لەناوچەی ئازاددا بوون هەر شوێنێک حزبی دیموکرات دەسەلاتی هەبوایە بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە دەستکردی کۆمەڵەن هەڵیدەوشاندنەوە.

شکڵی دەسەلاتی شورایی ئەو ئینسانانەی کە لەناو کۆمەڵگادا لەهیچ شوێنێک ناویان نییە و مافیان پێشیلکراوە ، بەرزیان دەکاتەوە دەیانهێنێت تا ئاستی بەشداریکردن لە دەسەلاتدا، کەسێک کە نووسەر نییە، شاعیر نییە، هونەرمەندێکی بەرجەستە

نییە، دەوڵەمەندێک نییە کە بە ئیعتیباری سەروەتەکەی ناوی دەرکردبێ و مەسەلەن ڕۆژێک لەڕۆژان کارێکی خێرخوازانەی کردبێ و لەو رووە ناوێکی دەر کردبێ ، هیچکام لەوانە، هیچ کات دەسرەسی بە وەسیلەیەکی وا نەبووە کە لە ئاستێکی بەرینتردا خۆی بە کۆمەڵگا بناسێنێ، وەها کەسێک دەتوانێ باشترین بەرێوەبەری کاروباری گەرەکەکەی خۆی بێ و لە ڕێگەیەوە خۆی بناسێنێ و تواناییەکانی گەشە پێبدات و ڕێگە پەیەدا بکات بۆ ئاستی بالاتری دەسەلات.

پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران
(سەردەشت) 1362

×باست لەوەکرد لە کۆنگرەی سێهەمدا لەگەڵ (ئیتیحادی موبارزاتنی کۆمۆنیست–سەهەند) جەماعەتی مەنسوری حیکمەت و لەگەل بەشێک لە چەپەکانی ئێران قسەکرا بۆ بونیادنانی حزبێکی تازە، بەناوی (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) یەعنی من ئەمەویت سەرەتا باسی ئەوە بکەم ئایا ئەو بیرۆکەیە یا دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەو کۆنگرەیەوە سەرچاوەی گرت یان پێشتر ئێوە بەرنامەیەکتان هەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کە کۆمەڵە پێکهات، ئاسۆی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لەبەرچاو بوو. سێ نامیلکەی سەرەکی کە لەساڵەکانی (1970) ی زاینیدا لە ناو ریزەکانی ئێمەدا دەست بەدەست دەگەرا و وەکوو بنەمایەک بۆ پەروەردەکرنی ریزەکانی کۆمەڵە چاویان لێدەکرا، لە هەر سێکیان دا لەسەر پێویستی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران پێداگری کراوە. هەر سێکیان بەفارسی نوسراون: " بۆچی پرژو بلاوین و چۆن یەک بگرین" و " بۆ پێشەوە بەرەو پەکگرتنی ئوسولی کۆمۆنیستەکان" و " پلانێکی نوێ لە دژی خەلکی کورد" .

پلانی ئەسڵی بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست لە ساڵی (1360)لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵەدا دارێژرا و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ هەوڵدان لەم جیهەتەدا ئەرکی پێسپێردرا. کۆمیتەی تەداروکی حزبی کۆمۆنیست کەمتر لە ساڵێک دوای ئەو کۆنگرەیە پێکهات. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە عەبدوڵڵا موهتەدی کە ووتە بێژی کومیتەکە بوو، دوکتۆر جەعفەر شەفیعی، شوعەیب زەکریایی، جەواد مشکی، مەنسوری حیکمەت، حەمید تەقوایی، خەسرەو داوەر.

×ئەو دافیعانە چیبوون بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست؟ کێبوون ئەوانەی کە جەختیان لەسەر ئەوە ئەکردەوە کەپێویستە حزبی کۆمۆنیست پێکبێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە بۆچونێکی جێکەوتوو بوو بە لای ئێمەوە، کە شۆرشی کرێکاری لە ئێران بە بێ سەرکردایەتی حزبێکی پێشرەو سەرناکەوێ. قسە لەسەر پێویستییەکەی نەبوو، قسە لەسەر ئەوە بوو کە ئایا هەلومەرجی پێکهاتنی رەخساوە یان نا؟ کەرەسەی پێکهاتنی ئەو حزبە ئامادەیە؟ ئێمە لامان وابوو کە بۆ پێکهێنانی حزب چەند مەرجێک دەبێ هەبێ بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی، لانیکەمی پێگەیەکی کۆمەلایەتی، رێبەرایەتی و ژمارەیەک کادری کۆمۆنیست. ئەو کات لامان وانەبوو کە هەمووی ئەو مەرجانە بە تەواوی پێکهاتوون، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسی دوای شۆرش لە ئێران و چارەنووسێک کە ئەو شۆرشە پەیدای کردبوو و هەلومەرجێک کە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان تێی کەوتبوون لامان وابوو کە دەبێ پەلەی لێبکرێ، بۆ ئەوەی پێش بەدابران و بلاو بوونەوەی کادرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بگیرێ.

لامان وابوو ئەو کەم و کوریانەش کە هەیە بە بوونی حزب باشتر چارەسەر دەکرێن تا لە نەبوونیدا. هێزەکانی چەپ و کرێکاری لە ئێران لە شۆرشی (1357)دا دەورێکی چارەنووس

سازیان بینی. مانگرتنەکانی مانگی هاوین و پائیزی ئەو ساڵە کەزۆربەیان کرێکاری بوون و ڕێکخراو و کادر و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست دەوری سەرەکییان تێیدا هەبوو، پشتی رژێمی شای شکاند. لەسەردەمی راپەریندا لە هەموو کارگە و کارخانە گەورەکان لە پاڵاوگەکانی نەوت، شورای کرێکاری پێکهاتبوو. لەیەکەم رۆژی یەکی ئەیاری دوای راپەریندا لەسەر بانگەوازی سازمانە رادیکالەکانی چەپی ئێران بە سەدان هەزار کرێکار هاتنە سەر شەقامەکانی شاری تاران. بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، ئەوانە هیچ کامیان لەژێر سەیتەرەی ئیسلامییەکاندا نەبوون.

بەو حالەشەوە هەتا چاومان کردەوە، بە هۆی کارئاسانێک کە دەولەتانی رۆژئاوا بۆ حەرەکەتی ئیسلامی کردیان، ئەوانیش کە هێز و توانا و پێگەی کۆمەلایەتی خۆیان هەبوو، لە خەباتی دژی شادا بەشدار بوون، هاتنە روو و هاوسەنگی هێزیان بە قازانجی خۆیان گۆری.

ئێمە پێمانوابوو شۆرشی ئێران بە هۆی نەبوونی حزبێکی یەکگرتووی خاوەن بەرنامە و ستراتیژو ڕێبەریەوە بەو چارەنووسە گرفتار بوو، ئەگینا پێگەی کۆمەلایەتی چەپ لەوە بەهیزتربوو کەبەمجۆرە، تەفر و توونا بکرێ. دوژمن هێرشی هێنابوو، دەبوایە سەنگەر بەندی یەک لە بەرانبەریدا بکرێ، بۆ ئەوەی خەسارەتەکانمان کەمتر بێتەوە، ورەی هەڵسووراوانی کۆمۆنیست لە دەرەوە و ناوەوەی زیندان بەرزتر بێتەوە. بەنیسبەت کوردستانیشتەوە خەلکی کورد ئەگەرچی دەستیدابووە موقاومەتێکی سەرومالی، بەلام هەمووان هەستیان بەوە دەکرد کە پێویستیان بە پشتیوانی سەرتاسەری هەیە. بۆیە کاتێک دەمانگوت لە هەولی پێکهێنانی حزبێکی سەرانسەرپدایین، کە هێز و تواناکانمان یەک بخاتەوە، ئەو بەشە لە خەلکی کورد کەپشتیوانیان لە کۆمەڵە دەکرد، پێی خۆشحاڵبوون. ئەو خاڵەش

جێگای سەرەنجە کە هەر ئەوکات حزبی دیموکراتیش وەکوو باڵێکی دیکەی موقاوەمەت لە کوردستان چۆە ناو "شورای نیشتمانی بەرگری"یەوە و بوو بە هاوپەیمانی ڕێکخراوی مۆجاهدینی خەلک. لایەنگرانی حزبی دیموکراتیش بە هۆی ئەو سیاسەتەوە حزبەکەی خۆیان سەرزەنێش نەدەکرد. نەک هەر ئەوکات ئێستاش کەسێک بیهەوێ ڕێگایەکی سەر ڕاست بۆ ڕزگـاری خەلکی کورد لە کوردستانی ئێران لە ستەمی نەتەوایەتی نیشان بدات، هەر دەبێ لەهەولی پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتوویی بۆ گۆرینی دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزیدابێ، بەبێ ئەوەی کە لە تاران دەولەتێک لەسەرکار بێ کە هیچ بەرژەوەندیەکی لە ئیدامەی ستەمی نەتەوایەتیدا نەبێ، هیچ دەستکەوتێک لەژێر هەر ناوێکدابێ، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بەردەوام بێ. خۆ ئەگەر وەها دەولەتێک لەسەرکار نەبێ مافی جیابوونەوەش بەرەسمی ناناسێ. مەبەستم لەم مافە ئەوەیە کە بوونی کۆمەلە وەکوو بەشێک لە حزبێکی کۆمۆنیستی سەرانسەری، لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ ستراتیژی سیاسی و بەرنامەی گشتی ئێمە دێتەوە،ئاسۆیەکی ڕوونیشە کە بە ڕووی خەلکی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی کراوەتەوە. خۆ ئەگەر خەلکی کورد خەلکی خورد وەها دافیعەکی لەو سیاسەتەی کۆمەلەدا هەست پێنەکردبایە بە درێژایی (24)ساڵی ڕابردوو کەکۆمەلە وەکوو بەشێک لەو حزبە چالاکی کردووە، پشتیوانی لێنەدەکرد.

لە وەلامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتاندا، لەناو کۆمیتەی ناوەندی ئەو کاتەی کۆمەلەدا هیچ کەس دژی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست نەبوو. پێش کۆنگرەی (3)ی کۆمەلە باسەکانی مەربوت بەبەرنامەی حزب لەناو "دەستەی نوسەرانی" کومەلەدا گەلالە بوو کە بریتی بوون لە عەبدوللا موهتەدی، شوعەیب زەکەریایی و ئیراهیم عەلیزادە.

بونیاگوزارانی حزبی کۆمۆنیست
(36) کەس بوون

×کەی پێکهات دەقیقەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕۆژی (11)مانگی شەهریوەری (1362)هەتاوی بەڕاگەیاندنێکی ڕەسمی لەلایەن کۆنگرەی دامەزرێنەرەوە لەناوچەی ئالانی سەردەشت.

×کێ بوون بەشدارانی ئەو کۆنگرەی دامەزرێنەرە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: (36) کەس ئەندامی کۆنگرەی دامەزرێنەر بوون کە (5)کەسیان بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی ئەو کات نەیانتوانی بەشداری کۆبوونەوەکان بن و (31) کەس ئامادەبوون. (4)کەس لەوانەی غایب بوون دەنگی خۆیان داپوو بە ئەندامانی حازر. (مەنسور حکمەت، ئیرەج ئازەرین، عەبدۆڵلا موهتەدی، شۆعەیب زەکەریایی، موزەفەر مەحمەدی، ناسر جاوید، خەسرەو داوەر، رەزا مۆقەدەم، حەبیبۆڵا فەرزاد، غوڵام کەشاوەرز، ساعد وەتەندوست، جەواد مشکی، کۆرش مۆدەرسی، ئەبوبەکر "سیامەک" مۆدەرسی، حوسێن مۆرادبەیگی، سدیق کەمانگەر، ئیرەج فەرزاد، محەمەد هاشم رەزایی، ئیبراهیم عەلیزادە، جەعفەر شەفیعی، شەریف شاکری، خەسرەو رەشیدیان، عوسمان رەوشەن تودە، رەحمان حوسێن زادە، یەدۆڵا پیگلەری، فاروق بەیگزادە- بابامیری، حەمید تەقوایی، عومەر ئیلخانیزادە، فەرهاد ئەردەڵان، عەلی ئەسەغەر نیکخواه "کازم"، رەحمان ئەرغەوانی، موحسێن رەحیمی، محەممەد شافعی، شەهرام، تاهێر خالیدیو عەبدوڵلا دارابی) لە ناو ئەواندا محەمەد شافعی، رەحمان ئەرغەوانی، موحسێن رەحیمی، شەهرام وەکوو ئەندامی کونگرە دیاری کرابوون کە بە هۆکاری فەننی نەیانتوانی بەشدار بن.

حزبی کۆمۆنیست زەربەی لەکۆمەڵە نەدا

×ئێوە کۆمەڵەتان نەکرد بەقوربانی حزبی کۆمۆنیست یا هەستان نەکرد هەڵەتان کرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست هیچ شتێکی لەکۆمەلە کەم نەدەکردەوە، بەلکو تواناى زۆرتریشی پێدەبەخشی. هیوا و ئومێدێک کەرێباز و ئامانجەکانی ئەو حزبە بەریزەکانی کۆمەلەی بەخشی کۆمەلەی لە قۆناغێکی سەختی ژیانی سیاسی خۆیدا کە بە دوای تێکشکانی شۆرشی ئێران بەدەستی رژێمی ئیسلامی و بە دوای پاشەکشەکانی یەک لە دواییەکی هێزی پێشمەرگە لەکوردستان تووشی بوو لەرۆژانی دژواری شەری داسەپاوی حزبی دیموکراتدا، تێپەراند. بەنیسبەت بزووتنەوەی خەلکی کوردستانیش بۆ لەناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی، کۆمەلە لەپێناوی بەرێوەبردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەو بزووتنەوەیەدا دەسەلاتی تەواوی پێدرابوو و ئەوە لە پەیرەوی ناوخۆی حزبدا بە وردی فورمولە کراوە.

ئەو کات بەتایبەت هەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و هەم بزووتنەوەی خەلکی کوردستان پێویستییان پەوە بوو کە خۆیان لەچوارچێوەیەکی گەورەتردابیننەوە. بە هەلکەوت نییە ئەگەر هەر لەم دەورەیەدا حزبی دیموکراتیش بە شوێن هاوپەیمانی سەراسەریەوە دەچێتە ناو شورای میللی بەرگریەوە و لەگەل موجاهیدین دەبێتە هاوپەیمان. ئەوەش ئاشکرایە کە رێبەریەاتی ئەوکاتی حزبی کۆمۆنیست دەورێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی بەرچاو روونی و ستراتێژی رۆشن بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی خەلکی کوردستان بینی.

×ئەی بۆ داهاتوو زەرەری نەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای ئەو سالانەی سەرەتایی کە باسمانکرد هەلسوکەوتی زۆری هەبووە، تووشی لێکدابران و جیابوونەوە هاتووە، بەلام لە پەیوەند لەگەل

هەلومەرجێکی سیاسی کە لەئێراندا بووە، ئەم وەزعە تەنها تایبەتمەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبووە، بەلکو کەم و زۆر هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێران هەر لە وەها مەوقعیەتێکدا بوون. کێ دەڵێ ئەگەر کۆمەلە نەچووبایە چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە وەزعی لە ئێستای باشتر دەبوو؟. چاوێک لە وەزعی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانی ئێران بکەن، تەنانەت ئەوانەی بە ناوی کۆمەڵەشەوە کاردەکەن، ئەوجار ئەوەتان بۆ روونده‌بێتەوە کە ئەو بریارەی ئەو کاتی رێبەرایەتی کۆمەلە، ئەگەر لەچوارچێوەی مێژوویی خۆیدا چاوی لێبکرێ، بە پێی بەرنامە و رێبازی سیاسی کۆمەلە، بریارێکی لەجێگای خۆی بووە. لەوانەیە ئەگەر بە فەرز ئەمرۆ بگەرێینەوە ئەو سەردەم رێگا و شوێنێکی جیاواز بۆ پرۆسەی پێکهێنانی حزب بگرینە بەر، بەلام بەبروای من لە نەفسی پێویستی پێکهێنانی وەها حزبێک پاشگەز نابینەوە.

×ئێوە ئەگەر وایە بۆهەر لەسەرەتاوە شتێکتان دروستکرد بەناوی (کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) هەرشتێکتان دروستبکردایە بەناوی (حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێران، حزبی کۆمۆنیست) یان سازمانی کۆمۆنیست شتێکی بەو ناوەتان دروستبکردایە و کۆمەڵەتان بۆ دروستکرد ئەگەر وابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر باسمکردبوو بۆتان، کە کۆمەڵە هەر لەسەرەتای پێکهاتنیەوە، هەرگیز خۆی وەکو رێکخراوێکی مەحەللی نەناساندووە. هەر بۆیە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی لە ئاسۆدا نەبووە. بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش پێویست بوو ئێمە تواناییەکانی خۆمان لە جەرەیانی خەباتی رۆژانەی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێشدا و خەباتی دژ بە دیکتاتۆری شا گەشە پێبدەین. پێگەیەکی تا ئەندازەیەک باشی کۆمەلایەتی بە دەست بێنین.

لەبواری نەزەریەوە وەلامی پرسیارە گرنگەکانی سەردەمی

خۆمان لەئێران و جیهان بدەینەوە. ئێمە نەمان دەتوانی تەنها بە ئیرادەی خۆمان ئەو حزبە پێکبێنین. مەلزوماتێکی دەویست دەبوایە لە تەدارەکی ئامادەکردنی ئەو مەلزوماتەدا بین و ئەوەش پێویستی بە خەبات و بە زەمان هەبوو.

×چەند سازمان و ڕێکخراوی ئێران وایکرد کە حزبی کۆمۆنیست دروستبێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەرەتاوە مەسەلەکە لەگەڵ زۆربەی نزیک بەتەواوی ڕێکخراوە سیاسییەکانی چەپی ئێران هاتە گۆڕێ. بەشێک لە ڕێکخراوی "پەیکار"، باڵێکی "ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی خەلکی ئێران"، ئامادەبوون کە لە کۆنگرەی دامەزرێنەردا بەشداری بکەن. دیارە کادرەکانی "کۆمەڵە" و "ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست"یش بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێکهێنانی حزبدا بەشداربوون. هەروەها بەشێک لە ڕێکخراوێک بە ناوی "رزمندگان ئازادی چینی کارگەر" پشتیوانیان لە پێکهاتنی ئەو حزبە کرد.

سەهەند باڵی بەهێزی حزبی کۆمۆنیست بوو

×ئیتیحادی موبارزانی کۆمۆنیست کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕێکخراوێکی چەپی ئێرانی بوون، کە پێشتر لە کۆڕێکی چکۆلەتردا کۆببوونەوە بە ناوی "سەهەند". سەهەند وەکوو ناوەندێکی نەزەری کۆمەڵێک بابەت و نووسراوەیان لەسەر مەسەلەکانی مەربووت بە شۆرش و بە کۆمەلگای ئێران بلاوکردبووە کە سەرنجی هێزە چەپەکانی ئێرانی بە موافق و موخالیف بەرەو خۆی راکێشا بوو. بلاوبوونەوەی ئەو باسە نەزەری یانە بوو بە هۆی گەورە بوونەوەی مەحفلەکەیان و ئەو جار ناوی خۆیان گۆری بە "ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست".

خەباتێکی نەزەری کە ئەوان لە دژی "خەڵق گرایی" و "پۆپۆلیسم" نوێنەرایەتیان دەکرد لە ناو زۆربەی ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران لایەنگرانی خۆی پەیدا کردبوو.

×خەڵکە بارزەکانی ئەم سازمانە کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەنسور حیکمەت، حەمید تەقوایی، ئیرەج ئازەرین، خەسرەو داوەر، ڕەزا مۆقەدەم ،حەبیب فەرزاد و ژمارەیەک لە کادرە بەرجەستەکانی دیکەی ئەو ڕێکخراوەیە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە ئێعدام کران، وەکوو میهدی میرشاە زادە، جواد قائدی، منیرە هاشمی، زهرا دانشوەر فەزلی و چەندین کەسی دیکە.

×ئەوەی کە ئەتانویست وەکو ستراتیژ لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستدا تا ئێستا یان تا چەند ساڵ پێش ئێستا هەستانکرد پێی گەیشتوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان پێی نەگەیشتوین، ئەو ئامانجانە ئەمڕۆش هەر لەبەردەم ئەم حزبەدان و خەباتیان بۆ دەکات. ئێمە قەتْ لامان وان نەبووە گەیشتن بەو ئامانجانە کارێکی ئاسانە، تەنیا ئەوە نەبێ کە پێمانوا بووە ئەوەی کە دەیڵێین و دەیکەین لەگەڵ ڕەوتی حەرکەتی بەرەو پێشی مێژوو هاو ئاهەنگە و سەرکەوتن مومکینە.

بە نیسبەت حزبی کۆمۆنیستەوە ئەمانزانی کە ئەمە حزبێک نییە کە خۆی هەر بەم قەوارە و پێگەی ئەو وەختەی خۆیەوە بتوانێ ببــێ بەستادی ڕێبەریکردنی شۆرشی چینی کرێکار. ئێمە هەرگیز ئەوەمان نەشاردەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو حزبە لەناو چینی کرێکاردا لاوازە. بەڵام لامان وابوو بە کۆبوونەوەمان لە دەوری یەکتر و دانی ئینسجامی حزبی بە خۆمان باشتر دەتوانین ئەو گیروگرفتانەی لەسەر ڕێگە لابدەین.

ئەو سەردەمە کە حزب پێکهات، بەشێکی زۆر لە چەپی ئێران تووشی سەر لێشێواویەکی بەرین ببوو. شیعارەکانی دژی

ئەمپریالیستی خومەینی و تەوەهۆماتی پۆپۆلیستی ڕێگای لێ وونکرد بوو. چەپی ئێران بۆ ساڵەهای ساڵ دژایەتی لەگەڵ ئەمپریالیسم پێ ناسەی بوو، بە نیسبەت نیزامی سەرمایەداری ناوخۆ، لای وا بوو ئەگەر گرێدراوی بێگانە نەبێ و سەربەخۆ بێ دەتوانێ هاوپەیمانی چینی کرێکار بێت لە خەباتی دژی ئەمپریالیستیدا. لە لێکدانەوەی ماهیەتی ڕژێمی ئیسلامیدا، بێ توانا بوو. حزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ هەمووی ئەو کێشانەی ئەو وەختە وەڵامی شەفافی هەبوو.

ئەوە ڕاستە کە حزبی کۆمۆنیست بە ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام هیچ مێژوو نوسێکی واقع بین ناتوانێ چاو لەو ڕاستییە بپۆشێ کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەرەی چەپی ئێرانی لە گێژاوەی فیکری و سیاسی لە دەورەیەکی دیاریکراودا دەرباز کرد. فەرهەنگی سیاسی ئەو چەپەی گۆڕی.

ئەوەی کە چینی کرێکار میحوەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی داهاتووە نەک "خەلک" بە گشتی. ئـەوەی کە مارکسیسم زانستی خەباتی چینایەتییە و بۆ فێر بوونی ئەو زانستە لەجیاتی خوێندنەوەی دەستی دووهەم، ڕاستەوخۆ بچیتە سۆراغی مارکس و پێداچوونەوەیەک بکەین بە هەموو ئەو شتانەی کە بە ناوی مارکسیسم فێری بووین، ئەوەی کە چ پەیوەندیەک هەیە بەینی خەباتی سۆسیالیستی و خەبات بۆ دیموکڕاسی، وردکردنەوەی خاڵەکانی ژیانێکی دیموکراتیک لەکۆمەڵگادا و کردنی بە فەرهەنگێکی جێکەوتوو لە تەبلیغاتی چەپی ئێراندا. ئەمانە بەشێک لەو دەستکەوتانەن کە بێگومان مێژوو بەناوی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە تۆماریان دەکات. جگە لەوانە لە دەورەیەکدا کە دوژمنیش لە هەموو لایەکەوە هێرشی هێنابوو و خەریک بوو کەش و هەوایەک لە نا ئومێدی و بێ هیوایی بە سەر حەرکەتی چەپدا زاڵدەبوو، پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەنگەر بەندیەک بوو بەرانبەر بەو پەلامارە.

کەم نەبوون ئەوانەی کە بە پێکهاتنی ئەو حزبە بوژانەوە، دەستە دەستە بە نهێنی دەهاتن بۆ کوردستان و لە شوێنە رزگارکراوەکان لەژێر چاوەدێری "کومیتەی تەشکیلاتی شارەکان" لەگەڵ بنەماکانی سیاسی و بەرنامەیی و شێوەی کاری ئەو حزبە ئاشنا دەبوون و دوای چەند حەوتوو دەگەرانەوە بۆ شوێنی کار و ژیانیان .

بە هەمووی ئەوانەوە گومانم لەوەدا نییە کە ئەگەر بە فەرزی مەحال ئەوڕۆکە بگەڕێینەوە، ئەو سەردەم، پرۆسەی پێکهێنانی حزبەکەمان لانی کەم لەوردەکارییەکانیدا تەفاوتی دەبێ لەگەڵ ئەوەی کە ئەوکات کردمان. بەڵام ئەوە هیچ لە حەقانیەتی ئەمرۆی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کەمناکاتەوە.

×ئەوە هەست ناکەیت مۆدێلە، هەر حەرەکەیەکی چەپ بێت، خۆی ناو ناوە بە ئەنتی ئەمپریالیزم و بەدژایەتی بۆ ئەمریکا و دژایەتی سەرمایەداری، لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامی هەمان دیعایەی دەکرد، هەست ناکەیت ئەوە بۆتە مۆدیل؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوکات "دژایەتی ئەمپریالیسم" ناسنامەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی بەشێکی زۆر لە چەپی ئێرانی بوو. لەم ناوەشدا ئەوەی کەدژایەتیان لەگەڵ دەکرد ماهیەتی "سەرمایەدارانە"ی ئەمپریالیسم نەبوو، بەڵکو وەکو هێزێکی داگیرکەر و تەجاوزکار دژایەتیان لەگەڵ دەکرد. دژی داگیرکاری و دەستتێوەردانی ئەمپریالیسم لە کاروباری وڵاتەکەیان بوون. لەراستیدا ئەگەر ئەمپریالیسم یان وەکوو نیزامێکی سەرمایەداری پێناسەکردبا ئەو کات دیواری چین یان لە نێوان سەرمایەداری وڵاتەکەیان و سەرمایەداری ئەمپریالیستی نەدەکێشا. رێگەی خۆیان لە خەباتی دژی جمهوری ئیسلامیدا وون نەدەکرد. حزبی کۆمۆنیست هەرگیز لەو خەتەدا نەبوو، چەپی ئێرانیش بە گشتی ئەمرۆکە دەمێکە ئەو قۆناغەی تێپەرکردووە و لەم بابەتەوەبالغ بووە. هەرچەند هێشتا پاشماوەشی هەر ماوە.

سەرمایەداری مۆدیلی ژیانی داهاتووی بەشەر نییە. ئەو شکافانەی کەلەنێوان فەقر و سـەروەت دا و دارا و نەداردا پێکهاتووە خۆی بووەتە رێگر لە رێگەی گەشەکردنی زیاتری کۆمەڵگا. ئەو کێشەیە سەرەنجام بە قازانجی رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگا یەک لایی دەبێتەوە. موشکیلی ئەوکاتی چەپی ئێران ئەوە بوو کە ئەمپریالیسم و سەرمایەداری ناو خۆی جیا دەکردەوە و رادەیەک لەپێشکەوتنخوازی بۆ سەرمایەداری وڵاتەکەی خۆی دانا بوو.ئەمپریالیزم هیچ شتێک نییە غەیری سەرمایەداری. تۆ ناتوانی دژی ئەمپریالیزم بیت، بەڵام لەو وڵاتەی خۆتدا ئازادی نەبێت دژایەتی لەگەڵ ئەمپریالیزم ناتوانێ مەعنای ئەوەبێت کە لێرە دیموکراسی نەبێت ناتوانێ کۆماری ئیسلامی دژی ئەمپریالیزم بێت، بەڵام لێرە هیچ کام لە مافە سەرەتاییەکانی دیموکراتیکی تۆش بەرەسمی نەناسێت.

×من تەوزحیەت بۆ بدەم لەسەر پرسیارەکەی خۆم، زیاتر هەر ئەو جەرەیان و گەرایەش و مەیل و شەخسیاتانەی کە دیعایەیان دەکردو ئەو مۆدیلەیان هەڵگرتبوو خۆیان ئێستا بوونتە سەرمایەدار؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە یەکەم جار نییە لە مێژوودا شتی وا روو ئەدات. کاتێک رژیمێک یان بڵێین نیزامێک ئەروخێنی، بەڵام هەر کەرەسەی فیکری و سیاسی و ئینسانی نیزامەکەی پێشوو بۆ جێنشینەکەی بە کار دێنی، نیزامی کۆن بەئاسانی دەتوانێ سەر هەلبداتەوە. کۆیلەکان کاتێک لەدژی کۆیلەداران راپەرین، چونکە کەرەسەی نیزامێکی نوێ یان لەبەردەست نەبوو، بەشێوەیەکی ئاسایی هەر دەچوونە سۆراغی نیزامە کۆنەکە. لـەدەورەی فیئۆدالیدا، هەر لە کۆمەڵگای ئێران چەندین راپەرینی دژی دەرەبەگایەتی کراوە کە لەئاکامدا تەنیا جۆرێکی تر لە دەرەبەگ جێگای دەرەبەگی کۆنی گرتووەتەوە.

لەخەبات بۆ گۆرینی نیزامی سەرمایەداریش ناکرێ ئەو هێزەی

کە گۆڕانکاری لەسەر ئەساسی بەشداریکردنی ئەودا دەکرێ چینی مام ناوەنجی بێ، بەڵام ناوەرۆکی شۆڕشەکە کرێکاری و یان سۆسیالیستی بێ. ئەم چین و توێژانە بە مەرجێک دەتوانن لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لەخزمەت شۆڕشێکی سۆسیالیستی و کرێکاریدا بن کە هێی سەرەکی بە ژومارە و بە ئایدئۆلۆژی و بەرێکخراو و بە بەرنامە، چینی کرێکار بێ، ئەگەر ڕەوتی دوارۆژی خەباتەکەمان هەر دووپاتکردنەوەی ئەزمونی ڕابوردو بێ، ئەو کێشەیە بێگومانیەخەی ئێمەش دەگرێتەوە. مۆدیلی ژیان کاتێک دەتوانێ بگۆڕێ کە کەرەسەی مادی و کۆمەڵایەتی گۆڕینەکەت ئامادە کردبێ.

موهتەدی دەبێتە یەکەم سکرتێری (حکا)

×یەکەم سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنیست کێ بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک عەبدوڵڵای موهتەدی.

×بەڵام کاک عەبدوڵڵا پێیوایە ئیبراهیمی عەلیزادە و مەنسوری حیکمەت ئەو مەیل و گرایشەیان هێناوەتە ناو کۆمەڵەوە کە کۆمەڵە بەرەو حزبی کۆمۆنیست بڕوات، کە لەکۆمەڵەیەکی کوردستانیەوە بەرەو حزبێکی مارکسی توندڕەو بڕوات ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من نکۆڵی لەوە ناکەم کە چالاکانە بەشداری پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانم کردووە و تەنانەت بەیەکێک لەشانازییەکانی ژیانی سیاسیمی دەزانم، هەرچەند ئەوەش دەزانم کەلە پرۆسەی پێکهێنانیدا دەمانتوانی باشتر هەڵسوکەوت بکەین و پلانی ڕێکوپێک تری بۆ دابڕێژین. بەڵام ئەوە مێژووە و ڕابردووە و ئێستا حزبێکی کۆمۆنیستی واقیعیمان لەبەردەستە کە دەبێ بزانین چۆن لەپێناوی گۆڕانکاری قولی کۆمەڵایەتیدا لەکۆمەڵگای کوردستان و ئێران بە کاری دێنین. ئەوە بەشەکەی من.

سەبارەت بە بەشەکەی کاک عەبدۆڵلا پێم باشە کە هەندێک مەعلوماتتان پێبدەم. بەردی بناغەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کۆنگرەی (2)ی کۆمەڵەدا دارێژرا. هەمووی نزیک بە تەواوی بریارنامەکانی کۆنگرەی (2) بەخەتی کاک عەبدۆڵلا نوسراون. کاک عەبدۆڵلا لە باسەکانی مەربوت بەبەرنامەی حزبی کۆمۆنیستدا لەگەڵ نوێنەرانی ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست دەوری یەکەمی هەبوو. وتارە گرنگەکانی گۆڤاری پێشرەو کە زەمینە سازی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون لەلایەن کاک عەبدۆڵلاوە نووسراون.

کاک عەبدۆڵلا لەگەل دوکتۆر جەعفەری شەفیعی، مەنسور حیکمەت، جەواد مشکی، خەسرەو داوەر، ئەندمی کۆمیتەی تەداروکی کۆنگرەی دامەزرێنەر بوون، من لەو کۆمیتەیەدا نەبووم و کاک عەبدوڵلا وتەبێژی ئەو کۆمیتەیە بوو، کاک عەبدۆڵلا نامەیەکی ناوخۆیی هەیە کە بەناوی "شێرکۆ" ئیمزای کردووە، ناوەرۆکی ئەو نامەیە بریتییە لەوەی کە پێویستە لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستدا ماتلی هیچ شتێکی دیکە غەیری پەیرەوی ناوخۆ نەبین. رەخنە لەدواخستن و راراییاندەگرێ کە بۆ پێکهێنانی حزب هەیە. کەچی لایەنی ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە پێویستە شێوەی کارمان لە شێوەی کاری وردە بورژواییانەوە بگۆرین بۆ شێوەی کاری، کرێکاری، بەرنامەی کۆمۆنیستی لە کردەوەی رۆژانەماندا رەنگ بداتەوە. حزبی کۆمۆنیست نابێت تێکەڵاوبونێکی سادەی چەند رێکخراو بێ. بۆچوونەکەی کاک عەبدۆڵلا رەخنەی لێگیرا، هەرچەند لە کردەوەدا پرۆسەی پێکهێنانی حزب زۆر درێژەی نەکێشا.

جگە لە هەمووی ئەوانە کاک عەبدۆڵلا بە دڵخوازی خۆی پۆستی سکرتێری گشتی حزبی وەرگرت، ئەو یەکەم کەس بوو کە لەسەر گرنگی ئەو حزبە لەگەڵ فیلم سازێک کە بۆ کەناڵێکی

تەلەفزیۆنی فەرانسە کاریدەکرد بە زمانێکی پاراو قسەی کرد و لە هەموو ئەورووپا بڵاو بووەوە. هەموو ئەو کارانەی ئەو کاتی کاک عەبدوڵڵا بەرای من زۆر باشبوون، ئەگەر ئێستا لێیان پەشیمانە، مافی خۆیەتی و گۆرانکاری لە فکر و بیر و بۆچوونی ئینسانەکاندا شتێکی گەلێک ئاساییە، بەڵام مێژوو بە دڵخوازی ئەمرۆی ئەم و ئەو ناگۆردرێ، لەبیرمە کە ئەو یەکەم کەس بوو کە لە ئاوایی "بێژوێ" لە ناوچەی ئاڵان بە حەماسەوە ئەو حزبەی روو بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەی ئاڵان راگەیاند و دڵنیایکردن کە خەباتی کۆمەڵە لەم رێگایەوە گەشەدەکات و ئەو کات لای وا بوو کە خەڵکی کوردیش لەو رێگایەوە باشتر دەتوانێ مافی نەتەوایەتی خۆی بە دەست بێنێ.

×جا وابوو، ئەوە بۆ ئەو مەبەستەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبی کۆمۆنیست بۆ مەبەستی دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد پێک نەهاتبوو، بەڵام بەپێی بەرنامەی ئەو حزبە بە بێ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی دیموکراتیکی وەکوو مەسەلەی نەتەوایەتی کورد و مەسەلەکانی دیکەی پاش ماوەی دەورانی کۆن، هەنگاونان بەرەو شۆرشی کرێکاری و سۆسیالیزم مومکین نییە. بەبروای من ئێستاش ئێمە وەکوو کۆمەڵە لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا باشتر دەتوانین خزمەت بکەین بە چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کورد.

×بەڵام کاک عەبدوڵڵا لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا ئەنێتو ئەڵێ ئێمە کە ئەو کارەمانکردووە، هەڵەبووین، کۆمەڵەمان بەلارێدا بـردووە، تا ئەو کاتەی کەدیسان کۆمەڵە دروست ئەکەنەوە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان ئەڵێ ئێمە تا ئێرە غەڵەت بووین، دوابەدوای ئەوە ئامادەنین ئەو غەلەتە قبوڵ کەین و کار لەناو حزبی کۆمۆنیست بکەین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە بەحسێکی ترە، ئەو رەخنەیەی

کەکاک عەبدۆڵڵا لەرابردووی خۆی دەیگرێت. ئەوە هەڵوێستی ئێستای خۆیەتی. بەڵام ئەوە هیچ شتێک لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەو یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو وە هەمووومان بەو ئیعتبارە ڕێزمان بۆی هەبوو. ئەو حزبەی کە ئەو لە دامەزرێنەرانی بوو کۆمەکی کردووە، بەوەی کە کۆمەڵەش دەورەیکی سەختی ژیانی سیاسی خۆی سەربەرزانە تێپەر کات. خەلک هەقیانە ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە کەسانێک کە (18) ساڵ بە لارێ یاندا بردوون ، ئەگەر فەرزیش بکەن لەم رەخنە لە خۆییاندا راستگون، بۆ دەبێ بکەونە شوێن کەسانێک کە لەژیانی سیاسیاندا هەڵەی ئاوا گەورە لەمەودایەکی ئاوا دوورودرێژ دا دەکەن. چۆن دڵنیابن لەوەی کە لەمە بەدواش بە لارێیەکی دیکە یان دانابەن؟

حزبی کۆمۆنیست لەژێر فشاری دیکتاتۆریەتدا بوو

×لەو سیمینارەی کە تۆ باستکردو تایبەت بوو بە سیمیناری شیمال لە ساڵی (1361) مەنسوری حیکمەت (10) تێزی تەرحکردوە لەو سمینارەدا، لەهەموو تێزێکدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە حزبی کۆمۆنیست لە پێویستێکی تاکتیکی و قۆناغی خەباتەوە سەرچاوە بگرێتەوە، دەڵێت حزبی کۆمۆنیست نوێنەرو پارێزەری سەربەخۆیی و چینایەتی پرولیتاریایە، دیسان دەڵێت سەرکەوتنی حزب لە تەشکیلاتدان و پەرەگرتنی نفوزی و خۆشەویستی لەناو خەڵکدایە وە کە من لێرەدا راتدەگرم ئەو حزبە تا ئێستا نەبووە بەو خاوەن نفوز، مەنسوری حیکمەت دەڵێ تا ئەو کاتەش کەخۆی چەند دەورە سکرتێری بووە، وە لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش تەنها نەیتوانی کەئەو حزبە بێت کە

جەماوەری و خاوەن نفوزبێت، وە خەبات دژی ڕێویزیۆنیزم و جەختکردنەوەیەکی لەسەر مارکسیزم، پاشان هەموو ئەو تەرحانەی کە مەنسوری حیکمەت دەیکات، دواتریش حەمیدی تەقوایی لەسەر هەمان شت بۆچوونەکانی دووبارەئەکاتەوە، ئەمە هەمووی کوتلەیەک بوون مەنسوری حیکمەت و حەمیدو ڕەزاو کۆرش، دوابەدوای ئەمانە کە حزبی کۆمۆنیست پێکدێت، تاوەکو کۆنگرەی هەشتەم کاک عەبدوڵڵا دیارە سکرتێر بووە و بەو قسانەش جەنابت پشتگیری لەهەموو ئەم تێزانەو لەئەم (10)تێزەی سیمیناری شیمال کردووە، ئەگەر ئێوە پێتانوابوو وە دواتریش، مەبەستی پرسیارەکەشم ئەوەیە هەم حزبی کۆمۆنیست نەیتوانی ببێتە ئەو خاوەن نفوزەی کە مەنسوری حیکمەت باسیدەکات، وە لەپلیۆنۆمی (20)ی کۆمیتەی ناوەندیش کە ئەمە لەبەردەستمدایە جەنابت ئەیبینی مەنسوری حیکمەت، وزۆربەی کۆمیتەی ناوەندی جیابوونەوەیان لە ئێوە ڕائەگەیەنن، ئەگەر ئێوە پشتگیرتان لەهەموو ئەم تێزانەی مەنسوری حیکمەت کرد، بۆچی هەم نەتانتوانی ببنە خاوەن نفوز لەڕووی تەشکیلات و خەباتی دژی ریزویزم، وە بۆچی ئەم جەرایەنەی ساڵی (1991)دیسان تووشی ئەو ئینشیعابە بوو، وە تەنانەت ئەگەر هەڵە نەبم ڕەنگە بۆ خۆشت لەگەڵما بیت، گەورەترین تەئسیری مەنفیو نێگەتیڤی داناوە لەسەر کۆمەڵە، بەو پێیەی کە زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ خۆی بردووە مەنسوری حیکمەت، تەنانەت پێموایە تۆو کاک عەبدوڵڵاو فاروقی بابە میری و یەک دوانێکی تر مانەوە لەو کۆمیتەی ناوەندیە ئەم هەموو ئاڵوگۆڕانە، من پێموایە جەنابیشت بەرپرسیت لەهەموو ئەو بارودۆخەی کەبەسەر کۆمەڵەدا هاتووە کە نفوزو گەشەو ڕەنگە ڕەنگ ڕێژی کۆمەڵە لەکوردستان پاشەکشەی کردووە لەبەرامبەر هەموو ئەو هەڵمەتانەی کە مەنسوری حیکمەت پێکردوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: قەزاوەتی من لەسەر حزبی کۆمۆنیست وەکوو هی ئیوە وا نییە، هەر چەندە لەوەدا لەگەڵتانم کە نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەدی بێنێت. هەڵبەت بێگومان گەلێک دەستکەوتی باش و گرنگی لە ئێران بووە و لەسەر رەوتی چەپ لەو وڵاتەدا کاریگەری موسبەتی داناوە. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە بزانین لێکدانەوەمان لەسەر هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەدی بێنێت چیە؟ بۆچوونێک کە لەکاتی جیابوونەوەی جەرەیانی کۆمۆنیسمی کرێکاریدا زاڵبوو، لای وابوو هۆکاری ناکام بوونی حزبی کۆمۆنیست لەبوونی بە حزبێکی کارامە، ئامرازی دەستی چینی کرێکار لە خەباتیدا، ئەوەیە کە بیر و بۆچوونەکانی ئەو حزبە بەباشی لەکردەوەی هەڵسورانیدا رەنگی نەداوەتەوە، بیری ناسیۆنالیستی و رێفۆرمیستی بە سەر کردەوەیاندا زاڵبووە، ئەو بۆچوونە دەرکی ئەوەی نەدەکرد کە بۆ گەشەکردنی حزبێکی سیاسی لەئاستی جەماوەریدا ئازادی پێویستە. ریشەی کێشەکە لە مێشکی ئینسانەکاندا نییە، بەڵکو لە هەلومەرجی کۆمەلایەتیدایە.

حزبی کۆمۆنیست لەو کاتەوە کە پێکهات هەتا ئەمرۆش بەردەوام لەژێر زەختی دیکتاتۆریدا بووە و لە مانگی جۆزەردانی (1360)و خەرمانانی (1367)بە دەیان کادری بەرجەستەی ئەو حزبە کەهەڵسوراوی بزووتنەوەی کرێکاری بوون ئێعدام کران. ئەو هەلومەرجە بە ئیرادەی من و تۆ ناگۆڕێ. لەو ساڵانەدا، کۆمەلە بەئیعتباری هێزی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری تارادەیەک توانی خۆی لەژێر زەربەی دوژمن دەرباز کات. لە هەمووی ئەو سالانەدا بۆ حزبی کۆمۆنیست فورسەتی ئەوە نەخوڵقا کە بتوانێ لە کەشوهەوایەکی نیوە دیموکراتیکیش بووە خۆی لە مەحەک بدات. هەر ئێستاکە تۆزقاڵێک هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی موخالیفی رژێم لە ئێران گۆراوە، ئێمە شاهیدی بوژانەوەیەک لە چالاکی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەین. لەسەردەمی شۆرشی

گەلانی ئێران لە دژی رژێمی شا، بۆ کۆمەڵەیەک کە لەدەورەی کاری نەهێنیدا نەیتوانیبوو گـەورە بێتەوە و گەشە بکات، فورسەتێکی مێژوویی خولقا کە توانی بە هۆی رێبازی دروست، بە هۆی شێوەکاری جەماوەری، بە هۆی راستگۆیی و شۆرشگێر بوونی وەڵامی پێویستییەکانی زەمانەی خۆی بداتەوە، گەشەیکرد و بوو بەرێکخراوێکی گەورەی جەماوەری.

بۆچی دەبێ فەرزمان ئەوە بێ کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران ناتوانێ لە فورسەتی مێژوویی لەو چەشنە لەداهاتوودا کەلک وەر بگرێ و خۆی لە ئامانجەکانی نزیکبکاتەوە و سەرئەنجام پێیان بگات، لێرەدا دەمەوێ شتێکی تریشی پێ زیاد کەم، تۆ ناتوانی ناکامییەکانی حەرکەتی چەپ لە هەموو دونیا هەر لە ئامریکای لاتینەوە هەتا رۆژهەلاتی ناوەراست و چین و ئاسیا، بەسەر حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بشکێنیتەوە. حەرەکەتی چەپ و کۆمۆنیستی، بە هەموو حەقانیەتیشەوە، چەندین پاشەکشەی لەئاستی دونیادا پێ تەحمیل کراوە. ئێمە دەتوانین هیوادار بین کە بە بەشی خۆمان هەولدەدەین ئەو رەوتە هەلگەرێنینەوە. ئێمە شکستمان نەخواردووە، بەلام تەنانەت هەر شکستیش دەتوانێ دەرس و تەجروبەی سەرهەلدانەوەیەکمان پێبدات. بە دەیان سالێ لە ولاتی یەکێتی سۆڤیەت ناسیۆنالیزمی روسی بە ناوی کۆمۆنیزم لەسەر حیسابی ژیان و ماندوو بوون و چەوسانەوەی چینی کرێکار لە کێبرکێ لەگەل دەولەتانی سەرمایەداری رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکادا بوو. ئاشکرابوونی نهێنییەکانی پشتی دیواری ئاسنین بوو بەهۆی ئەوە کە لە لای زۆرێک لە کرێکاران و خەلکی دنیا هەموو نەهامەتییەکانی سەرمایەدارییەکی بێ بەزەییانەی دەولەتی کەناوی سۆسیالیزمی لە خۆی نابوو بە سەر رێبازی راستەقینەی کۆمۆنیستیشدا بشکێتەوە.

ئەم هەلومەرجە کاری ئێمەی وەکوو هەر کۆمۆنیستێکی دیکە لە هەر گۆشەیەکی دونیا گەلێک دژوارتر کردبوو. تەنیا چەندین

ساڵ دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دوای ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری ئەمپریالیستی نەک هەر نەیتوانی بەدیلێکی ئینسانی بێنێتەکایەوە و کۆمەڵانی خەڵک لە برسیەتی و شەڕ و بێ مافی رزگار کات، تەپ و تۆزی تەبلیغاتی دژی کۆمۆنیستی نیشتەوە و جارێکی دیکە مەجال بۆ سەر بەرزکردنەوەی کۆمۆنیستەکان پەیدا بوو.

جگە لەوە دەمەوێ ئاماژە بە بۆچوونێکیش بکەم کە هەر لەسەرەتاوە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بووە ئێستاش هەر ئیعتباری خۆی راگرتووە. ئێمە لامان وایە هۆکاری سەرەکی لەوەدا کە رەوتی کۆمۆنیستی پێگەی جەماوەری خۆی لە وڵاتانی پێشکەوتوی سەرمایەداری دا بە سۆسیال دێمۆکراسی ئەوە بوو کە بەرانبەر بە ریفۆرم و باشتر کردنی ژیانی رۆژانەی جەماوەر سیاسەتێکی واقع بینانە و ئۆسولی و عەمەلییان نەگرتە بەر.

ئەمانە هەمووی جێگای لێکۆڵینەوەی دور و درێژن. بەڵام بۆیە ئاماژە پێکردنیان لە وەلامی پرسیارەکەی ئێوەدا پێویستە، چونکە لە جیهانی ئەمرۆدا هیچ رەوتێکی سیاسی ناتوانێ بە جۆرێک لەجۆرەکان لە کار تێکردنی هەلومەرج جیهانی بەسەر چالاکی و خەباتیدا خۆی دور بگرێت.

مەنسوری حیکمەت
گرنگی بەمەسەلەی کورددەدا

×تۆ تا چەند موعجیب بوویت بە تێزەکانی مەنسوری حیکمەت وەکو خۆت ئەزانی مەنسوری حیکمەت، هیمەنەیەکی تەواوی کردبوو لە ناو رەوتی کۆمۆنیست، تەنانەت تەئسیری لەسەر کۆمەڵەش دانابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەندەی کە لەگەڵ مەنسوری حیکمەت لە ناو حزبێکدا پێکەوە کارمان دەکرد وەکوو مارکسیستێکی بە

توانا رێزم بۆی هەبوو و پێموایە لە رەواجدانی زانستی مارکسی لەناو ریزەکانی کۆمەلە و حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و تەنانەت لەناو هەموو چەپی ئێران، دەورێکی گرنگی بینی.

ئەو رێبازی مارکس و هەروەها لێنینی بە باشی دەرک کردبوو و خەلاقانە بە کاری دەهێنا. بەلام من پێموا نییە کە تا ئەوکات کە لەناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوو، شتێکی بە مارکسیسم زیاد کردبێ، تەنها دەتوانم بلێم بەو رێبازە گەلێک ئاشنابوو و دەیتوانی لەگەل هەلومەرجی دیاریکراودا، هەلسوراوانە بیگونجێنێ. ئەو نەک هەر لە کاری نەزەریدا چالاک بوو، بەلکو هەولیدەدا لە سیاسەت دارشتن و دیاریکردنی تاکتیکی وردیشدا دەوری هەبێ. تا ئەوکات خۆی بە تێئۆریسیەن نەدەزانی زۆرتر بەلێنین و شێوەکاری و تەجروبەکانی موعجیب بوو.

لە بیرمە کە پێش پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست، کاتێک پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی (2)ی کۆمەلە لە رێگای هاورێیانی تەشکیلاتی تارانەوە بە دەست مەنسوری حیکمەت گەیشت، داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی لە هاورێیانی ئێمە لە تاران کرد و رەخنەکانی خۆی لە پەسەندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیە لەسەر نەوار تۆمار کرد و بەنوسراوەش بۆی ناردین.

جەوهەری رەخنەکەی مەنسورحیکمەت ئەوە بوو کە کۆنگرەی (2) تا ئەو جێگایەی کەخۆی لە داوی فکری مائۆئیستی و پۆپۆلیستی رزگار کردووە کۆنگرەیەکی پێشرەو بووە، لە هەمان کاتدا نەیتوانیوە رێگایەکی باش بۆ پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان کۆمەلە و بزوتنەوەی جەماوەری لە کوردستان پێپێشنیار بکات. ئەو لە ئێمە لە کوردستان زیاتر گرنگی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی لەبەرچاو بوو، ئەو لە ئێمە زۆرتر دەوری پاشماوەکانی نیزامی فێئۆدالی لە چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاردا هەست پێکردبوو. ئەو تا ئەو کات کە لە بۆچونەکانی خۆی لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی هەلنەگەرابۆوە لای وابوو کە کۆمەلە

گرینگی کەم بە حەیاتی بونی دەوری خۆی لە خەبات بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی داوە، ئەو کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی لە مەترسییەک کە لە چەپ ڕەویەکانی بریارنامەکانی کۆنگرەی (2)دا دەیدیت ئاگادارکردەوە. ئێمە قەناعەتمان بەرەخنەکانی ئەو هێنا. بە پەلە کەوتنیە سازدانی کۆنفرانسێک کە بەکۆنفرانسی (6) ناسراوە و (5 تا 6) مانگ دوای کۆنگرەی (2) بەرێوەچوو، بۆ ئەوەی کە هەڵەکانی کۆنگرەی (2) راستکەینەوە.

با بیرەوەریەکی دیکەتان بۆ بگەرێنمەوە: مەنسور حیکمەت لە کۆنگرەی (3)ی کۆمەڵەدا بەشداریکرد. لەکۆبوونەوەی کردنەوەی کۆنگرەدا سوخەنرانیەکی کرد کە دواجار خۆمان وەکو نامیلکەیەک بلاومانکردەوە.

مام جەلال لەگەڵ قسەکانی مەنسوری حیکمەت بوو، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی (حکا) نەبوو

لە بیرمە مام جەلال کە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو رای لەسەر پەیوەستبوونی کۆمەلە بەحزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبوو، بەڵام دوای بیستنی قسەکانی مەنسورحیکمەت قەزاوەتی ئەوە بوو کە: "ئەم قسانەی ئەو هاورێیەتان لەم کۆنگرەیەدا کردی زۆر پۆختەیە و زۆر رێگا دەکاتەوە بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی لای ئێوە". ئەمە (2) نموونە بوو لە دەوری مەنسورحیکمەت لە کۆمەڵەدا پێش پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست و نمونەی دیکە لەو چەشنە زۆر بوون. بەبروای من دوای جیابوونەوەی لەحزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مەنسوری حیکمەت وردە وردە بە زۆربەی بیروبۆچوونەکانی پێشووتری خۆیدا چۆوە کە هەتا دەهات لە مارکسیسم دوور دەکەوتەوە و وەکو بەراستی لایەنگرانیشی ناویان لەسەرداناوە لە"حیکمەتیسم" نزیکدەبووەوە.

×رەئی بەرامبەر بەمەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی قەومی کورد، ئەمەویێت لەزاری تۆەوە بییستم چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە کاتی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، چەندجار لە مەنسوری حیکمەتم بیست کە ئەوان هەڵوێستی کۆمەڵە لەم بابەتەوە تەئید دەکەن و تەنانەت وتی کە نامیلکەی "کۆمەڵە و مەسەلەی نەتەوایەتی" لە نووسینی عەبدۆڵلا موهتەدی پێ باشە. بە بونی ئەو نامیلکەیە ئەوان بە پێویستی نازانن شتێکی تازە بنووسن و ئەوە هەڵوێستی مارکسیسمی شۆرشگێرە و هەڵوێستی ئەوانیشە.

مەنسور لە شەری ئێمە و حزبی دیمۆکرات دا، بەردەوام لە بیری دۆزینەوەی رێگا بۆ کۆتایی پێ هێنانی دا بوو، ئەو گەلالەکەی ئێمەی بۆ خودمۆختاری کوردستانی تەئید کرد و لە کۆنگرەی (3)ی کۆمەڵەدا کە وەکو بەرنامەیەک پۆختە کرا، خۆی و هاورێیانی دەورێکی چالاکانەیان بۆ گۆرانکاری تێدا گێرا. ئەو لای وابوو کە داخوازی خودمۆختاری سەنگەریکە کە خەڵکی کورد تێیدا بەرانبەر بە رژێمی کۆماری ئیسلامی موقاوەمەت دەکات. دواجار کە هێزی پێشمەرگە شارەکانی بەجێهێشت و ئەو گور و تینە جەماوەریە بۆ دیفاع لە خودمۆختاری نەما، ئەو پێشنیاریکرد کە ئێمە قورسایی تەبلیغاتمان لەسەر ئەو مەسەلە هەڵبگرین و "بەیانیەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان" بکەین بە بنەمای کاری تەبلیغیمان. لەو بەیانیەدا <u>بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لەکوردستان "مافی دیاریکردنی چارەنوس"</u> هاتووە و تەئکیدکراوە کە خەڵکی کورد مافی خۆیەتی کە بۆ گەیشتن بەو مافە دەستبداتە چەک و خەباتی چەکداریش. ئەو بەیانیە، بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژوویی لە خەباتی کۆمەڵەدایە.

مەنسوری حیکمەت تا ئەو کاتەی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوو، بۆچوونەکانی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لەگەڵ

ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو باسەکانی لێنین یەک بوو. دوای جیابونەوەی لە حزبی کۆمۆنیست یەکێک لەو یەکەم تێزانەی کە پێیدا چوەوە و لەراستیدا رەتیکردەوە هەر "مافی دیاریکردنی چارەنوس" لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بوو. تەنانەت چەند مانگ پێش جیابونەوەی لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە نامەیەکدا کە بۆ کومێتەی رەهبەری کۆمەلەی نوسیوە دوای ئاساییبونەوەی نێوانمان لەگەڵ حزبی دیموکرات ئامادەیە لە نوسینی گەلاڵەی هاوبەشی خودموختاریدا لەگەل ئەو حزبە یارمەتیمان بدات، کە هەلبەت مەوزوعیەتی نەبوو، ئەو بۆچونانەی ئەو هەموی گۆرانی بەسەر دا هاتبوو.

×هەر ئەوەبوو ساڵی (1991) راپەرینی خەڵکی کوردستانی بەهەڵچونێکی جەماوەری ناودەبات‌و ئەڵێت ئەبێ بگەرێنەوە ژێر دەسەلاتی بەعس؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەم بیستۆە کە گوتبێتی بگەرێینەوە ژێر دەسەلاتی بەعس، بەلام ئەو پێی وابوو کە ئەم راپەرینە جەماوەرییە رەسەن نییە هەلچونێکە کە لەژێر هاندانی ئەمریکادا روویداوە.

سەرهەڵدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌و رۆلی مەنسوری حیکمەت

×حەمیدی تەقوایی گەلارێزانی (1367) لەئوتی لەساڵی (1988) لەدیدارێکدا سەبارەت بە پلۆنیۆمی دەیەمی کۆمیتەی ناوەندی، حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە رۆژی (15)خەرمانانی (1363)بەستراوە، دەڵێ "حزبی ئێمە دەیەوێت جیاواز لەهەموو گەرایش و بۆچوونە سونەتیەکانی نێو بزوتنەوەی چەپ پەرە پێدەر و پارێزەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت کە یەکجار گرنگ و حەیاتییە، من ئەپرسم مەبەست لە کۆمۆنیزمی کرێکارییە چییە

هەرئەم چەمکەیە دواجار وادەکات حەمید و مەنسور و رەزا لە پلۆنیۆمی (20)کەلە (30)ئابی (1991)بەسترا جیاببنەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەم تێزانە، هەر تێزەکانی مەنسوری حیکمەتە، تەقوایی و رەزاو کۆرش و دواتر دووبارەی ئەکەنەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو مەیل و تێزێکی تازە ئەهێننە ناو بزوتنەوەی چەپ لەناوچەکەو لەکوردستان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای کۆنگرەی (5)ی کۆمەڵەو کۆنگرەی (2)ی حزبی کۆمۆنیست بوو، کە باسی کۆمۆنیسمی کرێکاری هاتە گـۆڕێ. پوختەی بۆچوونەکانی مەنسووری حیکمەت لەسەر باسەکانی کۆنگرەی (2)ی حزب ، لە چەند وتووێژ دا کە لەگەڵ گۆڤاری "کۆمۆنیست" کراوە، شیکراوەتەوە. ئەو باسانە نیشانیدەدەن کە تا ئەو کات کۆمۆنیسمی کرێکاری لە رووی نەزەریەوە باسێکی تازە نییە، باسەکە ئەساسی لەسەر گۆرینی ئەولەویەتەکانە. بە پێی ئەو بۆچوونە ئەولەویەتەکانی ئەو دەورەیەی کە ناومان نابوو دەورەی "مارکسیسمی شۆڕشگێر" گۆڕاوە، چ لە رووی نەزەری و چ لە رووی عەمەلیەوە. ئەرکی مارکسیسمی شۆڕشگێر ئەوە بوو کەکۆتایی بە سەیتەرەی پۆپۆلیسم لە بەرنامە و سیاسەت و کردەوەدا بە سەر رەوتی چەپ لە ئێران بێنێ. لامان وابوو کە ئەو دەورەیە کۆتایی پێهاتووە و ئێستا دەبێ ئەو گیروگرفتانەی کە لەسەر رێگای کرێکاری بوونەوەی ئەو حزبە هەیە چ لە باری نەزەری و چ لە رووی عەمەلییەوە، ئەوانە بناسین. لە رووی نەزەریەوە چوینە سۆراغی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی کرێکاری لە ئیتحادی شورەوی و چەندین ژمارە لە گۆڤاری "بەرەو سۆسیالیسم"مان بۆ ئەوە تەرخان کرد. لە رووی عەمەلیەوە باسەکانی مەربوت بە میکانیزمەکانی کاری رێکخراوەیی لە ناو چینی کرێکاردا لە جەرگەی دیکتاتۆری بورژواییدا لە ئێران.

تا ئەو کات هەمووماندەمانگوت کە کۆمۆنیسمی کرێکاری،

نەزەریەیێکی تازە نییە، هەمان کۆمۆنیسمە و ڕێک ئەو پێناسەمان بۆ دەکرد کە مارکس لە "ئیدئۆلۆژی ئالمانی" دا بۆی دەکات. ئەو بەحسانە بەبڕوای من زۆر بە کەلک بوون، ئەگەر لە ڕەوتی خۆی لانەدرابا، ئەگەر نەکرابا بە ئامرازی کێشمەکێشەکانی ناوخۆیی. دەیتوانی چەند هەنگاو بەرەو پێشمان بەرێت. بەڵام بە داخەوە ماوەیەکی کورت دوای کۆنگرەی(5)ی کۆمەڵە، ئەو بەحسانە بوون بە مەشغەڵەی تەشکیلاتێک و هێزێک کە ئەساسەن باسەکە هەر ڕووی لە ئەوان نەبوو. ئۆردوگاکانی کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە تایبەت لەم دەورە دیاریکراوەدا کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵانی ئەنفال و کیمیا باران لە کوردستانی عیراق، ئەو شوێنە و ئەو کاتە نەبوو کە ئەو بەحسانەی تێدا قووڵکرابایەوە و نەتیجەی عەمەلی لێوەرگیرابا. بەنیسبەت هەڵسورانی حزبو ئۆرگانەکانی ناوەندی حزب لەدەرەوەی وڵاتیش، ئەو تەشکیلاتە، خۆی کرا بەمەوزوعی کاری خۆی. مەیل و بۆچوونی ناسیۆنالیستی و ڕیفۆرمیستی و سوسیال دیموکراسی ووەکو ڕێگر لە پەرە گرتنی کاری حزب لەناو چینی کرێکاردا لە قەڵەمدرا، نەک هەلومەرج سیاسی ئێران و سەرکوت و دیکتاتۆری و کوشت و بڕ. ئەو بۆچوونە ئەو ڕاستییەی لە بیر دەبردەوە کە شۆڕش بە ئیرادەی ئەم حزبو ئەو حزب بەرپا نابێ، هەلومەرجی عەینی و زەینی خۆی دەوێ. حزب دەبێ لە جەرگەی خەباتی ڕۆژانەدا کە بەرە بەرە کۆمەڵگا لەو هەلومەرجە نزیکدەکاتەوە، خۆی بۆ ڕێبەریکردنی ئەو شۆڕشەش ئامادە بکات. بەبڕوای من یەکێک لە گرنگترین تێزەکانی کە جێنشینەکانی ئەمڕۆی مەنسووری حیکمەت و تەنانەت خۆشی لە ساڵانی پێش گیان لە دەستدانی پێداچوونەوە، مەسەلەی شێوەی کاری کۆمۆنیستی بوو. ئەوانە تێکەڵاوێک لە شێوەی هەڵسوکەوت و فەرهەنگی سیاسی و شێوە خەباتی لیبراڵی و وردە بورژوازیان لە جیاتی، شێوەکار و خەباتی کرێکاری دانا. ئەوان تووشی ئەو خۆش باوەریە بوون کە گۆیا

دەکرێ بڕبڕەی پشتی حزبەکەت، چینی مام ناونجی بێ، بەڵام ئەم چینە ڕازی کەی بەوەی کە خەبات بکات بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەورەی مەنسوری حیکمەت و دوای ئەویش هەولدەدەن توندرەوی و سەرکەشی ئاسایی لاوان بقۆزنەوە و بیکەن بە بنەمای حزبێک، نەک بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی بەلکو بۆ ئەوەی کە وەکوو حزبێکی خاوەن نێو و مەترەح بن. (حزبی حیکمەتیست) بەبڕوای من حزبێکی وردە بورژواییە کەپێشینەیەکی کۆمۆنیستی هەیە. وەکوو زۆرێک لەو حزبە سیاسیانەی کە بە پێی ئالوگۆڕەکانی زەمانە ماهیەتیان گۆڕاوە.

ئەگەر کێشەکە تەنیا پێگەی کۆمەلایەتیان بوایە، چارەسەر کردنی ئاسانتر بوو. کۆمەلێک رۆشنبیر بە پێگەی کۆمەمەلایەتی مام ناونجی دەتوانن، لە جەرگەی خەباتی سیاسی ناو کۆمەلگایەکدا، بەرەبەرە لە ئامانجەکانی چینی کرێکار نزیک بنەوە، بەلام ئەوەی کاری گۆڕانکاری لەناو ئەو حزبەیدا دژوارتر کردووە ئەوەیە کە ئەوان مەوقعیەتی ئێستای خۆیان لەژێر ناوی حیکمەتیسمدا و نەکۆمۆنیسم تێئۆریزەکردووە. بە هەمووی ئەوانەوە من هیوا دارم کە ئەو رەوتە لە نێو ئەواندا قابیلی هەلگەڕانەوە بێ. تایبەتمەندیەک کە مەنسوری حیکمەت هەیبوو وە جێنشینەکانی نیانە ئەوەیە کە مەنسووری حیکمەت هەرگیز ئینسانێکی دوگماتیست نەبوو. عاشقی ئەو شتە نەبوو کە تەنانەت پێشتر خۆشی وتبووی، توانای ئەوەی هەبوو کە لە گۆڕانکارییەکاندا و خالە وەرچەرخانە سیاسییەکاندا بە بۆچوونەکانی پێشووی خۆیدا بچێتەوە، بەلام بەبڕوای من ئەو کەسانەی کە ئێستا خۆیان بەدرێژە پێدەری ڕێگای ئەو دەزانن، ئەو بڕوا بەخۆیان نییە کە ئاوەها هەلسوکەوت بکەن.

مەنسوری حیکمەت هیچ زیادەیەکی نەخستە سەر مارکسیزم

×کۆمۆنیزمی کرێکاری چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ کۆمۆنیزمی روسی و چینی یان لەگەڵتیرۆتیسکیزمو چەپی سونەتی، ئەم کۆمۆنیزمە کرێکارییە کامە بوو کە ئەوان دیعایەیاندەکرد, ئایا ئەمە تێزێکی تازە بوو لە رووی ستراتیژییەوە یان تاکتیک بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشینەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەڵدەگەرێتەوە، بۆ حزبی کۆمۆنیستی ئێران. جیاوازیەکانی ئەوان لەگەڵ کۆمۆنیسمی روسی و ئۆرۆکۆمۆنیسم و کۆمۆنیسمی چینی و هی تر هەر ئەو جیاوازییانەیە کە لە کاتی خۆیدا و ئێستاش حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ ئەم رەوتانە هەیەتی. بۆ نمونە ئێمە پێمانوابوو کە ئەوە سەرمایەدارییەکی دەوڵەتییە کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا پەیرەو دەکرا، نەک سۆسیالیزم. پێمانوابوو چینی کرێکار لە رژێمی سیاسی دەسەڵاتدار نامۆ بووە و ئیتر ئەو رژێمە بە هی خۆی نازانێ و لە لەلومەرجێکیشدا کە ئازادی رادەر برین و خۆ رێکخستنی سەربەخۆی لێ درێغ کراوە، توانای گۆرینی ئەو دەسەڵاتەی نەبووە. زێدە بایی بەرهەم هاتوو لە هێزی چینی کرێکار بۆتە دەست مایەی رەقابەتی ناسیۆنالیسمی روسی لەگەڵ ئەمریکا لە کێبرکێ تەسلیحاتی یان لە کێبرکێ لەسەر چوونە فەزا و گۆی مانگ و هی تر.

نیزامێک کە ناوی خۆی بنێ سۆسیالیستی، ناکرێ ژیانێکی ئاسودە و تێر و تەسەلی بۆ چینی کرێکار دوای (70) ساڵ پێکەوە نەنابێ و نەکرێ بەرئاوەردی بکەی بۆ نمونە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی وەکوو سوید.

ئەوە ناسیۆنالیزمی رووسی بوو کە لە ژێر ناوی سوسیالیسمدا، کەوتە شوێن ئەو ئامانجەی کە نەوەی پێشووی سەرمایەداری

روسیە بە ئاواتیەوە بوو، بەڵام پێی نەدەگەیشت. سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی چین، هەر بۆچون ئەوە بوو کە ئەگەرچی بە شێوەی کۆنکرێت دەبێ گۆرانکارییەکانی ئابوری ئەو وڵاتە هەڵسەنگێنێ، بەڵام ئاشکرایە کە سیستمێکی سەرمایەداری نیوە دەولەتی نیوە کەرتی تایبەت، بە کردەوە حکومەت دەکات. ئەمانە جیاوازییەکانی حزبی کۆمۆنیست لەگەڵ کۆمۆنیزمی چین و شەورەوی بوو کەدوای جیابوونەوەی حزبی کۆمۆنیستی کاریگەری هەمووی جارێکی دیکە لە "بەیانیەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران"دا لە هاوینی ساڵی (1994) لە کۆنگرەی چوارەمی حزب فورمولەکران، بەڵام رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری لەو ساڵانەیی دواییدا گەلێک باسی تری لەبواری جۆراوجۆردا هێنایە ئاراوە کە بەبروای من لەچوارچێوەی مارکسیسمدا جێگەی نەدەبووەوە، جیا لەوانە مەنسوری حیکمت هیچ شتێکی زێدەی نەختەسەر مارکسیزم.

×چیبوون ئەو باسانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلەی حزبو دەسەڵاتی سیاسی، روخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی وهەلومەرجی بەرپا بوونی شۆرشی کرێکاری، دوورکەوتنەوە لە تێزە ئەساسیەکانی حزبی کرێکاری و کۆمۆنیزمی کۆمەڵایەتی، و بەو مانایە سێکتاریسم، پێداچونەوە بەبۆچونەکانی لینین لە مەسەلەی نەتەوایەتی و گەلێک شتی تر.

×لەناميلكەيەكدا کە دواتر مەنسوری حیکمەت وبرادەرانی دەریانکردووە، پێیانوایە ئەو جەماعەتەی کە رۆیشتن لەناو کۆمەڵە، لەناو حزبی کۆمۆنیست چوونە دەرەوە، ئەڵێن ئەمانەوێ هەموو هەڵسوراوێکی سۆسیالست کە خۆی بەدەربەست بزانێ بۆ ئامانجە بنەرەتیانەی چینی کرێکاری، مەبەستیان کۆمۆنیزمی کاریگەری و سۆسیالیستە، ئەوان پێیانوابوو حزبی کۆمۆنیست چی لێهاتووە وا بەجێیانهێشت یان مەبەستیان لەم قسانە چییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان لایان وابوو کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەش وەکو بەشێک لەو حزبە سێ مەیلی جیاوازی تێدایە. ناسیونالیسمی کورد ، سوسیال دیموکراسی و کۆمۆنیسمی کرێکاری. لە مابەینی ناسیۆنالیسمی کورد و کۆمۆنیسمی کرێکاریشدا مەیلێکی ناوەراستیان دەستنیشاندەکرد کە ناویان نابوو "سانتر". ئامانجی فەوری خۆیان لەم کێشمەکێشە دا پێکهێنانی حزبێکی "یەکبونی" واتە حزبی یەک لەو مەیلانە بە تەنیایی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دیاریکردبوو. لەراستیدا ئەوان ئامادەبوون بۆ هەر دیاردەیەک کەرۆژانە لەدەوربەری خۆیان دەیبینن بە خێرایی تیئۆرێکی قەبە دروستکەن. بە پێی ئەو میتۆدەی کە ئەوان گرتبویانە بەر رادیکالیسم لە باری نەزەریەوە بریتی بوو لەوەی کە تۆ پێش هەموو شتێک پێویستە جیاوازیەکانت لەگەڵ نزیکترین هاوریێ خۆت روونکەیەوە. ئەوە ئیتر پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە ، لەوانەی عیلمی دەروونناسی باشتر وەلامی پێبداتەوە.

من لایەنگری تێزەکانی مەنسور نەبووم

×کێ بوو ئەو باڵەی نوێنەرایەتی ئەو پێگە ناسیۆنالیستەی ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەشێک لە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرە شەشەم و کۆمیتەی رەهبەری کۆمەڵە کە ناوەندێکی چکۆلە تر بوو لە نێوان دوو پلێنۆمدا کاروباری کۆمەڵەی بەرێوەدەبرد. ئەو هاورێیانە ئەو کات لە پلێنۆمی ناسراو بە پلێنۆمی شانزدەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (20ی خەزەلوەری 1368ی هەتاوی) لەژێر زەختی ئەو رەخنانەی کە لێیاندەگیرا ئیستعفا نامەیەکیان بە دەستە جەمعیدا بە ئەو پلێنۆمە. کە دەقەکەی لای من هەیە، دەتوانی ببینی، وەلامی پرسیارەکەش دەداتەوە:

×مەبەست لەسانتر چی بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سانتر بە پیێ ئەو بۆچونە لەبەینی ناسیۆنالیزمی کوردو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بوو . لەسەرەتاوە من وەکو ماکەی ئەو مەیلە ناوزەد دەکرام. کاک عەبدوللا لە پلینۆمی (16)هاوپەیمانی ئەوان بوو و بەیانیە بە ناوبانگەکەی خۆی کە لەسەرەتای پلێنۆمدا لەتەئیدی خەتی کۆمۆنیسمی کرێکاری پێشکەشکرد و بەشێک بوو لەو فشارەی کە هاتبووە سەر لایەنی ئیمە بۆ ئیستیعفا، چەند مانگ دواتر لەسەر باسەکانی مەربوت بە هەلسەنگاندنی جیاواز لە راپەرینی کوردستانی عیراق لەگەڵ کاک عەبدوللاش ئیختلاف نەزەریان لێ پەیدابو و لە ریزی خۆیان وەلایان نا.

×ئەوانەی باڵی سۆسیال دیموکراسی کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: چەند کەسێکیان لە سازمانی مەرکەزی حزب لە کادرەکانی غەیرە کۆمەڵەیی، جاروبار بەو عینوانە ناو دەبرد. ئەوەندەی لەبیرم بێت دیار ترینیان (حەبیبی فەرزاد) بوو کە لە کادرە قەدیمیەکانی کۆمۆنیزمی ئێران بوو. ئەویش پێموایە لە رووی چەند بۆچونێک کەگوایە لێرە و لەوێ بە شفاهی دەری بڕیبو و هیچ بنەمایەکی مەحکەمی نەبوو.

ناسیۆنالیزمی کورد لە کۆمەڵەدا هەبوو

×ئەو مەیل وگەرایش و باڵانەی کەلەناو حزبی کۆمۆنیستدا مەنسور دروستیکردبوو بەفعلی هەبوون باڵێک کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەکرد، باڵێک نوێنەرایەتی سۆسیال دیموکراتی ئەکرد، باڵێکیش کە ئەوان خۆیان ناونابوو کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەمانە سەرەتاکانی دەرکەوتبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من مەیلی ناسیۆنالیسمی کورد هەر لەسەرەتای شۆڕشی (1357)وە لەناو کۆمەڵەدا هەبوو،

بەڵام هیچ کەس بەشێوەیەکی دیاریکراو نوێنەرایەتی ئەو مەیلەی نەدەکرد. زۆرتر لە کردەوە و هەڵسوران و هەڵویست گرتنی رۆژانەی ئەم و ئەو دا رەنگیدەداوە. هەر لەسەرەوە تا خــوارەوەش نمونەی هەبوو. کەس وجودی ئەو مەیلەی بە رەسمی ئینکار نەدەکرد. پێمانوابوو ئاسائیە. ستەمی نەتەوایەتی و خەباتێکی گەرم و گور کە لە دژی ئەو ستمە لەئارا دابوو، مەیلی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سیاسی خۆشیدەباتە ناو رێکخراویکەوە کە بۆ کۆتایی هێنان بەو ستەمەش خەباتدەکات و ریشەی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو خەڵکە داکوتاوە. ئەو مەیلە لەو کاتە دا کە حزبی کۆمۆنیستمان پێکهێنا بەکردەوە بە هێزتر بوو لەو دەورانەی کە رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری پێش جیابونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران پیێ هەراسان ببو. ئەوان لە ناموناسبترین کاتدا پیلەیان بە ناسیۆنالیسمی کورد لە ناو ریزەکانی ئێمەدا گرت. ئەوکاتەی کە خەباتی چەکداری پاشەکشەی زۆرتری کردبوو، کەمپەکانی ئێمە لە کوردستانی عیراق لەژێر زەختی بۆمبارانی دوو دەولەتی ئێران و عیراقدابوون. شاری هەڵەبجە بومبارانی شیمیایی کرابوو، (72) هاورێیمان لەرووداوەکی قەراخی سیروان گیانیان لە دەستدابوو، شاڵاوەکانی ئەنفال بەرێوەدەچوون. دۆڵی بۆتی بۆمبارانی شیمیاییکرابوو. ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندارمان دابوو. دەور تا دەرورمان پربوو لە خەڵکی ئاوارەی کوردستانی عیراق. رێگەی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات و ناردنی نەخۆش و بریندار و بەساڵاچوەکان و منالان بۆ دەرەوەی وڵات تەقریبەن بەسترابوو. سەر باقی ئەوانە حزبی دیموکراتیش هەر لەسەر درێژەی شەر پێیدا دەگرت . دەولەتی عیراق هەر رۆژە ئاستەنگێکی تازەی لەم بارەوە بۆ دەخولقاندین. رێگەی قاچاخی تورکیا پر مەترسی بوو. لە وەها وەزعێکدا کە دەتوانی تەسەوری بکەی چ کەشوهەوایەکی رووحی دژوار بە سەر ریزەکانماندا لەناو کەمپەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق زاڵبوو.

رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری ئەو کەمپانەیکردبوو بە ئامانجی خۆی. کاتێک کە دەمانگووت ئەو بۆچونانە ی کە لە کۆنگرەی (2) حزبەو لەژێر ناوی کۆمۆنیسمی کرێکاری باسیان لێوە دەکرێ، ئەوانە باوەری هاوبەشمانە، ئێمە ئۆپۆزیسیونی ئەو خەتە نین، گۆییاننەدەدا ، وەکوو خۆیان دەیانگوت تۆپخانەیەکیان بە نوسین لە دەرەوەی وڵاتەوە بەرەو کەمپەکانی کۆمەڵە دابەستبوو و لەو هەلو مەرجە سەختە دا خەریکی ژوماردنی لایەنگرانیان و راگەیاندنی سەرکەوتن بوون.

ئێمە بەراستی دەمانەویست ئەو تەشکیلاتە لە عیراق سووک بارکەین، ئەوەندەی بتوانین بیان نێرینە دەرەوە وڵات. بەڵام رێگەکان ئاسان نەبوون و موعجیزەیەک نەدەکرا. بەحسی کۆمۆنیسمی کرێکاری کە قەرار بوو وەڵامێک بێ بۆ هەلومەرج جیهانی دوای رووخانی ئیتحادی شورەوی و دیواری بەرلین و کۆتایی شەری سارد، ببوو بەخۆراکی بەحسی دورودرێژی مالیخولیایی و ددان لێک سپی بوونەوە و ئازاردانی رووحی یەکتر دانی کەسانێک کە هەتا ئەو رۆژە لە مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگانە دا بە ئاسانی حازربوون گیانیان لەپێناوی پاراستنی یەکتر دا بدەن.

مێژوو نوس بۆ ناسینی واقعیەتەکانی ئەو سەردەم ناچێتە سۆراغی ئەم جوزەوە و ئەم نامیلکەی و ئەو مقالە، بەلکو ئەو وەزعە عەینیە کە پێشهات هەڵیدەسەنگێنی و قەزاوەتی خۆی دەکات . لە ناو ئەو کەسانەدا کە ئەو کات بەرپرسی ئەو وەزعە بوون، بەشێکی بەرچاویان ، ئەمرۆکە کوردایەتی دەکەن وەکوو ئەوەی نە بای هاتبێ و نە باران و بەشێکیشیان ئێستاش لە بورجی عاجی خۆ بە مەرکەزی عالم زانینی ئەوکاتیان نەهاتونەتە خوارێ و پێیانوایە شۆرشی کرێکاری ئەرکی وورده بورژواییە. ببورە لەوانەیە ئە باسە پەیوەندی راستەوخۆی بە پرسیارەکەی ئیوەوە نەبوو بێ، بەڵام من پێموایە باسی ناسیۆنالیسم و کۆمۆنیسم لە ناو

کۆمەڵەشدا، نەک هەر لە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەگشتی باسێکی قەدیمی ترە و واقعیشە .

×بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر باسمکرد ناسیونالیسم لە نێو کۆمەڵەدا هەرگیز ئاڵا هەڵگری بەرەسمی نەبووە. قبولکردنی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی، چالاکی کردن بە عەمەلی لە پێناوی وەها بەرنامەیەیەکدا، کردەوە و ئەخلاق و رەفتاری گونجاو لەگەڵ ئەو بەرنامەیە، ئەمانە هەمووی مەرجیبوون بە ئەندام لە ناو کۆمەڵەدا بووە. کەسی وا نەبووە کە بڵێین ناسیونالیست بێ، بەڵام بە نهێنی خۆی خزاند بێتە ناو ریزی ئێمەوە، بەم هەموو خەتەر و رەنج و سەختییەی کە فەعالیەت لە ناو ریزی کۆمەڵەدا هەی بوو، کەس مەجبوور نەبوو، خۆی تووشی ئەو هەموو ژانە سەرە بکات. کە دەڵێین ناسیونالیسم لە ناو ریزی کۆمەڵەدا هەبوو، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەوە لە کردەوەی رۆژانەدا، لە کاری تەبلیغی، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەلک، لەشێوەی خەباتی پێشمەرگانە، لە ئەخلاق و رەفتاردا دەبیندرا. ئەو کەسانەی کە هەڵگری کولتور و هەڵسوکەوتی ناسیونالیستی بوون تەنانەت خۆشیان نەیاندەزانی کە بەم جۆرە لە ژێر کاریگەری عەمەلی ناسیۆنالیسمی کورد دان. خەباتی نەتەوایەتی لە کۆمەلگایەکی وەکو کوردستاندا، بەردەوام ئەم ناسیۆنالیسمە بەرهەم دێنێتەوە، لەئەدەبیات و شیعر و موسیقا دا، لە رەفتار لەگەڵ ژندا، لە رەفتار لەگەڵ خەلکدا، تووشی ئەبێ. سوننەتی کوردایەتی لەناو ئێمەش دا حوزورێکی زیندووی هەبوو. بەڵام نوێنەر و پلاتفۆرمی نەبوو. ژیان و خەباتی ئێمە تێکەلاوی خەلک بوو، ئەو خەلکەی کەسالەهای ساڵ بوو، سوننەتێکی دیکە، رێبازێکی دیکەو فەرهەنگێکی دیکە غەیری ناسیونالیسمی کوردیان، نەدیتبوو.

کۆمەڵە حەرەکەتێکی جیاواز بوو لەو کۆمەڵگایەدا، بەڵام نەیدەتوانی بەئاسانی خۆی لەژێر کاریگەری ئەو فکر و سیاسەت

و فەرهەنگە دەرباز بکات. بەو مانایە بوو کە وتم، مەنسوری حیکمەت کە لە ساڵانی (1989 و 1990)، پیلە بە ناسیۆنالیسمی کورد لە ناو ریزەکانی ئێمە دەگرێ، خۆی شاهیدی هەر ئەو ناسیۆنالیسمەیە لە ساڵی (1983) لەناو کۆمەڵەدا بە هێزتر بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە لە بەر ئەوەی رەوتی ئەسڵی حەرەکەتی ئێمە کۆمۆنیسم بوو، جێگەی نیگەرانی نەبوو.

مەنسوری حیکمەت
لایەنگری (ی. ن.ک)بوو نەک ئاڵای شۆڕش

×تۆ وتت مەنسوری حیکمەت، موهتەدی بەوە تاوانبار ئەکات کەقەناعەتی وابوو کەئەم لەگەڵ مەیل و گەرایش و کۆمۆنیزمی کرێکاری دایە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەم نوێنەرایەتی باڵی ناسیۆنالیزمی کوردی عیراق ئەکات، ئەمە وابوو، ئەگەر وابوو بۆچی موهتەدی نوێنەرایەتی باڵی ناسیۆنالیزمی کوردی عیراقی دەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەنسوری حیکمەت لەو کاتە وا لێکدانەوەیەکی هەبوو لەسەر هەلومەرجەکە بەگشتی، هەوڵیدەدا فاکتی بۆ کۆ بکاتەوە. با نمونەیەکتان بۆ باسبکەم. کاتێک راپەرینی کوردستانی عیراق روویدا و هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی گەرانەوە بۆ ناو شارەکان کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە دەفتەری سیاسی حزبدا پێنشیار دەکات نامەیەکی بە خێرهاتنەوە و پیرۆزبایی سەرکەوتنی راپەرینی جەماوەری بۆ یەکێتی نیشتتمانی بنووسن. مەنسوری حیکمەت بە توندی دژی ئەو نامەنووسینە بوو، تاجارێک مەنسوور بەمنی وت "دەزانی وەزعەکە چی لێهاتووە، موهتەدی دەیەوێت نامە بۆ مام جەلال بنێرێ"و دواجار وەکو فاکتێک بەنیشانەی عەتف بۆ ناسیۆنالیسمی کورد ناوی لێدەبات و نامەکە لەلایەن ئەوانەوە نانوسرێ.

که چی هەر ئەو کات، زۆر پێش ئەوەی ئەو باسانە لە ناو دەفتەری سیاسی حزبدا بکرێ، من ئەو نامەیەم نووسیبووبۆ مام جەلالم ناردبوو. ئەوەم بە تەلەفون بۆ مەنسوری حیکمەت باسکرد و پێموت، نووسینی نامەیەکی ئاوا گەلێک ئاساییە، مەگەر لە بیرت نییە کە ئێمە لە دەیان موناسبەتی جۆراوجۆردا نامەمان بۆ نوسیون، پیرۆزبایی ئەم یا ئەو سەرکەوتنی خۆیانمان لێکردون؟ لە کۆنفرانسەکانیاندا بەشدار بووین، مەبەستم ئەوەیە کە حەرکەتێکی ئاوا چکولە، بە لای ئەوە وە زەنگی خەتەری ناسیۆنالیستی بوو.کاتێک لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا ناکۆکی پەیدا بوو و رەوتی ئالای شۆرش سەریهەلدا و دواجاریش جیابوونەوە، مەنسوری حیکمەت لـەدەرەوەی ولاتـەوە، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەی ئاگادارکردەوە لەوەی کە مەبادا تووشی وەسوەسە بن و لایەنگری لە ئالای شۆرش بکەن، بە خۆمی گوت کە بەبروای ئەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەتوانێ دۆست و پشتیوانی کۆمەلە بێ، نەک ئۆپۆزسیۆنەکەی. بەگشتی دەتوانم بلێم مەنسووری حیکمەت ئەو مەتانەتەی کە پێشتر بووی لە خەباتێکی ورد و بە حەوسەلە لەگەل ناسیۆنالیسم، لە سالانی (89 و 90)لە دەستیدا و هەر بۆیە ئەوەی ئەو کردی نە لە کوردستانی عێراقو نە لە کوردستانی ئێران، نەک هەر ناسیۆنالیسمی کوردی لاواز نەکرد، بەلکو بەهێزیشی کرد. لە جێگەی خۆی بەتایبەت لە کوردستانی عیراق زەربەی لە نفوزی و ئیعتباری کۆمۆنیستەکاندا.

×مەنسوری حیکمەت بەو قسەیەی تۆ، زۆر خۆی بە دۆستی یەکێتی ئەزانی، تەنانەت راشیگەیاندووە "کە لەو ئالوگۆرانەی ناو یەکێتی، مەبەستی ئالای شۆرش بووە، کۆمەلە دەستی تێوەنەدا، چونکە کەیەکێتی دۆستی ئێمەیە، بەلام قسەو باس هەیە کەلەجیابوونەوەی مەنسوری حیکمەت لەگەل ئێوە، دواتر راوانانی مەنسوری حیکمەت لەکوردستانی عیراقەوە بەرەو بەغداو ئەوروپا، یەکێتی نیشتمانی رۆلی هەبووە وە ئەکارەکەشی بە رەسول مامەند سپاردووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شتی وا هەرگیز نەبووە. پێش راپەرین و لە دەورەی ئەنفالدا، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی مەجبور کرا زۆرتری ناوەندەکانی چالاکی خۆی بگوازێتەوە بۆ ناوەوەی کوردستانی ئێران و زۆربەیان لەشاری سەقز جێگیر بوون، پەیوەندیەکانی ئێمەش لەگەڵ ئەوان بە عەمەلی زۆر کەم ببوە وە. دوای راپەرینیش کە ئەوان هاتنەوە بۆ شارەکانی کوردستانی عیراق بچوکترین دەستتێوەردانیان لەکار و باری ئێمەدا نەبووە. ئەوانەی کە گوتراوە و ئێوە بیستوتانە بەڕاستی نازانم. دۆستایەتی یان دژایەتی مەنسوری حیکمەتیش لە گەڵ یەکێتی کە ئێوە باستانکرد، کەم یا زۆر هەر ئەوەیە کە لە نوسراوەکانی دا دەبیندرێ.

مەنسور داوادەکات لایەنگرانی لەکامپەکانی کوردستانی عیراق بپارێزرێن

×مەنسوری حیکمەت پێگەو نفوزێکی گەورەی هەبووە، لەناو حزبی کۆمۆنیستدا، وە بەپێی ئەو دەلیلەش کەلەبەردەستی مندایە لەئاخرین هەڵبژاردنی دەستەی مەکتەبی سیاسی یەکەم دەنگی هێناوە، رەزای موقەدەم دووەم دەنگی هێناوە، کۆرش سێهەم، ئیرەجی ئازرین چوارەم، تۆو کاک عەبدوڵڵا موهتەدی پێنجەم و شەشەم دەنگتان هێناوە بۆ مەکتەبی سیاسی، باشە کە مەنسوری حیکمەت ئەوەندە بەهێز بوو بۆچی ئەو حزبی کۆمۆنیستی بەجێهێشت، وە دواتریش لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا زیاتر لە(20)کەسی لەگەڵ خۆیدا بردۆتە دەرەوە، باشە مەنسوری حیکمەت کە ئەم هێزو ئیمکانیاتەی هەبووە لەرووی فکری و ئایدۆلۆژی و ئیمکانیاتی بەشەریەوە بۆچی ئەو حزبی کۆمۆنیستی بەجێهێشت، بۆچی ئێوەی نەکردە دەرەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو دەی ئەویست خۆی لە هەموو سوننەت و پێشینەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران دورخاتەوە. ئەو پێوابوو کە دەبێ حزبێکی تازە پێکبێنێت کە لەسەر هێلێکی دیکە بڕوات، نەک لەسەر درێژەی هێلی حزبی کۆمۆنیست. حزبی کۆمۆنیست بۆ ئەو وەکوو ڕێکخراوێکی دەستەو پێگیری لێهاتبوو. بەشێکی سەرەکی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەلە بوو و کۆمەلە کۆلێک مەسئولیەتی هەبوو لە کوردستان، دەیەویست خۆی لەژێر باری ئەو مەسئولیەتانە رزگار کات و بە وتەی خۆی بیسپێرێتەوە بەخاوەنەکانی واقیعی خۆی.

لە بیرمە لە دوایین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی حزب پێش جیابونەوەیان، داوای لە ئێمە کرد کە بەرەسمی بەلێنی پێبدەین کە چۆن و ئەمنیەتی لایەنگرانی لە کەمپەکانی خۆمان لە کوردستانی عیراق زەمانەت دەکەین. دیارە من بەراشکاوی ئەو بەلێنەم پێدا و بە باشترین شێوەی گونجاویش دواجار بەرێوەمانبرد. بەلام هەر لەو پلێنۆمەدا یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لەگەڵ رەوتەکەی ئەو بوو(موزەفەری محمدی) بە حالەتێکی نیوە تورەیی ووتی من نازانم مەنتیقی ئەو قسەیەی مەنسوری حیکمەت چی یە؟ ئێمە لە کوردستان هەر لەو کەمپانەدا زۆرینەین، هەموو ئیمکاناتەکەمان بە دەستەوەیە، بۆچی دەبێ داوا لە فلان کەسە بکەین کە بەلێنیمان پێبدات؟ مەنسوری حیکمەت وەلامیداوە، چونکە مەسەلەی ئەکسەریەت و ئەقەلیەت نییە، مەسەلە ئەوەیە کەبە واقیعی کۆمەلە هی لایەنی ئێمە نییە، کۆمەلە لەگەڵ ئێمە نییە. مەبەستم لە گێرانەوەی ئەو بیرەوەریە کە لەوانەیە رستەکانی زۆر دەقیق نەبێ، ئەوەیە کە ئەو بەراستی دەیەویست خۆی لە مەسئولیەتی کۆمەلە دورخاتەوە. ئەو هەمیشە لەوە نیگەران بوو کەشکستی کۆمەلە لەداهاتووشدا، خەتاکەی بخرێتە سەر شانی ئەو، دەی گوت تەحویلی خاوەنەکانی خۆی دەدەینەوە چی لێدەکەن با لێبکەن. من دەچم حزبی خۆم لەسەر بنەمایەکی تازە سەر لە نوێ پێکدێنمەوە.

×لەو پلۆنیۆمەدا ساغ بۆتەوە تەنها تۆو عەبدوڵڵای موهتەدی و فاروقی بابە میری مانەوە، وە کەسی ترتان لەگەڵ نەمابوو، تەنها ئەم سێ کەسەمانەوە، دواتر هەریەکە لە حەبیبی فەرزادو ئیبراهیم محەمەدی رەئی خۆیان نادەن، محەمەدی شافیعی و حسێنی رەحمان زادەو عوسمانی روشن تودە لەو کاتە لە دەرەوە بوون، زۆرینەی ئەوانە لەگەڵ مەنسوری حیکمەت ئەرۆنە دەرەوە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکدێنین، باشە نەئەکرا مەنسوری حیکمەت لەجیاتی ئەوەی کە تۆ وتت ئەگەر ئەو مەسەلە ئەخلاقییە نەبێت، هەر حزبی کۆمۆنیستی بگۆڕیایە بە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران کە دواتر کردی وە ئەکسەریەتی لەگەڵ بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو لای وابوو بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە وەفاداری خۆیان بە رەوتەکەی ئەو راگەیاندوە، هاوپەیمانی هەن، بەڵام هاونەزەری نین. ئەوەی پێوابوو بۆ ئەوەی بتوانێ حزبێکی گەورەتر دروستبکات، سەرەتا پێویستە چکۆلەتر بێتەوە. بە وتەی خۆی نەیدەویست مەیل و بۆچوونەکانی تر، لە رێگەیەکی دیکەوەبێنەوە ناو حزبە تازەکەی ئەو. پێشتر باسمکرد کە ئەو لە هەوڵی پێکهێنانی حزبێکدا بوو کە تەنیا یەک مەیلی تێدا هەبێ، ئەویش ئەو مەیلە بێ کە تەسەوری لە کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر وەکو ئەو وابێ. ئەو ئاوەی کە ئەو بەم شێوەیە رشتی، ئێستا بۆتە هۆی ئەوە کە چەندین لایەن، هەر کامەیان بە پێی تەفسیرێک کەلەنەزەراتی ئەو هەیانە، حزبێکی جیاواز پێکبێنن، واتا مەنسوری حکمت دەیویست حزبی کۆمۆنیست تسفیە بکات.

× مەنسوری حیکمەت لەنامەیەکدا کە ئەو کاتە داوایەتی بە پلۆنیوم بۆ وازهێنان دقیقەن ئەوا ئەڵێت" ٬ من هەوڵئەدەم بۆ پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری، کەرووی لە وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی ئەمڕۆی کۆمۆنیزمی کرێکاری و

مارکیسزم لەدەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەبێت، دیقیقەن ئەو کارەی کرد بەرەئی تۆ، توانی ئەوە بکات؟ بۆچی نەیتوانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من ئەو توانی حزبێکی تازە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی خۆی پێکبێنێ. حزبێکی هەلسوراو کە پێکهاتبوو لە لایەنگرانی بەشور و شەوقی دەرەوەی وڵاتی. ستراتێژی ئەو حزبەی ئەو لە ناوەوەی وڵاتیش ڕێکخستنی چینی کرێکار و سازدانی بۆ شۆرشێکی کۆمەلایەتی کە رژێمی ئیسلامی بروخێنێ نەبوو، بەڵکو حیسابکردن لەسەر نەفرەتی جەوانان لە ئیسلام و لە مەحدودیەتەکانی رژێمی ئیسلامی بوو. رووخاندنی رژێم بۆ حزبێک کە ئەو لە هەولی پێکهێنانیدا بوو بریتی نەبوو لە ئامادە کردنی چینی کرێکار بۆ شۆرشێکی کۆمەلایەتی بەلکو رووخاندنی رژیم بوو بە هەر شێوەیەک کە بکرێ و گەیاندنی حزبەکەی ئەو بە دەسەلات. ئەم تێزانە هەمووی خۆی لە خۆیدا پر بوون لە تەناقوز و بۆ ئێمە ئاشکرا بوو کە وەها حزبێک ئەگەر زۆریش چالاک و هەلسوراو بێ، بە ناوی کۆمۆنیسم پێگەی جەماوەری پەیدا ناکات. ئەوانە لەم بوارانەدا تەنانەت لە تێز و نەزەرییەشدا رەقیبێکی جیدی لیبرالەکانی ئێران نەبوون. ئەو تەناقوزات و ناتەباییانە، تەنانەت رێگای نەدا کە ئەو رێکخراوەی کە لە دەرەوەی وڵاتیش پێکیهێنابوو، مونسەجیم و یەکگرتوو بمێنێتەوە.

کۆرشی مدرس قسەکانی مەنسوری دەوتەوە

×کۆرشی مدرس لەونامەیەی کە تەقدیمی ئێوەی کردووە بۆ وازهێنان، شتێکی سەیری نوسیوە ئەگەر تۆ بۆم روون بکەیتەوە زیاتر، ئەڵێ " رێگامبدەن هەرلێرەدا رووپێبکەمەوە کە گرفتی بنەرەتی رەوتی ئێمە، بەرای من لەگەل کەسانێک نییە کە بەراشکاوانە دژی ئێمەن، کە دیارە مەبەستی ئێوەیە،

بەپێچەوانەوە گیروگرفتی ڕێکخستنی هەڵسوڕانێکی ترە لەلایەن هاوڕاکانی خۆمانەوە"، مەبەستی چییە لەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر ئەوەم ڕوونکردەوە، کە ئەوان نیگەرانی ئەوە بوون ئەو خەڵکەی کە ئەوان بە ناسیۆنالیست و سۆسیال دیموکرات و سانتر ناوزەدیان کردبوون، بە موافەقەتێکی ڕەوالەتی لەگەڵ ئەوان، بێنە ناو حزبە تازەکەیانەوە.ئەوان دەیانئەویست ڕەوتەکەی خۆیان بەتەواوی بپالێون، چۆن؟ خۆشیان باش نەیان دەزانی، هەر بۆیە ئێستاش ئەوانەی کە خۆیان بە درێژە پێدەری ڕاستەقینەی ڕێبازی مەنسوری حیکمەت دەزانن لایان وایە کە هەر لەسەرەتای جیابوونەوەکەیاندا کەسی بێ باوەر و دور لە خەتی مەنسوری حیکمەت هاتۆتە ناو حزبەکەیانەوە و ئەوەیە هۆکاری جیابوونەوەکانیان.

مەنسور، زەربەی گەورە لەکۆمەڵە دەدات

×لە نامەیەکدا ساڵی (1991) کە ئیمزای تۆشی پێوەیە، ئێوە ڕاتانگەیاندووەو نووسیوتانە " ئێمە لەو بروایەداین کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەرەڕای هەموو ڕەخنەیەکی پێشرەوانە کە لەو دەگیرێت، دەستکەوتێکی بەنرخی چینی کرێکاری ئێران و بزوتنەوەی کۆمۆنیستە"، مەبەستم ئەم دێرەیە، ئەمە لەکاتێکدا تۆ تاوانبار کرابووی بە مەیل و گەرایشتێکی ناسیۆنالیستی، کاک عەبدوڵلا، بەنوێنەری باڵی ناسیۆنالیستی کوردستانی عیراق، هەریەکە لەوانەی تریش دیارە فاروقی بابەمیری و ئیراهیمی محەمەدی، مەبەستم ئەوەیە ئەمەی ئێوە نوسیوتانە ڕاستە یان ئەو قسانەی مەنسوری حیکمەت ڕاستبووەو، ئێوە ئەمە تاکتیک بوو لەم نووسینەدا بەکارتانهێنا یا خۆتان بە پارێزەری حزبی کۆمۆنیست ئەزانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوانەی ئەو بەیانیەیان ئیمزاکردووە، هەر کامەیان پێویستە وەڵامی خۆیانی پێبدەنەوە. ئەوەندەی کە بۆ من وەکو یەکێک لەو کەسانەی کە ئەو بەیانەم ئیمزا کردووە هەڵدەگەڕێتەوە، بە تەواوی باوەڕم پێیبووە. ئەوە مانای ئەوە نییە کە رەخنەم لە هیچ پەسەندکراو و بەڵگەنامە و سیاسەتی رابوردووی خۆمان نەبووە. بەڵکو گەلێک رەخنەی ئاواش هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو بەیانیە هەوڵدەدات، ئەوە رابگەیەنێ کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەرنامە و رێبازی سیاسی راگەیەندراویەوە، بە پەیرەوی ناوخۆ و بریارنامەکانی کۆنگرەکانییەوە، بە رۆیشتنی ئەوان هەڵناوەشێتەوە و درێژەی بە فەعالیەتی خۆی ئەدا. ئەوان ئامادەنەبوون بێنە کۆنگرەی حزبو لەوێ و لە جێگا و شوێنێکی رەسمییەوە، ئەو هەڵوێستەی خۆیان رابگەیێنن. ئەوان بە رۆیشتنی خۆیان زەربەی قورسیان لە حزبی کۆمۆنیستی ئێراندابوو، بەڵام نەیانتوانی لە پێیبخەن. ئەوە بوو مەبەست و ناوەرۆکی واقیعی ئەو بەیاننامەیەی کەئێوە ئاماژەتان پێکرد.

مەنسوری حیکمەت دەیویست ئوردوگاکان بشێوێنێت

×من لە چەند هاوڕێی خۆتانم بیستوە، مەنسوری حیکمەت لەناو ریزەکانی کۆمەڵە لە ئۆردوگاکانی ئێوە لەناو پێشمەرگەکاندا وتویەتی هەرکەس دووساڵ پێشمەرگایەتی کردووە ئەبێ رەوانەی خاریج بکرێت، باوی شەر نەماوە، تاپێشمەرگە بەکوشت بدرێ، وەلحاسل کۆمەڵێک قسەی بۆ خەڵک ئەکرد کەوای لە پێشمەرگە کردبوو بلێت ئەم قسانەی مەنسوری حیکمەت راستە، ئێمە بۆ شەربکەین‌و ئێمە بۆ رەوانەی بۆ ئەوروپا ناکرێین ئەم وایکرد نفوزێکی جەماوەری زۆری بۆ لای خۆی راکێشێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلەکە بەو ساکاریە نەبوو. سەبارەت بە ماوە دان و زەمەنی پێشمەرگایەتی بۆ هەر پیشمەڕگەیەک، مەنسوڕی حیکمەت لەم بابەتەوە نووسراوەی هەیە و بڵاوبووتەوە و هەڵبەت هەرگیزیش بەم شێوەیەی کە ئەو نووسیبوی بە کردەوە دەرنەهات.

مەسەلەی ناردنی کادیر و پێشمەرگەی کۆمەڵەش بۆ دەرەوەی وڵات تەنیا پەیوەندی بە دەورەی سەرهەڵدانی کێشەکانەوە نییە و سیاسەتێکی گەلێک پێشوتری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەبوو. بە پێی ئەو سیاسەتە هەموو پێشمەرگەیەکی بریندار کە زیانێکی جەستەیی جیدی دیتبێت، هەموو ئەو هاورێیانەی کە پیر و بەساڵاچوو بوون، هەموو ئەو بنەماڵانەی کە منالیان زۆر بوو ئەبوایە لە مەجالی گونجاودا بەشێوەی موناسب رەوانەی وڵاتانی ئەوروپایی بکرێن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە سووک بار بێ و باشتر بتوانی ئەرکەکانی خۆی بەریوەبەرێ.

گەلێک پێش باسەکانی کۆمۆنیسمی کارگەریش ژمارەیەکی بەرچاومان بە پێی ئەو سیاسەتەرەوانەی وڵاتانی ئەوروپایی کردبوو. ئەو سیاسەتە خۆی لە خۆیدا هیچ ئیرادێکی نەبوو، هەم ئینسانی بوو و هەم لە رووی سیاسی و عەمەلیشەوە یارمەتیدەر بوو. ئیرادەکە لەو جێگایەیە کە رەهبەری ئەو کاتی حزب ئەو زەرورەتەی کرد بە ئامرازێک لە دژی موخالفینی سیاسی خۆی. ئەو رەوتە بە پێی تەبیعەتی ئیمکاناتێک کە بۆ ناردن بۆ دەرەوەی وڵات لەبەر دەستبوو نەیدەتوانی بە خێرایی بەرێوەبچێ. خەلکێکی زۆر بە ناچار لە هەلومەرجی گەلێک سەخت و دژوار لەم دەورەیەدا کە ئوردوگاکانی کۆمەڵە لەسەر شوێنە سنوریەکانی کوردستانی عیراق بە هۆی توندبونەوەی شەری ئێران‌و عیراق و بەهۆی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەییکیتی نیشتمانی بۆ ناوەوەی ئێران و بە هۆی ئەنفال و کیمیا بارانەکان تێیکەوتبوو، لە چاوەروانیدا دەمانەوە.

ڕەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری بە کردەوە لە ناو ئوردوگاکانی کۆمەڵە ئەو هەستە نا سەمیمانەیەی لە دژی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە ووروژاندبوو کە گوایە نایاننەوێ ئەو پرۆسەیە بەرێوەبچێ و عەشقی ئەوان بە خاک و بە جوغرافیای مەنتەقە کە مەبەست ناسیۆنالیسمی کورد بوو، ڕێگایان پێنادا ئەو خەڵکە هەرچی زووتر لەو گێژاوەیە دەربازکەن. ئەو قسانە بە کردەوە تەحریکاتی لە دژی کۆمیتەی ڕەهبەری دروستدەکرد، هەستی نەفرەت و بێزاری پەرە پێئەدا و هەڵبەت هێزیشی لە دەوری ئەوان کۆدەکردەوە، بەبێ ئەوەی ئەوانیش خۆیان هەر بە پێی ئەو کەمبونی ئیمکانەتە کارێکی زۆریان لەم بابەتەوە پێبکرێ. لە بیرمە ئەوان ئەوکات کۆمیتەیەکیان بۆ کاری ناردن بۆ دەرەوە کە ناوی "کۆمیتەی ئیعزام بوو" پێکهێنا کە کاک عەبدوڵلای موهتەدی بەرپرسی بوو و کاک ئەبوبەکری مودەرەسی و کاک فاروقی بابامیریش ئەندامی بوون. ئەوان هەر سێکیان ئەو کات لەبەرەی موخالیفی کۆمیتەی ڕەهبەری کۆمەڵەدا بوون، بەڵام ئەو کۆمیتەیەش باوەکو هەموو ئیمکاناتی ماڵی کۆمەڵەشی لەبەردەست بوو، هەر وەکوو چاوەڕواندەکرا هیچ موعجیزەیەکی پێنەکرا.

×ئێوە بۆ هێشتان ئەو مەیل و گەرایەشتە وابەهێزبێت لەناو کۆمەڵەدا کەوا بکات ئێوە بخاتە ژێر هەیمەنەی خۆیەوە ئەوان ببن بەزۆرینە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: گومان لەوە دانییە کە ئێمە دەمانتوانی جۆرێک هەڵسو کەوت بکەین کە زیانەکانی ئەم جەریانە لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا گەلێک لەوە کەمتربێ. ئەوانە لە کاتی خۆیدا و کۆنگرەکانی کۆمەڵەدا قسەیان لەسەر کراوە و ڕەخنەیان لێگیراوە. بەڵام لەئەساسدا هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕەوتە توانی بەم شێوەیە دەستی باڵا لە ناو ریزەکانی ڕێکخراوی کوردوستانی حزب، واتە کۆمەڵەدا پەیدا بکات، شکست و پاشەکشەکانی یەک لە دواییەکی هێزی پێشمەرگەو ئەو زەربە سەختانە بوو کە لەو

ساڵانەی دواییدا خواردمان. ئەوانە بوون بە زەمینەی مادی بۆ بە هێز بونی ئەوان، وەک شەڕی دیموکرات، لەناوچونی گوردانی شوان، بەعس (ئەنفال‌و هەڵەبجە...).

سێبەری کۆمەڵە
بەسەر کۆمۆنیزمی کارگەریەوە ماوە

× ئەوباسانەی مەنسوری حیکمەت تێزی کۆمۆنیزمی کارگەری، دوابەدوای شکستی بلۆکی شورەوی نەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: خۆیان هەمیشە وتویانە کە مەوزوعی کاری کۆمۆنیسمی کاریگەری کۆمەلە و گیروگرفتەکانی ئەو سەردەمی نەبووە، بەلکو کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە هەلومەرجی رەوتی کۆمۆنیستی لە ئاستی دونیادا و بە تایبەت دوای روخانی ئیتحادی شورەوی. بەڵام ئەوە ئیدعایەکە و نوسراوەکانیشیان هەروا دەڵێن، بەڵام ئەوەی کە منیش باسمکرد مێژووی واقیعی و کونکرێتی رووداوەکانن. تاساڵەها دوای پێکهاتنی حزبەکەشیان و ئینشیعاباتی دواجاری ناویشیان و تا ئیستاش هەر سێبەری کۆمەلە بەسەر باسەکانیانداو بەسەر ژیانی سیاسیاندا قورساییدەکات.

موهتەدی تا دوای کۆرەوەکەی کوردستانی
عیراق لەگەل مەنسوڕی حیکمەت بوو

×تۆو عەبدوڵڵا موهتەدی رێبەرایەتی ئەو کوتلەیەتان ئەکرد دژی کوتلەکانی مەنسوری حیکمەت وانییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر، ئێمە کۆمیتەی ڕەهبەری کۆمەڵە بووین کە لە نێوان دوو پلێنۆمدا کاری کۆمەڵەی بەرێوەدەبرد و ناوەندێک بوین کە دەتوانین بڵێین وەکوو دەفتەری سیاسی کارمان دەکرد. کاک عەبدوللا لە گەرمەی ئەو باسانەدا لەبەرەی

موخالیفی ئێمە دابوو. لە راپەرینی کوردستانی عیراقەوە و لە ئەسڵدا لە دوای کۆرەوەکەی کوردستانی عیراقە کە کاک عەبدوڵڵا لەبەرەی ئەوان دێتە دەرێ و دێتە ناو بەرەی ئێمەوە.

× ئەو کۆمیتەی رابەریە کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: عومەری ئێلخانیزادە، جەواد مشکی ، حبیب گەویلی و ئیبراهیم عەلیزادە، عوسمان رەوشەن تودە و کۆرش مودەرسی تا کاتێک لە ناوەوەی وڵات بوو.

×ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ وە هەڵبژێردراوی پلینۆم بوون.

×باشە بۆ کەلەکوردستان پاشەکشەیان کرد، ئیتر نەبارەگایان ما نە نفوز نە جەماوەر هیچ وجودێکیان نەما لە کوردستانی عیراقدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەرەتاوە بە گشتی فەعالیەت لە کوردستان لەبەرنامەی کاری ئەواندا ئەولەویەتی نەمابوو. تەنیا دەیانەویست پاشەکشەی کادیر و پێشمەرگەکانی لایەنی ئەوان وەها چاوەروانەکراو و کتوپر نەبێ کەلەگەڵ قسە و لێدوانەکانی پێشویاندا نەیەتەوە. ئەو وەزعە تا دوای راپەرینی کوردستانی عیراق و دوای کۆرەوەکە هەر وا ئیدامەی بوو. تەنانەت لایەنگرانی رەوتی ئەوان لە کوردستانی عیراقیش هەر دەستیانکردبوو بە موهاجەرەتێکی بە کۆمەڵ. دواجار کەکوردستانی عیراق لەژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس هاتەدەرێ و یەکێتی نیشتمانی و پارتی هاتنە دەسەڵاتەوە و کەشوهەوایەکی واهاتەکایەوە کە لایەنگرانیان لە ناو رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری لە کوردستانی عیراق مەجالی فەعالیەت و هەڵسورانیان بۆ رەخسا، رەهبەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانیش هەستیان بەوە کرد کە دەبێ ئەو گۆرانکاریانە بەرەسمی بناسن و خۆیان لەگەڵ هەلومەرج نوێ تەتبیق بدەن. ئەوە بوو هەولیاندا ئەو جار لە قالبی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا

بگەڕێنەوە ناوچەکە. بەڵام مەسەلە ئەوەیە حزبێکی سیاسی کە لە نوختە وەرچەرخانێکی مێژووییدا فورسەتی لە دەستدا و نەیتوانی وەڵامی پیویستی ئەو کاتە و ساتەبداتەوە و بە تایبەت ئەگەر وەڵامی نەگونجاو و نادروستیشبداتەوە ئیتر بە کاری روتین زۆر زەحمەتە بۆی قەرەبوو بکرێتەوە.

مەنسوری حیکمەت
رۆڵی گەورەی هەبوو لەدروستکردنی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

×یەعنی پێتوایە پەیدانەکردنەوەی گەشەو نفوزی ئەوان وەکو لە رووی جوگرافیاوە نەیاتوانی لە کوردستانی عیراق شوێنێک بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، پێتوایە یەکێتی و پارتی نەیانهێشت لەکوردستان بمێننەوە ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلە ئەوە نیە رێگەی بنکە و بارەگا دانیان لە کوردستانی عیراق پێدراوە یان پێنەدراوە. ئەوان کەوتبونە مەوقعیەتێکەوە کە ئیتر نەیاندەتوانی دەوری حزبێک ببینن کە پێگەی جەماوەری هەیە.

×پاش ئەوە مەنسوری حیکمەت بەقەناعەتی تۆ رۆڵێکی گەورەی ئەبێت لە دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، بە رێبەرایەتی رێبوار ئەحمەد و هەموو گروپ و چەپە بچوکانە کۆئەکاتەوە، لەکوردستانی عیراق حزبی کۆمۆنیستیان بۆ دروست ئەکات، پێتوایە تاچەند رۆڵی هەبووە، وە مەبەستی لەمەچی بووە ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەنسوری حیکمەت رۆڵی یەکەمی هەبووە لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، وە دەتوانم بلێم بە بێ ئەو نەدەکرا، ئەو هانیدان بۆ ئەوەی دەستەبەندیەکانی ناوخۆیان کۆتایی پێبێنن و لەژێر ئالای حزبێکی یەکگرتوو دا

کۆ ببنەوە. بۆ مەنسوری حیکمەت پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ڕێگەیەک بوو بۆ گەڕانەوەی جەریانەکەی ئەوان بۆ کوردستان. بە بووژانەوەی کۆمەڵە، بە لەسەر پێمانەوەی حزبی کۆمۆنیست لە کاتێکدا کە ئەوانیشی لێچووبونەدەرێ ، کۆمۆنیسمی کارگەری ئێران هەستی بەشکستێک دەکرد کە لای وا بوو لە ڕێگەی جەریانی کۆمۆنیسمی کرێکاری عیراقەوە دەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە. پێیانوابوو ئەوە ڕێگەیەکە بۆ بە دەستهێنانەوەی فورسەتێک کە لە دەستچوو بوو.

×دوای ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران دروست ئەبێت، لەسەر دەستی مەنسوری حیکمەت، بەڵام چوارساڵ دوای ئەوە، هەر ئەو هاوکارانەی کە بۆ ئەم مەیل و بۆچوونە لەگەڵی بوون، وەکو ئیرەجی ئازەرین و ڕەزای موقەدەم، جیا ئەبنەوە لێی، دوابەدوای ئەوەش جارێکی تر حەمیدی تەقوایی‌و کۆرشی مدرس و چەندین جیابوونەوەی تر ڕووئەدات لەناو ئەم حزبە وە ئێستاش تازەترین جیابوونەوە پاش مەرگی مەنسوری حیکمەت بەدروستبوونی ڕێکخراوێکی تازە بەناوی (حیکمەتیست)ئەم هەموو ئالوگۆرانە لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا بە قەناعەتی تۆ هۆکارەکانی چییە، ئەو هەموو جیابوونەوەو ئینشیقاق و ئینشیعابە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جیابونەوە لە ناو حزبێکی سیاسیدا دەتوانێ ڕوداوێکی زۆر ئاسایی بێت ئەگەر ئەو جیابونەوە ڕەنگدانەوەی لانی کەمی گورانکارێکی سیاسی و کۆمەلایەتی دیاریکراو لە دەرەوەی ئەو حزبە بێت. بۆ نمونە کاتی هاتنە سەر کاری ریفۆرم خوازەکانی ئیسلامی لە ئێران ، زۆر ئاسایی بوو ئەگەر لەسەر هەلوێست و سیاسەت و ستراتێژی جیاواز بەرانبەر بەم ڕەوتە لە حزبێکدا دوو ڕێگای جیاواز ڕەچاو بکرێ. یان هێرشی ئامریکا بۆ عیراق و هەلوێستی جیاواز لەسەرى، جیاوازی لە سیاسەت و تاکتیکدا بەرانبەر بەبزوتنەوە کومەلایەتیەکانی وەکو بزوتنەوەی

کرێکاری و بزوتنەوەی ژنان و هی تر. بەڵام جیابونەوە لە حزبێکی دیاریکراو دا کە لەسەر تەفسیری جۆراوجۆر کە لە قسەی ئەم رێپەر و ئەو رێبەر دەکرێ، یان لەوەش نزم تر لەسەر شەری دەسەلاتی بەرپرسانی ناوخۆی حزبە کە ، ئەم جۆرە جیابونەوانە دەکرێ رووبدەن و یان روو نەدەن. جیابونەوەکانی ناو رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری پشتیتان بە هیچ گورانکارێکی کۆمەلایەتی، بە هیچ ئالوگۆرێکی سیاسی گرنگ لە دەرەوەی خۆیان نەبەستوە. تەنانەت لەستراتێژ و بەرنامەی سیاسیشیاندا جیاوازیەکی جیدی نابیندرێ. لە زۆربەی ئەحزابی سیاسی ولاتانی رۆژهەلاتدا رێبەر و بەرپرس حزب بەرانبەر بە شکست و ناکامی لە دروشم و سیاسەتەکانی حزب بەرپرس نییە، هەربۆیە لەو حالەتانەشدا وەکو نەبای هاتبێ و نە باران هەر لە جێگەی خۆیان دەمێننەوە. کە بەم هۆیەوە لە خوارەوەی حزب ئوتوریتەی مەعنەویان نامێنی بۆ پاراستنی مەوقعیەتی خۆیان دەست بۆ هەر کارێک و یەک لەوانە ئینشیعابیش دەبەن.

مەنسور نەیتوانی
یەکگرتوویی رەوتەکەشی بپارێزێت

×ئەو جیابوونەوانەی ئێستای ناو ریزەکانی کۆمۆنیسمی کرێکاری لە نەوعی جیاپونەوەی ئەو رەوتە لە کۆمەڵە و لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ساڵی (1990)نەبوو کە لە ژێر کاریگەری گەلێک رووداوی گرنگی دەرەوەی خۆیدا روویدا (کۆتایی شەری ئێران و عیراق، ئەنفال و کیمیاباران و راپەرین و کۆرەو و رووداوی جیهانی وەکوو دارمانی بلۆکی شەرق و..) ، ئەم جیابونەوانە چەند کاریگەری لەسەر مەسەلەی مارکسیزم لە کوردستان لە ئێران لە ناوچەکەیە داناوە وە پێتوانییە بە مردنی مەنسوری حیکمەت یەکێک لەهەرە ناسراوترین منەزیرەکانی چەپ یا مارکسیزم یا کۆمۆنیزمی کاریگەری لەناوچەکەدا لەدەستداوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نوسراوەکان و خوێندنەوەی مەنسوری حیکمەت بۆ مارکسیسم تا ئەو کات کە لە ناوحزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مابوو کاریگەرێکی بەرچاوی لەسەر رەوتی چەپ و کۆمۆنیست چ لە ئێران و چ لە عیراقدا هەبوو. بەڵام بە دوور کەوتنەوەی لە رێبازی حزبی کۆمۆنیست و بە پێداچونەوە بە هەندێک لە گرنگترین تێزەکانی مارکس و لینین لە بابەت حزبو دەسەڵاتی سیاسی و هەلومەرج و زەمینەکانی شۆرشی کرێکاری و بە کردەوەش بە دابرانی لە کۆمەلە و لە حزبی کۆمۆنیست، ئیتر ئەو نفوزی کەلامەی نەما و تەنانەت نەیتوانی یەکگرتووی ریزەکانی رەوتەکەی خۆشی بپارێزێ.

×کە وایە بە مەرگی مەنسوری حیکمەت ئەو هەموو ئینشیقاقەی ناو حزبی کۆمۆنیست روویدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشبینی ئەوەی کە بەمانەوەی مەنسوری حیکمەت حزبەکەی چی لێ بەسەردەهات ئاسان نییە و زەروریش نییە.ئەوەندەمان لێ روونە کە بەهۆی کۆمەڵێک ناکامی تاکتیکی و ماندوو بونی ریزەکانیان لە ئاکسیونی دەرەوەی وڵاتی کەم نەتیجە و بە ئەو بەناو نەوئاوەرێک کە لە مارکسیسمدا دەیکرد وردە وردە خەریک بوو سەرەتاکانی کێشە و ئیختیلافی ناوخۆییان دەردەکەوت. کە لەوانەیە جیابونەوەشی لێبکەوتایەتەوە.

×کۆرشی مودەریس ئەلتەرناتیڤی مەنسوری حیکمەتە کە ئێستا رێبەرایەتی ئەو حزبە دەکات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەرای من مەنسوری حیکمەت تایبەتمەندێکی هەبوو کە جێنشینەکانی نیانە. مەنسوری حیکمەت کە خۆی داهێنەری نەزراتەکەی خۆی بوو هەر کات کە پێویستیی زانیبا پێداچونەوەی پێدادەکردن. بەڵام بە دوای ئەو هیچ کام لە رێبەرانی کۆمۆنیسمی کرێکاری ئەو بروا بەخۆیەیان نییە کە دەستبدەنە وەها کارێک و ئەگەر کردیان دەبێ خۆیان بۆ جیابونەوەیەکی تازە ئامادە بکەن.

×مونەزیرێکی مارکسیزم و کۆمۆنیست بوو لەناوچەکەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو خۆی پێیوابوو ئەوەی ئەیلێت گەشەپێدانی مارکسیسمە، لەدەرەوەی خۆیان ئەویان بۆ نەسەلماند و لە مەیدانی تاقیکردنەوەشدا سەرکەوتنێکی بە دەستنەهێنا. بەڵام سەرەرای ئەمانە لە رووی فیکریەوە ئینسانێکی خەلاق و چالاک بوو.

پەیوەندی ئیسرائیل و کۆمۆنیزمی کارگەری رێگەپێدراوە

×ئەو دیعایە چەند راستە کە گوایە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و مەنسوری حیکمەت پەیوەندی لەگەل ئیسرائیل هەبووەو دانانی تەلەفزیۆنی ئەم حزبەش بە هاوکاری ئیسرائیل دامەزراوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من مەعلوماتی کۆنکرێیتم لەو بارەیەوە نییە. سەرچاوەی ئەو ئیدعایانە بریارنامەیەکی پەسند کراوی ناوخۆی ئەو کاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە کە ئەو بریارنامەیە دەکرێ وا تەفسیر بکرێ کە وەها پەیوەندێک رێگە پێدراوە.

×بەرەئی تۆ شتێکی ئەخلاقی و دروستە پەیوەندیکردنی حزبێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل کە زۆرجار لە فەرهەنگی چەپەکاندا بە زایۆنیزم یا بە داگیرکەری خاکی فەڵەستین ناوئەبرێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من هەر حزبێکی لاواز کە لەگەڵ دەولەتێکی بە هێز پەیوەندی بگرێ بە کردەوە، ناتوانێ سەر بەخۆیی بریاردانی خۆی بپارێزی. پەیوەندی گرتنی حزبێک کە بەناوی کۆمۆنیسمەوە کار دەکات لەگەڵ دەولەتی ئیسرائیل بە مانای خۆکوژی سیاسی ئەو حزبەیە.

بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەعس
پرسمان بەیەکێتی کرد

×ئەی پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عیراق چ پاساوێکی هەبوو ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵە نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بە هێزیدەکرد. ئەو بزووتنەوەیە پێی نابووە قۆناغێکی موقاوەمەتێکی بەرینی چەکدارانەوە، بە پانایی هەموو کوردستان. بە هەزاران کەس روویانکردبووە ریزەکانیەوە، شەرێکی سەخت لەنێوان هێزەکانی ئێمە و رژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئارادابوو، بەرێوەبردنی ئەو موقاوەمەتە پێویستی بە چەک و تەقەمەنی و پشتی جەبهەیەک بۆ دەرمانکردنی بریندارەکانی بوو، پێویستی بەوە بوو کە رێگا بۆ دەرەوەی وڵات هەبێ. بە لەبەرچاو گرتنی رادەی توندوتیژی ناکۆکی نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێران و بە تایبەت شەرێک کە لە نێوانیاندا لە ئارادا بوو، کۆمەڵە دەیتوانی پێبنێتە ناو ئەو دیپلۆماسیەتەوە، و پشتوانێ سەربەخۆیی خۆی لە بریارداندا بپارێزێ. هاوسەنگی واقیعی هێز لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، ئەو ئیمکانەی پێدابووین. هەر ئەو کۆمەڵەیە لە سالی (1968)ەوە کە پێکهات تا سالی (1979)کە شۆرشی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی شا بەسەرکەوتن گەیشت، نە زەروری بوو و نە بۆی هەبوو، نەک هەر لە دەوڵەتی عێراق، بەڵکو لە هیچ دەوڵەتێکی بورژوایی دیکە، یارمەتی مالی و تەکنیکی وەربگرێ. ناکرێ هەر کات حزبەکەمان بێ پارە بوو، بچین لەگەڵ دەوڵەتێکی بورژوایی پەیوەندی بگرین.

جگە لەمەسەلەی هاوسەنگییەکی دیاریکراو یان زەرورەتێک لەو چەشنەی باسمکرد، ئەو نەوعە پەیوەندییانە دەبێ لە رووی مەسلەحەتی سیاسییەوە هەڵبسەنگێندرێ و بە قازانج بێ. هەر ئەو کاتە لە بیرمە کە ئێمە بۆ بەرقەرارکردنی ئەو پەیوەندیە،

پرسمان بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی عیراق بوو، کرد و تەنانەت بە تەشویقی ئێمە ڕێکەوتننامەیەکی چوار قۆلی لە نێوان یەکێتی و حزبی دیموکرات و دەفتەری ماموستا شێخ عزالدین و ئێمە ئیمزا کرا کە تێیدا تەئکیدکراوە لەسەرئەوەی، پەیوەندی لەگەڵ عیراق لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ زیان بە خەباتی خەڵکی عیراق لە دژی ڕژێمەکەی بگەیەنێ. لەم لاشەوە ئێمە، پرسمان بە چەندین لایەنی هاوپەیمانی خۆمان لە ناو هێزە چەپەکانی ئەو کاتی ئێران کرد و ڕەزایەتی ئەوانیشمان وەرگرت. لەناو خۆشماندا لەکۆنفرانسێکی تایبەتیدا کە 6 مانگ دوای کۆنگرەی 2ی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، باسمان لە لایە جۆراوجۆرەکانی ئەو پەیوەندیەکرد و بریار نیهاییمان لەسەردا و سنورەکانیمان دیاریکرد. هەر بۆیە پەیوەندی ئێمە و دەوڵەتی عێراق و یارمەتی وەرگرتن لێیان، پەیوەندیەکی ئاسان نەبوو. دەوڵەتی عیراق هەرگیز لە ئێمە ئەمین نەبوو و دەیان قوربانیمان لەو پێناوەدا، داوە.

×پەیوەندی ئێوە و مەنسور و حزبەکەی چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ پەیوەندیمان نەبوو.

مەنسوری حیکمەت کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستو هێزی پێشمەرگەی لاواز کرد

× ئایا ئێستا پەیوەندیەکتان لەگەڵ لایەنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەلومەرجی جیابوونەوەکەوبیرەوەریە ناخۆشەکانی کارێکی وایکردبوو کە پەیوەندیگرتن لەگەل ئەو حزبە تازەیە بۆ ئێمە کارێکی ئاسان نەبووە. تا ئێستا هیچ پەیوەندیەکی بەرەسمی سیاسی لەنێوانماندا دانەمەزراوە و ئەم یا ئەو هاورێ

ئەگەر بە شەخسی لەگەڵ هاورێیەکی قەدیمی خۆیدا لەم حزبەدا پەیوەندی شەخسییان هەبووبێ، لەوە زیاتر نەبووە. لە جەرەیانی بانگەوازی مانگرتنی گشتی (16)ی گەلاوێژی (2)ساڵ لەمەوبەردا کە خەڵکی کوردستان بە تێکرای دەنگ بە دەم داوای کۆمەڵەوە بۆ مانگرتنی گشتییەوە هاتن، باڵی حیکمەتیستی ئەم حزبە پشتیوانی لەم بانگەوازەکرد.

لە مانگەکانی سەرەتای ئەم ساڵیشدا(2006) هەوڵێکدرا بۆ ئـەوەی کە هەموو بـەرەی چەپی ئێران بەیانێکی هاوبەش لەسەر هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران و ئەو مەترسییانەی کەهەرەشە لەم کۆمەڵگایە دەکـات، دەر بکەن، کە حزبی کۆمۆنیستی کاریگەریش لەناو ئەو بەرەیەدا حیسابی بۆ کرابوو. ئەو هەولەش بێئاکام ماوە. بێجگە لەمانە زەروریەتێکی سیاسی ئەوتۆ بۆ بەرقەرار کردنی ئەو پەیوەندییە نەبووە، هەرچەند من بە شەخسی لام وایە لەگەڵ باڵەکانی ئەم رەوتەش وەکو بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزسیۆنی جمهوری ئیسلامی پێویستە پەیوەندیەکی ئاسایی هەبێ و ئیتر دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە رووداوەکانی دەورەی جیابوونەوەکان فەرامۆشبکرێن و ئەوەندەی کە پێویستە ئەساسێکی نوێ بۆ پەیوەندی دابرێژرێت.

×بە رۆیشتنی مەنسوری حیکمەت و ئەو جەماعەتە، حزبی کۆمۆنیستی ئێران تا چەند لاواز بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو رووداوە زەربەیەکی قورس بوو لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە کۆمەڵەش، ئەوان لە هەر سێ بەشی رێکخراوی ناوەوەی وڵات، رێکخراوی دەرەوەی وڵات و لەناو هێزی پێشمەرگەشدا، زۆربەی کادر و ئەندامانیان یا لەگەڵ خۆیان برد وە یا کەنارەنشینیان کردن. بەڵام نە

کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەم حەرەکەتەی ئەوان لە ناوچوو وە نە ئەوانیش توانیان ئەو هێزەی کەبەمجۆرە لە دەوری خۆیان کۆکردبووە، بپارێزن. کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەر لەنوێ بووژانەوە و پێگە و جێگە و شوێنی خۆیان بە دەستهێناوە. ئەوان با وجوودی ئەوەی کە زۆرینە بوون، بەڵام ئامادە نەبوون حزبەکەی خۆیان لەسەر هێڵی حزبی کۆمۆنیستی ئێران حەرەکەت بدەن. ئەوان پێیانوابوو کە دەبێ خۆیان لە هەموو سوننەتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیاکەنەوە. حزبەکەی ئەوان نە دەبوایە لە هیچ روویەکەوە وەکوو حزبی کۆمۆنیستی ئێران بچێ. ئەوان نەیاندەویست خۆیان بە میراتگری حزبی کۆمۆنیستی ئێران بناسن. بەڵام حزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەرنامە و ستراتێژ و رێبازی سیاسی و سوننەتی فەعالیەتی حزبیەوە، دامەزراوێکی جێکەوتوو بوو کە ئەو لاواز بوونە نەیتوانی بناغەکەی دەربێنێ.

بە نیسبەت کۆمەڵەشەوە، زۆر زوو مەقەرەکانی لەکوردستانی عێراق ئاوەدانبوونەوە، لاوانی شۆرشگێری کوردستان روویانکردە ریزەکانی کۆمەڵە، هەڵسوراوانی ناوەوەی وڵات پەیوەندییەکانیان دامەزراندەوە، حەرەکەتە کرێکارییەکان لە مانگرتنی کورەخانەکانەوە، بگرە هەتا رێ و رەسمەکانی (1)ی مەی و گەلێک ئیعترازی جەماوەری، لە ژێر کاریگەری کۆمەڵەوە دەستیپێکردەوە. چاپەمەنییەکانی حزب و کۆمەڵە بوژانەوە، رادیۆەکان رەونەقی رابوردووی خۆیان وە دەستهێنایەوە. لە دەرەوەی وڵاتیش ژمارەیەک لەو کادیرانەی کە تووشی نائومێدی و بێ تەفاوتیبوون و کەنار گیریان کردبوو ئەوانەش کەم کەم هاتنەوە ناو کۆری خەبات.مەبەستم ئەوەی لەسەرەتاوە بە جیا بوونەوەی ئەوان گەلێک لاواز بووین، بەڵام ئەو لاوازبوونە کاتی بوو.

حزبی کۆمۆنیست
بەهێزترین باڵی چەپی ئێرانە

×ئێستا حزبی کۆمۆنیست لە چ وەزعێکدایە، ئەتانەوێت حزبی کۆمۆنیست بەرەوکوێ بەرن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە ئێستا حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە چاو باقی هێزەکانی چەپی ئێران لە هەلومەرجێکین لەبارتر دایە و ئیمکانی گەشە و پەرەسەندنی زۆرە. بەو حاڵەشەوە پێمانوانییە کە حزبی کۆمۆنیست بە تەنیا خۆی دەبێتە ئەو ناوەندە کە هەموو حزب و گروپ و رێکخراوە سیاسییەکانی بەرەی چەپی کرێکاری ئێران لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. بەو مانایە پێمانوا نییە کە ناوەندی رێبەریکردنی شۆرشی کرێکاری داهاتووی ئێران لە پەرە گرتنی چەندایەتی حزبی ئێمە پێکدێت. ئەوە داهاتووە کە دیاریدەکات ستادی رێبەری شۆرشێکی کرێکاری لە ئێران چۆن شکل دەگرێت. حزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانێت قورسایەکی زۆری هەبێ لە شکل گردتنی وەها پرۆسەیەکدا. حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرنامەیەکی رۆشنی سیاسی هەیە، ستراتێژی خۆی بۆ گەیشتن بەو بەرنامەیە دیاریکردووە، پێشینەیەکی سیاسی روون و جێگای رێزی هەیە. راستگۆ بووە و هەمیشە هەموو راستییەکانی بە خەلک گوتووە. کەموکورییەکانی خۆی ناسیوە و هەولیداوە لە بەینیان بەرێ. ئەگەر بە خاوی چۆتە پێش و ئەگەر نەیتوانیوە کە وەلام دەرەوەی هەموو ئەو چاوەروانیانە بێ کە لێی هەبووە، بەلام دەتوانێ نیشانیبدات کە بە هەموو تواناوە، بە بێ سازان و لادان بۆی تێکۆشاوە. لە هەلومەرجی ئێستادا کە بۆژانەوەیەک لە ناو بزوتنەوە کومەلایەتیەکانی رادیکالی ئێران وەکو بزوتنەوەی خوێندکارانی زانکۆکان، بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان دەبیندرێ کەس ناتوانێ دەوری رەوتی ئێمەی تێدا نەبینێ.

×کامانەن گروپە چەپەکانی ئێستای ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شاخەکانی چریکی فیدائی، رەنجبەران، راە کارگەر، یەکێتی کۆمۆنیستەکان و یەکێتی سۆسیالیستی کرێکاری و باڵەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چەند گروپی دیکەن.

×ئەو شتانەی کە حزبی کۆمۆنیستی پێناسرایەوە وەکو دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن، ئارمی چەکوش‌و، داس هەست ناکەیت ئێستا کەم بۆتەوە، بۆ نمونە لەناو بارەگاکانتان ناپینین، لەسەر ریکلامەکانتان کەمتر ئەبینرێ، ئەوە دەلالەت لەو ئالوگۆرانە ئەکات، کە دوای شکستی شورەویی‌و یەکێتی شۆڤیەت روویاندا، یان ئەوە لە چ نەزرەو تیۆرێکەوە ئێوە پێگەیشتن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هەرگیز باوەرمان بەوە نەبوو لە ناوەراستی ساڵەکانی دەیەی (30)ی زایینی وە ئیتر چینی کرێکار لە یەکەیتی سۆڤیەت لەسەر دەسەلاتە، بەلام لە ئاکامەکانی ئەم بومەلەرزە گەورە سیاسییە واتە هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بێ نسیب نەماین. ئێمەش بە بەشی خۆمان کەوتینە ژێر کاریگەری ئەوە پروپاگەندەی کە سەرمایەداری سەرکەوتووی رۆژئاوا لە دژی کۆمۆنیسم دەستیپێکردبوو. لەو پروپاگەندەیەدا، سەرەتا کۆمەلگای یەکێتی سۆڤیەت بە نارەوا بە کۆمەلگایەکی کۆمۆنیستی پێناسەدەکرا و ئەو جار هەموو ئەو دیاردە دزێوانەی کە لەوێ روویاندابوو، دەیانکرد بە کوتەک بۆ سەر ئامانجی شەریفی کۆمۆنیستی. پێویست بوو ئێمە بەرانبەر بەم پەلامارە جیهانییە لە هەموو رویەکەوە رابوەستین، لە بواری نەزەری، لەبواری عەمەلی و تەنانەت لە هێما و نیشانەکانیشدا جیاوازی خۆمان بەیانکەین، بۆ ئەوەی بە نارەوا نەکەوینە بەر ئەم پەلامارە. لاچوونی عەلامەتی چەکوچ و داس پەیوەندی بەو تێبینییەوە هەبوو. دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن هەر لە جێگای خۆیەتی و ئێستا لەگەلّ گلۆبالیزاسیۆنی سەرمایەداری زیاتر لە هەمیشە پێویستی بەرز کردنەوەی ئەو دروشمە بە عەمەلی هاتۆتە گۆرێ.

×واتـا رەبتی نەبوو بەو شکستانەی کە تووشی بلۆکی شورەویی هات، باشە ئەو شکستە یا ئەو وەزعەی کە لەدوای (1990)ەوە روویدا پاش تێزەکانی گۆرباچۆف و لەسەر ئاستی دونیا چ کاریگەری سلبیان کرد لەسەر رەوتی کۆمۆنیست و مارکیسزم و کۆمۆنیزم لەسەرتاسەری دونیا، بەتایبەت لەسەر حزبی کۆمۆنیستی ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شۆرشی کرێکاری لە یەکێتی سۆڤیەت لە ناوەراستی سالەکانی(1920_ 1930) زاییندا وردە وردە شکستی خوارد و ئامانج و ئاواتەکانی ناسیۆنالیسمی روسی لە ژێر دەسەلاتی نیزامێکی سەرمایەداری دەولەتیدا جێگای ئامانج و بەرنامەی چینی کرێکاری گرتەوە. بەلام ئەم بۆچونە هەرگیز نەیدەتوانی نە ئێمە و نە هیچ رێکخراوێکی کۆمۆنیستی لە دونیادا بەرانبەر بەهێرشێکی بەرینی تەبلیغاتی کە لە دژی کۆمۆنیسم کەوتبوە رێ و تەر و وشکی پێکەوە ئەسوتاند، زەمانەت بکەین.

ئەم هەلومەرجە لە روی عەینییەوە ئێمەشی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە و لەراستییدا کاری ئێمەی دژوارتر کردبوو. کەمتر لە (10) سال دواتر هەموو ئەو تەپ و تۆزە نیشتەوە و مەعلوم بوو کە بەدیلی سەرمایەداری بۆ ژیانی داهاتووی ئینسان جگە لە شەر و مالوێرانی و بێ مافکردنی زیاتری هیچی تری بە دەستەوە نییە.

حزبی کۆمۆنیست موقەدەس نییە

×کەواتا ئێوە کەی واز لە حزبی کۆمۆنیست دەهێنن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە نامانەوێ واز لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران بێنین، بەلام هەر وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد، لە پێناوی پێکهێنانی یەکگرتوویەکی چینایەتی و سەرانسەری بەهێزتردا قالبی ئێستای حزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی لە خۆیدا مۆقەدەس

نییە و دەتوانێ بگۆردرێ بەدیاردەیەکی دیکە کە بزووتنەوەکەمان بەرەو سەرکەوتن بەرێ.

×جیاوازی چییە لەنێوان ئەو ئامانج و ئەهدافانەی کە کۆمەڵە بۆی تێئەکۆشێت، لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست، کەواتە بۆ هەر لەناوکۆمەڵەدا کارناکەن و بەوئەهداف و ئامانجانە بگەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ جیاوازیەکی ئوسولی نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە کۆمەڵە ئامانجی بە سەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردیشی بە تایبەتی لەسەر شانە و بە پێی ستراتێژی دیاریکراوی خۆی بۆی تێدەکۆشێ. بەڵام ئەگەر مەنزور کۆمەڵەیەکی کوردستانییە پێمانوایە وەها قالبێک گەلێک مەحدودماندەکاتەوە لەبە کارهێنانی ئەو زەرفیەتە سیاسیو کۆمەلایەتییە عەزیمەی کە خەباتێکی سەرتاسەری لە ئێران لە خۆیدا کۆی کردۆتەوە. پەیوەستبوونی ئێمە بە بزوتنەوەیەکی سەرانسەری ئێران، بێگومان جێگا و شوێنی کۆمەلە لە کوردستانیش بەهێزتر دەکات.

×پێتوایە جیاوازیەک هەیە لە رووی ئیدیۆلۆژی، سیاسی، نەزەری، پراکتیکی و ستراتیجیەوە لە نێوان کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من نییە، نا، ئەوە دابەشکردنی کارە، یەعنی ئێمە لە کوردستان ئەولەویێتێکمان هەیە، ئەو ئەولەوێتە دەبێ بەجێبگەیەنین بۆ نمونە ئێمە پێمانوایە کە بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان دەتوانێ سەرکەوتنی خۆی هەبێ، یەعنی دەتوانێ سەربەخۆ لەوەی کە بزوتنەوەی سەرانسەری چ رەوتێک دەگرێتە بەر، بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان دەتوانێ بەدەرەجەیەک سەرکەوتنی خۆی هەبێ، جا ئەو سەرکەوتنە ئایا، بەردەوام دەبێ چەندە لەباری کۆمەلایەتیەوە، قوول دەبێتەوە، ئەمە بەحسێکی دیکەیە، بەلام بزوتنەوەی کوردستان خۆی ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر چارەنووسێکی جیاوازی

له بزوتنەوەی سەرانسەری لە هەموو ئێران هەبێ.

×تۆ پێتوانییە هەموو ئەو سەرکەوتنانەی کە لەرابردوودا روویانداوە، وە لەداهاتوشدا روو ئەدەن، کۆمەڵە پێشڕەوایەتی ئەکاو حزبی کۆمۆنیست بەرهەمەکەی ئەخوات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشە ئەوە نییە کام لا بەرەمی کام لا دەخوات، کۆمەلە ئەو ئەرکانەی کە لە کوردستان هەیەتی بەرێوەیان ئەبات، بەلام کۆمەلە ناتوانێ وەلامـدەرەوەی ئەو پێویستیانەبێت کە لە ئاستی ئێراندا حزبی کۆمۆنیست لەبەردەمێتی.

×زەرورن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، زۆر زەرورن، ئەو مەجالە تا ئێستا نەرەخساوە تا حزبی کۆمۆنیستی ئێران هەموو زەرفیەتەکانی خۆی لەو ئاستەدا دەر بخات. لەگەڵ قولتربوونەوەی ئەزمەی سیاسی لە ئێران، لەگەڵ گۆرانی هاوسەنگی هێز لە نێوان جەماوەر و رژێمدا و کرانەوەی کەشوهەوای سیاسی ئێران، حزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانێ بە خێرایی گەشەبکات و ببێتە یەکێک لە رێکخراوە زۆر گرنگەکانی بەرەی چەپی رادیکاڵ و کرێکاری لە ئێران.

لەکاتی خۆیدا حزبی کۆمۆنیست بەهانای کۆمەڵەوە دێت

×ئەگەر وایە بۆچی هەر هێشتائەندامانی لە مێژینەی کۆمەڵە، کوردەکان، رێبەرایەتی تەنانەت حزبی کۆمۆنیست و زۆرینەی حزبی کۆمۆنیست دەکەن، بە پێچەوانەوە ئێوە کەمترین خەڵکی پێکهاتەکانی تری وەکو فارس و تورک و بلوچتان لەگەڵیدایەو کە پێویست بوو ئەو حزبە لانی کەم بەشی زۆر لەوانی تیابێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو فرسەتە لە دەورەی راپەرینی جەماوەری لە ئێران بۆ روخانی رژێمی شا و

دواجار له جەرەیانی موقاوەمەت بەرانبەر رژێمی ئیسلامی تەنها بۆ ئەو بەشە لەحزبی ئێمە لەکوردستان رەخسا کە بتوانێ لە ئاستێکی جەماوەریدا کادر پەروەردە بکا، لە ئاستێکی جەماوەریدا تێکۆشەرانی سیاسی بێنە ناو ریزەکانیەوە. بەڵام ئێمە نامانەوێ لەو فرسەتەی کە بۆ کۆمەڵە رەخساوە تیئۆریەک بۆ هەموو بزوتنەوەی سیاسی لە ئێران وە هەموو بزوتنەوەی چینایەتی لە ئێران دابرێژین. ئێمە دەزانین کە بزوتنەوەی کوردستان وە کۆمەڵە تێدا لەگەل هەموو دەستکەوتەکانیش کە هەیەتی، خالی لاوازیشی زۆرە کە ئەو خالە لاوازانە بەبێ بەشدارییێکی سەرانسەری خەلکی چەپ و رادیکال و چینی کرێکارو زەحمەتکێش لە ئاستی ئێران پر نابێتەوە. ئەم بزوتنەوە سەرانسەریە لەکاتی خۆیدا دێتە هانای کۆمەڵەیەکیشەوە کە دەکەوێتە ژێر فشاری کۆماری ئیسلامی وە یان هەر رژێمێک کە لەمەرکەز لەسەرکار بێت.

حزبی کۆمۆنیست
دەبێ بەحزبی سۆسیالیست؟

×ئەگەرێک هەیە بۆ گۆرینی ناوی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ حزبی سۆسیالیستی ئێران یا بۆ هەر ناوێکی تری لەو شکلە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا، ئەو گۆرینی ناوە بە پێویست نازانین، گۆرینی ناو لە نێو حزبە بە ناو کۆمۆنیستەکاندا دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت بوو بە باو. ئەو ناو گۆرینە رەمزی بادانەوە و رەمزی لادان بوو، رەمزی پێداچوونەوە بە بیر و بۆچونەکانی پێشویان بوو، بۆ ژمارەیەکیان رەمزێک بوو بۆ نزیکبوونەوە لە دەولەتانی رۆژئاوا. بەڵام هەر وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەگەر قەرار بێ یەکگرتوویيەکی بەهێز لە نێوان هێزە چەپەکانی ئێران، لە ناو تێکۆشەرانی ریزی خەباتی کرێکاریدا پێکبێت. لە پێناوی وەها پرۆسەیەکدا، ناو دەورێکی جیدی نابینێ و دەتوانێ لە کاتی خۆیدا ئەگەر پێویست بێ دەتوانێ ناوەرۆک گەشەبکات و ناو بگۆردرێ.

هیچ کات سکرتێری حزبی کۆمۆنیست نەبووم

×با یەک پرسیارت لێبکەم، لە کۆنگرەی یەک و دوو سێ و چوار کە عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئێران بووە، بە پێچەوانەوە تۆ تا ئێستا سکرتێری حزبی کۆمۆنیست نەبووی لەهیچ کام لە دەورەکاندا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ وایە من لە هیچ دەورەیەکدا سکرتێری حزب نەبووم، بەڵام لە ناوەندەکانی سەرکردایەتی حزب وەکو دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی بەریەوەبەردا بووم.

×لەم ئاڵوگۆڕانەیە موتەناقیسێک ئەبینم ئەوەیەکە پاش چەند ساڵ عەبدوڵڵای موهتەدی بەبیانوی رەخنەگرتن لەوئیدئولۆژی و فکروتێرانە واز لەم بەرنامانە دێنێ ئەبێ بەسکرتێری کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران بەپێچەوانەوە تۆکە خۆت سکرتێرنەبووی؟

ئیپراهیم عەلیزادە: تەناقوزێک لێرەدا نییە، من هەمیشە کۆمەلەم وەکو رێکخراوێکی کۆمۆنیستی دیوە وە پێموابووە پێویستە ئەوخەت و رێبازە فکری وسیاسی و بەرنامەیە لەکۆمەڵەدا بپارێزین . من تەناقوزێک نابینم لەبەینی حوزوری خۆم وەکاری خۆم لەکۆمەڵەدا لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کەبۆ حزبی کۆمۆنیستی ئێران دامانابوو، هەروەکو وەختی خۆی کاک عەبدوڵڵا نەی دەبینی . کادرەکان بەپێی توانای خۆیان لەشوێنەکان رێکدەخرین و سازمان دەدرێن، بە بۆنەی زەرفیەت و ئیمکانات و توانایەی کەهەم بوو کوردستان بۆ من مەیدانێکی موناسیبتر بوو وە بۆ حزبی ئێمە وا بەقازانج بوو کە لەداهاتوودا کە ئەو کادیرانە لە شوێنی خۆیان رێک بخرێنموهتەدی لەکۆمەڵە چووە دەرەوە

×تۆ پێتوایە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان لە کۆمەڵە دەرچوون یا لەحزبی کۆمۆنیست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە راستیدا لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی ئەوان لە کۆمەڵە دەرچوون، یەکیان، هۆکای رێکخراوەیی و ئەوی تریان هۆکاری سیاسییە. ئەوان چ لە ناو کۆمیتەی ناوەندی، چ لە ناو ئەندامانی کۆمەڵە بە گشتی و چ لە ناو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی (9)دا، چ لە ناو هێزی پێشمەرگە و رێکخراوی ناوەوەی وڵاتیشدا کەمایەتی بوون. ئەگەر بە لانی زیادیشەوە بۆیان حیساب بکەین رێژەیان بە گشتی نەدەگەیشتە (20) لە سەدی ریزەکانی کۆمەڵە لە هە هەموو ئاستێکدا.

لە رووی سیاسیشەوە ئەوان لە راستیدا رێبازی تا ئەو کاتی کۆمەڵەیان گۆری. ئەوەی ئەمرۆ دەیلێن و یان بە کردەوە دەیکەن پەیوەندی بە هیچ دەورەیەک لە ژیانی کۆمەڵەوە نییە. بروانە کۆنگرەی رابوردووی کۆمەڵە، لە کۆنەوە تا ئێستا و بەرئاوەردی بکەن لەگەڵ ئەوەی ئێستایان، بزانن ئەوان دەتوانن خۆیان بە کامیانەوە گرێ بدەن؟

رەوتێکی نوێ لەناو کۆمەڵەدا پەیدا دەبێت

×لە کۆنگرەی (12) کە مانگی (8ی 2006)دا بەستان، هەمدیسان مەیلێک یاخود گەرایشێکی لەو جۆرە هەیە کەداوا دەکات حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەمێنێ، تەنها بە ناوی کۆمەڵەوە کار بکرێت، بەڵام پێموایە ئەو مەیلە کەمینە بوو لەناو کۆنگرەداو نەیتوانی دەنگێکی وا بەدەست بهێنێ، ئەم مەیلە تازەیە چییە؟ وەپێتانوانییە لەگەڵ زیادبوونی ئاڵۆگۆرەکانی داهاتوو، ئەم مەیلە لەناو کۆمەڵەدا زیاد دەکات، وە مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەمە زیاد دەکات و لە حالەتێکیشا ئەگەر هاتوو ئەم مەیلە لە کۆنگرەدا زۆرینە بوون ئێوە مل بەوە ئەدەن کە تەنها بەناوی کۆمەڵەوە کاربکەن و واز لە حزبی کۆمۆنیست بهێنن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو مەیلە لە ناو ئێمەدا پێش ئەو

کۆنگرەیەش هەر هەبوو. لە کاتی جیابوونەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ئەوان نەیانویست لەگەڵ ئەوان بچن و هەستیان بە گەلێک ناکۆکی دەکرد لەگەڵیان. ئەوەی کە ئایا ئەو رەوتە لە ناو ئێمەدا گەشەدەکات یان نا، بەبروای من بە دەرەجەی یەکەم پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئێمە چەندە بتوانین ئەو ئەرکانەی کە بۆ کۆمەڵە لە کوردستان و بۆ حزبی کۆمۆنیست لە ئاستی ئێراندا دیاریمان کردووە جێبەجیبکەین. ئەم رەوتە لە ناو ریزەکانی خۆماندا کەمتر ئیمکانی گەشە کردنی هەیە. رەنگە خۆیان زۆرتر هیوایان بەراکێشانی سەرنجی هەلسوراوانی قەدیمی کۆمەڵە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن و پەیوەندییان بە هیچ باڵێکەوە نییە هەبێ، داهاتووش نازانم چی دەبێ.

کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە

(گەلاڵە)1984

کوردستانی عێراق

کۆنگرەی چوارەمی بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

×لێرە باسەکانی تایبەت بە حزبی کۆمۆنیست کۆتایی دێت، ئەگەر بەبیرخۆتی بهێنیتەوە، پێموایە ئەمانە یادەوەری کۆنگرەی سێهەم بوون، ئێستا ئەچینە سەرباسەکانی کۆنگرەی چوارەم، بۆیە پێمخۆشە بە شکڵی کۆنگرەکان برۆین، لەبەر ئەوە تەشکیلی حزب زیاتر پەیوەستە بە کۆنگرەکانەوە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێکدێن لە دەرئەنجامی کۆنگرەکانەوە دروستدەبن، سەرەرای ئەوەی هەر لەم ناوەشدا قسە لەسەر روداوە سیاسیەکانی کورد و کوردستان ئێران و ئەغرابی سیاسی دەکەین. لەهەرکوێ پێویست بێ پێمخۆشە ئێستا باسی کۆنگرەی چوارەمان بۆ بکەیت، کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە کەی بەسترا؟ وە ئەو ئاڵوگۆڕە جیدیانەی کە لە کۆنگرەی (3)دا قسەتان لەسەرکرد تا چەند کارتان پێکرد وە، کۆنگرەی چوارەم چ ئاڵوگۆڕێیکی لەناو کۆمەڵدا پێکهێناوە لە کوێ بەستراوە چ کاتێک بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە ساڵی(1363) لە شوێنێک بەناوی گەلاڵە کە دەکەوێتە نزیک شاری ماوەت لەکوردستانی عێراق و ناوچەیێکی دوور لە دەسەلاتی رژێمی عێراق بوو، بەسترا. شوێنێکی ئەمنی لە نزیک مەقەراتی ناوەندی کۆمەڵە بۆ دیاریکرابوو، بۆ ئەوەی لە تۆپبارانی ئەرتەشی ئێران کە بەردەوام دەکرا، بپارێزرێ. مام جەلال و کۆمەلێک لە

کادێرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی کردنەوەی کۆنگرەکەدا بەشدار بوون و مام جەلال دوای خوتبەیەکی کورت وەلامی پرسیاری بەشدار بووانی کۆنگرەی لەسەر هەلومەرجی خۆیان لە کوردستانی عێراق دایــەوە. رۆژێــک دوای ئەوە کۆبوونەوەکانی کۆنگرە دەستیپێکرد. نوێنەرانی دەفتەری سیاسی حزبی کۆمۆنیست، مەنسوور حیکمەت، عەبدوللا موهتەدی، ئیرج ئازەرین لەم کۆنگرەیەدا وەکوو چاودێر بەشدار بوون.

کۆنگرە لە هەلومەرجێکی دژوار کە بۆ خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران پێکهاتبوو بەسترا. هێزی پێشمەرگە لە هەموو شوێنێک کەوتبووە ژێر زەختی رژێمی ئێرانەوە بۆ ئەوەی ناوچە ئازاد کراوەکان جێبهێلێ و بە تەواوی روو بکاتە شێوەی خەباتی پارتیزانی. مەقەراتی ناوەندی کۆمەلە هەر لە ژێر ئەو زەختەدا بوو کە گوازرایەوە بۆ ناوچەی ئازادەکانی کوردستانی عێراق. لەئاستی هەموو ئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو حەرەکەتێکی موقاوەمەت و ئازادیخوازانەی بە بیانووی شەر لەگەل عێراقەوە سەرکوت کردبوو. جموجۆل لە زانکۆکانی ئێران برا بوو. بەشی زۆری کرێکاران لە کارگا و کارخانەکانەوە راپێچی مەیدانەکانی شەر کران. ولات بە شێوەی سیستمێکی جیرە بەندی جەنگی بەرێوەدەچوو.

بەشی نهێنی تەشکیلاتی کۆمەلەش کەوتبووە ژێر زەخت و ژمارەیێکی زۆر لە هاورێیانی ئەو بەشە گیرابوون و لەژێر زەخت و ئەشکەنجەدا بوون و ژمارەیێکیشیان ئێعدام کرابوون. کۆنگرە ئەرکی سەرەکی خۆی بە مەحکەمکردنی ریزەکانی تەشکیلات بە تایبەت لەناو هێزی پێشمەرگەدا دانابوو. بریارەکانی ئەو کۆنگرە زۆربەیان رووی لە مەحکەمکردنەوەی پێچ و مۆرەکانی رێکخراوەپیدا بوو. هەولی ئەوە بوو کە لەم هەلومەرجە دژوارەدا کاری هەلسوورانی ئێمە لە هەموو بوارێکدا نەقشەمەند بکات. تەنانەت سەرخەتی سیاسەتی جەنگیشمان بەرانبەر بەرژێم هەر

لەژێر کاریگەری پەسەندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیەدا دارێژرا.

بەبروای من کۆنگرە تەئکیدێکی زیاد لە پێویستی لەسەر پلان دارشتن بۆ هەموو بوارێکی کاری رێکخراوەیی بە ورد و درشتییەوە کرد. بە جۆرێک کە بەشی زۆری پەسەندکراوەکانی دوواجار لە کردەوەدا بەرێوەنەچوون. خالی لاوازی کۆنگرە بریتیبوو لە دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوەییێکی قوولی سیاسی و پێش بینی واقیع بینانە بۆ داهاتوو. بۆشایی ئەو لێکدانەوەیە بە کۆمەلێکی زۆر قەرار و بریاری فۆرمالْ پرکرایەوە. نەقشەمەندکردنی هەموو بووارەکان پێویست بوون، بەلام پێش ئەوە ئەبووایە ریزەکانی کۆمەلە لەسەر لێکدانەوەیەکی قوول و هەمەلایەنەی سیاسی ئەو سەردەم ساغ بوو بانەوە.

کۆنگرەی کۆمەڵەو دیموکرات بەیەکەوە بەسترا

× ئەو کاتە شەری چەکدارانەی ئێوە لەگەل کۆماری ئیسلامی، لەگەل حزبی دیموکرات شەرێکی توندبوو، ئەوانە تا چەند کاریگەریان لەسەر کارو چالاکیەکانی ئێوە هەبوو، هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە ئا لەو دەورانەدا لە چ حالەتێکدا بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد، شەرێکی توند لەگەل کۆماری ئیسلامی لە کایەدا بوو، بەلام شەری سەرتاسەریمان لەگەل حزبی دیموکرات دەستیپێنەکردبوو. وردە تێکهەلچوون لێرە و لەوێ هەبوو کە پێش بە تەشەنەکردنی دەگیرا. پێویستە ئەوەش بلێم کەهاوکات لەگەل کۆنگرەی (4)ی ئێمە، لە دۆلێکی ئەولاتردا کۆنگرەی (6)ی حزبی دیموکراتیش بەرێوەدەچوو. ئەو کۆنگرەیە کەناملیکەی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیسم"ی دکتۆر قاسملۆی تێدا پەسەندکرا و چەندین کێشەی لە ناو حزبی دیموکراتدا، نایەوە و دوای ئەو کۆنگرەیە ژمارەیەک لە کادرەکانیان وازیان لە حزب هێنا.

× دوابـەدوای ئەوەی کە پاشەکشەتان کرد لەناوچەکانی کوردستانی رۆژهـەڵات هاتنە ئەمبەرەوە، ماوەیەکی زۆر لەناوچەکانی شینکایەتیو سەفەرەو زەرونو مالومە مانەوە، بۆچی ئەو ناوچانەتان هەڵبژارد بە پێچەوانەوە نەچوونە لای قەڵادزێ، سەرکردایەتیتان نەبردە لای پێنجوێن و هەڵەبجە و ئەوانە بۆچی ئەو ناوچانەتان هەڵبژارد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەرەتاوە دەوڵەتی عێراق زۆری هەوڵدا کە پاشەکشەی ئێمە بەرەو شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بێت. بەڵام ئێمە بەوە رازی نەبووین و گواستمانەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە رژێمی بەعس چۆلیکردبوون و هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێیاندا جموجۆلی هەبوو. بەو مانایە ناوچەیێکی رزگار کراو بوو.

لەگەڵ یەکێتی یارمەتی یەکترمان دەدا

×هاوکاری و یارمەتیدانی خەڵکی ئەو ناوچانە چۆن بوو بۆ ئێوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەروەک باسمکرد خەڵکی ئەو ناوچانە هەمووی راگوازرا بوون بۆ موجەمعەکان و مەنتەقەکە چۆلبوو. تەنیا لێرە و لەوێ کەس وکاری پێشمەرگە و خەڵکی ئاوارە دەبیندران. بەڵام ئەوەندەی کە خەلکی تێدا مابوو، بە هەموو هەژارییانەوە، یەکجار زۆر بەسۆزەوە یارمەتییاندەداین. با وەکوبوونی ئێمە لەو ناوچانە دەبووە هۆی ئەوە کە بەردەوام لە مەترسی بۆمباران و تۆپباراندا ببن، بەڵام هەرگیز ناوچاوانیان لێگرژ نەکردین. جگە لەوە پەیوەندیمان لەگەل هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیش لەو ناوچانە زۆر دۆستانە بوو، یارمەتی یەکترمان دەدا و گەلێک جار لە پێناوی ئەو پەیوەندییانەدا دەکەوتینە بەر توورەیی رژێمی عێراق و شوێنەکانی ئێمەش بێ جیاوازی تۆپباران دەکرا.

پارتی(قیادە مۆقەت)، شەڕی کۆمەڵە- دیموکراتی دەکرد

×تۆ باسی ئەوەت کرد هەم لە کۆنگرەی سێهەم، لە کۆنگرەی چوارەم، دیارە کۆنگرەکانی دواتریش مام جەلال بەشداری لەکۆنگرەکانی ئێوە کردووە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە وەفدێکی باڵا هەمیشە بەشداری ئەکرد، پەیوەندیتان لەگەڵ حزبەکانی تر وەکو پارتی، سۆسیالیست و پاسۆک و شیوعی و ئەوانە بەو شکلە لاواز بوو یا کەستان بانگ نەئەکردە کۆنگرەکانتان یا ئەو پەیوەندیەی ئێوەو یەکێتی چۆن چۆنی بوو بەتایبەتی لەگەڵ مام جەلال؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پەیوەندی ئێمە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش رووخانی رژێمی شا. لە ساڵانی پێش رووخانی رژێمی شاوە ئێمە پەیوەندییەکی رێکخراوەییمان لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندبوو. بە پێی توانا یارمەتیمان پێدەگەیاندن. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیش ئەو پەیوەندییە هەر بەردەوام بوو. جگەلەوە ئێمە مەقەراتی خۆمان گواستبوووە بۆ ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو. هەلبەت هێزەکانی دیکە وەکوو پارتی لەو کاتەدا لەناوەوەی کوردستانی ئێران بوون و شوێنێکی ئازادیان بە دەستەوە نەبوو. جگە لەمە ئەو کات بە داخەوە هێزەکانی پارتی کەوتبوونە دژایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران و چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوان ئێمە و حزبی دیموکرات لەلایەک و هێزەکانی پارتی کە ئەو کات بە "قیادە مۆوەقەت" دەناسرانەوە روویدابوو. هەر بۆیە هەموو ئەو هێزانەی کە لەبەرەی پارتیدا بوون نەیاندەتوانی رێگایان بۆ ناو کۆنگرەکانی ئێمە هەبێ.

پەیوەندی بەعس و کۆمەڵە

×ئێستا پێمخۆشە لەم بەشە لە دیدارەکەمان بێینە سەر پەیوەندی کۆمەڵە لەسەرەتاکانی دروستبونیەوە تا ئەگات بە ئێستا لەگەڵ حزب و لایەن و دەوڵەتانی ناوچەکەیە. لەسەرەتاوە ئەپرسم پەیوەندی ئێوە لەگەڵ بەعس کەی چۆن دەستیپێکرد، گوایە ئەو پەیوەندیەی ئێوە پەیوەندییەکی زۆر توند تۆڵ بوو لەگەڵ بەعس؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر توونڊ بوون یان لاواز بوونی ئەو پەیوەندییە با جارێ بە پەلە قەزاوەت نەکرێ، دایبنێین بۆ دوای بیستنی قسەکانی من. بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە کورد و غەیرە کوردەوە لە خاکی عێراقدا پێشینەیێکی دوورودرێژی هەیە و هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی مێژوویی نێوان دوو دەوڵەتی دەسەلاتدار لەم دوو وڵاتەدا.

ئەوەی کە هێزێکی کوردی ئێرانی دەتوانێ لە عێراقدا درێژە بە چالاکی خۆی دژی رژێمی ئێران بدات دیاردەیێکی ناسراو و قبولکراو بوو بۆ خەلکی کوردستانی ئێران. بۆ وێنە سالەها پێشتر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو پەیوەندییەی بەرقەرار کردبوو و بە مانایەک رێگاکەی هەموار کردبوو. ئێمە تا کاتێک کە بەشێک لە شارەکانی کوردستانمان بە دەستەوە بوو و دواجار لە بەشێکی زۆری کوردستان توانیبوومان شوێنی رزگارکراو بپارێزین پێویستیمان بەو پەیوەندییە نەبوو.

هەر بۆیە تاماوەیەک خۆمان لێبوارد و سەرکردایەتی کۆمەڵە بریاریدا کە جارێ لە دامەزراندنی ئەو پەیوەندییەدا پەلەنەکات. بەلام وردە وردە کە بزووتنەوەی پێشمەرگانە کەوتە ژێر زەخت و بەرەو ئەوە دەچووین کە ناوچە ئازادەکان لە دەستبدەین، هەستمان بەوە کرد کە پێویستیمان بە پشتی جەبهەیێک هەیە بۆ دەرمانکردنی برینداەکانمان، بۆ حەواندنەوەی پیر

و بەساڵاچووەکانمان کە نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی ئێران، بۆ راگرتنی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی وڵات و تەنانەت دواجار بۆ وەرگرتنی چەک و تەقەمەنیش.

لە کۆنفرانسێکدا کە شەش مانگ دوای کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە لەئاوایی (عیلم ئاباد) لە ناوچەی بۆکان بەسترا بریاردرا کە ئەو پەیوەندییە دوای پرسکردن بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەهەندێک لە هێزە چەپەکانی ئێرانی، دابمەزرێ. ئوسوول و سەرەتاکانی ئێمە لە وەها پەیوەندییەکدا هەر لەو کۆنفرانسەدا دیاریکرا و دوواجار لە نامەیلکەیەکی ناوخۆییدا بە ناوی "مەشعەل" بۆ هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکان بلاوکرایەوە. هەم یەکێتی و هەم (ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست) کە ئەو کات هاوپەیمانی ئێمە بوون، ئەو پەیوەندییەیان لاپەسەند بوو. ئەوەش بلێم کە دەمێک بوو دەولەتی عیراق لە کەنالی جۆراوجۆرەوە بۆ دامەزراندنی ئەو پەیوەندییە پەیامی بۆ دەناردین. لە یەکەم پەیوەندی رەسمیدا کاک "فاروق بابامیری"مان کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو بۆ خۆشکردنی رێگای دیدار، وەفدێکی رەسمی نارده عیراق.

×بۆ کاک فاروقی بابەمیری؟

ئیبراهیم عەلیزادە: فەرقی نەدەکرد، کەسێک دەبووایە بناردرابا، تایبەتمەندییەک لەبەرچاو نەبوو.

با لێرەدا ئاماژە بە خاڵێک بکەم کە لە وەڵامەکەی پێشوودا لە بیرم چوو. هەر لەو ساڵەدا بوو، کۆبونەوەیەک لە لای یەکێتی نیشتمانی کرا کە حزبی دیموکرات، دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین و یەکێتی نیشتمانی و ئێمە تیایدا بەشداربووین وە لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئەو پەیوەندییە کرا، باسی ئەوە کرا کە ئایا ئێمە بۆمان هەیە لەگەڵ دەولەتی عیراق پەیوەندی بگرین و یارمەتی لێوەربگرین؟ هەروەها یەکێتی نیشتمانی بۆی هەیە پەیوەندی بگرێت لەگەڵ دەولەتی کۆماری ئیسلامی یارمەتی لێوەربگرێت؟ لەو کۆبونەوەیەدا ئێمە بە تێرو تەسەلی قسەمان

لەسەر سەرەتاکانی چاودێر بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا کرد و ئەو مافەمان بۆ هەموو لایەنەکان بەرەسمی ناسی، بەو مەرجەی کە ئەو پەیوەندیانە لە دژی ئۆپۆزسیۆنی هیچ لایەک، لە دژی خەباتی خەڵکی هیچ لایەک بەگشتی بە کار نەیەت. وا بزانم تەنانەت لەو بابەتە بەلگەنامەیەکیش ئیمزاکرا. ئەوە بوو بە سەرەتایەک وە ئێمە هیچ کات پەیوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی عیراق لە یەکێتی نیشتمانی نەدەشاردەوە وە ئێمە کتومت گوزارشی کۆبونەوەکانمان، قسەو گفتوگۆکانمان وە ئەوەی کە لە بەینماندا لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا هاتۆتە گۆڕێ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لە کاتی چاوپێکەوتنەکانماندا باسدەکرد، ئەوان ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەو پەیوەندییانەی ئێمە و دەوڵەتی عیراق بوون. وە ئەوان دەزانن کەئەو پەیوەندییە هیچ کات لەدژی ئەوان لە دژی خەڵکی عیراق نەک هەر بەکار نەهات بەڵکو تارادەییێکی بەرچاو یارمەتی دەریشیان بوو.

بەعس تۆپبارانی مقەرەکانی کۆمەڵەی دەکرد

×یەعنی لەسەر ئەو چەمکە کارتان ئەکرد، دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا، ئێمە هەرگیز ئەو چەمکە بەکار ناهێنین. دوژمنی دوژمنەکەم شەرت نییە دۆستی ئێمە بێ. بە تایبەت کە رژێمی بەعس هەرگیز هەر ناچێتە خانەی دۆستەوە. هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراو هاوسەنگییێکی هێزی دیاریکراو، پێویستییێک کە ئەم دوو لایەنە بە یەکتر بوویان، ئیمکانی بەرقەرار بوونی پەیوەندییەکی دیاریکراوی پێکهێنا بوو. ئێمە لەسەرەتاوە پرەنسیپی خۆمان هەبوو و پێموایە هەرگیز لێمان لانەدا. کەم نەبوون ئەو تێکۆشەرانەی کە لەسەر لایەنگری لە رێبازی ئێمە

له عێراق ئەشکەنجە دراون و ئێعدام کراون. مەقەرەکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق چەندەها جار کەوتوونەتە بەر هێرشی ئەرتەشی عیراق و بە دەیان قوربانیمان داوە. ئەو پەیوەندییە هەرگیز پەیوەندییەکی ئاسان و بێ ژانە سەر نەبوو بۆمان.

بەعس(83) پێشمەرگەی کۆمەڵە شەهید دەکات و چەکی کیمیاوی دژی کۆمەلە بەکاردەهێنێت

×کارەساتی بۆتێ، پێموایە (23)شەهیدتان داوە لەکارەساتی هەڵەبجەش نزیکەی (72) شەهید واتە لە گوردانی شوان بەشێکی زۆر ئەو هاوڕێیانە گیانیان لەدەستدا، بەعس کیمیایی پیانکردن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، لە ڕووداوەکـەی بۆتێدا ڕژێمی عیراق بە ئەنقەست و بە پێی پیلانی داڕێـژراو مەقەرەکانی ناوەندی ئێمەی لە بۆتێ بۆمبارانی کیمایی کرد و هەروەکوو ئێوەش وتتان (23)کەسمان شەهیدبوون و (150)کەسیشمان بریندار بوون. بەڵام لە ڕووداوەکەی گوردانی شواندا سەرجەم شاری هەڵەبجە و دەوروبەری کەوتنە بەر بۆمبارانی کیمیایی ڕژێمی عیراق و هاوڕێیانی ئێمەش کە لەو ناوچەیە بوون مەسمووم بوون و دواجار لەو حاڵەتەشدا کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. (61)کەسیان هەر لەوێ گیانیان بەختکرد و (11)کەسیشیان بە برینداری بەدیلگیران کە دواجار ڕژێمی ئێران ئێعدامیکردن، هەروەک وتم ئێمە (150) نەفەر بریندارمانبوو، دەوڵەتی عیراق چەند خەستەخانەیەکی دیاریکراوی ڕاسپاردبوو کە بریندارەکانی ئێمە تەداوییکەن. بەڵام زۆر درەنگ ئەو کارەیانکرد وە ئێمە توانیبوومان پێشتر بەشێوەی ژێربەژێر بە یارمەتی پزیشکەکانی سلێمانی و ڕانیە بەشێکی بریندارەکانمان تەداوییکەین و ئاترۆپین و ئەو شتانەی کە پێویست بوو بۆ

تەداوی ئەوانەی وا مەسمووم بوون بەدەست بهێنین، جیا لەوانە بەعس زۆر لەخەلکی کوردستانی عیراقی ئەشکەنجە دەدا بەهۆی دۆستایەتی ئێمە.

×ئەی بۆ ئێوە لە هیچ راگەیاندنێکی خۆتاندا، تا پێش روخاندنی بەعس، هەرگیز باسی ئەوەتان نەکرد، کە بەعس کیمیاوی لێداون و کەبەعس پێشمەرگەی کوشتوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم قەزیەیە هەڵدەگەرێتەوە بۆ هەلومەرجی ئەو کاتەی کە ئێمە تێیدا لە دۆڵی بۆتێ کیمیابارن کراین. ئەوکات ئێمە یاداشتێکی ئیعترازیماندا بە دەولەتی عیراق و داوای تەوزیحمان لێکردن. هاوکات وەفدێکیشمان نارد بۆ بەغدا بۆ لێکۆلینەوە لە مەسئەلەکە.

وەفدی کۆمەڵە و موخابەراتی عیراق کۆدەبنەوە

×هەیئەتی عیراقییەکان کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وەفدێکی باڵای دەزگای مۆخابراتی عیراقی بوون.

×هەیئەتەکەی ئێوە کێ بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیئەتەکەی ئێمە هاورێی گیانبەختکردوو کاک سدیق کەمانگەر، حەسەن شەمسی، محەمەد شافعی و من بووین.

×بەڵێ، باسی چیتانکرد لەوێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەوێ ئێمە ئیعترازمان پێکردن، وە ئەوان مەعزەرەتیان هێناوە لێمان، وە وتیان سەهو بووە. وتیان ئەو سەهوە بۆیە روویداوە کەمەقەراتی ئێوە زۆر تێکەڵاون بە مەقەراتی موخالیفینی ئێمە. ئەوەندە نزیکن کە جاری وایە تەقەکانمان لە لێدانی گەراو نیشانەکان تووشی هەڵدەبن. بەڵام ئەوە دیارە

پەیامی ئەواڕ بوو بۆ ئێمە کە بەم شێوەیە پێیاندەگوتین بۆچی ئەو ناوچەیە چۆڵناکەن و نایێنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەت. ئێمە داوامان لێکردن کە خۆیان لەڕاگەیاندنێکی رەسمیدا هەڵەبوونی ئەو رووداوە رابگەیەنن.

ئەوان وتیان ئەو کارە ناکەین، چونکە دوژمنمان رژیمی ئێران کەڵکی لێوەردەگرێ. بەرامبەر بەو داوایەی ئێمە ئەوان وتیان کەئامادەن نوێنەرانێک بنێرن بۆ مەقەرەکانی ئێمە و بۆ ئەوەی لە زمانی خۆشیانەوە ئەو عوزرخواهییە لە نزیکەوە رابگەیەنن. کاتێک ئێمە لەسەر داواکەی خۆمان پێداگریمانکرد، ئەوان وتیان خۆتان ئەو کارە بکەن و ئەو عوزرخواهییەی ئێمە لە زمانی خۆتانەوە رابگەیەنن، بەڵام باسێک لە کیمیایی بوونی بۆمبارانەکە مەکەن.

بەمجۆرە گفتوگۆکان ئامانجێکی ئەوتۆیان نەبوو و ئێمە زانیمان کەئەگەر بێت و لەڕاگەیاندنی رەسمیدا باس لە کیمیایی بوونی ئەو بۆمبارانە بکەین لەگەڵ کاردانەوەی توندتری ئەوان بەرەو روو دەبین و ئەوەمان پێ مەسلەحەت نەبوو. ئێوە دەزانن کە ئەو رووداوە هاوکات بوو لەگەڵ شاڵاوەکانی ئەنفال و گرتنەوەی هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عیراق. ئێمە ئەوکات شەش ئۆردووگامان لەسەر سنوورەکان لە دیوی کوردستانی عیراق هەبوو. ئێمە نەماندەتوانی وەکوو هێزەکانی یەکێتی و پارتی پاشەکشە بکەیڕ و بچینەوە کوردستانی ئێران. ئەو کاتە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئەم خەڵکە زۆرە، بۆ پاراستنی ئیدامەکاری خۆشی لە کوردستانی عیراق لە کۆبونەوەیەکدا بریاریدا ئەو سازشە بکات. بەڵام هاوکات بە نوێنەرایەتی خۆمان لە دەرەوەی وڵاتمان راگەیاند کە بە شێوەی ناراستەوخۆ هەولبدەن بۆ ئەوەی میدیاکان و ناوەندەکانی جیهانی لە ناوەرۆکی راستەقینەی رووداوەکە ئاگادار بن و ئەو کارە کرا. ئێمە ژێر بە ژێر گەلێک کارمان کرد بۆ ئەوەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن دەولەتی عێراقەوە بە گشتی دێزە بە دەرخونە نەکرێ.

× لەو دانیشتنەی ئێوەو موخابەراتی عیراقی باسی چیتانکردو لەسەر چی ڕێکەوتن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کۆبوونەوەیە لە مانگی گوڵانی (1988) لە بەغدا بەڕێوە چوو. پێشتر یاداشتی نارەزایەتی ئێمە ناردرابوو و ئەوان بە شێوەی شەفاهی لە ڕێگەی نوێنەرەکەمانەوە داوای لێبوردنیان کردبوو. ئێمە بەوە قائیل نەبووین و بە پەلە وەفدێکمان نارد بۆ بەغدا. لەسەرەتاوە ئەوان دەستیان بە قسە کرد و وتیان: ڕووداوێکی تەئەسوفبار بووە، فەیلەقی پێنج ڕاپۆرتی هەڵەی پێگەیشتووە. هێزی ئاسمانی ئێمە ناوچەیەکی بۆمبارانکردووە کە زۆر نزیکە لە مەقەرەکانی مۆعارزینی ئێمە، ئەم نزیکی و تێکەلاوییە بۆتە هۆی ئەو ڕووداوە و ئێمە هیواداریین دووپات نەبێتەوە. (ئەوەی کە دەیلێم زۆر نزیکە لە قسەکانیان بەڵام دەقی ئەو قسانە نییە). ئێمە لەوەلامدا وتمان: کە ئەوە کافی نییە ئێوە لێرە لەو کوبوونەوەیەدا داوای لێبووردن بکەن، چونکە ئەو ڕووداوە لەناو خەلکی کوردستانی ئێران لە ناو ریزەکانی خۆماندا ئەو تەسەورە پێکدێنێ کە گۆیان ئێمە و ئێوە لە حاڵەتی شەر لەگەل یەکتردا بین و ئەوە نیگەرانی پێکدێنێ. هەروەک وتم ئەوان ئامادە نەبوون بە ڕەسمی و لەراگەیاندندا ئەو کارەبکەن. وتیان ئێوە خۆتان بیکەن و باس لەو داوای لێبووردنەی ئێمەش بکەن، بەلام ناوێک لە سیلاحی کیمیایی مەبەن. وتیان وەفد دەنێرین مەقەر بە مەقەری ئێوە کۆبوونەوە بکات و لەم بارەوە بۆ ریزەکانتان ڕوونکردنەوە بکات. ئێمە ئەو کارەمان پێباش نەبوو، هەر چەند لای خۆیان ڕەدمان نەکردەوە، بەلام دواجار بە عەمەلی ڕێگامان نەدا ئەم کارە سەر بگرێ.

×یەکسەر پێتان وتن، کە ئێوە کیمیاویتان بەکارهێناوە ئەو کاتە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئەوان دانیان بەوەدا هێنا کە بۆمبارانەکە کیمیایی بووە. بەلام دەزانین کە ئەو کاتە لە ئاستی

جیهانیدا بێ دەنگییەک بەرانبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمایی لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە لە ئارادا بوو. دەوڵەتانی گەورە ڕێگایان نەدەدا مەعلوماتی ورد سەبارەت بەم مەسەلەیە بگاتە میدیاکان. ئەو کاتە شاهیدیدانی هێزێکی سەربەخۆی وەکوو ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ دەوڵەتی عیراق زۆر گران تەواو دەبوو. هەر بۆیە ئێمەش دەمانزانی لە هەلومەرجێکدا نین کە بتوانین ڕاستەوخۆ ئەو کارە بکەین.

×دواجار بەچی کۆتاییهات، بەو یاداشتەی ئێوە کۆتاییهات و بەس؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە دوایی بەیانێکمان دەرکرد، لەو بەیانەدا مەسەلەکەمان تەوزیحداوە، وتمان دەوڵەتی عیراق داوای لێبوردنیکردووە.

نەمانتوانی بڵێین بەعس چەکی کیمیاوی لەهەڵەبجە داوە

×ئەی سەبارەت بەکارەساتەکەی هەڵەبجەو گوردانی شوان بۆ بەیاننامەیەکتان دەرنەکرد، کە ئەوە بەعس ئەو کارەی کردووە، یان دواتر بەعس چی ووت بۆ ئەو مەسەلەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر ڕووداوەکـــەی هەڵەبجە بەیانماندەرکرد و محکوممان کرد، بەڵام ئەو کاتیش باسێک لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەکرا. ئەو کاتەش بە توندی لەژێر زەخت دابوین، کە لەم بابەتەوە تەبلیغاتێک نەکەین. پێشتر بە توندی لەسەر وتویژێک کە من لەگەڵ ڕۆژنامەی سویدی " داگز نەهیتر" کردبووم، ئیعترازی هەڕەشە ئامێزمان لەلایەن دەوڵەتی عیراق لێکرابوو . ئەو چاوپێکەوتنە کێشەی زۆری لەگەڵ بەعس بۆ دروستکردینو پێویستی کرد وەفدی ئێمە بچێتە بەغداو

بەعس زۆر لێمان تورەبوو هەڵبەت چ پێشتر و چ ئەو کات ئێمە لە گەلێک کاناڵەوە هەوڵماندەدا بە شێوەی نهێنی مەعلومات لەسەر ئەو روداوانە لە دەرەوەی وڵات بلاوبێتەوە. بۆ نموونە رێکخراوی " مدیکۆ ئەنترناسیونال "ی ئاڵمانی بە سەرپەرەشتی هەڵسوراوی ناسروای بواری چالاکی بەشەردۆستانە "هانس برنشاید" لە هەموو ئاڵمان کەمپەینێکی لەسەر بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە بەرێوەبرد کە ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵی لە پەیوەندیدابوین و کار ئاسانیمان بۆ دەکرد.

×لەهەردوو ئەو زیانانەی ئێوە لە دۆڵی بۆتێ و لەکارەساتی هەورامان یا لەهەڵەبجە لێتان کەوت بەعس چۆن قەرەبووی کردنەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەعس هیچ قەرەبوویەکی بە هیچ شێوەیەک لەشێوەکان بۆنەکردینەوە. تەنانەت ئەوەی کە قەولیاندا بریندارەکانمان تەداوی بکەن بە تەواوی بەرێوەیان نەبرد. ئێمە (150) بریندارمان نارده ناو ئوتێلەکەی سەرچنار کە ئوتێلێکی رووخاوبوو وێران بوو لەوێ جێمانکردنەوە. بەعسیەکان تەنانەت ئیمکاناتیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ئوتێلە پێنەدایین.

بەعس چەک و پارە دەداتە کۆمەڵە

×پێتانوانەبوو بەعس بە ئەنقەست ئەوەی کردبێ لەبەر ئەوەی ئێوەشی وەکو کورد حساب کردوە، یا وەکو ئەوەی کە ئێوە لانیکەم یارمەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە و هێزی پێشمەرگەتان داوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەموو نیشانەکان وادەڵێن کە بۆمبارانی بۆتێ و تۆپبارانەکانی پێشوتریش لە مالومە کە ئەویش چەندین شەهیدی لێکەوتەوە بەئەنقەست بووە. ئەوە باجی ئەو پەیوەندیە بوو کە لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عیراق، لەگەڵ تێکۆشەرانی لەشارەکان، لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەمانداوە.

دەرگای ئوردوگاکانی ئێمە هەرگیز بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتی دانەخرابوو.

×سالآنە یان مانگانە چۆنچۆنی یارمەتی پارەو مادەو چەکو ئەسلیحەی دەدان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەعس هەم بەپارە یارمەتی ئەداین هەم بەچەک و تەقەمەنی، یارمەتی چەک و تەقەمەنیەکەی زۆر کەم بوو. یارمەتی پارەش گەلێک لەپێداویستیەکانمان کەمتر بوو.

×ئەتاندا بە یەکێتی و حزبە کوردستانیەکان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لەگەڵ یەکیتی پەیوەندیمان باش بوو و هیچ لایەکمان لە یارمەتیدانی ئەوی ترمان لە هەموو روویەکەوە، درێغی مان نەبوو.

×پارەی چەند ئەدانێ بەعس مانگانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: میزانی ئەو یارمەتیە لە بەڵگەنامەکانی ئیمە دا تۆمارکراوە، کولیاتەکەی ئەوەیە کە باسمکرد. ووردەکاریەکانی ئەگەر پێویست بێ، لە کاتی خۆیدا بە رەسمی لە لایەن ناوەندی کۆمەڵەوە دەبێ بلاو بکرێتەوە.

×چی ئەدانێ لەبواری چەک و تەقەمەنی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئـەوان بەس چەکی سووک وەکو کلاشینکۆف و تیربار و ئارپیجیان پێئەدان. خۆیان لەدانی چەکی قورس دەپاراست. تەنها لە دوو ساڵی ئاخری پێش راپەرین، برێک گوللەی هاوەنی (80)میلی میتریان پێداین کە چەکەکەی خۆمان هەمانبوو.

بەعس یارمەتی گەورەی موجاهیدین دەدات

×ئەو میگزەمینی و پاس و شتانە هی بەعس بوو ئەیدانێ، خەڵک هەمیشە وایدەگوت، ئەوە میگزەمینی بەعسە بەدەست کۆمەڵەو دیموکرات و موجاهیدنی خەلکەوەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەشێک لە سەیارەکانمان ئەوان پێیاندابووین و بەشێکیان خۆمان لە کوێت کریبومانن. لە دانی یارمەتی بە ئێمەدا زۆر سەرقورس بوون، ئەوەی کە بە ئێمەیان دەدا بە هیچ شێوەیەک بەرئاوەرد ناکرێ لەگەڵ ئەوەی کە بە لایەنەکانی دیکە و لەوانە بە مۆجاهدینی دەدا.

×تۆ سەدامت بینیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر

×هەولت نەدا بۆ ئەوەی بیبینی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئیمە هەولمانئەدا کە ئاستی پەیوندیەکە لە باری دیپلوماسیەوە بەرینە سەرێ، بو نمونە ئێمە دەمان ویست پەیوەندییەکەمان لەجیاتی ئەوەی کە لەگەڵ دەزگای موخابەرات بێ لەگەل وەزارەتی دەرەوە بێ، ئەو داوایەمان هێنا گۆرێ.

قاسملۆ سەدام حسێن دەبینێت

×بۆ نەچووە سەر؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەچووە سەر، بەڵام بۆ ئەوەی کە بچێتە سەر داوامانکرد سەدام ببینین و لەرێگەی ئـەوەوە داوابکەین پەیوەندیەکەمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە بێت.

×ئەی جوابەکەی چیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان جوابی رەتیانداوە، وە تەقریبەن بۆ هەموو ئۆپۆزسیۆنیش هەروابوو وە دەزگایەکی تایبەتیان دانابوو کەلەژێر چاوەدێری مودیری موخابەرات دابوو. ، موجاهیدینی خەلکیش هەر لەگەڵ ئەو دەزگایە تەرەف بوو، تەنها مەسعود رەجوی جاروبارو دکتۆر قاسملۆ ئیمکانی ئەوەیان هەبوو سەدام ببینن.

×تۆ پێتخۆش بوو سەدام ببینی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وەکو پێخۆش بوون قەد پێمخۆش نەبووە، بەڵام ئەگەر بۆمانکرابا ئاستی پەیوەندیەکە بەرینە سەر بۆ دیپلوماسیەتی کۆمەلە بەکەلک تر دەبوو. .

×ئێستا ئەبینی بەعس چی لێهاتووە، ئەوە چ خوێندنەوەیەکت بۆی هەیە تۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە ڕێبەرانیان لە ناو قەفەس دا دەبینم (2006) هەست بە خۆشحالیدەکەم. ئەو ڕژێمە زۆڕی بە بەرەوە نەمابوو، حەزم دەکرد بە هێزی جەماوەر لەدەسەلات هاتبانەخوار و جەماوەر ئیمکانی ئـەوەی بوایە لە هەموو وردەکاریەکانی دەورانی دەسەلاتیان ئاگاداربێت و نەتوانن هیچ رازێک لەگەڵ خۆیان بەرنەگۆرەوە.

سەدام دیکتاتۆرو خوێنڕێژ بوو

×سەدام حسێن دیکتاتۆر بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیکتاتورێکی خوێنڕێژ و بێ بەزەیی بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا لە پێناوی پاراستنی دەسەلاتی خۆیدا ئامادە بوو تەنازولێک بکات، ئەو ناسیۆنالیستی عەرەبیش نەبوو، ئەو هەموو سەرشۆرییەی کە لە ساڵانی دوای شەری کوەیتەوە سەدام قبولیکرد، چاوەڕوان ناکرێت، هیچ سەرکردەیەکی دەمارگرژ قەبوڵی بکات.

×ئێوە مەعلوماتی موخابەراتیتان ئەدا بەعیراق؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە ئەو کارەمان نەکردووە، تەنیا بۆ هاتوچۆکردنی هێزەکانمان لەسەر سنوور، بۆ ئەوەی نەکەونە بەر تەقەی هێزەکانی عیراقی لەئاستی مەحەللیدا بەعزێک هاوئاهەنگی عەمەلیمان دەکرد.

×نوێنەرایەتیتان لە بەغداد هەبوو، کێ نوێنەرایەتی ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە زۆرتری سالەکاندا کاک حەسەن شەمسی نوینەری کۆمەڵە بووە لە عیراق. کاک عبدوڵلا بابان، کاک فاروق بابا میری کاک محەمەد نەبەوی، کاک رەحیم عەزیز پور، کاک موزەفەر پاکسرشت و کاک غولام محەمەدی و کاک رەشید رەزاقیش هەر کامەیان بۆ دەورەیەک ئەم نوێنەرایەتیان کردووە.

بەعس داوای کاری تیرۆریستیی لەکۆمەڵە دەکات

×بەدرێژایی ئەوەندەی پەیوەندی کۆمەڵە بە بەعسەوە ، بەعس داوای شتێکی زۆری لە ئێوەکرد، ئێوە نەچوونە ژێرباری، بۆ نموونە لەبەرامبەر کوردی کوردستانی عیراق، لەبەرامبەر ئێران چی، چ تەڵەبێکی هەبوو زۆر قورس وگەورە بێ‌و ئێوە نەچووبنە ژێرباری یا کردبێتان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سەیر ئەوەیە کە هیچ وەخت بەعس داوای لە ئێمە نەکرد، کە لە جەبهەکانی شەردا کارێکی گرنگ بکەین, بەڵام یەک داوای کرد لە ئێمە کە بەتوندی رەدمانکردەوە, ئەویش ئەوە بوو کە وتیان، ئێمە ئیمکانیاتان لە ئیختیار دەنێین کە بەعزە تەقینەوەیەک لە شارەکانی ئێران بکەن‌وئیمە بەتوندی رەدمانکردەوە، داخوازییەکەیان هێنایە خوارتر و ووتیان پرۆژە ئابووریەکانی رژێم لە کوردستانی ئێران لێبدەن, ئەوەشمان رەدکردەوە و هیچ کات حازر نەبووین هیچ پلانێکی نیزامی لەوان قبوڵبکەین .

× هیچ هەوڵی مفاوەزاتێکیان بۆ نەدابوون لەگەڵ ئێران بە درێژایی ئەو ماوەیەی بەعس؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نە، نەخێر هیچ هەوڵێکیان لەو بابەتەوە نەداوە.

×ئەی هەوڵینەداوە رێکەون لەبەرامبەر تەسلیمکردنی لایەنێکی کوردستانی عیراق بە عیراق و لەبەرامبەر تەسلیمکردنی ئێوە بە ئێران شتێکی ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر هەڵوێست بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆنی یەکتر ئەم دوو دەوڵەتە تا کاتێک کە رژێمی بەعس لەسەر کاربوو هیچ چەشنە رێککەوتنێکی بە ئاشکرایان نەبووە. ئەوان ناکۆکییەکانیان تووندتر لەوە بوو کە بگەنە ئاستی وەها

ڕێککەوتنێک. بەڵام لە هەر حاڵدا ئێمە هەوڵمانداوە خۆمان وەها ڕێکبخەین کە نەتوانن بە هاسانی وەها سات و سەودایەکمان لەسەر بکەن، سەبارەت بەپەیوەندی ئێمەو یەکێتی، پێمان وتبوون ئەو پەیوەندیە بۆ دژایەتی ئێوە بەکارناهێنن.

کۆمەڵە شەری (عیراق-ئێران) دەخاتە ملی ئێران

×سەرنجت ڕائەکێشمو بیرت دەهێنمەوە بە تەئریخی (29) پوشپەری (1367) بەرامبەر بە ئوتی (1988) واتا تەنها دوو ڕۆژ پاش وەستاندنی شەری عیراق - ئێران لە(27) پوشپەری (1367) بە پێی بریاری (598) نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆمیتەی ناوەندي حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەیاننامەیەکی دەرکـردووەو خەڵکی چەواشە کردووە، دەڵێ "پاش هەشت ساڵ شەر، ئێران تەسلیمی شەر بوو و شکستی خوارد، دەڵێ " کۆماری ئیسلامی دەبێ شەرو تاوانی هەموو جینایەتەکانی خۆی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان ببژێرێت". پێموایە کە ئێوە خەڵکتان چەواشە کردووە، بەپێی ئەم بەیاننامەیە بەم دەلیلانە:

- ئایا ڕەوایە شەرێک عیراق دروستیکردو ڕایگرت و شکستی خواردوو زیانەکانیشیان پێ ژمارد بەپێی بریارێکی (un)کەچی ئێوە وادیعایەتانکرد کە عیراق وەستاندویەتی لە کاتێکدا ئێران سەرکەوتووبوو لە شەرەکەدا.

دوو: ئەوە دیفاع نەبوو لە ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن کە ئەمریکا و غەرب پشتیوانیاندەکرد.

سێیەم: دژی خەڵکی ئێران نەبوو کە شەرێکی هەشت ساڵەی بەسەردا سەپێنرابوو لەلایەن بەعسەوە، ئایا ئەوە بەمەسلەحی حزبی کۆمۆنیست بوو، نابێ حزب واقیعی بێ بەتایبەتی لەو وەزعانەداو بۆ ئێوەش؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو بەیاننامە دێنم و سەیری دەکەین، بەبروای من ئەو خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بەیانییەی کە باسێانکرد لە جێگای خۆی نییە. لام وایە باشترین رێگە ئەوەیە دەقی ئەو بەلگەنامەیە کە لە چاپەمەنییەکانی کۆمەلە و حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هاتووە بێنین بۆ ئەوەی بەری هەر چەشنە سوئی تەفاهۆمێک بگیرێ و قەزاوەتی دروست لەو بارەیەوە بکرێت، سەرەرای ئەو بەلگەیە کە خۆی مەبنایەکی باشە بۆ هەر چەشنە قەزاوەتێک ، دەمەوێ بۆ روونکردنەوەی زۆرتر ئاماژە بە دوو خالی گرنگ لەم پەیوەندییەدا بکەم: یەکەم، راستە کە ئەو شەرە لەسەرەتاوە رژێمی بەعسی عیراق هەلیگیرساند، بەلام زۆر زوو ئەو راستییەی لێ حالی بوو کە ئەم پارووەی بۆ قووت نادرێ و رایگەیاند کە ئامادەیە موسالحە بکات. بە تایبەت دوای پاشەکشەی ئەرتەشی عیراق لە شاری خۆرەمشەهر هەلی لەبار بۆ تەواو کردنی شەر خولقا.

لەو کاتەوە ئیتر ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە قازانجی خۆی لەبەردەوامی شەرەکەدا دەدیت و دروشمی ئازادکردنی قودس لەرێگەی کەربەلاوەی بەرز کردبووە. خومەینی شەرێکی پان ئیسلامیستی راگەیاندبوو کە گەلێک لەبەرەکانی شەری عیراق واوەتر دەچوو. خالی دووەم ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لە بەرەیەکی دیاریکراودا خەباتماندەکرد ئەویش بەرەی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی بوو.

شەری ئێران و عیراق لە هەر دووک لایەنەوە شەرێکی کۆنەپەرەستانە بوو هەروەکوو چۆن لە هەموو تەبلیغاتی ئەو کاتی ئیمە دا بە سەراحەتەوە باسیکراوە. دروشمی ئێمە کۆتایی هاتنی دەس بە جێی شەر بوو. بەلام کاری ئێمە هەولدان بۆ رووخاندنی رژیمی ئێران بوو. ئێمە لەدوو بەرەدا لەگەل هەردووک لا وەکو یەک دەرگیر نەبووین، کە وایە ئاساییە ئەگەر زەختی تەبلیغاتی ئێمە لەسەر رژێمی ئێران بووبێت. رژێمی ئێران ئەم شەرەی

وەکو بەرەکەتێک چاولێکرد و لە ژێر سێبەری ئەو بەرەکەتەدا شۆرشی ئازادیخوازانەی خەلکی ئێرانی نوقمی خوێن کرد و دیکتاتۆرییەتێکی بێبەزەییانەی مەزهەبی بە سەر خەلکی ئەم ولاتەدا سەپاند. ئەگەر تاوانی دەستپێکردنی شەرەکە لەسەر دەولەتی عیراقە، تاوانی حەوت سال درێژەدانیشی لەسەر رژێمی ئێرانە.

بەعس دەبوو هەر برِوخێ

×رووخانی بەعس چۆن ئەبینی ئەو فاکتەرانە چیبوون لە پشت روخانی بەعسەوە بوون، بەعس کۆتایی هات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رژێمی عیراق بەتایبەتی دوای پاشەکشەی لە کوەیت و دوای گەمارۆی ئابووری و دوای دیاریکردنی زۆنی (36)دەرەجە، گەلێک سووک و لاواز ببوو. وردە وردە خەریک بوو مەجالی ئەوە دەرەخسا کە ئەو رژێمە بە شێوەیەکی تەبیعیتر و لە ئاکامی خەباتی جەماوەری خەلکی ئەو ولاتە بروخێت. بەلام زەختی ئەمریکا و بۆمبارانی نێو بە نێوی شارەکانی عیراق و گەمارۆی ئابووری هەمووی ئەوانە بە کردەوە یارمەتی دەربوون بۆ دەوامی ئەو رژێمە. ئەمریکا رێگای نەدا کە رژێمی عیراق بەشێوەیەکی تەبیعی و لە ئاکامی وەبەر هاتن و گەشە کردن و بووژاندنەوەیەکی سیاسی لەناو ئەو کۆمەلگایەدا، برووخێت. لەم دوایانەدا بەراستی ئاسەواری گەندەلبوون و دارزین و دارمان بە سەرتاپای ئەو رژێمەوە دیار بوو. دیارە دەولەتی ئەمریکا بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە بەرژەوەندییەکەی لەوەدایە ئەو رژێمە بە گورزێکی سەربازی برووخێنێت. هەلبەت ئاکامەکەشی بۆ جەماوەری خەلکی ئەو ولاتە ئەوەیە کە دەیبینی.

×سەرنجت بۆ یەک پرسیاری گرنگ رادەکێشم، تکایە سەرنجم بدە، پاش رووخانی بەعس، رژێمێکی تازە لە عیراق

دێتە سەر کار، کە ئەو رژێمە زۆر کەس بە رژێمێکی تا رادەیەک دیموکراسی و مۆدێرن ناوی ئەبەن, ئەمەوێت بزانم بە قەناعەتی تۆ وەکو سیاسەتمەدارێک، دواین چارەنووسی ئەم حکومەتە تازەی عیراق بۆ کوێ ئەچی، لە نێوان ئەو هەموو ململانێی تایفیو رەگەزی و دینییەدا, پێتوایە کورد چارەنوسی چی ئەبێ، پێتوایە عیراق لە ژێر سەیتەرەی ئەمەریکا لەژێر ئەم نەخشانەی ئەمەریکا دەیکێشێت بۆ چەند دەوڵەتێکی تایبەت بە کورد و شیعە و سوننە وە ئاکامەکانی ئەو وەزعەی کە ئێستا لە عیراق هەیە سەرئەنجام عیراق بەچی ئەگات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشبینیکردنی وردی داهاتووی عیراق بەو هەموو ئاڵۆزییەی کە تێیکەوتووە کارێکی ئاسان نییە، تەنیا دەتوانین تەئکید لەسەر ئەو حاڵەتانە بکەین کە کەم و زۆر سەرەتاکانیشیان دەرکەوتوون و بەو پێیە بتوانین بڵێین کە عیراق بەرەو کوێ دەچێ.

یەکەم: پێگەی جەماوەری حزبە شیعەکان لە جنووبی عیراق بەرەو لاوازتر بوون دەچێ. دەسەڵاتی ئەو چەند ساڵەی ئەوان لەجنووبی عیراق ئەکسەرییەتی خەڵکی بێزارکردووە، یاساکانی شەریعەتی شیعە، شێوەی حکومەتکردنی ملیشیایی لە پاڵ نەبوونی هیچ چەشنە ئاسایشێک، لە پاڵ لەخوارەوە بوونی ئاستی خزمەتگوزاری گشتی، ئەوانە هەموویان دەستیانداوەتە دەستییەک و خەڵکیان لێ نارازیکردوون. ئەگەر هێشتا هەر بەشێک لە خەڵک پشتیان پێدەبەستن و پشتیوانیان لێدەکەن، تەنیا بە هۆی ئەو ناکۆکی و تەعەسوباتەیە کە بەرانبەر بە سوننەکان دنەدراوەو لایان وایە کە ئەگەر ئەو حزبانە نەبن سوننەکان تووایان دەبڕێنەوە.

حکومەت کردن لەسەر بنەمای ئەو نەفرەتە ناتوانێ بەری زۆر درێژ بێ. جنووبی عیراق و بگرە سەرتاسەری عیراق بە پێی پێشینە و رابوردووی لەگەڵ حکومەتێکی مەزهەبی زۆر هۆگر نییە. سوننەتی ژیانی سکۆلار تێیدا بەهێزە و سەرئەنجام ئەم

زۆرینەیەی کە ئێستا بێ دەنگە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئیرادەی خۆی دەردەبڕێ.

دووهەم: ئەلقاعیدە و توندڕەوە ئیسلامییەکان لە مەرکەز هیچ پرۆژەیەکیان بۆ ڕێکخستینی ژیان پێ نییە. لە هەر شوێنێک بۆ ماوەیەکی کورتیش دەسەلاتیان بووبێ، خەلکیان بێزارکردووە. خۆ تەقاندنەوە و ئەو شێوە کارەی کە گرتوویانەتە بەر نەک هەر لە عیراق بەلکو لە هەموو شوێنەکانی دیکە سەرچاوەکەی لە بێ هیوایی و بێ ئاسۆیی ئەوان دایە. ئەوانە هەرگیز ناتوانن بەم شێوازە لە ئیشکردن پێگەی جەماوەری پەیدا بکەن، تەنیا وەکو گروپی فشار بۆ سەر ئەم دەسەلات و ئەو دەسەلات دەمێننەوە.

بەم حالەشەوە مەودای مانەوە و دەوامیان لە عیراق گرێدراوە بە حزووری سەربازی ئەمریکایی لەسەر شەقام و کۆلانەکان و هەلسوکەوتی ئەرتەشی ئەمریکا لەگەلّ خەلک.

سێهەم: گروپە سوننەکانی دیکە و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب، بە کەمبوونەوەی حزووری ئەمریکا لە عیراق دەوریان دەگۆڕێ و لە نەیاری ئەمریکاوە دەبن بە هاوکار و هاوپەیمانی و هەولدەدەن لە پێکهاتەی دەسەلاتی داهاتووی عیراقدا، دەوری سەرەکی ببینن، بۆ ئەو مەبەستە هەولدەدەن تەنانەت خۆیان لە ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی بە مەزهەب شیعە نزیک بکەنەوە.

چوارەم: لە هەرێمی کوردستان نە هیچ هێزێک هەیە کە بۆ جیاکردنەوەی ئەو ناوچەیە لە عیراق هەولبدات و نە ئەمریکا کە دەسەلاتداری سەرەکی ئەمرۆی عیراقە، سیاسەتی ئەوەیە. ولاتانی عەرەبی، تورکیا و ئێرانیش بە توندی لە دژی وەها ڕەوتێکن و ئەگەرچی خەلکی کوردستان ئارەزووی وەها ڕۆژێک دەخوازێ، بەلام حزبە سیاسییەکانی توانای بەسیج و ڕێکخستنی خەلکیان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە نەماوە. هاوسەنگی هێز ئەوەندە نییە کە بتوانن ئیرادەی خۆیان لەسەر مەسەلەی کەرکووک و شوێنەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەلاتی حکومەتی

هەرێم بە سەر دەوڵەتی مەرکەزیدا بسەپێنن.

پێبەپێی ئـەوەی کە پێگەی جەماوەرییان لاواز دەبێ و دەسەڵات لەناوخۆی کوردستانیش بە لای یەکێک لە حزبە سەرەکییەکاندا دەشکێتەوە، زیاتر تەسلیمی داخوازییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دەبن و مەودای دەسەلاتیان لەچوارچێوەی سیستمی فیدرالیدا بەرتەسکتر دەبێتەوە. بەو مانایە، لە هەر دووک بەشەکەی کوردستان، چە ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی فێدرالیدا دەبێ، چ ئەو بەشەی دیکەی کە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدا دەبێ، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە و ئەوەش خۆی ڕێگا خۆشکەر دەبێ بۆ سەرهەڵدانی گروپ و ڕەوتی دیکە لە داهاتوودا.

پێنجەم: حوزوری ئەرتەشی ئەمریکا لە عیراق ناتوانێ درێژماوە بێ، بەڵام عیراق بۆ درێژماوە لەچوارچێوەی هاوپەیمانانی عەرەبی–ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە. هێزەکانی ئەمریکا وردە وردە خۆیان لە تێکهەڵچوونەکان و لە حوزوری هەموو کات و ساتێک لەسەر شەقامەکان دەکێشنەوە. ژمارەیان لە عیراق گەلێک کەمدەکەنەوە و لە ناو پایگا و پادگانەکانیاندا، چاوەدێری وەزعەکە دەکەن و هەر کات هەستیانکرد کە پێویستە دەورێکی دیاریکراو بنوێنن دەستیان ئاواڵە بێت، ئەرتەشی عیراق سەرلەنوێ ڕێکدەخەنەوە و کارەکانی پێدەسپێرن. ئابووری عیراق و بە تایبەت نەوت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە گرێدەدەن و ئاڵقەی مەحکەمی ئابووری بۆ ڕاگرتنی عیراق لەچوارچێوەی هاوپەیمانەتی خۆیان دروستدەکەن.

شەشەم: مەیدانی مانۆری کۆماری ئیسلامی و تورکیە و دەوڵەتانی عەرەبی لە عیراق بەرتەسکتر دەبێتەوە و دوای ماوەیەک کێشمەکێش سەرئەنجام بە تەعادول و ڕێککەوتنێکی ڕەسمی یان عەمەلی لەگەل ئەمریکا دەگەن و کێشەکانیان لە خانەی عیراقەوە دەگوازرێتەوە بۆ کێشە لەسەر دابەشکردنی کار و

بەرژەوەندی لە ئاستی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست.

حەوتەم: بەتێکهەڵکێش کردنی هەموو ئەو فاکتۆرانە دوو حاڵەت بۆ داهاتووی عیراق پێشبینیدەکرێ. یەکیان دەورێکە کە ئەرتەشی عیراق دەتوانێ لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا بیبینێ. لە وڵاتێکی وەکوو عیراقدا، ئەرتەشێکی بەهێز و مونسەجیم، ناکرێ لە دەسەلات دوور بخرێتەوە. بە شێوەی کۆدەتای خوێناوی بووە یان بە خشکەیی دەسەلات دەگرێتە دەست. خەڵکیش کە لەو هەموو کوشت و کوشتارە وەگیان هاتوون و ئاسایشیان دەوێ، رێبەرایەتییێکی کەم و زۆر خۆش نێوی نیزامی بە لایانەوە لەو وەزعەی ئێستا پەسەند تر دەبێ و هیچ نەبێ بۆ ماوەیەک پێشوازی لێدەکەن.

حاڵەتی دووهەم، بوونی عیراقە بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی وەکوو میسر، سودان و وڵاتانی دیکەی هاوچەشنی ئەوان بە پێکهاتەیەکی سیاسی و پارلمانی ناسراو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئەگەر سەرنجتاندابێ، دەمێکە دروشمی رەسمی ئەمریکاش لە عیراق لەدیموکراسییەوە گواستراوەتەوە بۆ "ئاسایش"، ئامانجی رەسمی ئەمریکا بەرقەرار کردنی ئەمنییەتە نەک دیموکراسی، ئەوە جەوهەری راپۆرتەکەی "بیکەر_ هامیلتۆن"یشە.

هەشتەم، کە کوشت و کوشتار کەم و زۆر کۆتایی پێهات، کە ناتوانێ هەتا سەر هەروا بێ و هەر کۆتایی پێدێت، کە وڵات سەقامگیرییەکی نیسبی بە خۆیەوە بینی، مەجال بۆ خەباتی ئێعترازی و مەدەنی دەکرێتەوە. دەولەتی سەقامگیر کە میراتگری ئەو هەموو وێرانی و دواکەوتوویە ئابوریەیە، لەچوارچێوەی ئەو سیستمەدا هیچ موعجزەیەکی ئابووری پێناکرێ. خەباتی سیاسی و مەدەنی لەو وڵاتە بە خێرایی پەرە دەستێنێ و دەولەت لەگەڵ کێشەوگیروگرفتی تازە بەرەو روو دەکات. عیراق ناتوانێ بە وڵاتێکی کەش و ماتی وەکوو سوریە تەبدیل بێت. لە کوردستانیش خەباتی سیاسی و نارەزایەتی دەربرینی لە

شێوەی نوێ سەر هەڵدەدات و دەوڵەتی مەرکەزی جارێکی دیکە و بە شێوازێکی دیکە دەکەوێـتە ژێر گیرو گاز. فورسەت بۆ گەڵاڵەبوونی بەدیلێکی دیکە بۆ داهاتووی عیراق دەخولقێ.

لەگەڵ دیموکراسیدام

×پێتوایە بە هیچ شێوەیەک ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی هەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ناکرێ بڵێین بە هیچ شێوەیەک ئەو ئەگەرە نییە، بەڵام هەروەک ئاماژەم پێکرد ئەو ئەگەرە لە هەلومەرج ئێستادا گەلێک لاوازە. چوونکە نەحزبە سیاسییەکانی ئەوەیان دەوێ، نە جەماوەری خەلک کە بێگومان وەهائاواتێکی هەیە بۆ ئەو مەبەستە ساز دراوە، نەدەولەتی ئەمریکا کە لە بنەرەتدا هەلومەرجی ئێستای لەو وڵاتەدا خولقاندووە وەها سیاسەتێکی هەیە.

×پێتخۆشە دەوڵەتی کوردی دروست بێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەرانبەر بەو بەدیلانەی کە ئێستا لە عیراقدا چاوەروان دەکرێ پێکهاتنی دەولەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان ئەگەر هەرەشەی شەر و داپۆلیسینی لەسەر نەبێ، بە نیسبەت بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد، دەتوانێ کەم زیانتر لە هەمووان بێ. بەڵام هەروەکوو وتم زەمینەی سیاسی لەبار بۆی نییە.

× بەس لە بەرامبەر بەدیل دانانی یاوەکو کارێکی واقیعی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەرای من ئەگەر بە فەرز لە عیراق دەولەتێک لەسەر کاربووایە کە دیموکراسی و مافە سەرەتاییەکانی خەلکی بە رەسمی ناسیبا و و دوور با لە گەندەڵی و رێگای گەشەکردنی ئابووری ئەو وڵاتەی گرتبایە بەر، هەولیدابا بۆ بە یەکەوە ژیانی هاووڵاتیانی عیراق بە بێ هەڵاواردن و ستەم،

بە کورتی دەوڵەتێکی بۆ وێنە هاوشێوەی کانادا کە دەوڵەتێکی سەرمایەداریشە، کە ئەوە لە حاڵی حازردا فەرزێکی محالە، ئەوکات من مانەوەی کوردستانم لەچوارچێوەی عیراقدا پێباشتر دەبوو لە جیا بوونەوە و پێکهێنانی دەولەتێک کە بەشێوەی ئێستا ئیدارە بکرێ و لەژێر زەختی بەردەوامی تورکیە و ئێران و دەوڵەتانی عەرەبیدابێ. کە وایە مەسەلەی جیابوونەوە و جیا نەبوونەوە، مەسەلەیەکی کۆنکرێتە کە بە بێ لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی دیاریکراو، ناکرێ بریاری نەزەری لەسەر بدرێ.

× لەنێوان مۆدێرنترین و نوێترین دەوڵەت و دیموکراسیترین دەوڵەتی عیراق لەلایەک و دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی، تۆ لایەنگری کامیان دەکەیت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پەیوەندی بەوە هەیە کە لە وەها هەلومەرجێکی فەرزیدا ئەگەری هاتنە سەر کاری چ جۆرە دەولەتێک و بە چ ناوەرۆکێکەوە، لەئارادا دەبێ؟ ئەگەر هەر دووکیان وەکو یەک وابن، بەو مەرجەی کە کوردستانی ئازادکراو هەرەشەی شەر و داپلۆسین و گەمارۆی ئابووری لەسەر نەبێ، پێکهاتنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستانم پێ باشترە، چونکە، بەمجۆرە لە هەمانکاتدا، مافی دیاریکردنی چارەنووسیش بە دەستدێت و ئەم کێشەیە کۆتایی پێدێت.

×ئەگەرەکانی نزیکە، پێتوایە یان دوورە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێم وایە دوورە، بەڵام بەقەدەر جاران دوورنییە.

×کارت بۆ کردووە، یا کاری بۆ ئەکەیت تۆ وەکو سکرتێری حزبێک و شەخسێکی سیاسی کوردی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێداگرتنی ئێمە لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ، هەلوێستێکی ئیدئۆلۆژیک و نەزەری نییە، بەلکو لە ناوەرۆکی ستراتیژی ئێمە جێگەی هەیە و بەو پێیە، هەولمـان بۆ داوە و هەولی بۆ دەدەین.

کۆمەڵەپەیوەندی لەگەڵ تورکیا و سوریا نییە

×فایلی پەیوەندیەکانی کۆمەڵەو عیراق و بەعس تەواو بوو، پێمخۆشە ئەگەر بەکورتی لەسەر پەیوەندیەکانی کۆمەڵەو تورکیا هیچ پەیوەندیەک هەیە یان چۆن بووە تا ئێستا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هیچ کات هیچ پەیوەندیەکمان لەگەل دەولەتی تورکیە نەبووە. نە ئێمە هەولێکمان بۆ داوە و نە ئەوانیش عەلاقەیەکیان بۆ وەها پەیوەندییەک دەربریوە، بگرە میت زۆر دژی ئێمەو دۆستایەتی ئێمە بوو.

×پەیوەندیتان لەگەڵ دەولەتی سوریا هەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرگیز.

کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا نییە

×پەیوەندیەکانتان لەگەڵ ئەمریکا چۆنە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ ئەمریکا نەبووە.

×ئێستا پەیوەندییەکتان نییە، لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ پەیوەندیەکمان نییە. ئەوان بە حوکمی ئەوەی کە لە عیراق دەسەلاتدارن چەند جارێک سەردانی مەقەری ناوەندی ئێمەیان کردووە و هەولیانداوە زۆرتر بمان ناسن، بەلام هیچ پەیوەندیەکی بەردەوامی لێنەکەوتووەتەوە. ئاخر جار پێمانووتون ئێمە حەز ئەکەین ئەگەر کێشەیەک هەیە لە ڕێگای یەکێتی نیشتمانییەوە چارەسەری بکەین کە هاوپەیمانی خۆتانە.

نابێ ئەمریکا دەست لەناوخۆی ئێران بدات

×ئێوە حەز ناکەن پەیوەندیتان هەبێ لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە دامەزراندنی ئەم پەیوەندییە بە پێویست و بە قازانج نازانین.

×بۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە پێمانوایە نابێ بە هیچ شێوەیەک پاساو بۆ دەستێوەردانی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستانی ئێران دروستبکرێت، نابێ شەرعییەتی پێبدرێت، نابێ ڕێگای بۆ خۆشبکرێ. بەڵام ئەگەر وەها ڕووداوێک بوو بە ئەمری واقیع ئەو کاتە ئێمە بە شێوەی دیاریکراو بڕیاردەدەین کە چۆنی هەلسوکەوتی لەگەڵ بکەین. ئەوان بە شوێن بەرژەوەندی خۆیانەوەن و ئێمە پێمانوا نییە کە دەتوانێ بەرژەوەندی هاوبەشمان هەبێ.

×یەعنی ئەمریکا داوای هاوکاری لە ئێوەو حزبی دیموکرات و ئۆپۆزسۆنی ئێرانی نەکردووە، بۆ دژایەتی ئێران یان بۆ ڕوخاندنی ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: داوایانکردووە و وەڵامی پێویستیان پێدراوەتەوە.

×ئەگەر کەوتنە ژێر فشارەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەولدەدەین بە هێزی خۆمان و پشتیوانی جەماوەر خۆمان لەژێر هەر فشارێک دەرباز بکەین. بەڵام لاموانییە ئەوان وەها فشارێک بۆ ئێمە بێنن. کاتێکیش بۆ ئەو مەبەستە داوایان لێکردین، داواکەیان لە قاڵبێکی دۆستانەدا دارشت. وەڵامی ئێمەش ئەگەرچی ڕەتکردنەوە بوو بەڵام بەرهەڵستکارانە نەبوو. هەر دوولا لە یەکتر تێگەیشتین.

×ئەگەر ئەمریکا ئێران بڕۆخێنێ‌و ئەو سیناریۆیەی عیراق دووبارە بێتەوە، ئەوە لە ئێران دووبارە بێتەوە ئێوە ئەوکاتە ناچارن ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بکەونە ژێر تەئسیری ئەمریکاوە لەو هاوکێشە سیاسیەدا مل بۆ داواکانی ئەمریکا بدەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لە هەموو کاتێکدا بە پێی ستراتیژی خۆمان چ بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، چ بۆ بنیاتنانی کۆمەلگایەکی نوێ، سەربەخۆ لە دەستێوەردانی ئامریکا و هەر هێزێکی دەرەکی دیکە کاری خۆمان دەکەین. هەولدەدەین بۆ ئەوەی جەماوەری خەلک خۆیان دەسەلاتی خۆیان تەنانەت لە هەلومەرجیکی فەرزیشدا کە ئەمریکا ئێرانی داگیرکردبێ، بەرقەرار کەن و مل بۆ داواکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دانەنوێنن.

×پێتانوایە بەبێ هاوکاری ئەمریکا ئێوە بتوانن کۆماری ئیسلامی بڕۆخێنن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموایە کە دەستێوەردانی ئەمریکا هەم تەمەنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی درێژتردەکاتەوە و هەم ئەگەر هات و ڕووخاندیشی، کاری بنیاتنانەوەی ئەو ولاتە لەسەر بنەمایەکی پێشکەوتوو و ئینسانی دژوارتر دەکات.

پەیوەندیمان لەگەل ئیسرائیل نییە

×ئەمە لە بەحسێکی تردا دێینەوە سەری، بەلام پێمخۆشە پەیوەندییەکانی کۆمەلەو ئیسرائیل بزانم؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرگیز هیچ پەیوەندییەکمان لەگەل دەولەتی ئیسرائیل، نەڕاستەوخۆ نەناڕاستەوخۆ نەبووە.

کۆمەڵە (TV) هی ئیسرائیل نییە

×ئەی بۆ باس لەوە ئەکرێ (tv)کۆمەڵە بە هاوکاری ئیسرائیل و ئیسرائیل هاوکاریکردوون ئەو دیعیانە تا چەند راستە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە لە سەدا سەد ناراستە.

×ئەمریکاش هاوکاری نەکردوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نە ئەمریکا، نە هیچ دەوڵەت و هێزیکی دیکە لەم بابەتەوە هاوکاری نەکردووین و بەرهەمی تێکۆشانی خۆمان و پشتیوانی خەلکە.

ئوردن ویستی کۆمەڵە نوسینگە بکاتەوە

×پەیوەندییەکانتان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی چۆنە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە دووای ساڵی (1991)کە فرۆکەخانەی بەغدا داخرا، ئێمە ناچار بووین هاتوچۆکانمان بۆ دەرەوەی وڵات لە رێگەی ئۆردۆنەوە بکەین. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاتوچۆ، پەیوەندیمان بە دەولەتی ئۆردۆنەوە گرت و ئەوانیش بەرادەیەکی مەحدوود ئەو ئیمکانەیان پێداین. هەرچەند ئەوان بێ مەیل نەبوون کە ئێمە نوسینگەیەکیش لە عەمان دابنێین کە ئاسانکاری بکات بۆ هاتوچۆکان، بەڵام ئێمە ئەوەمان بە پێویست نەزانی و تەنها لە رێگەی فاکس و تەلەفوونەوە لەگەڵ نوێنەرایەتی کۆمەلە لەدەرەوەی وڵات پەیوەندیمان لەگەڵ بەرقەرارکردن.

×بۆ قبولتان نەکرد، نوسینگە دابنێن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەولەتاندا بە گشتی سیاسەتمان ئەوە بووە کە زەرەیەک لەوەیکە پێویستە زیاتر نەچینە پێش. بەو پێیە هەر ئەوەندە بۆ پێوەندی راگرتن لەگەڵ دەولەتی ئۆردۆن بەس بوو.

×پەیوەندییەکانتان لەگەل وڵاتانی ئەوروپا لەچ ئاستێکدایە،

وە باشترین دەوڵەت کە ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵی هەیە کێیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لەگەڵ حزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا لە کۆنەوە کەم و زۆر پەیوەندیمان هەبووە، دیارە زۆربەی ئەو حزبانە هەر کامە لە دەورەیەکدا لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەسەلاتیان بە دەستەوە گرتووە. بەعزێکیان لەوانە دەوڵەتی فەرانسە لە چوارچێوەی یاسایی خۆیاندا بۆ ویزا هەندێک کار ئاسانییان بۆ کردووین. یارمەتی بۆ پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە دەورەیەکدا کە لەشوێنەئازاد کراوەکانی کوردستان لەدەوروبەری مەقەرەکانی ئێمە دەژیان لە ڕێگەی خاچی سوورەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وەکوو "پزیشکانی بێ سنوور"، "مێدیکۆ ئینترناسیۆنال"، "ئیکس مینوس وای" و "دیاکۆنی" لە لایەن ئەو حزبانەشەوە کارئاسانی بۆ دەکرا.

کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵە
(مالومە)1986
کوردستانی عێراق

کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵە لەمالومە 1986

×ئێستا ئەمەوێ باسی کۆنگرەی پێنچەمم بۆ بکەی، کەلە بەفرانباری (1365) بەستراو، تازەترین ئاڵوگۆڕو بەحسەکانی ناو ئەو کۆنگرەیە چیبون، بەتایبەتی ئەو رێ و شوێنانە کە کۆمەڵە گرتیەبەر. دوای ئەوەی کە لە کۆنگرەی سێیدا بریاردرا حزبی کۆمۆنیستی ئێران دروستبکرێت ئەوانە چ رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر کۆنگرە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای کۆنگرەی سێی کۆمەلە پێکهات. کۆنگرەی پێنجی کۆمەلە و کۆنگرەی دووی حزب لە یەک شوێن و لە مەقەرەکانی کۆمەلە لە نزیک ئاوایی مالومە، لە "گۆمە سارد" و بە فاسیلەی چەند رۆژ لە یەکتر بەسترا.

گرنگترین باسی کۆنگرەی پێنجی کۆمەڵە بریتیبوو لە پێویستی دارشتنی ستراتێژێکی نوێ بۆ خەباتی سیاسی و نیزامی و جەماوەری لەکوردستانی ئێران. هەلومەرجەکە لە چاو دەورەی کۆنگرەکانی (3 و 4)گۆرا بوو، خەباتی چەکداری پاشەکشەی زیاتری پێکرابوو، شۆرشی گەلانی ئێران بۆ ئازادی کە پاش رووخانی رژێمی شاش بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە گوروتاو نەکەوتبوو، لەم دەورەیەدا بە تەواوی تێک شکا بوو و رژێمی کۆماری ئیسلامی خۆی سەقامگیر کردبوو. هەرچەند لەم کۆنگرەیەدا ئەو ستراتێژە بە تەواوی دانەرێژرا، بەڵام خالەسەرەکییەکانی دەستنیشانکرا و دوو ساڵ دواتر لە کۆنگرەی (6)دا بوو کە پەسەندکرا. لام وایە ئەم کۆنگرەیە دەوری گرنگی هەبووە لە جیاکردنەوەی لێبراوانەتری ئێمە لە سیاسەت و لە شێوەکار و لە بۆچوونی ناسیۆنالیستی لە ناو کۆمەڵەدا.

لەم کۆنگرەدا کە بە روونی دەگوترێ هەبوونی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان نابێ تەنیا خۆی لە خەباتی چەکداریدا

ببینێتەوە، سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە لە گرەوی لە یەک هەلپێکرانی خەباتی کرێکاران و خەباتی جەماوەری بۆ باشتر کردنی ژیان، خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسیدایە. هەموو مەیدانەکانی ئەو خەباتە دەبێ لە ستراتیێژی ئێمە و لە کردەوەی رۆژانەماندا هەر کامەیان جێگا و شوێنی خۆیان هەبێ.

مەسەلەی ناسیۆنالیزمان
تەنها بۆ دیموکرات جێنهێشت

×لەم سەرو بەندەدا رەخنەی ئەوە هەبووە لەتۆ وە پێموایە ئەمە رەخنەی (عەبدوڵلا موهتەدییە)لە تۆ کە سەید برایم و حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەروی ئامۆژگارییەکانی (مەنسوری حیکمەت) لەروی خەتو رێبازی ئەوەوە لەو بروایەدان، وە ئێستاش لەو بروایەدان، کە کێشەی نەتەوەیی ئەبێ بەدەست ئەحزابی بۆرژوازییەوە چارەسەربکرێت. وەلحاسل ئێوە لەو کۆنگرەدا لەوسەردەمانە راتانگەیاندوە"کە پێویستە حزبی بۆرژوازی مەسەلەی قەومی و نەتەوەیی کوردبگرێتەدەستو چارەسەری بکات، ئێمە تەنیا مەسەلە چینایەتیەکان بگرینە دەست، لەمبارەیەوە نەزەرت چییە، ئایا ئەوەبوو وایکرد حزبی دیموکرات گەشەیەک بکات یان ئەو ئیشکالانە چیبون توشی ئێوەبوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو بەحسە لە کۆنگرەی (5)دا نەبوو، ئەوە پەیوەندی بە سالەکانی دوای جیابوونەوەی رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری هەیە. کۆنگرەی (5) نەک هەر هیچ بۆشاییەکی بۆ حزبە ناسیۆنالیستەکان بە جێنەهێشت، بەڵکو هەوڵیدا بۆ ئەوەی رێگای واقع بینانەتر بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی خەلکی کوردستان و گەیشتنی خەلکی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، دیاری بکات. گرنگیدان بە خەباتی جەماوەری و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگای چالاکی عەلەنی و قانونی لە کۆمەلگای ژێر

دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا لەئاکامەکانی ئەو کۆنگرەیە بوو.

بەڵام سەبارەت بەو وتەیەی کە لە کاک عەبدۆڵلا مۆهتەدی نەقڵتانکرد، هەرچەند جێگاکەی لەوانەیە لێرە نەبێ، بەڵام ئێستاکە باسەکە هاتووەتە گۆڕێ پێویستە بڵێم کە من هەرگیز نەم وتووە و نەمنوسیوە کە پێویستە حزبی بورژوایی مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکات و ئەوە ئیشی ئێمە نییە. من وتوومە و نووسیومە کە حزبی ئێمە بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستان بکات، نابێ تەنها پشت بە کێشەی نەتەوایەتی ببەستێ، چونکە ئەگەر وایکرد، تەفاوەتێکی نابێ لەگەڵ حزبی دیموکرات کە بۆ ئەو مەبەستە سوننەتی خۆی، بەرنامەی خۆی، مێژووی خۆی و رێبەرانی خۆی هەیە.

ئێمە بۆ ئەوە بتوانین بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە ئەنجامی خۆی بگەیەنین، پێویستە لە هەمان کاتدا هاندەر و بەرێوەبەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکو بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوەی ژنان بین. بریارنامەی پەسەندکراوی گەلێک رۆشن لەو بابەتەوە هەیە، کە باسی پێویستی هەوڵدانی کۆمەڵە بۆ بە دەستەوە گرتنی رەهبەری بزووتنەوەی خەڵکی کورد بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، دەکات. وەڵامی کاک عەبدۆڵلام لە نامیلکەیەکدا کە لەسەروبەندی جیابوونەوەیان لە کۆمەڵە بڵاوبۆتەوە، داوەتەوە.

×ئێستا ئێوە خۆتان بە نوێنەری هەردوو مەیلەکە ئەزانن، مەیل و گەرایشێکی چەپو مارکسی، هەم مەیل و گەرایشێکی قەومی و نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی بەشێک لە لانیکەمی بەرنامەی ئێمەیە وەکو حزبێکی چەپ و سۆسیالیست. بۆ ئەو مەبەستە هەم بەرنامەی دارێژراومان هەیە، هەم ستراتیژی رۆشنمان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بەرنامەیە. پێشینەی حەرەکەتی ئێمە لە (3) دەیەی رابردوودا

نیشانده‌دا که له‌پێناو وه‌دیهێنانی ئه‌و به‌رنامه‌یه‌دا، گه‌لێک فیداکاریشمان کردووه. دیاره ئامانجی نیهایی ئێمه گه‌یشتن به کۆمه‌ڵگایه‌کی سۆسیالیستییه، به‌ڵام له‌و مه‌سیره‌دا پێویسته هه‌موو مه‌سه‌له چاره‌سه‌رنه‌کراوه‌کانی سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتی بورژوازیش چاره‌سه‌ربکه‌ین و به‌م شێوه‌یه ڕێگای هه‌نگاو هه‌ڵگرتن به‌ره‌و سۆسیالیسم هه‌موارتر بکه‌ین. که وابێ له ستراتێژ و به‌رنامه‌ی ئێمه‌دا بۆشاییه‌ک نییه که حزبێکی ناسیۆنالیست بتوانێ پری بکاته‌وه. گه‌لێک هۆکاری سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه که نیشانده‌دا حزبه‌کانی ناسیۆنالیست توانای چاره‌سه‌ر کردنی نیهایی ئه‌و کێشه‌یان له ده‌ستداوه.

×به کورتی ئه‌توانی ئه‌و هۆکارانه‌م پی بڵێی؟

ئیبراهیم عه‌لیزاده: یه‌که‌م هۆکاری، گه‌شه‌ی سه‌رمایه‌داری و گۆرانکاری ئابوورییه. بورژوازی کورد ئه‌مرۆکه پێویستی به‌وه نییه که خۆی به بازاری ناوخۆوه ببه‌ستێته‌وه. به‌رته‌سککردنه‌وه‌ی سنووره‌کان له قازانجی خۆیدا نابینێ، گلۆبالیزاسیۆن وایکردووه که هیچ سه‌رمایه‌دارێک ناتوانێ ته‌نیا دڵی به‌وه‌خۆش بێ که له سنووری وڵاته‌که‌ی خۆیدا چالاکی بکات. نه ئه‌و بورژوازییه و نه ته‌نانه‌ت چینی مامناوه‌نجیش که ئاواتی بوون به سه‌رمایه‌دار له دڵیدایه و ئه‌و ئاسۆیه بۆ خۆی ده‌بینێ، ئیتر وه‌کو ده‌وره‌ی پێشتر به ئاواتی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ وه سه‌رنانێته‌وه. سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی له‌م سه‌رده‌مه‌ی ئێمه‌دا زیاتر له هه‌میشه به‌سه‌رشانی خه‌ڵکی کرێکار و هه‌ژار و فه‌قیردا ده‌شکێته‌وه.

ئه‌م وه‌زعه وایکردووه که حزبه ناسیۆنالیسته‌کان، له ئارمانی کوردایه‌تی دوورکه‌ونه‌وه و ته‌نیا به‌وه رازی بن که به‌شێک له‌ده‌سه‌ڵات به حزبه‌که‌ی خۆیانبدرێت، با مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی به هه‌ڵپه‌سێردراویش مابێته‌وه. که مه‌سه‌له‌که بوو به کێشه‌ی خه‌ڵکی کرێکار و چه‌وساوه ئه‌و جار، ئه‌و راستییه دێته‌کایه‌وه که تۆ ناتوانی ته‌نیا به به‌رزکردنه‌وه‌ی دروشمی نه‌ته‌وایه‌تی

ئەو جەماوەرە بەسیج بکەی. تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش پێویستە جەماوەری هەژار و زەحمەتکێش بە چارەسەربوونی باقی ئازار و بێ مافییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشیان دڵخۆش بن. ئەمرۆکە ئەو دروشمە بە تەنیا توانایی بەسیجی بەرتەسکە.

×بۆ ئێوە ئەو دوو مەیلە، کەمیان لەپێشترە یان هاوتەریب ئەڕۆن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: باسی پاش و پێش نییە. هەردووکی ئەو ئامانجە پەیوەندی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە. بە بێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی، چینی کرێکار بەراشکاوی رواڵەتی راستەقینەی سەرمایەدار و چەوسێنەری ناوخۆیی نابینێ و ئەو ستەمە وەکو نەتەوە قورسایی بەسەر زەین و مێشکیدا دەکات.

نوێنەری چەپ و ناسیۆنالیزمین

×خۆتان بە نوێنەری هەردوو باڵەکە ئەزانن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەو مانایەی کە باسمکرد بەڵێ، خۆمان بەنوێنەری هەردوو باڵەکە دەزانین.

× ناسیۆنالیستەکانو عەبدوڵڵای موهتەدی هەر ئەم رەئیەی تۆیان هەیە، کەواتە جیاوازییەکەتان لەچیدایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رەنگە کاک عەبدوڵڵا ئەوەی بەتۆ وتبێ، بەڵام لەبەرنامەیاندا وانییە، ئەوەی کە لە گفتوگۆیەکدا باسیدەکەن، یان لە نووسراوەیەکدا دەینووسن، پێویستە لەگەڵ کردەوەی واقیعیشیان بەراوەردبکرێ. بەبروای من ناسیۆنالیسمی چەپ هەر بە قەدەر ناسیۆنالیسمی سوننەتی بێ ئاسۆ و بێ ستراتیژە و خۆشی بە روونی نازانێ چیدەوێ.

×هەموو گروپە چەپەکان هەم ناسیۆنالیستەکان هەمان ئەو رەئیەی تۆیان هەیە کە خۆیان بە نوێنەری چەپو ناسیۆنالیزم دەزانن بۆ نمونە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقو حیکمەتیست دەڵێن پێویستە رەسمەن دەوڵەتی کوردی خەلکی کوردستاندا چارەنووسی خۆی بگرێتەبەر وەلحاسل ئەوانیش پێیانوایە کە هەردوو ئەم مەسەلە پێویستە بەیەکەوە قسەیان لەسەربکرێ هەمان ئەو رەئیەی تۆیان هەیە. کەواتە جیاوازییەکە چییە مەبەستم ئەوەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەحزابی سیاسی تەنیا لەڕووی ئەوەی کە خۆیان ئیدعای دەکەن قەزاوەت ناکرێن، بەلکو هەروەک باسمکرد هاوکات پێویستە کردەوەشیان و مێژوویان و پێگەی چینایەتیان هەڵبسەنگێنین. لەمێژووی کوردستاندا کەم نین ئەو حزبو رەوتانەی کە پشتیان لەچارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کردووە و بە ئیمتیازاتی گەلێک بچووک کە بەشێک لەدەسەلاتی حزبەکەیان دابین بکا رازی بوون و یان تەنانەت خەیانەتیشیان پێکردووە، کە چی لەوانەیە بەرنامەی گەلێک رێکوپێکیشیان بووبێ.

×کەواتە ئەوەی تۆ جیا ئەکاتەوە لەو تەرحو لەو بۆچونانە ئەوەیە کە تۆ پێتوایە بۆچونە سیاسییەکانی ئێوە بۆچونێکی مومکینە وە لەروی ئەخلاقی و ئەدەبی سیاسیشەوە ئیشتان بۆ کردوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ پێموایە بۆچوون و کردەوەی سیاسی ئەمرۆمان و مێژووی رابردووشمان ئەوە ئیسبات دەکات.

× لەئێستادا تازەترین تەرحو بۆچونی ئێوە چییە بۆ ئەو مەسەلەیە، کە بتوانن هەردوو ئەو مەیلو گەرایشە لەناو کۆمەڵە کۆبکەنەوەو تەقوییەی بکەن، بۆ نمونە زۆرجار ئەوە ئەوترێ کە سەید برایم سکرتێری حزبی کۆمۆنیستەیان ئەم حزبە کۆمۆنیستە بروایان بە مەسەلەی قەومی و نەتەوەیی نییە، ئێوە زۆرجار بەوە تاوانبار ئەکرێن، لەکاتێکدا ئەم بۆچونانەی تۆ رەدی ئەوانەو پێچەوانەی ئەوانەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەیارانی کۆمۆنیسم ئێمە بە گەلێک شتی لەو چەشنە تاوانباردەکەن، ئەمە دەچێتە خانەی پروپاگەندەی سیاسییەوە. پێموایە وەڵامی روونمان بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە. داوام ئەوەیە ئەگەر نەشکرا هەموو "بەرنامەی ئێمە بۆ دەسەڵاتدارەتی جەماوەر لە کوردستان" زەمیمەی ئەو وتووێژانەت بکەی، لانی کەم چەند پاراگرافێک کە پەیوەندی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە هەیە، بێنی.کردەوەشمان، دیارە و دەکرێ قەزاوەتی بابەتی لەسەربکرێ.

ئێمەو عەبدوڵلای موهتەدی زۆر شتمان جیاوازە

× ئەگەر ئەم بۆچون و مەیلەی ئێوە لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی چۆتە پێش کە قەناعەتتان پێیەتی، کە دەبێ ئەم دوو مەیلە هاوتەریب بەیەکەوە برۆن، هەم مەسەلەی چەپو هەم مەسەلەی ناسیۆنالیست وە(کاک عەبدوڵلا)ش هەمان بۆچونی هەیە. باشە کە خۆشتان باستانکردوە پێشتر سەبەبی جیاکردنەوەکان ئەوەبوە کە ئەوان قەناعەتیان بە کوردایەتی هەبێو کوردایەتی بکەن. ئەگەر هەردووکتان ئەم بۆچوون قەناعەتەتان هەیە ئەم جیابوونەوەیە لەپای چی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جیاوازییەکان ئەگەر لەسەرەتاشەوە لە کاتی جیابوونەوەکەدا روون نەبووبن ئێستا هەم لە بەرنامە و هەم ستراتێژ و هەم لە سیاسەتی رۆژدا، ئاشکران. ئەوان فێدرالیسم بە رێگاچارەی کێشەی نەتەوایەتی دەزانن، ئەوان دەچنە هاوپەیمانی لەگەڵحزبە نەتەوەییەکانی ئێران، ئەوان خوازیاری هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکان و ئاواتی دووپات بوونەوەی سیناریۆی عیراق دەخوازن. ئەوان هەڵسەنگاندنی جیاوازیان لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئێستای کوردستان هەیە و دەورێکی زۆر بۆ چینی

کرێکار دانانێن، لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئێستادا وەکو بزووتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی خوێندکاران، ئـەوان رەوتێکی لیبرالی تەعقیب دەکـەن. هاوپەیمانانی ئێرانی ئەوان و ئێمە جیاوازن و گەلێک نمونەی دیکە. هەمووی ئەوانە ئەو راستییە تەئکید دەکەنەوە کە ئێمە دوو رەوتی جیاوازین با چەند ووشەیەکمان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی یان کێشەی چینایەتی وەکوو یەک بچێ.

لەگەڵ بۆچوونەکانی خەسرەوی داوەرین

× لەسەردەمی کۆنگرەی پێنجو پێش ئەوە واتە لە (15)ی گەلاویژی (1363) یەعنی لە (6)ی ئوتی (1984) (خوسرەوی داوەر) کە ئەوکاتە لەناو کۆمەڵەیا پلەوپایەوئیمکانییەتێکی هەبوە لەژێر ناونیشانی (هەربژی دەسەڵاتدارانی شوراکان) بابەتێکی نوسیوە، کە پێیوایە پێویستە کورد دەوڵەتی هەبێ و خەڵکی کورد پێویستە وەک میللەتێک بەرەسمی بناسرێن، مەبەستم ئەوەیە ئەم بۆچونە هەر لەگەڵ ئەو قسانەی تۆ یەکدەگرێتەوە ئێستا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ لە ناوەرۆکدا ئێمە هەر ئەو رێبازەمان هەیە.

×ئەمە بۆچونی رەسمی کۆمەڵەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئەوە بۆچوونی رەسمی کۆمەڵەیە و لە دوایین کۆنگرەی کۆمەڵەدا لە بەرنامەیێک لەژێر ناوی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارێتی خەڵک لە کوردستان" جارێکی دیکە بە وردەکارییەوە فۆرمۆڵە کراوەتەوە.

عیراق و ئێران تۆپبارانیان دەکردین

× لەو سەروبەندەدا لە کۆنگرەی پێنجەم تا کۆنگرەی شەشەم ئێوە زیاتر هاتنە ناو قوڵایی خاکی کوردستانی عیراقەوە، پایەگاوچاپخانەکانتان دێننە کوردستانی عیراقەوە، وردە وردە لە سنوورەکانی ئێران یان بڵێم لەناو کوردستانی ئێران دورئەکەونەوە ئەمە چ تەئسیرێکی هەبوو لەسەر هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، کاروباری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە چۆن بەڕێوەچوو لەم مەنتیقەدا توشی گیروگرفت نەبون کێشەتان نەبوو لەو بارەیەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیـارە هەر پاشەکشەیەک لەگەڵ خۆی گیروگرفتی خۆی پێکدێنێ. کاریگەری ڕۆحی لەسەر هێزی پێشمەرگە دادەنێ. ئێمە لە کۆنگرەی (5)ی کۆمەڵەدا هەولماندا کە ئەو ڕاستییە زیاتر بخەینە بەرچاو کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان، تەنیا بەلاواز بوون یان بەهێز بوونی هێزی پێشمەرگەوە هەڵناسەنگێندرێ. ئەو بۆچوونە پاش ماوەیەک لە ناو ریزەکانی ئێمەدا جێکەوت و مەعنەویاتی هێزی پێشمەرگە جارێکی دیکە و لە دەورەی خەباتی پارتیزانیشدا بەرز بووەوە.

واحیدەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ حەسانەوە و بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارەکان، دەگەڕانەوە بنکەکانیان کە لە چەندین شوێنی سەر سنوورەکان لە دیوی عیراق دامەزرابوون. تەداروکات و پێویستییەکانی ژیان و چالاکی پێشمەرگانە، هەم لە ئێران و هەم لە عیراقەوە دابین دەبوو. ئەم دەورەیە لە هەمانکاتدا، گەرمەی شەری ئێران و عیراقیش بوو.

گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوە بوو کە چۆن هێزەکانمان لە ئاوری ئەو شەرە بپارێزین و حەرەکەتی سەربەخۆی خۆمان لە قوولایی کوردستانی ئێراندا درێژە پێبدەین. ڕۆژ نەبوو لەو پێناوەدا تووشی گیروگرفت و تەنانەت خەسارەتیش نەبین. مەقەرەکانی

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە زیاتر لە (6) ئۆردووگای سنووریدا جێگیر بوون. کە لەگەڵ ئەوەشدا کە بەردەوام لە ژێر هەرەشەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون، گەلێک جار دەکەوتنە بەر پەلاماری تۆپخانە و ئاسمانی هێزەکانی عیراقیش.

ژنان و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

× پێمخۆشە لەم مەجالەدا باسی هێزی پێشمەرگە کۆمەڵە، بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی ژنان بکەین، من قەناعەتم وایە یەکێک لەو هێزانە کۆمەڵەیە کە ژنی چەکدار کرد، پێتوایە ئەم بۆچوونەی راستە، وە ئەمە چۆن چۆنی پەرەی گرت ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەلە تەنانەت پێش رووخانی رژێمی شا و هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، کاتێک کە بیری لە خەباتی چەکداری و شۆرشی درێژ خایەن دەکردەوە، هەرگیز لای وانەبوو کە جیاوازییەک هەیە لە بەشداریکردنی ژنان لە هەموو بوارێکی وەها شۆرشێک و لەوانە لەخەباتی چەکداریش.کاتێکیش موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەر بە هێرشی رژێمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان شکلی گرت، هەر بیرمان لە جیاوازییەک لەو بوارەدا نەدەکردەوە، بەلام لەسەرەتاوە بەرانبەر بە چۆنیەتی راهێنان و ئامادە کردنی ژنان، چۆنیەتی رێکخستنیان، کۆمەلێک مۆحافزەکاری هاتە گۆری. تا کاتێک کە شارەکان بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بوون ژنان گەلێک بواری خۆ دەرخستنیان بۆ خەباتی سیاسی بۆ خولقا بوو، کە شارەکان گیرانەوە، مەسەلەی چەکدارکردنی هاورێیانی ژنیش هاتە دەستورەوە، بەلام هەر وەکو باسمکرد بە پارێزەوە دەستمان بۆ برد و دەمانەویست هەنگاو بە هەنگاو کاردانەوەی ئەو حەرەکەتە لەناو خەلکی دێهاتەکانی کوردستان، کە لامانوابوو لەم بابەتەوە مۆحافزەکارترن تاقیکەینەوە.

ئەوە بوو کە لەسەرەتاوە دەستە پێشمەرگەی جیاوزمان لە هاورێیانی ژن ڕێکخست کە دەستیانکرد بە جەولەی سیاسی لەناو ئاواییەکان. زۆر زوو لێمان حاڵیبوو کە نیگەرانییەکەی ئێمە لە جێگای خۆی نییە، کۆمەڵگای کوردستانی ئێران نەک هەر پەزیرای ئەو حەرەکەتەیە بەڵکو بە گەرمی پێشوازی لێدەکات. ئەوە بوو لە هەموو ناوچەکان، کچان و کوران هاوشان لە فێرگەکاندا وەر دەگیران و دواجار وەکوو یەک لە واحیدەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا دەستیاندەکرد بە چالاکی.

گیروگرفتی ژنان لە ناو هێزی پێشمەرگەدا کە زۆربەیان پیاو بوون، کەم نەبوو، ئەوان بە ڕاستی گەلێک ماندووتر دەبوون لە پیاوان و لەگەڵ گەلێک گیروگرفتی زیاتر لە پیاوان دەست و پەنجەیان نەرم دەکرد، بۆ ئەوەی جێگای خۆیان بکەنەوە. هاتنی ژنان بۆ ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە، بە خێرایی کاریکردە سەر کەش و هەوای کۆمەڵایەتی کوردستان بە نیسبەت سەرجەم ژنانەوە. بروا بە خۆیەکی زیاترو بە ژنان بەخشی. کەم نەبوون ئەو ژنانەی کاتێک لە ناو بنەماڵەکەیاندا لەگەڵ زولمێک بەرەو ڕوو دەبوون، هەرەشەیاندەکرد کە بە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست دەبن و یان شکایەت دەبەنە بەردەم پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.

هەڵبەت پێشمەرگایەتی ژنان لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا لە ڕابوردو لە کوردستانی عیراق بێ وێنە نەبوو، پێشتریش ژنانی چەک لە شان لە ناو ڕیزی پێشمەرگەدا لە کوردستانی عیراق بیندرا بوون. جیاوازی کاری ئێمە لەم بابەتەوە لەوەدا بوو کە یەکەم، ئەو کارە لە ئاستێکی بەریندا کرابوو و بە پانتایی هەموو کوردستان و دووهەم، خەباتی پێشمەرگانە بە خەبات بۆ ڕزگاری ژنان لە ستەمی ڕەگەزەییەوە گرێدرابوو وە دروشمەکانی لەڕێگای ژنان و پیاوانی پێشمەرگەوە بەردەوام تەبلیغی بۆ دەکرا.

کۆمەڵە یەکەم هێز بوو ژنانی چەکدار کرد

×ئەو کێشەو گیروگرفتانە چیبون هاتەرێگاتان لەوبارەیەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم گرفت، پاشماوەکانی بیروبۆچوونی پیاو مەزنی بوو لە ناو پیاوانی پێشمەرگەدا. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەگەرچی تارادەیەک بە بیروبۆچوونی سۆسیالیستییەوە پەروەردەکرابوو، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەستی گیان سەختی پیاو مەزنی بە ئاسانی لە دەرونیاندا پاک بووبێتەوە. بەو پێیە بێباوەری بە ژنان، تارادەیەک بە چاوی سووک تەماشا کردنیان لێرە و لەوێ دەبیندرا. ژنان ناچار بوون بە دوو قات زیاتر فیداکاری بکەن کە بە قەدەر پیاوێکی پێشمەرگە جێگای خۆیان بکەنەوە.بۆ نمونە دەورانی قاعیدەگی بۆیان بە سەختی تێپەر دەبوو، کەمتر ریعایەت دەکران، حەمام کردن و نەزافەت راگرتنی خۆیان بە ئاسانی وەکو پیاوان جێبەجێ نەدەبوو. دیارە ژمارەیان کەمتر بوو لە پیاوان و ئەوەش بە تایبەت لە ناو ئەو واحیدانەدا کە تەفاوەتەکە زۆر بوو، گرفتاری زیاتری بۆیان پێکدەهێنا.

گوڵێ قوبادی و جەمیلەی رەحیمی یەکەم پێشمەرگەی ژن بوون

×لەبیرتە یەکەم ژن کێ بوو کە هات بوو بە پێشمەرگەی کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هاورێیان گوڵێ قوبادی و جەمیلە رەحیمی.

×یەکەم ژنە شەهیدی پێشمەرگە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم پێشمەرگەی ژن کە لە شەر دا گیانی بەخت کرد ئەشرەفی رادپوور بوو و یەکەم ژنێکی هەڵسوراوی کۆمەڵە کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی تیرەباران

کرا نیرەی ئەعزەمی بوو، هەردووکیان لە ساڵی(1358)ی هەتاوی.

(20%) پێشمەرگەی کۆمەڵە ژنان بوون

×لەدەورانی کۆمەڵەدا زۆرتری ڕێژەی ژنان یا پێشمەرگەی ژنان چەندبووە یا بەشداری ژنان چەندبووە لەناو کۆمەڵەیا؟ یەعنی گەیشتۆتە سەدی چەند؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموایە دەتوانین سەرجەم بە لە سەدا بیست بەراوەردییکەین.

×ئەو ڕێژەیەکەم نەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە کەم بوو.

×ئەی بۆ نەتانتوانی زیادیکەن یان فاکتەرەکانی چیبون ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لاموایە سێ فاکتەری سەرەکی هۆکاری کەمبوونی ژنان لە ناو ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بوون.

یەکەمیان: فاکتەری کۆمەڵایەتی. هاتنی ژنان بۆ ناو ریزی پێشمەرگە، لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە بەربەستی زۆری بۆ دروستدەکرا. ڕاستە کە کۆمەڵگای کوردستان سەرجەم واقعیەتی پێشمەرگایەتی ژنانی قبولکردبوو و تارادەیەکیش پێشوازی لێکرد، بەڵام هێشتا ئەو پێشوازییە لە چاو ئەوەی کە بۆ پیاوان هەبوو، کەمتر بوو. بیروبۆچوونی سوننەتی و تەبلیغاتی دژی کۆمۆنیستی کۆنەپەرەستی ناوخۆ لەم مەسەلەیەدا دەوری دەبینی.

دووهەمیان: گیروگرفتی عەمەلی بوو لە ڕێگای پەیوەستبوونی ژنان بە ریزی پێشمەرگە. کوران دەیانتوانی خۆیان دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخ بە شوێن واحیدەکانی پێشمەرگەدا بگەرێن و بیان دۆزنەوە و پێیان پەیوەست بن، یان تەنانەت ئەوکات کە فێرگەکانمان لەدیوی کوردستانی عیراق بوون، کوران بە ئاسانی دەیانتوانی لە سنوورەکان تێپەر بن، ئەو کارە بۆ کچان بەو ئاسانییە نەبوو.

سێهەم: هۆکار ئەوە بوو کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، پاشماوەی رۆحی پیاو مەزنی، وایکردبوو کە ژنان لە ناو ریزی پێشمەرگەدا، لەژێر زەختدابوون‌و کەشوهەواکە، گەلێک جار بۆیان دڵپەزێرنەبوو.

×بەشداربونی ژنان لەریزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ئەمە شۆڕشێکی سیاسی چەکداری‌و ژنانە بوو یان شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو یان هەرسێکیان بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: خەباتی پێشمەرگانە لە کوردستان، خەباتێکی پارتیزانی دابراو لە خەڵکی نەبوو. پشتیوانی و پێشوازی جەماوەر لەو خەباتە جیاوازی ئەساسی پێشمەرگایەتی لە کوردستان، لە چاو بۆ وێنە خەباتی پارتیزانی لە ئەمریکای لاتین بوو. بەو مانایە، رووتێکردنی ژنان لە پێشمەرگایەتی، دەکرێ بڵێین حەرەکەتێکی کۆمەڵایەتی بوو لە بواری خەباتی چەکداریدا.

کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە
(بۆتێ) 1990

کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە، عەبدوڵڵای موهتەدی کۆنگرە بەجێدەهێڵێت

×سەبارەت بەرەخنەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی لە ئێوە لە کۆنگرەی شەش، گوایە ئەو کۆنگرەیە لە دانیمارک لەماڵی(مەنسوری حیکمەت) بەستراوە، هەموو رێوشوێنەکانی تۆ ومەنسوری حیکمەت گرتوتانەتەبەرو بەشێکی زۆر لەبرادەرانی کۆمەڵە ئاگایان لێێنەبووە، کاک عەبدوڵڵا لەم بارەیەوە گلەیی هەیە، ئەو گلەییانە تا چەند راستە؟ هەر ئەو دەمەشە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی وازی هێناوە لە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی (6) نەک لە دانیمارک، بەڵکو لە "بۆتێ" لە نزیک شاری رانیە گیرا. ئەوکات بەشێک لە سازمانی مەرکەزی حزب لەوڵاتی دانیمارک بوو. کاک عەبدوڵڵا لەوانەیە، مەبەستی مەسەلەیەکی دیکە بووبێ کە پەیوەندی بە خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو کۆنگرەیە بوو. کاک عەبدوڵڵا و مەنسووری حیکمەت لە مەکتەبی سیاسی حزبدا، باسی ئەو کۆنگرەیە دەکەن و مەنسووری حیکمەت، کۆمەڵێک پرسیار تەرحدەکات و بە کاک عەبدوللا دەڵێ کە ئەگەر بمانەوێ لە رێبەریکردنی بزووتنەوەی کوردستاندا سەرکەوتوو بین، دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە و داوا لە کاک عەبدوڵڵا دەکات کە ئەو ولامانە بداتەوە.

کاک عەبدوڵڵا خۆی وەڵامیان ناداتەوە و دەقی پرسیارەکان بە خەتی مەنسووری حیکمەت بۆ من دەنێرێ. ئەو پرسیارانە بە دەست خەتی مەنسووری حیکمەت بە زمانی فارسی لای من هەیە و کۆپیتان دەدەمێ کە ئەگەر بە پێویست تان زانی بڵاویکەنەوە. کاتێک ئەو پرسیارانە بەدەستم گەیشت، هەستم کرد کە ئەمانە نەک هەر پرسیار بەڵکو کۆمەڵێک راوبۆچوونی

دیاریکراویشیان لە پشتە. چووم بۆ دانیمارک و چاوم بە مەنسووری حیکمەت کەوت و داوام لێکرد کە خۆی چی لەم بابەتەوە لە نەزەر دایە پێمان بڵێ، چونکە من پێشتر لە هەمووی ئەو بابەتانەوە لە مەجالی جۆراوجۆر قسەم کردبوو، هەوڵمدا لە بۆچوونی ئەو ئاگادار بم. ئەویش قبولیکرد و سەرەتا وەڵامەکانی خۆی بە من داوە کە بە نەوار زەبتم کرد و نوسخەیەکی نەوارەکەشمدا بە کاک عەبدوڵڵا.

دواجار، مەنسوری حیکمەت ئەو قسانەیکرد بە باسێکی پوختەتر و سمینارێکی لەسەر تەرتیبدا، کە من لەو سمینارەدا بەشدار نەبووم، بەڵام کاک عەبدوڵڵا بوو. نەوارەکانی ئەو سمینارەش درا بە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە کوردستان. سەرجەمی ئەو باسانە بوون بە ناوەرۆکی، بریارنامەکانی کۆنگرەی (6)ی کۆمەڵە. کاری سەرەتایی ئەو کۆنگرەیەش لە پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەشاری سلێمانی بە بەشداری عەبدوڵلا موهتەدی و مەنسوری حیکمەت، جێبەجێکرا، عەبدوڵڵا موهتەدی لەم پلینۆمەدا، رای مۆخالیفی بەرانبەر بە رەش نووسی هیچ کام لە بریارنامەکان دەرنەبری بەڵام کەم قسە بوو، تارادەیەک بێدەنگبوو.

مەنسووری حیکمەت پێش دەستپێکردنی کۆنگرە گەرایەوە دەرەوەی وڵات و کاک عەبدوڵلاش لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بەشدار بوو و هەر لەوێ، داوای لێبوردنیکرد لە بەشدار بووان کە بە هۆی هەندێک گیروگرفتی ئیداری کە پەیوەندی بە پاسپۆرتەکەیەوە هەیە، ناتوانێ تا کۆتایی کۆنگرە دابنیشێ ئەویش گەرایەوە بۆ دەرەوەی وڵات، پێشمانخۆشبوو کاک عەبدوڵلا بمێنێتەوە هەر دوای ئەوەش دوای شەش مانگ، عەبدوڵلا موهتەدی دەکەوێتە نووسین وتەئیدی هەموو کۆنگرەی شەش دەکات و تەنانەت رەخنە لەکۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە دەگرێ کەبەئەندازەی پێویست بە کردەوە لە سەر خەتی

کۆنگرە نەچووەتە پێش و نیشانیدا کە ئەگەریش پێشووتر و لە پلینۆمدا بێدەنگ و کەم قسە بووە، ئێستا بە تەواوی ساغ بۆتەوە و دیفاعی لێدەکات و داوایدەکرد کە کۆمیتەی ناوەندی حزب لە رووی تەشکیلاتیشەوە بەرانبەر بە لادانی کۆمیتەی رەهبەری کۆمەلە لە ریبازی کونگرەی شەش هەلویست وەربگرێ. ئەوە راستیەکە کە بە پێی بەلگەنامەکان حاشای لێ ناکرێ. هەم لە گوڤاری "کومونیست" دا لەسەر نوسیووە و هەم لە بەیانیەی پلینۆمی شازدە دا بە تێرو تەسەلی لەم بابەتەوە قسەی کردوە. لە سالانی دواتردا دەکرێ هەلویستی گۆرابێ و ئەوە خۆی لە خۆی دا ئیرادێکی نیە، بەلام مێژوو لە سەر جێگەی خۆیەتی.

×موهتەدی دەلی هیچ دەورو نەخشێکم نەبوە، ئەمەش ئەگەرێنێتەوە بۆئەوەی کە تۆو مەنسوری حیکمەت ویستوتانە بنەماکانی کۆمەلە بگۆرن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ هەمووی ئەو قسانەی کە باسمکرد، بەلگەنامەی حاشا هەلنەگر هەیە. بەشی زۆری نەواری هەموو کۆنگرەکان و پلینۆمەکانمان لەسەر تۆری ئینترنێت بۆ ئاگاداری هەمووان دانراوە، هەموو کەس دەتوانێ دەسترەسی پێی هەبێ.

موهتەدی : عەلیزادە موعجیبی حیکمەتە

× موهتەدی دەلێ: مەنسوری حیکمەت ویستویەتی ئەو خالو مەوقیعیەتەی کە کۆمەلە سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەیەتی بیگۆرێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی (6) کۆنگرەیەکی پێشکەوتوو بوو، لە درێژەی خەباتی تا ئەوکاتی ئێمەدا هاتبووە ئاراوە، بریار و بریارنامەکانی کارساز و واقیع بینانە بوون. کەمتر لە سالێک دوای تێپەربوونی ئەو کۆنگرەیە کاک عەبدوللا لەبابەتێکدا کە لە گۆڤاری کۆمۆنیستدا چاپکراوە دیفاع لە بریارەکانی ئەو کۆنگرەیە

دەکاتً و رەخنە لە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەگرێ کە بە باشی هەوڵی جێبەجێکردنی پەسەندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیەی نەداوە.

×کاک عەبدوڵڵا دەڵی ئەوکاتە بەکاک برایمم وتوە تۆ ئەم شتانە هەڵەیە، وە زۆریش موعجیب بوە بە مەنسوری حیکمەت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من ئەوکات لەسەر پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی (6) لەگەڵمەنسووری حیکمەت هاورای بووم، کاک عەبدوڵلاش ئەوکات دژیان نەبوو و دواجاریش بە نوسراوە دیفاعی لێکردن و هەر وەکو گوتم لای وابوو کە ئێمە لەبەکردەوە دەرهێنانیاندا کەمتەرخەمی دەکەین.

×ئەو پێیوایە ئەو کاتە مەسەلەی کورد کراوە بە مەسەلەیەکی لاوەکی بەپێی ئەو بیروبۆچوونەی تۆ و مەنسوری حیکمەت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو هەلسەنگاندنە ڕاست نییە، چونکە بەڵگەنامەکان بە پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێن. لام وایە کاک عەبدوڵلا، بۆچوونی ئێستای خۆیەتی کە دەیباتەوە ئەو مەقتەعە مێژووییەوە، مێژوو لەسەر جێگای خۆیەتی، کاک عەبدوڵلا گۆراوە.

×ئێوە ناسنامەی حزبی قەومی یا حزبی کوردیو ناسیۆنالیستانداوە بە حزبی دیموکرات ئەوەش یەکێکی ترە لەو رەخنانەی کە هەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە گوتومانە حزبی دیموکرات حزبێکی ناسیۆنالیستە وە ئێستاش هەر ئەوە دەڵێین. کاک عەبدوڵلا خۆی پێش قەدەم بوە لە نووسینەکانیدا لە پێناسەکردنی حزبی دیموکرات بە حزبێکی ناسیۆنالیستی بۆرژوایی لە کوردستان.

× لەو کۆنگرەیا مەوزوعو بەحسێک هاتۆتە پێشەوە کە ئێوە حزبی بزووتنەوە نین ئێوە حزبی بزووتنەوەی کوردستانی نین ئێوە حزبێکی چەپن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شتیوا نەبووە. بۆ روونکردنەوە دەتوانی بریارنامەکانی ئەو کۆنگرەیە هاوپێچی ئەو وتووێژانە بکەیت تا

ڕاستییەکان ئەو جۆرەی کەهەن دەرکەون.

×ئەی ئەوە چی بوە ئێوە پێتانوتون کادری جونبشین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە هیچ بەڵگە نامەیەکدا ئەو دەستەواژەیە بە کار نەهاتووە. لەوانەیە لێرە و لەوێ کەسانێک کادرەکانی کۆمەڵەیان بە وەها وشەیەک پێناسە کردبێت، بەڵام ئەوەندە گرنگ نییە کە جێگای باس بێت. بۆچوونێکی نامەربووتە.

عەبدوڵڵای موهتەدی واز لەسکرتێری حزبی کۆمۆنیست دەهێنێت

× عەبدوڵڵای موهتەدی ئەو کاتە بۆ وازی هێنا لە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست و چووە دەرەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نەمانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە پۆستی سکرتێری حزبدا، پەیوەندی بەم کۆنگرەیە و باسەکانیەوە و پێوەندی بە چونی بۆ دەرەوەی وڵات نییە و هەڵدەگەرێتەوە بۆ پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە دوو ساڵ پێش ئەوە لە شوێنێک نزیک شاری پاریس بەرێوە چوو.

ئەو کات پلینۆم شێوەی دابەشکردنی کاری لە ناوخۆی کۆمیتەی ناوەندیدا گۆری و لەو پلینۆمەدا بوو کە بریار درا لە جیاتی پۆستی سکرتێری گشتی حزب، تەنیا دەبیرێکی کۆمیتەی ناوندی حزبمان هەبێ. مەنسووری حیکمەت ئەو کات لایوابوو کە ئەو پۆستە لە ژێر ئەو ناوەدا تەشریفاتییە، و بۆ حزبی ئێمە پێویست نییە. پیویستە ئیدئالیزەی نەکەینەوە وگۆرینی لە هەر کاتێک دا ئاسان بێ. ئەو رای وابوو کە ئەگەر بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەلە لە کوردستان لەو کاتدا ئەو شێوەیە لە دابەشکردنی کارمان بۆ بەرێوە ناچێ پیویست ناکات لەم بابەتەوە لاسایی کۆمەلە بکەینەوە. لەو کاتەوەش، پۆستی دەبیری کۆمیتەی ناوەندی حزب نێو بە نێو دەدرا بەم یا بەو ئەندامی کۆمیتەکە.

چوونە دەرەوەی کاک عەبدوڵڵاش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1984)، کە بە پێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی حزب ، هاتبووینە سەر ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست لە دەرەوەی وڵات مۆستەقەر بێ. سەرەتا شۆعەیب زەکەریایی و حەمید تەقواییمان نارد و بە دوای ئەوان عەبدوڵلا موهتەدی و مەنسووری حیکمەت چوون.

موهتەدی ڕۆڵی سەرەکی بوو لەدروستکردنی حزبی کۆمۆنیست

×کاک عەبدوڵڵا پێیوایە ئەوە مەنسوری حیکمەت بوە رۆڵی هەبوە لەوەی کە تۆ ببی بەسکرتێری کۆمەڵە، چونکە پێیوایە تۆ زۆر دۆستی مەنسوری حیکمەت بوی، بە پێچەوانەوە کاک عەبدوڵڵا لەگەڵ زۆربەی رەئیەکانی مەنسوری حیکمەت نەبووە، هەر ئەوەیە مەنسور ئیسرارپکردوە کە تۆ لەو کاتەدا سکرتێری کۆمەڵە بی و کاک عەبدوڵڵاش سکرتێری حزبی کۆمۆنیست بێ، مەبەستی لەوەیە ئێوە ویستوتانە(عەبدوڵڵای موهتەدی) دورخەنەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک عەبدوڵڵا دەوری سەرەکی بوو لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئاسۆی روونی بۆ ئەو حزبە دەدیت. بێگومانەم وەرگرتنی پۆستی سکرتێری حزبی پێخۆشبوو هەم ئەوکات بە لایەوە پۆستێکی گرنگتر بوو. لێدوانەکانی ئەو کاتی کاک عەبدوڵڵا لەگۆڤارەکاندا، لە سوخەنرانییەکانیدا، تەنانەت لە وتووێژێکدا لە چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەوروپاییەوە بڵاو بووەوە، هەر ئەو راستییە نیشاندەدا. ئەوکات بریاردرا کە رێبەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستان موستەقەر بێ و رێبەرایەتی حزب لـەدەرەوەی وڵات. هاوکات لەگەڵئەو بریارە کە بە کۆی دەنگ پەسەند کراوە، من لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمەڵەدا، وەکو سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە هەڵبژێردراوم.

×بەڵام دەقیقەن رەئی عەبدوڵلای موهتەدی ئەمەیە، دەڵێ مەنسورو برایمی عەلی زادە بون بەکوتلەیەک بۆ دژایەتی من تاوەکو ئامانجەکانی خۆیان تاقیبکەن لەناوکۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیست، وەڵامی ئەو ئەوەیە "عەمەلەن وابوو، پێانخۆش بوو دەستی من لە کوردستانو کۆمەڵە کورت بکەنەوە، بۆ ئەو کارەتانکرد دژی موهتەدی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمجۆرە لێدوانە لەگەڵ سوننەت و پرنسیپەکانی ئەوکاتی ناو جەرەیانی ئێمە گەلێک نامۆیە. غەدرێکە کە لە رابوردویەکی پاکی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیست دەکرێ. بریارێک بە دەنگی ئازادانەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدراوە. ئەوکات نەک هەر کێشە لەسەر ئەم پۆست و ئەو پۆست نەبوو، بەڵکو لە پەیوەندییەکی هاورێیانەدا هەرکەس پاڵ دەستییەکەی خۆی پێ تواناتر بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەوەتر. دەبوایە گەلێک هەولتدابایە تا کەسێک رازیبکەی پۆستێکی سەرەوە وەربگرێ. ئەوە بەشێکە لە نەفرەتێک کە کاک عەبدۆلا ئەمرۆ لە رابوردووی خۆی دەیکات.

ئەوەی کە کاک عەبدوڵلا باسیدەکات فەرهەنگی ئێمە نەبوو، کاک عەبدوڵلا هیچ کات نەیویستووە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست نەبێو ببێتە سکرتێری کۆمەڵە و بە داخەوە کاک عەبدوڵلا لەم ساڵانەی دواییدا، عادەتیکردووە کە بەم فەرهەنگە بدوێ، ئەوکات وا نەبوو.کێشەکان و تەمایۆلی کاک عەبدوڵلا بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سکرتێری کۆمەڵە هەڵدەگەرێتەوە بۆدەورەی دەستپێکردنی بەحسەکانی کۆمۆنیزمی کاریگەری. ئەوکات کە کاک عەبدوڵلا لەگەڵ ئەو رەوتە بوو، کۆمیتەی رەهبەری ئەوکاتی کۆمەڵە بۆ ئەوەی کێشەکان زۆر قول نەبنەوە و مەجال بۆ هیچ جیابوونەوەیەک پەیدا نەبێ، لە رێگەی منەوە پێشنیاری ئەوەی بەعەبدوڵلا موهتەدی کرد کە ببێ بە ئەندامی

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەو پێمگوت کە تەمایۆلی ئەوە هەیە کە لە یەکەم پلینۆمیشدا، وەکوو سکرتێری یەکەم دیاری بکرێ.

موهتەدی، نەیویستووە ببێتە سکرتێری کۆمەڵە

×ئێوە پێشنیارتان پێکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ من ئەو پێشنیارەم پێ کرد و هەڵبەت ئەو، قبولی نەکرد، چونکە پێموایە، ئەو لای وابوو گلۆلەی کۆمیتەی رەهبەری کۆمەڵە لە لێژییە و ئەم پێشنیارە بۆ ئەوەیە کە خۆی بگرێتەوە. ئەگەر کاک عەبدوڵلا لە بیری نەمابێ دەتوانم تەنانەت شوێنی پێشنیارەکە و باقی قسەکانیش کە کردمان، بیری بخەمەوە. ئەوە هەڵدەگەرێتەوە بۆ بەهاری ساڵی(1989).

موهتەدی، لەگەڵ مەنسوری حیکمەت کەوتبوو

× مەیلێک هەبوو بۆ ئینشعاب ئەو کاتە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، ئەو مەترسییە هەبوو. کۆمیتەی رەهبەری کۆمەڵە ئەوکات لای وابوو کە بە چوونی عەبدوڵلا موهتەدی لەگەڵ رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەش دابەش دەبێ و کۆمەڵەش دوو لەت دەبێ.

×ئێوە ئەترسان لەگەڵ مەنسوری حیکمەت بڕوا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە مەترسی واوەتر بوو، ئەو لەگەڵ رەوتەکەی ئەوان کەوتبوو، بەڵام ئینشعاب روینەدابوو، ئێمە هەولماندەدا کارێک بکەین کەئەگەر مەنسوری حیکمەت و هاوفیکرانی جیابوونەوە، کۆمەڵە نەبێ بە دوو، بوونی عەبدوڵلا موهتەدی لەگەڵئەوان، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بە

دەوروبەری ئەوەوە بوون، ئەو مەترسییەی زیاتر دەکرد.

×ئەی بۆ کاتێ کەلە پلینۆمی بیستەمی کۆمیتەی ناوەندی (1991) جەماعەتی مەنسوری حیکمەت رائەگەیەنن کە لەگەڵ کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیست نامێنن‌و حزبێکی تر دروست ئەکەن.(عەبدوڵڵا موهتەدی) ئەمێنێتەوە لەناو کۆمەڵەدا، تۆ و کاک عەبدوڵڵا چەند لە هاورێیان ئەمێننەوەو باقییەکەی لەگەڵ مەنسوری حیکمەت ئەڕۆن کاک عەبدوڵڵا بۆ نەرۆیشت ئەو کاتە ئەگەر وابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کاتە، لە ناو رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا لە نێوان عەبدوڵڵا مۆهتەدی و مەنسووری حیکمەت کێشەیەکی تازە دەستی پێکردبوو، ئەوان ئیتر عەبدوڵڵا مۆهتەدییان وەکوو کەسێکی لە خۆیان نزیک چاو لێنەدەکرد.

×لەسەر چی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوو هەڵسەنگاندنی جیاوازیان لەسەر راپەرینی کوردستانی عیراق و رووداوەکانی دوای شەری کوەێت هەبوو. بە کردەوە لە ناو خۆیاندا دەورێکی گرینگیان بۆ کاک عەبدۆللا دانەدەنا.

موهتەدی و عەلیزادە
دژی مەنسوری حیکمەت یەکدەگرن

× تۆ بۆ نەرۆیشتی لەگەڵ مەنسوری حیکمەت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای کۆتایی شەری ئێران و عیراق لەسەر ئەو کارانەی کە دەبێ وەکوو کۆمەڵە بەرانبەر بەو هەلومەرجە نوێیە بیکەین لەگەڵمەنسوری حیکمەت ئیختلافمان هەبوو، دوو بریارنامەی جیاوازمان لەسەر ئەو مەسەلەیە دابوو، یەکیان لە مەکتەبی سیاسی حزبدا و یەکیان لە کۆمیتەی رەهبەری کۆمەڵەدا. دواجاریش کەراپەرینی کوردستانی عیراق روویدا و بە

شوێنیدا کۆرەو هات هەر هەڵسەنگاندن و تاکتیکی جیاوازمان هەبوو. لەم دەورەیەدا عەبدوڵڵا موهتەدی و لایەنی ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا لێک نزیکبووینەوە و کەوتینە بەرانبەری مەنسووری حیکمەت و هاوبیرانی.

×تۆ لەگەڵ ئەو بۆچونانەی کاک عەبدوڵڵا بوی سەبارەت بەوەی کە مەنسوری حیکمەت راپەرین بەهەڵچونێکی کاتی ناو ئەبا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من و کاک عەبدۆڵڵا لەسەر ئەم مەسەلەیە رەئیمان وەکو یەک وابوو.

×باشە من ئەمەوێ ئەوەت لێبپرسم، ئێوە هەر خۆتان مەنسوری حیکمەتتان هێنا کردتانە کەسایەتییەکی بەهێزو خاوەنی تێزو تەرحی تازە سەبارەت بە کۆمۆنیزم، مارکسیزم و تاوایکرد هەیمەنەی کردبەسەر کۆمەڵەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو خوێندنەوە بۆ مێژووی کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستی ئێران دروست نییە. نزیکبوونەوەی ئەو بەشە لە حەرەکەتی کۆمۆنیستی ئێران کە مەنسور حیکمەت تێیدا بوو، پێویستیەک بوو کە ئێمە لە کاتی خۆیدا وەلامەمان پێدابووە. مەنسوری حیکمەت خۆی بەئیعتباری خۆی کەسایەتێکی دیاری ناو بزووتنەوەی چەپی ئێرانی بوو. لە ناو ئێمەشدا بە هۆی بیروبۆچوونەکانییەوە و بە هۆی پێداگری لەسەر خەت و رێبازێک کە هەی بوو، نفوزی پەیدا کردبوو، کاتیکیش ئەو رێبازەی وەکو هەر ئینسانێکی سیاسی دیکە گۆرانی بەسەردا هات، رێگای خۆی جیا کردەوە کە ئەوەش لە جێگەی خۆیدا گەلێک ئاساییە.

×هەر ئەوکاتە کە تۆ دەبیتە سکرتێری کۆمەڵە، بۆچونی هەندێ برادەران هەبوو دژی تۆ نارەزاییەک هەبووە سەبارەت بەئیدارەدانی کۆمەڵەو سەبارەت بەوەی کەتۆ دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە بی، ئەو نارەزاییانە چیبون لەسەر تۆ؟ بەرامبەر بە تۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە چ دەورەیەکدا؟

×لەدەورانی کۆنگرەی شەشەمدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە کۆنگرەی (6)دا من هەموو دەنگەکانم بە دەستهێنا، ئەوە (6) مانگ دوایٍ کۆنگرەی (6) بوو کە لەناو ژمارەیەک لەکادێرەکانی کۆمەڵەدا کە لایەنگری رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون، ئەو جۆرە مۆخالفەت و نارەزایەتییانەی کە باسیدەکەن، دەستیپێکردبوو.

موهتەدی، پەلەی بوو لەدروستکردنی حزبی کۆمۆنیست

× کاک عەبدوڵڵای موهتەدی یەکێک بووە لەبنیات نەرانی حزبی کۆمۆنیستو راکێشەرانی مەنسوری حیکمەتو گروپی سەهەند بۆ ناو کۆمەڵە. بەڵام ئەو لەوبارەیەوە پێیوایە کە دروستکردنی حزبی کۆمۆنیست لەوکاتەیا زوو بووە، پێویست بوو دروست بوونی حزبی کۆمۆنیست لەناو کۆنگرەی کۆمەڵەدا بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵام پێیوایە ئەمە رەئی سەید برایم و کۆمەڵێک لەبرادەران بوە کە رایانکێشاوە بەلای خۆیانا تا، تا زووە کاربکەن بۆ دروستکردنی حزبی کۆمۆنیست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک عەبدوڵڵا ئەوکات رەئی وابوو کە پێویستە لە پێکهێنانی حزبدا پەلەبکرێ، خۆی ئەندامی کۆمیتەی تەداروکی کۆنگرەی دامەزرێنەر بوو. تەنانەت ئەوکات لە نامیلکەیەکی ناوخۆییدا بابەتێکی نووسی کە بە ناوی "شێرکۆ" ئیمزایکردووە و تێیدا باس لەوە دەکات کە پێویست ناکات زۆر خۆمان سەرقاڵی "بەرنامەی حزب " بکەین، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو رێککەوتن لەسەر پەیرەوی ناوخۆ کافیە و ئالقەی سەرەکی بۆ پێکهێنانی حزبی بە گەیشتن بە "پەیرەوی ناوخۆ" واتە ئەساسنامە دەزانێ. بەرانبەر بەو بۆچوونەی ئەو، مەنسووری حیکمەت لای وابوو کە نەک هەر رێککەوتن لەسەر بەرنامە زەرورییەکان بەڵکو

دەبێ شێوەی کاریشمان وەکو یەک وابێ. ئەو بۆچوونانەی خۆی لە وتارەکانی لە ژێر ناوی "سبک کار"دا فورموڵە کردووە.

کاک عەبدوڵڵا لەسەر چەند خاڵێکی بەرنامەیی نارۆشنی هەبوو، بەڵام زۆر زوو لەسەر ئەمانەش ساغبۆوە. ئەو گەلێک زیاتر لە من و لە هەر هاورێ یەکی دیکەمان لەساغکردنەوەی ریزەکانی کۆمەڵە بۆ پەیوەستبوون بە حزبی کۆمۆنیست دەوری بینی. من هیچ رەخنەیەکم بۆ ئەو هەولانەی ئەو کاتی لەسەری نییە، بەڵام پێویستە مێژووی واقعی چۆن بووە، باسبکرێ. چونکە بۆ هەمووی ئەمانە بە دەنگ و بە نوسراوە بەڵگە هەیە.

×کاک عەبدوڵڵا پێیوابوو ئەو بۆچونەی کەلە کۆنگرەی هەشتدا دەری ئەبرێ سەبارەت بەئێوە، هەر ئەو بۆچونانەبووە کەلە کۆنگرەی شەش هەیبوە بەڵام قسەی نەکردووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: خۆ من غەیبم نییە، کاتی خۆی باسی نەکردبێ من چۆن زانیبێتم؟.

×مەبەستت ئەوەیە بیخاتە بواری واقیعیەوە یان موناقەشەی بکا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەندەی لە بیرم بێ لە کۆنگرەی (8)ی کۆمەڵەشدا، باسێکی هەمە لایەنە و جیدی لەم بابەتەوە نەکردووە. رەخنەی لە یەک فۆرمولبەندی کە لە ناو راپۆرتێکدا هاتووە گرتووە، کە هەر ئەوکات لە کۆنگرەدا روونکردنەوەماندا و وەکو خراپ لە یەک گەیشتن چاوی لێکرا، و هیچ مۆناقشەیەکی هەڵنەگیرساند. هیچ بریارنامەیەک لەم بابەتەوە پەسەندنەکرا. باسەکەش لەسەر پاراگرافێکی ناو راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بوو کە من پێتانی ئەدەم. (8) ساڵ دواتر کە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی رەوتەکەی خۆی لە کۆمەڵە جیاکردەوە و دەگەرا بە شوێن پاساوێکی سیاسی بۆ جیابوونەوەکەی، ئەو پاراگرافەشی بیرکەوتەوە و لەسەری نووسی کە منیش لە نامیلکەیەکدا وەڵامم داوەتەوە.

کۆمەڵە پشتیوانی حزبی دیموکرات- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکات

×هەر لەو کۆنگرەی شەش قسە لەسەر جیابوونەوەی باڵی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) کراوە، ئێوە چ ڕەبتتان هەبوو بەو مەسەلەوە یا ئێوە پێیتانخۆشبوو باڵێک لەگەڵ حزبی دیموکرات جیابێتەوە ببێ بە دۆستی ئێوە کە ئەوکاتە ئێوە لەگەڵ دیموکراتدا لە کێشەو ململانێ و تەنانەت لەشەڕی ناوخۆشدا بوون ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەم کۆنگرەیەدا، لەسەر جیابوونەوەی دووباڵی حزبی دیموکرات و لەسەر شەڕی حزبی دیموکرات و کۆمەلەش، بریارنامەیەک پەسەند کرا، کە بلاوکراوەتەوە. ئەو بریارنامەیە مەنسووری حیکمەت و من بە هاوبەشی نووسیمان. سەرەتاکەی من نوسیومە و خاڵە تاکتیکییەکانی مەنسووری حیکمەت نوسیوەتی. لەو بریارنامەدا، ئێمە لێکدانەوەی سیاسی خۆمان لەسەر کێشەکانی ناوخۆی حزبی دیموکرات بەیانکردووە. دیارە بە عەمەلی ئێمە ئەو جیابوونەوەمان پێ ناخۆش نەبوو، چونکە ئێمە و ئەوان بە داخەوە لە حالی شەڕدا بووین. لامان وابوو کە لاواز بوونی حزبی دیموکرات یارمەتیدەدات بە کۆتایی هاتنی زووتری شەڕەکە.

×جیابونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە حزبی دیموکرات دەستی ئێوەی تیابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا، جیابونەوەی دەستی ئێمەی تیانەبوو، بەڵام کاتێک ئەوان هاتنە بەردەم جیابونەوە ئێمە یارمەتیماندان.

×یارمەتی چییاندان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یارمەتی بە هەموو جۆرێک. بەپارە بە چەک , بەهەرچی پێویستیان بووبێ.

× کارێکی باشتانکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من ئەو کارە پێویست بوو، چونکە هەروەک وتم بوو بە هۆی ئەوەی کە شەڕەکەمان زووتر کۆتایی پێبێت.

×پێیتانوانییە لە جیابونەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان، حزبی دیموکرات ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر ئێوە هەبوو یا بەپێچەوانەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو دوو هەلومەرجە جیاواز بوون، پێموا نییە لە هەلومەرجی ئێستادا ئێمە بۆمان هەبێ دەورێکی وەها ببینین، بۆ جیابوونەوەی عەبدوڵڵا موهتەدی و هاوبیرانی لە کۆمەلەش لاموا نییە حزبی دیموکرات دەورێکی گرنگی گێرا بێ. پێموا نییە لەسەرەوە هەولیان بۆ ئەو کارە دابێ.

× شەڕێکی رانەگەیەنراوەتان، هەیە ئێوە و حزبی دیموکرات بەردەوام ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە شەڕێکمان لە گەڵیان نییە، ئێمە مۆخالیفی سیاسی یەکترین. بە زمانێکی نەرم جار و بار رەخنەیان لێدەگرین.

× پێتانخۆشبوو دوژمنی دوژمنەکەتان دۆستتان بێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە کێشەمان لەگەڵ هیچ لایەنێک لەسەر ئەساسی وەها بۆچوونێک دانەمەزراندووە. ئەو دەستەواژەیە ناتوانێ بەیانی سیاسەتی ئێمە بکات.

مەنسوری حیکمەت هەوڵی راگرتنی شەڕی دیموکرات – کۆمەلە دەدات

×کاک عەبدوڵڵا ئەڵێ هەر ئەو کاتە من رەئیم وابوو، کە پێویستە ئێمە وەکو کۆمەلە ئاگر بەست راگەیەنین لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام هەرئەوکاتە سەید برایم و

مەنسوری حیکمەت پێیانوابوو ئەوە هەڵکردنی ئاڵای سپیو خۆ تەسلیمکردنە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕێک بە پێچەوانەیە. بڕیارنامەی ئاگربەستی یەک لایەنە لەسەر پێداگرتنی مەنسووری حیکمەت و بە دەس خەتی ئەو نوسراوە. پێشتریش بڕیارنامەی پێشنیاری عەبدوڵڵای موهتەدی لەسەر هەڵسەنگاندنی شەڕی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات لە مەکتەبی سیاسی حزبدا پەسەندنەکرا. بۆچوونی کاک عەبدوڵڵا لەسەر ئەم شەڕە هیچ کات نەبوو بە سیاسەتی ڕەسمی ئێمە. سیاسەتی ڕەسمی و عەمەلی ئێمە گەلێک مۆنعەتێف تر بوو لەوەی کە کاک عەبدوڵڵا گوتویەتی و نووسیویەتی. هەرچەند دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم بەرپرسایەتی شـەڕی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات، نوسراوەکانی کاک عەبدوڵڵاشی لەگەڵ بێت، هەر لەسەر شانی حزبی دیموکرات بوو.

×کاک عەبدوڵڵا پێیوایە ئەم بۆچوونەی کە من بە تۆم وت، یەکەمجارە باس ئەکرێو کۆمەڵێ لەهاوڕێیانی خۆتان ئەزانن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستا مەسلەحەتی سیاسی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی وا هەڵدەگرێ کە ئەو قسەیە بکات. ئەو پەیوەندی بە مێژووەوە نییە. ئەوە هەڵگەراندنەوەی مێژووە لە پێناوی بەرژەوەندی ئەمڕۆدا.

قاسملۆ ناهێڵێ شەڕی دیموکرات- کۆمەڵە بوەستێت

×چەند لەبرادەران پێیانوابوو کە ڕۆڵی شەهید (د. قاسملۆ) وە ڕۆڵێکی نێگەتیڤ بوو لەشەڕی ناوخۆ، پێی وابوو پێویستە شەڕی سەرتاسەری بکرێ لەگەڵ کۆمەڵەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەداخەوە دکتۆر قاسملۆ یەکێک لەو

کەسانە بوو کە نەیدەهێشت رێککەوتن نامەی ئاشتی لە نێوانماندا ئیمزا بکرێت. کاتێک کە بە نێوبژیوانی (6) حزبو جەرەیانی سیاسی کورد و ئێرانی نزیکبووینەوە لە رێککەوتن نامەیەک لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی دیموکرات، دکتۆر قاسملۆ کە ئەوکات لە دەرەوەی وڵات بوو بە پەلە پەیامێک دەنێرێ بۆ مەکتەبی سیاسی خۆیان و داوا دەکات کە دەسترابگرن تا خۆی دەگەرێتەوە. کە خۆی گەراوە گەڵاڵەی رێککەوتن نامەکەی هەڵوەشاندەوە و شەر درێژەی پەیدا کرد. حزبی دیموکرات دیسانیش لەسەر پێشنیارەکانی دژی دیموکراتیکی خۆی پۆ ئاشتی کە هەر لەسەرەتاوە بە وەسیلەی دکتۆر قاسملو فۆرمولە کرابوو پێی داگرت.

×ئەمەوێ پێت بڵێم ئەو هەموو خەڵکەتان بە کوشتدا، بۆ؟ کۆمەڵێ خەلکو پێشمەرگەی ئازاو کۆمەڵێ خەڵکی شۆرشگێر لەوشەرەدا بەکوشتدران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مێژوو و بەڵگەنامەکان ئەو راستییەمان پێدەڵێن، کە کۆمەڵە هۆکاری هەڵگیرساندنی شەر لەگەڵ حزبی دیموکرات نەبوو. پاوانخوازی حزبی دیمۆکرات و ئەوەی کە خۆی بە سەرکردەی بێ بێنەوبەرەی هەر خەباتێک لە کوردستان دەزانی و ئەو بۆچوونە بۆ ساڵەها چوو بووە ناخی سەرکردایەتییەکەیانەوە، لە بنەرەتدا هۆکاری هەڵگیرساندنی شەر بوو. ئەوان تەحەمولی بیستنی رەخنەی سیاسیشیان نەبوو. ئەوان بە راشکاوی بە ئێمەیان دەگوت: "پێشمەرگەکانی ئێمە بێ سەوادن و بەم جۆرە رەخنانەی ئێوە دەر هەڵدەبن و کاردانەوەیان دەبێ" ئەوە وتەی یەکێک لە رێبەرانیانە کە خۆم لێم بیستووە. کە وایە ئێمە شەرمان بە حزبی دیموکرات نەفرۆشتووە و کەسمان بە کوشت نەداوە، شەر بەری دەرگای پێگرتووین و پارێزگاریمان لە خۆمان و لە خەباتەکەمانکردووە.

×لەو ماوەیەدا بەرەبەرە پەیوەندییەکانی نێوان ئێوەو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەچێتە پێش، چەندین بەیاننامەی هاوبەشتان لەوکاتە دەرکردوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هاوکاریکردن لەگەڵ حزبی دیموکرات هەر لەسەرەتای ڕووخانی ڕژێمی شاوە هەمیشە لە دەستووری کاری ئێمەدا بووە و لامانوابووە کە ئێمە و ئەوان دەتوانین بەرانبەر بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی وەکوو یەک یان لە یەک نزیکمان هەبێ و ڕێگا نەدەین کەلێنێک پێک بێت کە ئەو ڕژێمە بتوانێ کەڵکی لێوەربگرێ. پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە ساڵەکانی (1980 و 1981)یەکێک لەو بوارانە بوو. کاتێک ئەو جیابوونەوە لە حزبی دیموکراتدا ڕوویدا ئێمە لەگەڵ باڵی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر چوینە سەر ئەو پرنسیپانەی کە پێش شەر بوومان بۆ هاوکاریکردن.

× ئەو چوونە پێشە لەسەر ئاستی پەیوەندییەکی سیاسی ئەخلاقی بوو یان تاکتیکانەبوو کە ئێوە دژی دیموکرات ئەتانکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هاوکارپکردنێکی ڕاستگۆیانە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و پرنسیپە جێکەوتووەکانی خۆمان بوو. کاتێکیش لەگەڵ هەردوو باڵەکەی حزبی دیموکرات پەیوەندییەکانمان ئاسایی کرانەوە، ئەو هاوکارییە سیاسەتی ڕەسمی ئێمە لەگەڵ هەردووک لایەنیان بوو.

هەوڵماندا شەڕی یەکێتی و پارتی و (pkk) رابگرین

×ساڵی (1994) کە شەڕی نێوان یەکێتیو پارتی دەست پێدەکات،(کۆمەڵە و حزبی دیموکرات- رێبەرایەتی شۆڕشگێر) وەفدێکتان نارد بۆ لای مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتی، بۆچی لەگەڵ حزبی دیموکرات نەچوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە خوازیاری کۆتایی هاتنی دەست بەجێی شەڕی ناوخۆیی بووین و لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەرییەکمان لەو جیهەتەدا هەبێ، کەڵکمان وەردەگرت. ئەوکات ئەو وەفدەمان بەوجۆر بوو، بە مانای ئەوە نییە کە ئامادە نەبووین لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حزبی دیموکراتیش بە هاوبەشی کارێکی وا بکەین. بۆ نمونە کاتێک شەڕی یەکێتی و پارتی لەگەڵ (pkk) بوو، ئێمە لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حزبی دیموکرات، هەولماندا کارێکی هاوبەش بکەین.

×مەترسی ئەو شەڕە چیبوو بۆ ئێوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەوانەیە مەترسیەکی راستەوخۆی بۆ سەر ئێمە نەبووبێ، هەرچەند ئاور کە هەڵگیرسا پریشکی بۆ ئێرە و ئەوێش دەچێ. بەڵام ئێمە خۆمان بەرانبەر بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی عیراقیش بە بەرپرس دەزانی و ئەو شەڕە بە پێچەوانەی ویست و بەرژەوەندی ئەو خەڵکە بوو.

ئیدارەی هەولێر و سلێمانی هیچیان نەکرد

× لە (1996/4/15) (کۆمەڵەو حزبی دیموکرات- رێبەرایەتی شۆڕشگێر) بەیاننامەیەکی هاوبەشتان دەرکردوە راتانگەیاندوە تاساڵی (1996) ،(110) پێشمەرگەی ئێرانی لە کوردستان عیراق بەدەست تاقمی ئیتلاعات لەناو ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا

تیرۆرکراون، ئێوە داواتـان لە نووسەران و شاعیران کردوە کە لەوبارەیەوە هاوکاری ئێوە بکەن. ئەو لیستە کۆمەڵێ پێشمەرگەی (ئێوە، ریبەرایەتی شۆرشگێر، دیموکرات و خەبات) بوون، ئەو لیستە لە چییەوە سەرچاوەی گرت؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ئەو بەیاننامەی ئێوەو رێبەرایەتی شۆڕشگێر لەوبارەیەوە هەڵوێست چیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وەکوو دەربرینی هەڵوێستی رەسمی حکومەتی هەرێم، ئیدارەی سلێمانی یان هەولێر کارێکیان نەکرد. بەڵام یەکێتی نیشتمانی لەشاری سلێمانی و دەوروبەری هەندێک ئیجرائیاتی کاریگەری لە دژیانکرد.

×مەبەستت ئیعدامی کۆمەڵێک لەوانەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەهەر شێوەیەک بووبێ سنوورێکی بۆ دانان و ژمارەیەکیان لە ناوچوون.

×لەژێر فشاری ئێوەدا ئەو خەڵکانەی ئیعدام کرد، لەژێرفشاری کۆمەڵەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نامەوێ ناوی بنێم زەخت هێنان، ئێمە داوامانکرد کە رێگە لە جموجۆلیان لە دژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە کوردستانی عیراق بگرن.

خەڵکی سلێمانی کۆمەڵەیان زۆر خۆشدەوێ

×با، چەندین جار پێشمەرگەی دیموکرات و سەرکردایەتی دیموکرات تیرۆرکران بەڵام کەسی ئیعدام نەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە داوای جیدی ئێمە بوو. خەڵکی شاری سلێمانیەش عەتفێکی زۆریان بەرانبەر بە کۆمەڵە هەبوو. ئەو رووداوانە ویژدانی خەڵکی ئازار دەدا.

ئێران (106) پێشمەرگەی کۆمەڵەو دیموکرات تیرۆر دەکات

×لەو لیستە(106) کەسییە (23) کەسیان سەر بەرێبەرایەتی شۆرشگێر بوون (11) کەسیان سەر بە کۆمەڵەبوون (46) کەسیان سەر بە دیموکرات بوون(1)کەسیان سەربەخەبات بووە(25) کەسیشیان بێ لایەن بوون، مەبەستم لەوەیە، لە نێو ئەو گروپەدا بۆچی کۆمەڵە لەچاو هەردوو دیموکراتەکەدا کەمتر خەڵکی لێ تیرۆرکراو شەهیدکرا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە دەرەجەی یەکەم هەڵدەگەرێتەوە بۆ ئامادەیی و وشیاری خۆمان و رێکوپێکێک کە لە کارەکانماندا پێکمان هێنابوو. رەنگە ئەوەش بێ کە ئێمە دوژمنی خۆمان باشتر ناسیبوو.

×چەندجار پێموایە موشەکبارانی مقەرەکانی ئێوەش کراوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، موشەکی دورهاوێژیان لە مەریوان دامەزراندبوو وەلەوێوە زرگوێزی گەورەیان پێ دەکوتا.

×ئەوە چیبوو، جارێک قسەیەکی وا هەبوو کە کۆماندۆی ئێرانی ویستویانە لەزرگوێز دابەزن، شتی وا هەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەم شێوەیە هەرگیز نەبووە. بەڵام چەندجارێک ماشێنی سپاسی پاسداران دەهات تا نزیک عەربەت و لەوێوە شەوانە بە خۆمپارە لەمەقەرەکانی ئێمە لە زرگوێزیان دەدا.

ئێران ئەنسارو لئیسلام بەهێزدەکات

×لەسەروبەندی دەستبەکاربوونی(ئەحمەدی نەژاد) ترسی ئەوە هەیە کە مەسەلەی تیرۆر زیادبکات جارێکی تر بەرامبەر بەرێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رژێمی کۆماری ئیسلامی بە ئەحمەدی نەژاد و بێ ئەحمەدی نەژادیش هەولدەدات بە هەر شێوەیەک کە بۆی بکرێ، زەربە لەئۆپۆزسیۆنی خۆی بدات، تیرۆر و کوشتن یەکێک لەو شێوانەیە. بەڵام ئەمرۆکە رژێمی ئێران وەکو رابردوو لە کوردستانی عیراق دەستی ئاوالە نییە. ئەگەریش بیانەوێ، کارێکی وا ئاسان نابێ بۆیان. ئێستا بە زۆری سنوورەکان تۆپباران دەکەن و ئەنساری ئیسلام تەقویەت دەکەن. شێوازی کارەکانیان لە کوردستانی عیراق گۆراوە. لە ژێر ناوی کۆمپانیای بازرگانی و بەلێنداری حوزوری خۆیان چڕتر کردۆتەوە.

ئێران هەمیشە دەیەوێ من تیرۆر بکات

×تۆ ناترسی ئەو تیرۆرانەی کە بەرامبەر کۆمەڵە دەکرێ، تۆ یەکێک بی لە مەبەستەکان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان هەمیشە ئەو ئیمکانە هەیە و ئەوان ئەگەر فورسەتی ئاوایان بۆ هەڵکەوێ لە دەستینادەن. بەڵام خۆشبەختانە هاورێیانی ئێمە وریان و بە فیداکارییەوە پارێزگاری لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکەن.

× ئەوەندەی لە تیرۆر ئەترسی، ئەوەندە لە روبەروبوونەوەی چەکدارانە ئەترسی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئاساییە کە هەر کام لەوانە، جۆرێک لە مەترسی لە ئینساندا پێک دێنن. بەڵام لاموا نییە تووشی حالەتی ترس بووبم.

لەدوکانی سەر بەسلێمانی
هەوڵی تیرۆرکردنی عەلیزادە پوچەڵدەکرێتەوە

×جارێک لەرێگای دوکان روبەروی ئەوە بویتەوەو یەکێ لەو تیرۆریستانەشتان کوشت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، بەرپرسێکی ئیتلاعاتی رژێمی ئێران لە نزیک کاروانەکەی ئێمە تێپەر دەبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو خەریکی زانیاری کۆکردنەوە بۆ کەمین دانان و کردەوەیەکی تێرۆریستی بێ لەسەر رێگای مەسیرەکەمان. هاورێیانی ئێمە سەیارەکەیان پێراگرت و کاتێک کە ئەو ئامادە نەبوو چەکەکەی تەحوپل بدات و پێی لەسەر گاز دانا کە دەربچێ، پێشمەرگەکانی کۆمەلە تەقەیان لێکرد و کوژرا.

× دوایی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی تووشی کێشە هاتن و چەند پێشمەرگەی ئێوە دەستگیرکران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەلێ وابوو، (6) کەسی ئێمە کەوتنە زیندانەوە. ماجەراکەوا بوو کابرا کاتێ هاتە ناو سەفی سیارەکانی ئێمەو داوای ناسنامەمان لێکرد، بەڵام ئەو دەستی بۆ دەمانچەکەی بردو ویستی بڕواو تەقەمان لێکردو کوژرا.

×دواتر ، دوای ئەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رژێمی ئێران زەختێکی زۆری خستبووە سەر یەکێتی نیشتمانییەوە. یەکێتی ئامادەنەبوو تحویلی ئێرانیان بداتەوە دوای ئەوەی کە زیاتر (40) کەس لە محامییەکانی شاری سلێمانی ئامادە بوون بە شێوەی خۆبەخش بەرگری لەو هاورێ یانە بکەن، حکومەتی هەرێم خۆی بڕیاریدا کە ئەو دادگایە نەکرێ. خەلکی سلێمانیش کە پێشتر زۆر بە تێرۆرەکانی رژێمی ئێران لە ناو شارەکەیانەوە سەخلەت بوون، بەم بڕیارە خۆشحالبوون.

ئەدهەم بارزانی (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)و بزووتنەوەی ئیسلامی پێشمەرگەی دیموکرات تەسلیم بەئێران دەکەنەوە

×(1994) حزبوڵڵای شۆرشگێری کورد کە (ئەدهەم بارزانی) سەرۆکایەتی ئەکردو(ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)ە دووپەنابەری کوردی ئێرانی تەسلیمکردەوە ، ئێوە لەو بارەیەوە رەئیتان چی بوو ئەوکاتە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەم ئەو کارەی حزبوڵڵای کورد و هەم کارەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی کە چەند پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی تەسلیمی رژێمی ئێران کردەوە، لە لایەن ئێمەوە بە کارێکی نامرۆڤانە راگەیەندرا و مەحکوم کرا.

ئاگری سوورو پارتی راپەرین (ئاسک) و (پرک) ئیتلاعات بوون

×دوو رێکخراوی تر بەناوی(ئاگری سوری کوردستان)و(پارتی راپەرینی کوردستان) هەبوون ئەوانە زۆر دژایەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیان دەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمانە هەمووی دەستکردی ئیتلاعاتی رژێمی ئێران بوون.

×ئەتانزانی ئێوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵی، بە باشی ئەمانزانی و دەزگاکانی پێوەندیدارمان لێرەش لێ ئاگادارکردبوو.

×ئەی بۆ چالاکی و هەڵسوورانیان بەردەوام بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە هەڵدەگەرێتەوە بۆ هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان، کە هێشتا سنوورێکی جیدی بۆ چالاکییەکانی ئیتلاعاتی ئێران دانەنرا بوو.

×تا ئێستا چەندین جار پێشمەرگە هاتوە بۆ پێشمەرگایەتی بۆ ناو کۆمەڵە، بەڵام دەرکەوتووە ئەوانە سەر بەئیتلاعات بوون، ئێوە لەوبارەیەوە چ ئیجرائاتێکتان کردوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ماوەیەک کە لاموانییە زیاتر لە ساڵێک درێژەی کێشابێ لە زیندان رامانگرتوون و دواجار بەڵێنیمان لێوەرگرتوون کە دەست لەو کارانە هەڵبگرن و رەوانەی ئێرانمان کردوون. نمونەی واش هەبووە کە بە زەمانەت تەحویلی بنەماڵەکانیانمان داونەتەوە.

کۆمەڵە کەسێک ئیعدام دەکات

×خەڵکتان ئیعدامکردوە لەو کەسانەی کە هاتون بۆ پێشمەرگایەتی، یان دەرکەوتووە کە ئەوانە بۆکاری تیرۆرو ئیتلاعات هاتون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ماوەی (15) ساڵی رابردوودا یەک نمونە بووە کە کەسێکی زۆر جینایەتکار بوو و تاوانی کوشتنی چەندین کەسی لەسەر بوو، بریاری ئێعدامی درا.

×ئەوە دژی مافی مرۆڤ نییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستا بووایە ئەو کارەمان نەدەکرد، ئێمە بە گشتی دژی حوکمی ئێعدامین.

×پاش ئەوەی (عوسمانی فەرمان) و (عوسمانی کیانی) لەسەرجادەی رزگاری لەشاری سلێمانی ئەکوژرێن، ئێوە فشارئەخەنە سەر یەکێتی نیشتمانی کەپێویستە قاتڵەکانیان چۆن دەستنیشانکرد پێویستە ئیعدام بکرێن، لە ژێرفشاری ئێوەدا یەکێتی نیشتمانی چەندکەس ئیعدام ئەکا. یەکەم جاریشە کە حکومەتی هەرێم لەو کاتەیا خەڵکێک بەو لەوبارەیە ئیعدام ئەکان چۆن چۆنی بوو ئەو فشارانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە داوای ئێعدامی کەسمان نەکردووە. ئێمە وتوومانە تاوانبارانی ئەو جینایەتە بە سزای عادلانەی خۆیان بگەیەنن. داوامانکردووە پلانەکانی لەمەوبەدواشیان پوچەل بکەنەوە.

کۆمەڵە دوو کەسی تر ئیعدام دەکات

×ساڵی(1993) ئێوە کورێک بەناوی(تاهیر بەیگی) کە ویستویەتی بەرپرسێکی ئێوە بکوژێ دەستگیرئەکەن، و دواتر ئیعدامتان کرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کەسەم بیر نایەتەوە، بەڵام ئێمە هەروەک وتم یەکجار ئەو بڕیارەمانداوە.

×نمونەیەکی ترت بۆ بێنمەوە لە جولای (1994) (سەلامی وەیسی) هاتوە لەناو مقەرەکانی ئێوە بۆمبێک بتەقێنێتەوە، پاش ئەوەی دەستگیری ئەکەن، ئیعدامی ئەکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەشم بیر نایە. ئەوەی کە بە رەسمی بڕیاری ئێعدامکردنی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەرچوو بێ هەر ئەو یەک نموویە بووە لە(15) ساڵی رابردوودا.

× تائێستا چەند کەستان ئیعدامکردوە بەو بۆنانەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەقیقەن نازانم خالی هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام لە دوای ساڵەکانی (90)ەوە هاتووەتە ناو بەرنامەی ئێمەوە. لە ساڵانی پێش ئەوە و دوای هاتنە سەر کاری رژێمی کۆماری ئیسلامی چەند نموونەیەکی وا هەبووە کە کۆمەڵە بە پێی حوکمی دادگا بڕیاری ئێعدامی بەرێوەبردووە. بەڵام دەزانم کە ژمارەیان زۆر نەبووە و دواجاریش دەرکردنی حوکمی ئێعدام بە تەواوی رەتکراوەتەوە

×ئێوە دەزگایەکی تایبەتتان هەیە بۆکاری ئەمنییەت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ هەمانە .

×بەناوی چییەوە؟
ئیبراهیم عەلیزادە: واحیدی تەحقیق.
×هەردەقیقەن ناوەکەێ وایە؟
ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵی.
×کاری کۆکردنەوەی مەعلوماتو کاری ئیتلاعاتیە؟
ئیپراهیم عەلیزادە: کاری کۆکردنەوەی مەعلوماتە و پوچەلکردنەوەی ئەو جۆرە پلانانە.

دەزگای ئێمە وەکو پاراستن و زانیاری نییە

×هاوشێوەی دەزگای پاراستن و زانیاری پارتییە و یەکێتی؟
ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە تەنیا یەک کۆمیتەیە، نە لە خوارەوەی خۆی و نە لە دەوروبەری خۆی تەشکیلاتی نییە. دامەزراوەییێکی ساکارە کە لەرێگای دەزگاکانی دیکەی کۆمەڵەوە ئیش و کارەکانی جێبەجێ دەکات.
×بۆ بۆی دروستناکەن؟ پێیتانوانییە زەرور بێ؟
ئیبراهیم عەلیزادە: بەپێویستی نازانین، بناغەی کاری ئێمە لەسەر متمانە بە رێکخراوەکانی خۆمان دامەزراوە. ئەگەر دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵە کاری خۆیان بە رێکوپێکی بکەن پێداویستییەکانی ئەو کۆمیتەیەش لەبواری زانیارییەوە کەمو کەسرییەکی نابێ و تەنیا کاری ئەوە دەبێ کە هەڵیان بسەنگێنێ و جەمع و جۆریان بکات و نەتیجەی لێوەربگرێ.

غوڵام کشاوەرز و سدیق کەمانگەر تیرۆر دەکرێن

×یەکێکیتر لەو قوربانیانەی دەستی تیرۆر (سدیقی کەمانگرە) ساڵی(1989) لەلایەن ئیسکۆرتەکەی خۆیەوە (تۆفیق گرژاڵی) دەکوژرێ، بۆچی ئەو زەربەیەتان خواردو رێگریتان نەکرد لەو زەربەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کەسەی ئەو تێرۆرەی کرد پێشمەرگەی پارێزگاری لە کاک سدیق بوو. ئەو کەسە، چەند ساڵ پێشتر بۆ ماوەیەک چوو بۆوە بۆ ئێران و خۆی تەحویلی رژێمدابۆوە، دواجار گەرابۆوە و چەند ساڵێک لە دەوروبەری کۆمەلە ژیا بوو و بەداخەوە متمانەی هاورێیانی ناوچەی سەردەشتی ئێمەی بە دەستهێنابوو و سەرلەنوێ وەرگیرا بووەوە و سەرئەنجام وەکو سەهمیەی ناوچەی سەردەشت بۆ پارێزگاری ناوەندی کۆمەڵە ناردرابوو. ئەو تەجرەبەیە کە بە قیمەتێکی زۆر گران تەواو بوو، بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو کەسانەی کەجارێک تەسلیم دەبنەوە بە هاسانی سەر لە نوێ وەرنەگیرێنەوە.

×(غولامی کشاوەرز)یش هەر بەوەشێوەیەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تێرۆری هاورێ غۆلام کشاوەرز بە شێوەیەکی دیکە بوو. بنەماڵەکەی لە ئێرانەوە هاتبوون بۆ مۆلاقاتی لە شاری "لارناکا" لەولاتی قوبروس، هەر لە ئێرانەوە دەزگاکانی جاسوسی رژیم ئەو بنەماڵەیان بەهەمان فرۆکە تەعقیب کردبوو و بەم شێوەیە شوێنی مولاقاتەکەیان لە لارناکا دۆزیبووە و ئێوارەیەک کە لە قەراخ دەریا خەریکی پیاسەکردن بوون، تێرۆریان کرد.

×تیرۆری (د. قاسملۆوشەرەفکەندیو کازمی رەجەوی و سدیقی کەمانگر) ئەو هەموو تیرۆرە تا ئێستا بۆ رەئیەکی دژی ئێران لە لایەن دەولەتانی ئوروپاییەوە دەرنەچووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا بەرژەوەندی ئابووری لەسەروی هەموو پرنسیپێکدایە. ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەند و بازارێکی تارادەیەک پان وبەرینە کە بەردەوام وەسوەسەیان دەکات و هەر بۆیە چاوپۆشی لێدەکەن. بۆ نمونە نەمسا بە ئاشکرا بکوژەکانی دکتۆر قاسملوی تەسلیمی ئێران کردەوە، تەنیا لەبەرئەوەی زیان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەو وڵاتە نەگەیەنێ.

سەعید یەدزان پەنا تیرۆر دەکرێ

×ساڵی(1370) (سەعیدی یەزدان پەنا) ی سکرتێری یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستانی ئێران بەو بۆنەیەوە تیرۆر ئەکرێ، ئێوە لەوبارەیەوە راگەیاندنێکتان بڵاوکردەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هەمیشە و بە گشتی وەکوو هەڵوێستێکی رووتین ئەو تێرۆرانەمان، مەحکوم کردووە.

×بۆچی هەمیشە سکرتێرو بەرپرسە یەکەمەکان ئامانجی تیرۆرکردنن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەوانی دیکەشی بۆ هەڵکەوێ، دەستیان لێناپارێزێ. بەڵام دیارە زۆرتر بۆ تێرۆری ئەو کەسانە هەوڵدەدات کە کاریگەرییان لە حزبەکەیاندا زۆرتر بێ. لە بیرمە کە سەرەتای ساڵەکانی نەوەد ئیتلاعاتی رژێمی ئێران، هەر لە لایەنگرێکەوە تاپێشمەرگەیەک تا ئەندامێک تا بەرپرسێک، تا ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی، نرخی جۆراوجۆری بۆ تێرۆریان دیاریکردبوو.

×چەندجار ، تائێستا هەوڵی تیرۆرکردنی تۆ دراوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پلان هەبووە کە پووچەڵکراوەتەوە. هیچ هەوڵێکی راستەوخۆ نەبووە.

هاوڕێکانم زۆر دەمپارێزن

×زۆر خۆت دەپارێزی لەوە وانییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من خۆم ناپارێزم، بە دەرەجەی یەکەم هاوڕێیانم ئەمپارێزن.

×ئازیزترین رەفیقێک هاوڕێیەک لەناو کۆمەڵەدا کە بەهۆی تیرۆرەوە گیانی لەدەستدابێ کێیە بۆ تۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەموویان بۆ من زۆر ئازیز بوون. بەڵام بە هۆی نزیکایەتی زۆرم لە کاک سدیق کەمانگەر، تێرۆری ئەو زیاتر کاریکردە سەرم.

×پێتوایە ئەگەر تیرۆرنەکرایە، ئێستا لەگەڵ تۆ بوو یا لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان دەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کەس ناتوانێ قەزاوەتێکی قەتعی ئاوا بکات. بەڵام هەستێکی دەروونی کە سەرچاوەکەی لە ناسینی کاک سدیق دایە پێمدەڵێ کەلەگەڵ لایەنی ئێمە دەبوو.

×کۆمەڵێک هەن کە دەستیان هەبووە لەتیرۆری کۆمەڵەدا پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا ئێستا لەناو ئێران دائەنیش، بۆ هەوڵتان نەداوە ئەوانە تیرۆربکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە راستە کە ئێمە هەوڵمان نەداوە. خەباتی چەکداری ئێمە ریگا و شوێنی جێکەوتووی خۆی هەیە و ئێمە لەگەڵ ئەو شێوەکارەدا نین.

×ئەگەر کاتێ کوردستانی ئێرانی ئازادبوو ئێوە ئامادەن دادگاییان بکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: قەتعەن دەبێ دادگایی بکرێن و بە سزای شیاوی خۆیان بگەن.

یاریدەدرێکی سەیاد شیرزای
دۆستی کۆمەڵە بوو

×ئێستا لە کوردستانی عیراق مۆدێلێک باوە، ئەوانەی کە فایلەکانیان دەرکەوتوە جاشبوون، یان تیرۆریست بوون پیاوی رژێم بوون، بەڵام قسەکە ئەمەیە، فلأنە مەسئول رایسپاردوە، تا ئێستا کارێکی واتانکردوە خەڵکێکی خۆتان بنێرنە ناو ئێرانەوە بۆئەوەی کاری جاسوسیتان بۆبکات و ئامادەن سبەینێش پشتگیری لێبکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هەر کارێک کە کردوومانە قابیلی ئەوە هەیە کە سبەی رۆژ لە حزوری جەماوەری خەلکدا دیفاعی لێبکەین. بۆ نمونە با هەر ئێستا پێتانبلێم بۆ ماوەیەک یەکێک لە یاریدەدەرەکانی سەرهەنگ "سەیاد شیرازی" سەرۆکی عەمەلیاتی رۆژئاوای ئێران لە دژی هێزی پێشمەرگە، ئەندامی ئێمە بوو. کاتێکیش ئاشکرا بوو خۆی دەرباز کرد و گەیشتەوە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەلە. بوونی ئەو لەو شوێنەدا بوو بە هۆی ئەوە کە زەرەر و زیانی کەمتر لە شەرەکاندا لە پێشمەرگە بکەوێ.

× پیاوی رژێم بوو، بەڵام دۆستی ئێوەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کارمەندێکی روکنی دووی ئەرتەشی ئێران بوو و هاورێی ئێمەبوو گیانی سەدان پێشمەرگەی پاراست.

× پشگیری لە جاشەکان ناکەن سبەێنی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر ئەو کەسانەی هاوکاری رژێم بوون هەرچی دادگا حۆکمیان لەسەر بدات، هەر ئەوە دەبێ، بەڵام لە نمونەی وەکوو ئەو هاورێیەی ئێمەدا پێویستە بە بەڵگە و بە روونی لە کاتی خۆیدا واقعیەتەکان بۆ خەلک روون بکرێتەوە، نەک ئەوەی پاساو بۆ دەربازکردنی ئەم و ئەو لە سزای عادلانە بدۆزرێتەوە.

کۆنگرەی حەوتی کۆمەڵە
(کوردستانی عێراق) 1992

کۆنگرەی حەوت و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە 1992 (کوردستانی عێراق)

×سەبارەت بە کۆنگرەی حەوت کە لە تیر مانگی (1371) واتە لە ئۆگستی (1992) بەسترا، ئەو ئاڵوگۆڕانە دیسان چی بوون پاش ئەوەی چەماعەتی (مەنسوری حیکمەت) لە کۆمەڵە ئەچنە دەرەوە ، کۆمەڵە توشی وەزەعییەتێکی خراپ هات، بەشێکی زۆر لەکادرەکانیو پێشمەرگەکانی کەوتنە گەڵ مەنسوری حیکمەت ، لە کۆنگرەی حەوت ئەوبۆچونە تازانەی کە هاتنەناو کۆنگرەیو رەئی و قەتعنامە سەبارەت بە رۆیشتنی مەنسوری حیکمەت وە دواین بریارو سپاردەی ئێوە لەو کۆنگرەیە چیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: گرنگترین مەسئەلە لە کۆنگرەی حەوتدا ئەوە بوو کە کۆتایی بەو پرژ و بڵاوییە بهێندرێ کە بە شوێن جیا بوونەوەی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا پێکهاتبوو. پێویست بوو یەکگرتوویەکی نوێ لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا دابمەزرێتەوە. ئەگەرچی لەم کۆنگرەیەدا هەموو مەسەلەیەکی سیاسی ئەو سەردەم باسی لێکرا و هیچ بۆشاییەک لە بواری سیاسەت و تاکتیک و ستراتیژەوە بەجێ نەما.

بەڵام بەمەشەوە هەر لام وایە ئەم کۆنگرەیە زیاتر کارکردی ناوخۆیی هەبوو. لەو کۆنگرەیەدا دوای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەش لەگەڵ رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری رۆیشتبوون، کۆمیتەی ناوەندییەکی نوێ هەڵبژێردرا.

×ئەو کۆنگرەیە دوو ساڵ دواکەوت، هۆکاری دواکەوتنەکانی چیبوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵە دوای ئەو جیابوونەوەیە گەلێک لاواز ببوو. بۆ بەستنی کۆنگرە پێویستبوو جارێکی دیکە سەرحیسابی تەشکیلاتی ناوەوەی کوردستانمان ببین، پێویستبوو

فرسەت بە سەرجەم هاورێیانمان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بدەین کە بیری خۆیانی لێبکەنەوە و بەراشکاوی ڕێگای خۆیان هەڵبژێرن. بەرێوەبردنی بە پەلەی کۆنگرە لەوانە بوو ئێمە لە توانایيەکانی زۆرێک لەو کادێرانەی هاتنەوە ناو ریزەکانی ئێمە بێبەشکات.

×هەستانکرد بەرۆیشتنی مەنسوری حیکمەت کۆمەڵە بەتەواوی لاوازبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئەوە زۆر بەرچاو بوو.

×نەئەکرا رێگری لەو جیابونەوەیە بکەن و نەیەڵن برۆن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر هەولدرا، بەڵام ئاکامێکی وای نەبوو. ئەساسەن بە هۆی ئەوەی کە ئەوان دوای کۆتایی شەری ئێران و عیراق ئیتر هیچ مەجالێکیان بۆ مانەوە و چالاکی لەو چوارچێوەی ئەو کاتە کە کۆمەڵە تێیدا بوو، نەدەدیت. جگە لەوە سەرەتاکانی ئاڵوگۆری فیکریش بەرانبەر بەسەرجەم بنەماکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مەنسور حیکمەتدا دەرکەوتبوو.

ئەو ئیتر نەک هەر کۆمەڵە بەڵکو حزبی کۆمۆنیستیشی بەو ئامرازە نەدەزانی کە ئامانجەکانی بەرئاوەردە بکات. ئەم جیاوازیانە دواجار و چەند ساڵ دوای جیابوونەوە ئاشکراتر و شەفافتر دەرکەوتن. رەنگە ئەگەر لە جیابوونەوەکەدا پەلەیان نەکردبایە، بۆ جەماوەرەی خەڵک روونتر هۆکارەکانی جیابوونەوەیەکی چارە هەڵنەگر دەر دەکەوت.

مەنسور دەیویست کادرەکان بچنە ئەوروپا

×چیبون ئەو فاکتەرانەی پشت(مەنسوری حیکمەت)وایکرد جگە لەوەی زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ خۆی بەرێ، کۆمەڵێک کادرو پێشمەرگەی زۆریش بەرێ، ئەو بەحسە نەزەرییانە چیبون کە مەنسوری حیکمەت وایکرد ئەو هەموو خەڵکەی لە دەور کۆبێتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کاتە مەنسور حیکمەت لە کەشوهەوایەکدا بوو کە نەیدەویست حزبەکەی حزبێکی گەورە بێت. ئەو پێوابوو کە پێویستە لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە هاوبیرانی خۆی حزبێکی وا دابمەزرێنێ کە هیچ چەشنە مەیل و بۆچوونێکی غەیری ئەوەی کە خۆی باوەری پێی بوو، تێدا نەبێ. هەرچەند لام وایە دوای جیابوونەوە ئەو تەسەورەی مەنسور حیکمەت گۆرا و بە تایبەت کاتێک کەهەستی بەوەکرد لە کوردستانی عیراق ژمارەیەکی زۆر لە هێزە چەپەکان لایەنگری لێدەکەن، مەیل بۆ گەرانەوە بۆ کوردستانیشی تێدا بەهێزتر بوو. لێکدانەوەی من لەسەر هۆکارەکانی ئەو جیابوونەوەیە و ئاکامەکانی لە وتوویژ و راپۆرتێکی تەشکیلاتیدا بە وردی هاتووە، لام وایە ئەگەر بکرێ هاوپێچی ئەم پرسیار و وەڵامەیبکەی بەکەلک دەبێ. ئەو قسە و پاسانەی ئەوان، ناوەرۆکەکەی هەرچی بووبێ وەکوو ئاوازی کەلەشێری ناوەخت وابوو. کادرەکانی ئێمە تووشی نائومێدی بوون، مەنسوری حیکمەت ئەی ووت "کاتێ حزبی توودە شکستی خوارد کادرەکانی چوونە ئەوروپا، بۆچی پاشەکشەی ئێمەش بەرەو ئوروپا نەبێ؟"، کێ دەڵا سبەینێ ئێران و عێراق مامڵەمان پێوە ناکەن؟

شەری کوێت و راپەرین زۆر شتی گۆری

× قسەکانی (مەنسوری حیکمەت) تاکتیکانەو فریودەرانەبوو بۆ لاوازکردنی ئێوە و کۆمەڵە یان پشتی بەچەند تێور و تەرحی نەزەری دەبەست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە جیاوازی نەزەری ئەو کات دەورێکی گرنگی نەبوو لە جیابوونەوەکەدا، هەر چەند دواجار و وردە وردە و بە تایبەت ئیستا ئەو جیاوازیانە گەلێک کونکرێت و واقیعین. ئەو لای وابوو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی

کوردستان ئاخێریەتی، هەلومەرجێکی واقیعی و عەمەلی کە ئەوکات کۆمەلە و حزبی کۆمۆنیست تێیدا بوون زیاتر دەوری هەبوو. دژواربوونی بارودۆخەکە وایکرد کە ئەوان پەلەبکەن لە جیابوونەوەیاندا. هەر بەهۆی ئەو دژوارییانەشبوو کە توانیان بەشێکی زۆر لە هێزەکانی ئێمە لەگەڵ خۆیان بەرن. هەلبەت شەری کوەیت و راپەرینی کوردستانی عیراق گەلێک لە حیسابەکانی گۆری. بەلام ئەوانە کاتێک بوون کە ئیتر جیابوونەوە خەریک بوو دەبوو بە ئەمری واقیع و کار تەواو ببوو.

×بۆچی زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی باوەری بەو فکرانەی مەنسور هێنا، بۆ تۆو کاک عەبدوڵلا و چەند برادەری تر قەناعەتتان بەوبۆچوونانەی ئەوان نەهێنا، یەعنی مەبەستەکەم ئەوەیە ئێوە ئەتانویست دەستبەرداری کۆمەلەنەبن و واز لە کۆمەلەنەهێنن و کۆمەلە نەفەوتێ، یان ئێوە قەناعەتتان بەو تەرحانەی ئەوان نەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەرەتاوە کاک عەبدوڵلا موهتەدی لە بەرەی ئەواندابوو و بەشێک لەو زەختە بوو کە کەوتبووە سەر کۆمیتەی رەهبەری ئەوکاتی کۆمەلە.

مەنسووری حیکمەت، موهتەدی قبوڵ ناکات

×یەعنی مەبەستت ئەوەیە لەگەڵ مەنسوری حیکمەت بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەلێ لەگەڵ ئەوان بوو. لە پلێنۆمی شازدەدا کە لە سوید بەرێوە چوو چوار کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە لەژێر ئەو فشارانە ئیستعفایاندا، کاک عەبدوڵلا لەو کەسانە بوو کە بەیانێکی تێر و تەسەلی لە دژی لایەنی ئێمە خوێندەوە.

کاک عەبدوڵلا خۆی بەرپرسی پرۆژەیەک بوو کە لە لایەن

ئەوانەوە بۆ بردنە دەرەوەی بەشی زۆری کادرەکانی کۆمەڵە داڕێژرا بوو. بەڵام ساڵێکی پێنەچوو کە ئەوان کاک عەبدوڵڵاشیان وەخۆ نەگرت و خۆیان لێدوورخستەوە. کەڕاپەڕینی کوردستانی عیراقیش روویدا، هەڵسەنگاندنی جیاوازیان لە نێواندا پەیدا بوو.

کۆمونیزمی کارگەری، تەنها مارکسیزم بوو

×یەعنی ئەو فاکتەرە بوو(عەبدوڵڵا موهتەدی) نەچوو لەگەڵ مەنسوری حیکمەت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەنسوور حیکمەت خۆی سەرەرای ئەوەی کە کاک عەبدوڵڵا پێی گوتبوون کە خۆی بە هاوجیهەتی ئەوان دەزانێ، بەڵام هەر متمانەیان پێنەدەکرد و لە راستیدا بە سەرقورسی لە ریزی ئەواندا مابۆوە. بۆچوونی جیاواز لەسەر رووداوەکانی کوردستانی عیراقیش بێگومان یەکێک لە فاکتەرەکان بوو.

×بۆ متمانەیان پێنەدەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: عەبدوڵڵای موهتەدی خۆیشی نەیدەزانی کە هۆکاری ئەو متمانە پێنەکردنە چییە؟ تەنانەت رۆژێک خۆی دەچێت بۆ لای مەنسوور حیکمەت و ئەو پرسیارەی بە راشکاوی لێدەکات. لەو گفتوگۆیەدا **مەنسوور حیکمەت(نادر) چەند هۆکارێکی شەخسی و سیاسی بۆ باسدەکات. سەرئەنجام پێیدەڵێت: بۆ ئەوەی کە لە ناو ریزی ئێمەدا جێگا و شوێنی خۆت بە دەستبێنی پێویستە بە نووسین و بە عەلەنی زیاتر لەسەر ئەو خەت و جەهەتەی ئێمە بابەت بنووسی و بڵاوی بکەیەوە.** ئەڵبەت کاک عەبدوڵڵا ئەوکات شتی لەم بابەتەی نوسیبوو. بەڵام ئەوان لایان وابوو ئەم نوسینانەی زۆر مەحافزەکارانەیە و راشکاوانە نین و کەمن.

×تۆ و کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، هەردووکتان لەگەڵ تێزەکانی مارکسیزم بوون و کارتانکردوە، دیفاعتان لە حزبی کۆمۆنیست دەکرد، بەڵام قسە ئەوەیە لەپاش ئەوەی مەنسوری حیکمەت خۆی ساغدەکاتەوەو ئەچێتە دەرەوە. ئێوە قەناعەتتان بە کۆمۆنیزمی کارگەری نەبوو یان بڕواتان بە مارکسیزمو تێزەکانی مارکسیزم مابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکوو بۆچوونێکی نەزەری تا ئەوکات کە پێکەوە بووین و باسی لێدەکرا، هیچ شتێک نەبوو غەیری بنەما فیکرییەکانی مارکسیزم و کۆمۆنیزم. جیاوازییەکان کاتێک دەرکەوتن کە ئەم بۆچوونە نەزەرییانە دەهاتنە مەیدانی سیاسەت و کردەوەدا. چەند ساڵی پێچوو تا روونبۆوە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری مەبەستی مەنسور حیکمەت جیاوازی هەیە لەگەڵ بنەماکانی مارکسیزم. لەسەر و بەندی جیابوونەوەدا ئەم جیاوازییانە دیار نەبوو. بۆیە بروا بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم ئیتر بەرامبەر نییە لەگەڵ بروا بە بۆچوونەکانی ئەو رەوتەی کە خۆی بە کۆمۆنیزمی کرێکاری پێناسە دەکات.

×ئەوبۆچونە راستی بوو، کە پێیانوابوو بەجیابوونەوەیان لە حزبی کۆمۆنیستو دروستکردنی حزبی کرێکاری یا کۆمۆنیزمی کارگەری ئەتوانن جارێکیتر خزمەتی باشتر بەچینی کرێکار بکەن، گوایا حزبی کۆمۆنیست ئەو ئەرکەی نەگرتۆتەوە ئەستۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وایان دەگوت و وایاندەویست بەڵام ساڵانی دواتر چینی کرێکار لە کردەوە و کولتووری سیاسی ئەواندا چووە پەراوێزەوە. ئەوان هیچیان نەخستە سەر مارکسیزم، بۆچوونی ئەوان تەکامولی مارکسیزم نەبوو، کە بێگومان وەکو هەر زانستێکی دیکە پێویستە تەکامول بکات. لە تیئوریەکانی ئەواندا پۆپۆلیزم زیندوو بووەتەوە، جەوهەری سیاسەتەکانیان لیبرالیە.

کۆمۆنیزمی کارگەری دەبنە چەند لەت

× مەبەستم ئەوەیە کۆمۆنیزمی کارگەری چیتری ئیزافەکرد بۆ چینی کرێکاران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە بواری نەزەرییەوە لە زانستی خەباتی چینایەتی کرێکاران دوورکەوتنەوە و لە بواری کردەوەشدا زیانیان بە رەوتی کۆمۆنیستی گەیاند. ئەوان نەیانتوانی لە ئامانجەکانی دیاریکراوی خۆشیان نزیک بنەوە و هەر بۆیە بوون بە چەند لەت.

× بۆ نەیانتوانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەبێ لەخۆیان بپرسی. بەبڕوای من ئەوان لە نێوان بیری چەپ و مارکسیستیدا و بۆچوونی لیبراڵیدا نەیانتوانیوە خۆیان بە هیچ بارێکدا ساغ بکەنەوە. ئەوان بەردەوام لە نێوان توندرەوی و موحافزەکاریدا لە هاتوچوون دان. سەرچاوەی توندرەوییەکانیان دەبەنەوە سەر مارکسیزم و بۆ مۆحافزەکارییەکانیان دەچنەوە سەر بنەماکانی لیبراڵی لە کردەوەدا.

حەمیدو رەزاو ئیرەج دوای مەنسور کەوتن

× ئەمە قەناعەت بوو بەو تەرحو تێزانەی کە مەنسوری حیکمەت هێنابووی، یان لاساییکردنەوە بوو کە ئیرەجی ئازەرینو رەزای موقەدەم و حەمیدو شەهلا و هەمویان یەکسەر دوای جیابوونەوەی پلینیۆمی بیستەم دوای مەنسوری حیکمەت کەوتن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە پلێنۆمی بیستەم و لە دەرەوەی پلێنۆم لەگەڵ رەوتی مەنسور حیکمەت

چوون، به ڕاستی باوەڕیان به بۆچوونەکانی ئەو هەبوو. مەنسور حیکمەت لە دەورەیەکدا کە ئەوان تووشی بێ هیوایی ببوون، ئاسۆیەکی نوێی بەرەو ڕوو کردبوونەوە. مەنسوور حیکمەت ئەوانی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و بە دوای بێئاکام مانەوەی خەباتی ئەوان لە کوردستان ڕێگایەکی نوێی گرتووەتە پێش کە وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی نوێی جیهان و ناوچەکەیە. من هەرگیز ئەو ڕەوتە و کردەوەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا کە لە گەڵیان نەبووم، بە پیلان هەڵناسەنگێنم، ئەوە گەلێک ئاساییە کاتێک کەسانێک هەست بەوە بکەن کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ ڕێبەرایەتی حزبێکی دیاریکراو بگونجێنن، بەشێوەیەکی شارستانییانە لێی جیاببنەوە.

×بەڵام دەرئەنجامی یۆتۆپیا بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، وایە سەراب بوو. لام وایە هۆکاری چەند پارچەبوونیشیان بە دەرەجەی یەکەم هەر ئەو ڕاستییەیە.

*بەڵام ئەوان بۆ چونیان وانییەو پێیانوایە پێگەو نفوزێکی جەماوەری زۆریان هەیە لەناو ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وانییە، سەرجەم ڕەوتەکەیان بە هەموو باڵەکانیەوە لە ناو بزووتنەوەی خوێندکارانی ئێراندا تارادەیەکی نە زۆر نفوزیان هەیە لەکوردستانیش بە پێی پێشینەی کادێرەکانیان کە لە کۆمەڵەدابوون و فەعالیەتی ئەو چەند ساڵەی خۆیان دەکرێ وەکوو یەکێک لە حزبەکانی ئێستای هەڵسوراو لە کوردستان حیسابیان بۆ بکرێ. هەرچەند دڵنیام کە ڕەوتەکەی ئەوان لەو ناوچەیە ڕوو لە گەشە نییە.

×باشە لەوسەرو بەندەدا چی وایکرد کە تەنها تۆ و عەبدوڵڵا موهتەدی وەکو دوو شەخسیەتی سیاسی لەناو کۆمەڵەدا بمێننەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی ترەوە هەرچەندە خیلافتان هەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەنیا ئێمە نەبووین، ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکان و لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ لایەنی ئێمە بوون. سەرەرای هاودەنگی لەسەر مەسەلە نەزەری و سیاسییەکان دوو خاڵی سەرەکی کە ئەوکات رێککەوتن لەسەریان پێویست بوو، ئێمەی یەکدەخست.

یەکیان، پاراستنی هێزی پێشمەرگە و مانەوەی تەشکیلاتی ئاشکرای ئێمە لە کوردستانی عیراق. ئەوی تریشیان، پێویستی درێـــژەدان بە خەباتی سەراسەری لە چوار چێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا.

× لەو نامەیەی کە تۆ و عەبدوڵڵای موهتەدی، فاروقی بابەمیری، ئیبراهیمی محەمەدی، حەمەی شافعی نوسیوتانە، وە تۆش ئیمزات لەسەرکردوە، نوسیوتانە، لاوازبوونی حزبی کۆمۆنیست بەزەرەری چینی کرێکارو بە رەوتی سۆسیالیستییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوکات وابوو و ئێستاش هەروایە.

×هەردوولاشتان ئەوبوچونەتان هەبوو، حزبی کۆمۆنیست سەرەرای هەموو رەخنەیەک دەستکەوتێکی بەنرخە بۆ کرێکاران و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، یەکەم پێم بڵی ئەو هەموو رەخنەیەک مەبەستتان چیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رەخنە و کەموکوری لە هەر حزبێکدا کە چالاکی سیاسی جیدی هەبێ شتێکی ئاساییە. ئێمەش لە هەموو پلێنۆم و کۆنگرەیەکدا بە چاوێکی رەخنەگرانە رابوردووی خۆمان لێکداوەتەوە و هەوڵمانداوە چارەیکەین. لەم بەیانیەدا کە باس لە رەخنە کراوە مەبەست ئەوەیە کە دەرگاکە کراوە بێ بۆ ئەو هاورێیانەی کە لەم یا لەو بواردا رەخنەیان لە حزب هەبووبێ. پەیامی ئەم بەیانیە ئەوەیە، هاورێیان سەرەرای هەر رەخنەیەکیش کە هەتانبێ ئەو حزبە حزبی خۆتانە و پێویستە لەو قۆناغەی کە تێیکەوتووە دەربازیکەن و بەهێزیکەن. بۆ نموونە گەلێک لەو شێوەکارانەی کە لە یەکساڵ و نیوی پێش جیابوونەوەدا رەوتی

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو ریزەکانی ئێمەدا گرتبوویە بەر جێگای رەخنە بوون.
لەوانە هەڵسوکەوتی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لایەنگرانی لە پلینۆمی شازدە کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. یان بەرنامەی کاری مەکتەبی سیاسی حزب بە دوای کۆتایی هاتنی شەری ئێران و عیراق لەکوردستان، یان هەڵوێست بەرانبەر بەراپەرین لە کوردستانی عیراق، ئەمانە هەمووی مێژووی هاوبەشی ئێمە بوون لە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کە جێگای رەخنەن. رەخنەی ورد تریش لە رابوردوو کەم نین کە لەوانەیە لە وەها گفتوگۆیەکدا نەگونجێن.

موهتەدی، بڕوای بەکۆمۆنیزم نەما بوو

×باشە کە هەردولاتان ئیمزاتانکرد ئێوە ئامادەنین ئەو حزبە بکەنە قوربانی هیچ شتی لەبەرئەوەی ئەوە لە قازانجی کرێکارانایە لەسەر ئەوە ساغبونەوە بۆچی دواتر هەر خۆتان هەر تۆو کاک عەبدوڵلا تووشی ململانێ و کێشە ئەبن جیابونەوەیەکی تر روئەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کێشانە هەشت، نۆ ساڵ دواتر سەریان هەلدا. ئەمانەش لە جێگای خۆی سەرچاوەکەیان لە جیاوازی بۆچوون و بەرنامە و ستراتێژی سیاسیدا و لە شێوەکار و هەلسوکەوتی نادروستی تەشکیلاتیدا بوو، تەنیا بریتی نەبوو لە ململانێی من و عەبدوڵلا مۆهتەدی، بەڵکوو هەموو حزبی ئێمەی گرتبۆوە. لام وایە کێشەی کاک عەبدوڵلا پێش ئەوەی کە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست بێ لەگەڵ کۆمۆنیزم و جیهان بینییەکەی بوو. ئەو لە چوار چێوەی ئەو رێبازەدا جێگایەکی شەخسی ئەوتۆی بۆ داهاتووی خۆی نەدەدیت.

دەبێ کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بێنەوە سەر ڕێبازی کۆمەڵە

×ئەم هەموو جیابونەوانە چەند زەرەری بە کۆمەڵە گەیاند؟

ئیبراهیم عەلیزادە: باسی زەرەر و زیان ناتوانێ بمانباتە ناو قوڵایی کێشە سیاسییەکانی واقیعی ناو کۆمەڵگا. لە خەباتی سیاسیدا جیاوازی لە بۆچوون و بەرنامە و ستراتیژدا بە شێوەیەکی ئاسایی دێتە گۆڕێ. ئەم جیاوازییانە جاری وا هەیە کە تەنها لە جیابوونەوەی لایەنێک لە لایەنەکەی دیکە چارەسەر دەکرێ. مەسەلە ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە شارستانییانە بچێتە بەرەوە، ورە و متمانەی جەماوەری خەلک دانەبەزێنێ، جیاوازییە سیاسییەکان شەفاف بن، تا کاتێک ئەم جیاوازییانە بۆ جەماوەری خەلکیش روون نەبنەوە، جیابوونەوەی پێشرەس روونەدا، هەولی راستگۆیانە بدرێ بۆ ئەوەی هیچ فرسەتێک بۆ ئیدامەی چالاکی سیاسی هاوبەش لە دەستنەچێت. کەئەوانە هەموو لە بەرچاو بگیرێ، خەلکی ئەو وڵاتەش بەوە رابێن کە بە ڕووداوی جیابوونەوە لە ناو حزبێکدا کارەسات ناقەومێ و ئەوان لە خەباتی عادلانەی خۆیان نابێ دلسارد بنەوە. خەلک دەبێ بەوە رابێن کە ئەحزاب و فراکسیۆن و گروپە سیاسییەکان نەک هەر لە ڕووی ئەوەی وا خۆیان سەبارەت بە خۆیان دەیلێن، بەڵکو لە روی کردەوەشیانەوە هەلبسەنگێنن.

×ئێوە کەی لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدیو کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان بەنیازن یەکبگرنەوە، ببنەوەیەک کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ماوەی ئەم چەند ساڵە کە ئەوان لە کۆمەلە و لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیا بوونەوە، هەتا هاتووە جیاوازییە سیاسییەکان زیاتر و شەفافتر بوون. هەر بۆیە ئێستا ئیتر دەبێ ئەم دوو رەوتە وەکوو دوو حزبی جیاواز چاویان

لێبکرێ. بەڵام هیوادارم و بەشێ بە حاڵی خۆمان هەوڵی بۆ ئەدەین کە ریزی لایەنگران و دلسۆزان و هەڵسوراوانی کۆمەڵە لە ناو خۆی کۆمەڵگای کوردستان، ئەوانەی خۆیان بە رێبازی کۆمەڵە پابەند دەزانن، یەکگرتوو بکەین. لام وایە رەوتی ئێمە ئەو ئیستعدادە و ئەو ئیرادەیەی هەیە. ئەوە جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی یەکگرتنەوەی ئێمە و ئەوان، مەگەر ئەوان رۆژێک لەرۆژان بێنەوە سەر رێبازی کۆمەڵە و بە کردەوەش ئەوە نیشان بدەن.

×دەتەوێ بڵێی کەی ئەوان گەرانەوە سەر مەیلی مارکسیزم و کۆمۆنیزم ئێوە ئامادەن یەکبگرنەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وەها حاڵەتێک بەبروای من تەنیا لە پەیدا بوونی هەلومەرجێکی شۆرشگێرانەدا ئیمکانی هەیە و ئەوە گۆرانکارییەکی بنەرەتی دەبێ کە لە ئێستاوە قەزاوەتکردن و بریاردان لەسەری، تارادەیەک خەیالاوییە.

×کاک عەبدوڵلاش تەرحێکی هەیە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئێوە، پێیوایە کەی ئێوە لە حزبی کۆمۆنیست هاتنەدەرەوە ئەو ئامادەیە یەکبگرێتەوە لەگەڵتان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە وتەیەکی دیپلۆماسییانەیە و پەیوەندی بە مەیلی یەکگرتنەوە نییە، مانای وانییە دەیەوێ، واتا دەبێ ئێمە بەپرۆژەکەی ئەوەوە پەیوەست بین.

×ئێوە هەردوکتان دو پرۆژەی جیاوازتان هەیە کەواتە هەروەک ئێستا **هەر جیا ئەبن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستا ئەو جیاییە جێگیر بووە و جیاوازییە سیاسییەکان چەند قۆناغی توند چوونەتە پێشوە. کوردستان کۆمەڵگایەکی زیندوو و پر جۆشو خرۆشە و ئاساییە ئەگەر ئێمە و ئەوان و چەندین حزبی دیکەش تێیدا چالاکییان هەبێ.

×ئەو زوڵمە چییە ئێوە لەئەوانتان کردوە؟ ئەوان ناوی ئەنێن زوڵم؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە نەک هەر هیچ زۆڵمێکمان لێنەکردوون، بەڵکو هەوڵمانداوە جیا بوونەوەکە بە شێوەیەکی تەواو هێمنانە و شارستانییانە بەڕێوە بچێ و هەرواش بوو. لە سەدا هەشتای کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ ئێمە بوون، کۆمیتەی ناوەندییەکەی لەکۆنگرەیەکی شەرعیدا کە ئەوانیش تێیدا بەشداربوون و رەخنەیەکیان لێی نەبوو، هەڵبژێدرابوون، ئەوان لە کۆمەڵە دەر نەکران بەڵکو بە حەزی خۆیان چوونە دەرەوە.

موهتەدی زوو بوو بەخاوەنی هەموو ئیمکانیاتێک

×ئەی بۆ کاک عەبدوڵلا ئەڵێ حزبی کۆمۆنیست زوڵمی زۆری لەئێمە کردوە، کادرەکانمان دەیانووت دەچینە بەر بەفر، بەڵام ناچینە ناو حزبی کۆمۆنیستەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە ئەگەر قەزاوەتێکی وای کردبێ بە ئینساف نەبووە. لە کاتی جیابوونەوەیاندا ئۆردوگایەک بە بێکێشە بە هەموو کەل و پەلەکانیەوە پێشکەشیانکرا. لایەنگرانیان هەمووی بە چەک و چۆڵ و پێداویستییەکانی ژیانی خۆیانەوە گواستیانەوە بۆ ئۆردوگاکەی ئەوان. ئیمکاناتی هات و چوون بە پێی پێویستی خۆیان و ئیمکاناتی ئێمە بۆ دابینکرا. بریاردرا تا ئەوکاتەی کە خۆیان پێویستیانە، تەداروکات و ئیمکاناتی رۆژانەی ژیانیان بۆ دابین بکرێ. بەڵام هەڵبەت ئەوەتان پێبڵێم کە ئەوان زۆر زووتر لەوەیکە خەڵک لەوانە بوو چاوەڕوانی بکەن، بوون بە خاوەنی هەموو ئیمکاناتێک و پێیویستیان بە یارمەتی ئێمە نەبوو.

×بەس ئەوان ئەڵێن ئەسنادو بەڵگەنامەو دۆکۆمێتەکانیان هەموی حجز کردوە لای خۆیان، نامان دەنێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە زۆر ئاساییە، خۆ ئەو حزبە هەڵنەوەشاوەتەوە

که کەلوپەلەکانی لە نێوان ئەم و ئەودا دابەش بکرێ. لە ساڵانی رابردوودا گەلێک کەس بە تاک یا بە کۆمەڵ لە حزب چوونە دەرێ، ئایا دەکرێ هەر کام لەوانە تەوەقۆعی ئەوە بکەن بەشی خۆیان لە بەلگەنامە و ئارشیوی حزب پێبدرێ؟ داواکەی ئەوان مەنتقی نییە. سەرەرای ئەوە ئێمە بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانی رابردووی کۆمەڵە و حزب و لەوانە دەقی سورەت جەلەساتی پلێنۆمی کۆنگرەکانمان لەسەر تۆری ئینترنێت داناوە، ئەوانیش وەکوو خەلکی دیکە دەتوانن بچن ببینن.

×باشە بۆ بە هەردولاتان ئەسلی کۆمەڵە دروست ناکەنەوە(کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) کە پێشتر ئێوە لەسەر ئەو ناوە کارتانکردوەو خۆشەویست بووە؟

–ئیبراهیم عەلیزادە: مانەوە و ئیدامەکاری حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کار کردنی هەم لە چوارچێوەی ستراتێژی ئێمەدایە و هەم کەم ئازارترین و هەڵەترین رێگایەکیشە بۆ ئەوەی خەڵکی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بگات.

× بۆ خەڵکی کورد زەرورەتەکەی لە چیدایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە تەنها لە کوردستانەوە رژێمی ئێران ناگۆرێ، بە بێ گۆرینی رژێمی ئێران گەیشتنی خەڵکی کورد بە مافەکانی خۆیان گەلێک دوورتر و دژوارترە.

×ئاخر ئەو پشتیوانیە حزبی کۆمۆنیست ئێران نییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرگایەکە بەرەو ئەو ئاسۆیە، دەرگایەکە بەرەو ئەو بزوتنەوەیە، ئێمە نامانەوێ ئەو دەرگایە لە خۆمان داخەین.

داهاتووی چەپ و سۆسیالیست لەئێران روونە

×دەتوانی ئەوە تەئکیدکەی لە داهاتوی ئێراندا، لە داهاتوی ئاڵوگۆرەکانی ئێراندا، ئەو پشتیوانییە بەهۆی حزبی کۆمۆنیستەوەیە لەقەزییەی کوردی دەستەبەر دەبێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من یەکێک لە ئامرازەکانی ئەوەدەبێ

×زۆر لاواز نییە ئەو ئەگەرە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: داهاتووی حەرەکەتی چەپ و سۆسیالیست لە ئێراندا روونە، لام وایە نەک هەر لە ئاستی ئێراندا، بەلکو لە ئاستی جیهانیدا، بووژانەوەیەک بۆ ئەو حەرەکەیە ئەبیندرێ. ئەو لێکدانەوەیە وابێو وانەبێ، لە هەر حالێکدا ئێمە لامان وایە کە سۆسیالیزم بەدیلی سەرمایەدارییە و ئێمە نابێ و ناتوانین تەسلیمی نیزامی سەرمایەداری بین و بکەوینە شوێن بەدیلی کۆنەپەرەستانە بۆ ئەو نیزامە. ئەگەر ئەمرۆ ڕەوتی کۆمۆنیستی، لاواز دێتە بەرچاو، بەلام وەکو ئاورێکی ژێر خۆڵەمێش وایە کە خەریکە با لێی دەدات و بەرە بەرە دەگەشێتەوە.

لەجەرەیانی شۆرشی (1979)ی ئێراندا، حەرەکەی چەپی ئێرانی، گەلێک بەهێز بوو، بەلام بە هۆی پرژ و بلاوی و سیاسەتی نادروست نەیتوانی دەوری شایستەی خۆی ببینێ. ئەمرۆکە چەپی ئێران چ لە رووی ئەزموونەوە، چ لە رووی نەزەرییەوە، چ لە رووی کارەوە، گەلێک بەهێزترە لەو کاتەی کە پێی نایە ناو شۆرشی ئێرانەوەوە. هەربۆیە بۆ ئێستاش لام وانییە ئەم ئەگەرە لاوازبێ.

کۆمەڵە تەرحەکەی مام جەلالی رەتکردوە

×کاک عەبدوڵڵا ئەڵێ "هەرئەو کاتە کاک برایم خۆی تەرحی ئەوەیکردوە کە مام جەلال بێتەناو مفاوەزاتەکانەوە، بەلام دوایی تەرحەکانی مام جەلالیشی قبوڵ نەبوە، ئێوە نەدەکرا لەسەرئەوە رێکەون و بەر بەو ئینشعابو ئینشقاقەبگرن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر تەرحەکەی کە مام جەلال پێشنیاریکرد و دەیویست ئێمە وەکو دوو فراکسیۆن بمێنینەوە،

خراپ لە یەک تێگەیشتنێک هاتە گۆڕێ. کاتێک مام جەلال تەرحەکەیدا بە ئێمە، ئێمە لە ناو خۆماندا باسمان لێکرد و لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە ئەو تەرحە وەکوو مەبنای گفتوگۆ قبولبکەین. ئەوان لە ئێمە وا تێگەیشتن کە ئێمە دەقی تەرحەکەمان پەسەند کردووە. ئێمە دەقی ئەو تەرحەمان ڕەتکردەوە، لەبەر ئەوەی کە پێمانوابوو ئەگەرچی لەوانەیە چەند مانگێک جیابوونەوەکە دووا بخات، بەڵام دوای ماوەیەک ئەو جیابوونەوەیە لە هەلومەرجێکی خراپتردا بۆ ئێمە، بەسەرماندا دەسەپا.

×چی تەرحێکی تری هەبوو مام جەلال جگە لەو تەرحە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر ئەو تەرحە بوو. جەوهەری تەرحەکەی مام جەلال ئەوە بوو کە داوای دەکرد ئێمە و ئەوان لە نیوچە بەرەیەکی هاوشێوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا پێکەوە بین.

موهتەدی لەیەکێتی نزیکترە

× ئەی بۆچونێک لەنێو ئێوەدا هەیە، کە یەکێتی لە پشتی ئەو ئینشقاق و ئینشعابەوە هەبووو ڕۆڵی هەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە ئەوان بە بیروبۆچوون و سیاسەتەوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان نزیکن، گومانی تێدا نییە، بەڵام جیابوونەوەکە لەژێر کاریگەری یەکێتی نیشتمانیدا نەبوو، بەڵکو هەڵقولاوی کێشەکانی سیاسی و تەشکیلاتی ناوخۆی کۆمەڵە بوو.

عەلیزادەو موهتەدی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی رووبەڕوو ئەنجامدەدەن

×سەبارەت بە هەموو ئەو بەحسانەی کە منو تۆ کردمان کاک عەبدوڵڵا دەڵی "من ئامادەم لەگەڵ کاک برایمدا لە مونازەرەیەکی تەلەفزیۆنیدا(تۆ) بەرێوەی بەرە، دانیشم بۆ ساغکردنەوەی هەموو ئەو کێشانە کە خەتای من بووە یاخەتای کاک برایم بووە، ئێمە راستین یان ئەوان، فکرەو ئیدیۆلۆژیای ئێمە واقیعی ترە یان ئەوان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو قسەیە بە تەعارۆفێک دەزانم و پێم جیدی نییە. بەڵام کاتێک ئامادەم ئەو کارە بکەم کە پێشتر بەڵگەنامە سەرەکییەکانی مەربوت بە مێژووی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێرانمان بلاوکردبێتەوە. چونکە تەنیا لەو حالەتەدایە کە مۆنازەرەکە نابێت بە قسە بەشەڕدان، بەڵکو پێی لەسەر ئەرزی واقیع دەبێ.

×بڵاوبوونەوەی ئەوبەڵگەنامانە چ سودێکی هەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سوودەکەی ئەوەیەکە کەس ناتوانی لە گفتوگۆی شەفاهیدا، بینەرانی ئەم تەلەفزیۆنە یان ئەم مونازەرەیە چەواشە بکات، مومیکن نابێ بۆی بکرێت.

×ئەو چەواشە کارییانە چین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: گۆرینی رووی راستییەکان، ئاوەژوو نیشاندانی مێژووی ئەم جەرەیانە، دەرباز کردنی خۆ لەبەرپرسایەتی، پاساو هێنانەوە بۆ ئەم یا ئەو هەڵە و گەلێک شتی دیکەی لەم چەشنە.

کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵە
1995 (کوردستانی عێراق)

کۆنگرەی هەشتەم، ڕێکخستنەوەی بەشی تەشکیلاتی نهێنی -1995- کوردستانی عیراق

× کۆنگرەی هەشتی کۆمەڵە ڕۆژانی (28 تا 30) تیر مانگی (1374) واتە لە (17-21)ی ژوئەنی (1995) لە کوردستانی عیراق بەستراوە، هەلومەرجی ئەو کاتەی کۆنگرە چۆن بەڕێوەچوو؟ کۆنگرە تاچەند جیاوازبوو لە کۆنگرەکانی تر؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سەرجەم کۆنگرەکانی، حەوتو هەشت لەکەش‌وهەوایەکی کەم و زۆر وەکو یەکدا بەڕێوە چوون، ئەویش بریتی بوولەهەولدانی کۆمەلە بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی هەموو ئەو ئۆرگان و میکانیزمە تەشکیلاتیانەی کە بە بۆنەی جیابوونەوەی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە تێکچووبوون.

کۆنگرەی حەوت پێشتر بەشێک لەو کارەی کردبوو، تارادەیەک ڕێکوپێکییەکی لانی کەمی پێکهێنابوو. بەڵام لە نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشتیشدا هەولدەدرا بۆ ئەوەی کە هیچ بۆشاییەکی سیاسی لە هەلوێست و بۆچوونەکان و لێکدانەوەمان لەسەر هەلومەرجەکە نەمێنێ. بە نیسبەت هەلومەرج سیاسی لە ئێراندا و لە کوردستان کۆنگرەی هەشت لەدەورەیەکدا بەڕێوەدەچێت کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی داوا لە خەلکی ئێران دەکا دەرفەتی پێبدەن وێرانییەکانی شەری (8) ساڵە قەرەبوو بکاتەوە. ڕەفسەنجانی بە کۆمەلێک بەلێنی تازە هاتۆتە سەر کار و ئیدعا دەکات کە دەیەوێت ئابووری ئەو وڵاتە ببوژێنێتەوە. خەلکی ئێرانیش کە زۆر بە شەر و وێرانیەکانی شەرو کوشت و کوشتار و بێ سەر و سامانی ژیان لە دەورەی شەردا سەخلەت بوون.

لە ڕاستیدا ئەو دەرفەتەیان بە دەولەتی ڕەفسەنجانیدا و بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان چ لە کوردستان و چ لە ئاستی سەرانسەری ئێراندا تا ڕادەیەک بێدەنگبوون.لەوکاتەدا بۆ ئێمەش ئەولەویەت بریتی بوو لە بنیاتنانەوەی سەر لە نوێی

ڕێکخستنەکانی بەشی نهێنی، گرتنە بەری شێوەکاری دروست و کۆ کردنەوەی ئەزموونەکانی ئەو زەربانەی کە تەشکیلاتی نهێنی ئێمە لـەدەورەی شەڕی ئێران و عیراقدا خواردبووی. پێشبینی ئەوەماندەکرد کە ڕژێم بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەوام دێنێ و پێویستە ئێمەش خۆمان بۆ کار کردن لە وەها بارودۆخێکدا ئامادە بکەین. لە دەرەوەی وڵاتیش و دوای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە لە ڕێگەی تورکیەوە خۆیان گەیاندبووە وڵاتانی ئەوروپایی و کانادا و ئۆستۆرالیا، چووینەوە سۆراغیان و ئەوانەی ئامادەبوون لەگەڵ کۆمەڵە درێژە بەچالاکی بدەن، لەو کۆنگرەیەدا، نوێنەرایەتیکران.

× لە دوابەدوای کۆنگرە وتووێژێک لەگەڵ تۆ کراوە، لەو وتووێژەدا تۆ ئەڵێیت "ئێمە خەریکی وەگەڕخستنی رادیکاڵیزمی کۆمەڵایەتین، ئێمە حزبێکی توندرەوی چەپ نین، بەڵکو ئێمە رەوتێکی سۆسیالیستین" ، مەبەستت لە رادیکاڵیزمی کۆمەڵایەتی چییە؟ زۆر کەسیش ئێوە بەچەپێکی توندرەو ئەناسن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مانای ئەوە بوو کە دروشم و هەڵوێستی رادیکاڵ دەبێ لە جەرگەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکدا خۆی نیشانبدات. ئەوە بەس نییە کەئێمە لەسەر ئەم یا ئەو مەسەلە هەڵوێستی رادیکاڵمان هەبێ، بەڵکوو دەبێ هەولبدەین کە ئەو هەڵوێستەی ئێمە مەقبولیەتێکی کۆمەڵایەتیش پەیدا بکات. بتوانێ بێی بە هێز لە خەباتی رۆژانەی ناو کۆمەڵگادا. مەبەست ئەوە بوو کە ئێمە دەبێ بتوانین، پێشرەفتی ستراتێژی خۆمان لە ناو خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا، لە ناو ژنانی یەکسانیخوازدا، لە جەرگەی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستاندا ببینین. ئەو بۆچوونە ئەوکاتە بۆیە تەئکید دەکرایەوە چونکە رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریش گەلێک هەڵوێست و دروشمی هاو چەشنی ئێمەی بەرز کردبووەوە. ئێمە لەو ساڵانەی دوای جیابوونەوەکەدا ئەو جیاوازیەش کە زۆرتر مانای عەمەلی هەبوو،

نیشانبدەین. ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە شێوەکاری خۆیان، بە فەرهەنگێک کە بە تایبەت لە یەک سالی پێش جیابوونەوەدا لەناو ریزەکانی ئێمەدا ڕەواجیان دابوو، حەرەکەتی ئێمەیان لەم جیهەتەدا خاو کردبووەوە.

ڕەوتی سۆسیالیستی لەناو ئێمەدا دوای ئەو ڕووداوانە پێویستی بە پێداچونەوەیەک هەبوو لە مەیدانی کردەوەدا. کۆنگرەی (8) بە بەشی خۆی هەولیدا هەنگاوێک لەم جیهەتەدا بنێ.

هەوڵدان بۆ سۆسیالیزم

×ئەو سۆسیالیستەی کەلەو کاتەشدا تۆ باستکردووە، تا ئەگات بە ئێستاش کام سۆسیالیستەیە؟ ئەو سۆسیالیستەیەکە دەیەوێت عەدالەتی ئیجتماعی دروستکات، یا ئەو سۆسیالیستەیە کە لەیەکێتی سۆڤیت هەبوو، شکستی هێنا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە پێمانوا نەبوو و پێمانوا نییە کە لە یەکێتی سۆڤیتدا هەرگیز نیزامی سۆسیالیستی دامەزرا. بەڵکو پێمانوایە کە چینی کرێکار لەرێگەی شۆرشێکی کرێکارییەوە بە دەسەڵات گەیشت وە ماوەیەکیش لە دەسەڵاتدا ماوە، بەڵام بە هەموو هەولێکیش کە دای، بە هۆی گەلێک هۆکاری سیاسی و رێکخراوەیی و هەلومەرجی بابەتی، نەیتوانی سۆسیالیزم دابمەزرێنێ و دواتریش لە سالەکانی کۆتایی دەیەی (1920)دا نەیتوانی لە دەسەڵاتیشدا بمێنێتەوە. وەکو بەرنامەی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی ئابوری ئەوەی کە لەو وڵاتەدا بەرێوەچوو ئارەزوەکان و ئاواتەکانی ناسیۆنالیزمی روس بوو کە بەرێوەچوو، وەکو حزب وەکو دەسەڵاتی سیاسی ئەوەی کە جێی گرتەوە دەسەڵاتی حزب بوو لە جیاتی دەسەڵاتی چینی کرێکار، ناو خۆی حزبیش بۆ ئەنجامی وەها مەبەستێک چەندجار تەسفیەکرا و رێکخرایەوە.

لەروانگەی منەوە سۆسیالیزم تەنیا یەکسانی نییە، بەڵکو لە

هەمان کاتدا ریفاه و خۆشگوزەرانیشە. یەکسانییە لە بەهرەمەندی لە ئیمکاناتی فراوان و پێشکەوتووی ژیاندا. بەڵام ئیمکاناتی پێشکەوتووی ژیان چۆن پەیدا دەبێت؟ شۆرشی کرێکاری رووداوێکی کەم و زۆر کورت ماوەیە، بەڵام بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کاتی دەوێ و وردە وردە پەرەدەستێنێ. چینی کرێکار وەکوو چینێکی کۆمەڵایەتی خۆی رێکدەخا و دەسەڵاتی دەولەتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە دەستەوە دەگرێت. بەڵام ناتوانێ سۆسیالیزم بە یەک زەربە دابەزێنێ. لە روانگەی ئێمەوە ئەوەی کە لە رووسیا بەرێوەچوو سۆسیالیزم نەبوو، بەلکو دەسەڵاتی سەرمایەداری دەولەتی بوو بە سەر ئابووری ئەو وڵاتەدا.

ئاسۆی ئێمە بۆ سۆسیالیزم بریتییە لە گەشەپێدانی ئابووری، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە گشتی کە ئیمکانی بەهرەمەندی ئینسانەکان لە رەفاهیاتی ژیان ئامادە دەکات، بەڵام ئەم کارە لە ژێر چاودێری بە سەرکردایەتی چینی کرێکار دەکرێت.

×ئەوەی لە دەیەی حەفتاکان تا ئەگا بە سەرەتای دەیەی نەوەدەکان، رەوتی سۆسیالیزم، رەوتی کۆمۆنیزم، لە گەشەیەکی بەرچاوابوو لەسەرتاسەری دنیادا، یا گەرایش و مۆدێلێکی بەرچاوبوو، زۆربەی مەنتیقەی گرتبووە، بەڵام لەگەڵ سەرەتای دەیـەی نەوەدکانو شکستی بلۆکی سۆڤیتو سەرکەوتنی باڵی لیبراڵ بەرابەرایەتی ئەمەریکا، پێتوایە گەرایشی چەپو سۆسیالیستی لەسەرتاسەری دونیادابەرەو لاواز بوون چوو، ئەمەوێ بلێم ئیسلامی سیاسی یان فەندەمیتالیزم بووە بە دیلی سۆسیالیست وە گەشەیەکی بەرچاوی نەکردو سەرتاسەری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی بگرێتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشتر ئەوە بلێم کە پاشەکشەی سۆسیالیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی (1925 تا 1928)لە یەکێتی سۆڤیەت. ئەو رەوتەی کە لە ساڵانی دوای دەیەی (30)ی لە ئاستی جیهانیدا لایەنگری

لە حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت دەکرد، یان تەنانەت ئەو رەوتەی کە دوای شۆرشی چین و دوای سەربزێوی ئالبانی و یۆگسلاوی هاتە کایەوە، یان ئەو ئەزموونەی کە لە وڵاتی کوبا بەرێوەچوو، هیچ کامیان نوێنەرایەتی رەوتی سۆسیالیزمی زانستی و ئامانجەکانی چینی کرێکاریان نەدەکرد.

لەراستیدا ئەو پاشەکشەیەی کە ئێوە باسیدەکەن گەلێک پێش ئەوانە دەستیپێکردبوو. سەرمایەداری دەوڵەتی بەرانبەر بەسەرمایەداری بازاری ئازاد ریز بەستنێکی سیاسی و سەربازی لە ئاستی دنیادا پێکهێنا بوو کە دەورانی دوورودرێژی شەری ساردی لێکەوتەوە. بەڵام تەبلیغاتی هەر دوو بەرەی ئەو کێشەیە وایکردبوو کە جیهان سۆسیالیزم هەر بەوە بزانێ کە مەوجوود بوو. دەنگی حزبو رەوتی چکۆلە و رادیکاڵ لە گۆشە و کەناری دونیا لە ژێر هەرا و هوریای ئەو پروپاگەندەیەدا کپببوون. کە بلۆکی رۆژهەڵات هەڵوەشایەوە بۆ ماوەی (10) ساڵ تەبلیغاتی دژی کۆمۆنیستی هەموو جیهانی داگرت.

سەرمایەداری بازاری ئازاد بەڵێنی خۆشبەختی و داهاتوویەکی پر لە ئاسایش بۆ هەمووواندا. نیئۆلیبرالیزم وەکوو بەدیلێکی نوێ هەوڵیدا وەڵامی قەیرانەکانی ئابووری ئەو سەردەم بداتەوە و جارێکی دیکە و دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەم رەونەقێک بە بازاری سەرمایەداری بداتەوە. ئەلبەت تارادەیەکیش لەم پرۆژەیەدا سەرکەوتوو بوو. بەڵام هەروەکو پێشبینیش دەکرا جارێکی دیکە ئەزمەی ئابووری روویکردەوە ئەو سیستەمە و بنبەستەکان و بێتواناییەکانی نیئۆلیبرالیزمیش لە ساڵەکانی ناوەراستی دەیەی نەوەد وردە وردە دەرکەوتن.

فاندەمانتالیزمی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە ئێران هەوڵیاندا بۆ ئەوەی کە بەرانبەر بەم ئەزمەیە و بەرانبەر بە هێرشی گلۆبالیزاسیۆن بەدیلێک بێننە گورێ. لە نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دیتمان کە ئەم بەدیلە هیچ پرۆژەیەکی ئابووری

جیاوازی پێ نییه و سەرەرای هەوڵ و تەقەلاکانی سەرەتایی بۆ زیندووکردنەوەی یاساکانی ئیسلامی لە بواری ئابووریدا، سەرئەنجام هەر چووەوە سەر رەوتی نیئۆلیبرالی زاڵ بە سەر دونیادا.

لە شوێنەکانی دیکەش تا ئێستا نەک هەر نەیتوانیوە رێگایەکی باشتر بۆ ژیان نیشانبدات، بەڵکو لەرووی سیاسیشەوە بێتوانایی و بێ ئاسۆیی ئەم رەوتە دەرکەوتووە. سەرمایەداری جیهانی بەسەرکردەیی ئەمریکا هیچکام لە کێشەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی ئێمەی لە هیچ شوێنێک پێ چارەسەرناکرێ. دەست بۆ هەر پرۆژەیەک دەبات بە دەستیەوە نایێت و بە بێ هیچ پلانێکی رۆشن بۆ داهاتوو لە تاریکیدا پەل دەکوتێ. لە وەها هەلومەرجێکدا سەرەتاکانی بوژانەوەیەک دەبینین کەبەدیلی سۆسیالیستی بە بیروبۆچوون و بە بەرنامەی کۆمەڵایەتی و بە رێگا چارە سیاسییەکانی خەریکە لەئاستی جیهانیدا جارێکی دیکە مەقبولیەت پەیدا دەکاتەوە.

ئیسلامی سیاسی، ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیزم نییە

× جوابی پرسیارەکەی منت نەدایەوە، گەشەی خێرای فەندەمێتالیزم دەرەنجامی شکستی سۆسیالیست بوو لەوسەردەمەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئیسلامی سیاسی وەکو ئێوە باستانکرد بەدیلی سۆسیالیزم نەبوو، بەڵکو بەدیلی بێ توانا و نەزۆکی ئەزمەیەک بوو کەسەرمایەداری جیهانی داگرتبوو. زەعفی رەوتی سۆسیالیستی و ئەزموونی شکستخواردووی سەرمایەداری دەوڵەتی لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا، بۆ ماوەیەک ئیمکانی گەشەکردنی بە فەندەمەنتالیزمی ئیسلامیدا و ئێستا خەریکە ئەو جێگا و شوێنەی

خۆی لە دەستدەدات. نەک هەر ئەو ڕەوتە بەڵکو ناسیۆنالیزمی باو لە وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریش نەیتوانی بەدیلێک بەرانبەر بە ڕەوتی جیهانگیری سەرمایە پێکبێنێ.

لەترسی ئێران
کۆنگرە لەزرگوێزەوە بۆ سلێمانی

× لەسەروبەندی کۆنگرەدا ، کەسانی سەر بە ئێران، دیارە مەبەستم ئیتلاعاتە ویستویانە تۆپبارانی مقەرەکانی کۆمەڵەو کۆنگرە بکەن، وە شەڕ رویداوە لە کاتی کۆنگرەدا، شتی وا هەبوو؟ چۆن بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەو دەوریەدا ئیتلاعاتی ئێران و سوپای پاسدارانی بە بەربلاوی لە کوردستانی عیراق چالاکییان هەبوو، هەم خەڵکی خۆیان دەنارد، هەم خەلکیشیان لێرە ئەکری، کەسانێکی زۆریان لە ئێمە و لە حزبەکانی دیکە تیرۆر کرد. بۆ هاتوچۆیەکی زۆر ئاسایی بەینی ئێرە و سلێمانییە، مەجبور بوین کاروانێکی نیزامی بخەینەرێ، مەجبور بوین هەر سەد مەتری تەئمین دابنێین و کەمین دابنێین بەدۆشکاوە حەرکەت بکەین، تازە بەوانەشەوە هەر توشی شەڕ دەبوین. لەمبەری جادەی عەربەتەوە بارەها و بارەها پیکابیان دەهێنا کە خۆمپارەی لەسەر دامەزرابوو و لەوێوە زرگوێزیان ئەکوتا. لەسەر ئەو ملانەی دەروروبەر دەهاتن بە (RPG) لە مقەرەکانی ئێمەیان دەدا، وە بێجگە لە هەموی ئەوانە لە باشماخ پایگای موشەکیان دامەزراند بوو و ئێرەیان بە خەستی موشەک بارانکرد. بۆیە ئێمە هەمیشە چاوەروانی ئەوەمان دەکرد کە هێرشمان بکرێتەسەر. لەسەرەتاوە چاو و راومان خستە رێ کە کۆنگرەکە لە زرگوێز دەگرین، بەڵام لە دوایین کاتەکاندا شوێنەکەیمان گواستەوە بۆ سلێمانی.

×هیچ رویدا لەو کاتەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو هێرشەی کە ئێوە باستانکرد بە ئاسانی پوچەڵکراوە و زیانێکی بە ئێمە نەگەیاند. تیمێک بوون هاتبوونە ئەو نزیکانە تەقەمان لێکردن و بریندارێکیان دا و دەرچوون و هەندێک کەلو پەلیان لێ بەجێما و ئاگادار بووین کە بریندارەکەشیان بردەوە بۆ ئێران.

×کێ بون ئەو تیمانەی تۆپبارانی ئێوەیان دەکرد؟ ناسیتانن، سەر بە چ گروپێک بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئیتلاعاتی جمهوری ئیسلامی هاندەریان بوون، بەڵام لێرەش دۆستو هاوکارییان بوو.

× دواجار ئێوە سەرکەوتن بەسەر ئەو مەسەلانەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە توانیمان ئەمینیەتی خۆمان بەرادەیەکی باش بپارێزین، بەڵام وردە وردە بارودۆخی سیاسی کوردستانی عیراقیش گۆرانکاری بەسەرداهات، وە بەتایبەتی کە پرۆژەی نەوت بەرابەری خۆراک تارادەیەک باری ژیانی خەڵکی سوکتر کرد، ئیتر جمهوری ئیسلامی بۆی ئاسان نەبوو ئەم و ئەو لە بەر برسێتی و لەبەر بێ دەرەتانی بکرێ و بە گیانی ئێمە مانانیاندا بکات. ئەوانە هەموویان دەستیاندایە دەست یەک، سەرجەم کەشوهەواکەیان ئارامتر و ئاسوودەتر کرد.

یەکێتی نەچووە ژێر فشاری ئێران

×هەر لەو کاتەدا لەسەر و بەندی کۆنگرە و ساڵی (1995) گوایە ئێران فشاری خستۆتە سەر یەکێتی نیشتمانی بۆ داخستنی بارەگاکانی ئێوە و فشار لەسەرتان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەردەوام ئەو فشارەبووە، بەڵام یەکێتی لەبەرامبەر ئەو فشارانەدا مقاوەمەتی کردووە.

خەڵکی زرگوێز کۆمەڵەیان خۆشدەوێت

×بۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هۆکاری جۆراوجۆری هەبوو. پەیوەندی دۆستانەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی، کۆن و جێکەوتوو بوو. جگە لەمە یەکێتی نیشتمانی دەیزانی کە ئەمە بیانوویەکە بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری کوردستانی عیراق و بەوەش کۆتایی پێنایەت و رژێمی کۆماری ئیسلامی جێگەی بروایان نەبوو و دەیانزانی کە بەردەوام تەوەقۆعیان دەچێتەسەرێ و پێویستە سنووریک بۆ ئەو داواکاری و زەختەی رژێمی ئێران دابندرێ.

جگە لەوانە پەیوەندی مێژوویی خەباتی گەلی کورد لەم دوو پارچەیە و بە تایبەت بە هانای یەکەوە چوونیان لە سێ دەیەی رابوردوودا وایکرد بوو کە کۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی خەلەلی بنچینەی تێدا پێکبێنێ. خەڵکی کوردستانی عیراق ئێمەیان خۆشدەویست و ئارەزومەندانە لای دەستی ئەوان درێژەمان بە چالاکی خۆمان دەدا. هەموو تۆپباران و موشەکباران و تێررۆر و هەلگرتنی ئاسایش لە خەڵکی سنوورەکان و لە ئاواییەکانی دەوروبەری ئێمە تەنانەت بۆ یەک جاریش نەبووە هۆی ئەوەی کە خەڵک لە دژی ئێمە هەلویستێک دەر ببرن و یان ناوچاوانمان لێ گرژکەن.

رژێمی ئێران تەنانەت نەیتوانی خەڵکی ئاوایی زرگوێز کە ئەو هەمووەش ئەرکمان بە سەریانەوە بوو، ئەو هەمووەش بە بۆنەی ئێمەوە ئاسایشیان تێکچوو بوو لە دژی ئێمە هانبدات. دیارە ئەو بارودۆخە لە سیاسەتی یەکێتی نیشتمانیدا بەرانبەر بە ئێمە رەنگیدەداوە.

هاتنی پاسداران بۆ کۆیە هەڵەبوو، بەڵام ئێران مەبەستی یەکێتی بوو نەک دیموکرات

× باشە خۆ هەر ئەو کاتانە بوو، هەرلەوسەردەمانەبوو، هەر ئەو دۆستایەتیە بەڵام سوپای پاسداران دێتەسەر بارەگاکانی حزبی دیموکرات لەکۆیە، بەڵام نایەتە سەر بارەگاکانی کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکێتی نیشتمانی بەرانبەر بە زەختی کۆماری ئیسلامی ئێران لەرادەیەکی سنووورداردا سازشی سیاسی دەکرد. دیارە بێگومان ڕێگە پێدان بە هێزی پاسداران کە بچێتە سەر مەقەرەکانی حزبی دیموکرات، ئەگەرچی لە ژێر زەختی زۆری رژێمی ئێراندا بوو، بەڵام سیاسەتێکی هەڵەبوو و زەربەی قورسی لە متمانەی خەلکی کوردستانی ئێراندا. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش بزانن کە حزبی دیموکرات پێشتر لە هێرشەکە ئاگادار کرا بووەوە و هەر بۆیە زیانێکی پێنەگەیشت. لە واقیعدا مەبەستی رژێمی ئێران، حزبی دیموکرات نەبوو، بەلکو مەبەستی شکاندنی سومعەی یەکێتی بوو، حزبی دیموکرات بوو بە بیانووی بەرێوەچوونی ئەو پلانە کە تائێستاش لەسەر شانی یەکێتی قورسایی دەکات.

× سازشی سیاسی هەیە سنوداربێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بوونی چالاکی ئێمە و حزبەکانی دیکەی کوردستان لە سنوورەکانی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کە هەتا ئیمرۆش بەردەوامە نیشانەیەکە بۆ سنووردار بوونی ئەو سازشانە.

×پێتانوایە لەو سەردەمانەدا ئەگەر لەژێر ئیدارەی پارتی دیموکراتی کوردستان بونایە، وەزعییەتان وەکو ئێستا باش ئەبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پەیوەندی ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی جیاوازی هەیە. ئەو پەیوەندییە هەمیشە وەکو ئێستا دۆستانە نەبووە. ئەوان لە ساڵەکانی دەیەی (1980)

لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی ئێران لە دژی ئێمە و حزبی دیموکرات بە شەڕ هاتن. ساڵەکانی دواتریش کە مەقەرەکانی ناوەندی ئێمە هاتە ناو کوردستانی عیراق، ئێمە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیدا بووین. لەم ساڵانەی دواییشدا کە پەیوەندییەکان گۆران و شەڕ و نێوان ناخۆشی تەواو بوو، پارتی بە پارێزەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران هەڵسوکەوتی دەکرد.

پارتی، هاوکاری ئێرانی دەکرد دژی کۆمەڵەو دیموکرات

×لە نێوان ئێوە و پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕ ڕوویداوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، ئەوکات سەرکردایەتی پارتی لەژێر ناوی "قیادە موەقەت"دا کاریدەکرد و هێزەکانی لەناوچە سنوورییەکان و لەناو خاکی ئێراندا دامەزرابوون.

×کەی؟ چۆن؟ بۆچی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو ڕووداوانە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ ساڵەکانی (1980 تا 1983)ی زایینی. لە ناوچە سنوورییەکانی شنۆ، سەردەشت و مەریوان ڕوویاندا و چەندین هاوڕێی ئێمە تێیدا گیانیان بەختکرد. لەسەر داوای ڕژێمی ئێران بوو. پێموایە باجێک بوو کە لە پێناوی مانەوەی خۆیان لەئێران دەیاندا و زەربەی سیاسی و مەعنەوی قورسی لێدان.

×وەلحاسڵ دەتەوێ بڵێی دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ یەکێتی دۆستایەتیەکی مێژویی ترە، ئەحزابی کوردستانی ئێران بەو شێوە لەگەڵ پارتی نییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وایە.

پارتی لەدیموکرات نزیکترە
ئێمەش لە یەکێتی

×سـەرەرای ئەوەی کە تۆ پاستکرد، ئەو کاتەی کە قیادە موقەتە هێرشی ئەکاتە سەر کۆمەڵە و دیموکرات، بەڵام لە ئێستادا وە چەند سالە پێش ئێستا پەیوەندییەکانی حزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی عیراق زۆر چۆتە پێشەوە، ئەکرێ ئەمە لەبیرکردنی مێژووبێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە دوای چەند ساڵ سەرئەنجام پارتی بە سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە هێزەکانی کوردستانی ئێراندا چووەتەوە و هەولیداوە پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ دابمەزرێنێتەوە. ئەو پەیوەندییە لەگەڵ حزبی دیموکرات نزیکتر بووە و بۆ ئێمەش لە ئاستێکی دیاریکراودا، ئاسایی بووە.

کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵە
2000 (زڕگوێز)

کۆنگرەی (9)ی کۆمەڵە
بەرەو جیابوونەوەی عەبدوڵڵای موهتەدی
-2000- زرگوێز

× پێمخۆشە بێینەسەر کۆنگرەی (نۆ) ئەو کۆنگرەیە کە پڕ کێشەیە، چۆن ئەو کاتەی کە مەنسوری حیکمەت‌و کۆمۆنیزمی کارگەری کۆمەڵە جێ ئەهێڵن، ئینشعابێک دروست ئەبێ، و فشارێکی نێگەتیڤانە جێ ئەهێڵێ لەسەر کۆمەڵە، لە کاتی کۆنگرەی نۆ جارێکی تر (عەبدوڵڵا موهتەدی) لەژێر ناوی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)وکۆمەڵێک حیجە بەشداری کۆنگرە ناکەن و ئەچنە دەرەوە، دواتر ئەوەی کە حزبێکی تازە دروست ئەکەن، باسی کۆنگرە لە گەلاوێژی ساڵی (1379)لەئوتی (2000)دا دیسان لە ئۆردوگای (زرگوێز) نزیک شاری سلێمانی بەرێوەدەچێ لە کوردستانی عیراق، ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی پڕ کێشەو ئاژاوە بوو پێمخۆشە سەرەتا باسی ئەو کۆنگرەیەم بۆ بکەی، ئەو کۆنگرەیە بۆ بەو وەزعە بەرێوەچوو؟ بۆچی نەئەکرا رێگری و پێشگیرییەکی لێبکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی (9)ی کۆمەڵە خۆی کێشە و پشێویکی تێدا نەبوو، ئەوەی کێشە بوو پێش بەرێوەچوونی کۆنگرە و لە جەرەیانی تەداروکی کۆنگرەدا روویدا. ئەو هاورێیانەی کە ئامادەنەبوون بێنە ناو کۆنگرە و ئامادەنەبوون پابەند بن بەبریارەکانی کۆنگرە، دواجار لە کۆمەڵە جیابوونەوە و رێکخراوێکی دیکەیان پێکهێنا. لە سەدا (20)ی نوێنەرانی کۆنگرە لە لایەنگرانی ئەوان پێکهاتبوون کە ئامادەنەبوون لە کۆنگرەکەدا بەشداریبکەن.

ئەوان داوایان دەکرد کە کۆنگرە بۆ ماوەی (6) مانگ تا ساڵێک دوا بکەوێ و لەو ماوەیەشدا کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە

تەوافۆق پەنجا بە پەنجا لە بەپێی هەر دوولا دابەشبکرێ.

لایەنی ئێمە ئەمە قەبول نەبوو، چونکە ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی ئەو کاتی کۆمەڵە وەها فۆرمولێکی قبول کردبا، بە مانای ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی غەیرە دیموکراتیک، کۆنگرەکەی پێشووی خۆی پێشێلکردووە و کۆمیتەی ناوەندیەکی دیکەی کە شەرعیەتی لە هیچ کۆنگرەیەک وەرنەگرتووە لەجێگا داناوە. ئێمە نەمان دەتوانی، ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێشوو لەسەر کار لاببەین و لە سەدا (50)ی کەسەکانی ئەوان لە جێگایان دابنێین.

جگە لەوە ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆکۆنگرەی (9) چ لە رێکخراوی ناوەوەی وڵات و چ لە رێکخراوەکانی دەرەوەی وڵاتەوە هاتبوونە بەردەم سالۆنی کۆنگرە و زۆربەی هەرە زۆریان داوای بەرێوەچوونی کۆنگرەیان دەکرد و ئامادە نەبوون بۆ دواخستنی کۆنگرە، چ جای ئەوەی کە بە سەر سەری ئەوانەوە کۆمیتەیەکی ناوەندی تازەش بە تەوافۆق دیاری بکرێ.

ئەو پێشنیارەی ئەوان بۆ دواخستنی کۆنگرە بۆ ئەوە بوو کە بشێوی لە ناو ریزەکانی لایەنی ئێمە پێکبێنن. خۆ ئەگەریش پەسەندمان کردبا و هیچ کێشەیەکیش لە ناو ریزەکانی لایەنی ئێمە بەرانبەر بە وەها بریارێکی نادیموکراتیک رووی نەدابا، ئەوان چەند مانگ دواتر هەر جیادەبوونەوە.

بەڵام بە خەیاڵی خۆیان دەیانەویست بە دەستێکی لە بواری تەشکیلاتییەوە پرتر جیاببنەوە. دواجار ئەو راستییە ئاشکراتر بووکەجیاوازییە سیاسییەکان قووڵتر لەوە بوون کە پێکەوەمانەوەمان ئیمکانی هەبێ.کێشەی نێوان ئێمە و ئەوان ئەگەرچی لەسەر مەسەلەی هەڵەیەکی تەشکیلاتی دیاریکراو بوو کە تەقییەوە، بەڵام لە جەوهەر و ناوەرۆکی واقیعی خۆیدا ریشەی لە گۆرانکاریەکدا بووکەلەستراتێژی و بیروبۆچوون و سیاسەتی ئەواندا پێکهاتبوو. کاتێک بە هۆی ئەو هەڵەیە،کۆنگرەی (7)ی

حزبی کۆمۆنیست، عەبدوڵڵا مۆهتەدی هەڵنەبژاردەوە و بە هۆی ئەوهەڵەیەوە ڕەخنەی لێگرت،کاک عەبدوڵڵا دوایی بەیانێکدا کە بڵاویکردەوە وردە وردە پێینایە ڕێگایەکەوەکەئاگاهانە بەرەوجیابوونەوەی دەبرد.

×کۆنگرەی حەوتی حزبی کۆمۆنیست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ لەو کۆنگرەیەدا، کاک عەبدوڵڵا نەک هەر خۆی کاندیدکرد بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزب، ئەو حزبەی کە حەوتوویەک دواتری کەوتە مۆخالفەت کردنی جید ییەوەلەگەڵی،بەڵکوگەلێک هەوڵیداکە هەڵبژێردرێتەوە. هەرچەند کاک عەبدوڵڵا بە هۆی ئەو هەڵەیەوە کە کردبووی لە کۆنگرەدا ڕەخنەی لە خۆی گرت و داوای لێبوردنی لە کۆنگرە کرد، کۆنگرە لەگەڵ ئەوەشدا کەسەمپاتی بە ڕەخنە لە خۆکەی نیشاندا، بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حزبدا، کە دەنگدان بە پێی قاعیدە نهێنییە، زۆرینە دەنگی بۆ نەدا.

× کێشەکە ئەوەندەی پەیوەندی هەبوو بە مەسائیلە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەوە، ئایا ئەوەندە پەیوەستبوون بەمەسەلەی ئیدیۆلۆژیو حزبی کۆمۆنیستوفکریو چەپو مەسەلەی ناسیۆنالزم؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەو کاتەدا،کێشەکان پەیوەندییان بە ئیدئۆلۆژی و سیاسەت و ڕێبازەوە دیار نەبوو. ململانێی فکری و سیاسی لە ناو ئێمەدا ئەوەندە گەشەی نەکردبووکە سنووری جیاوازییەکانمان بەڕوونی دیاربێ. بەڵام دواجار دەرکەوت کە کاک عەبدوڵڵا وەکوکەسی یەکەمی ئەوحەرەکەتەی ئەوان هەر شتێک هاندەری بووبێ، ئەو کەسانەی کە هێزی جیابوونەوەکەی بوون و ئامادە بوون لە گەڵی برۆن، بێگومان هەستیان بە جیاوازی لە ڕێبازی سیاسی خۆیان و لایەنی ئێمەکردبوو و ئەو لایەنە خۆیان ئاگایانە هەڵبژارد بوو. ئەوان بەرواڵەت داوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان وەکو یەک چوارچێوەی ڕێکخراوەیی

دەکرد، بەڵام لە راستیدا لەگەڵ هەر سێک وشەکەی حزب و کۆمۆنیست و ئێران، بە جیاجیاکێشەیان هەبوو. ئەوکات بەرووني باسی ئەوکێشەیەیان نەدەکرد. پێکهێنانی ئەو حزبەیان بە هەلە دەزانی، بەکۆمۆنیسم و رێبازی کۆمۆنیستی بێباوەر ببون و لایان وابوو کە پێداگرتن لەسەر ئەو رەوتە بۆتە مایەی لاواز بوونی کۆمەلەلەلە بزووتنەوەی کوردستاندا، نەیاندەویست حزبێکی سەرانسەری لە ئێران بن، بەڵکو رێکخراوێکی بە تەنیا کوردستانییان گەرەک بوو. سەرچەمی ئەم هەلوێستانەیان کە لەچوارچێوەی بوژاندنەوەی کۆمەلە"دا باسدەکرد، نیشانیدەدا کە ئەوان لەرووی ئامانج و بەرنامەی سیاسییەوە بەرەو ناسیۆنالیسمی کورد چوون و لە سۆسیالیسم دوور کەوتوونەتەوە. ئەمانە ئەوکات تەنها سەرەتاکانی دیار بوو، بەلام دواجار روونتر و شەفافتر لە رێبازی رەسمی حزبەکەیاندا دەرکەوت.

هەوڵماندا جیابوونەوە نەبێ

×نەئەکراهەرلەناو ئەوکۆمەڵەدا لایەنەکانی چەپ و گەرایشێکی مەیلەوناسۆنالیستو هەموو ئەو گەرایشانە بەیەکەوە کاربکەن، ئەو جیابوونەوەیە رووی نەدایە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە بە هیچ چەشنێک پێداگریمان نەکرد لەسەر جیابوونەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێمان باش بوو بمێننەوە و هەولبدرێ ئەو جیاوازییە سیاسییانەی کە لە نێوانمان دایە، بە شەفافی بۆ خەلکیش لە دەرەوەی خۆمان روون ببنەوە. لە ئاکامدا ئەگەر جیابوونەوەیەکیش روویدا با بۆ جەماوەری خەلک ئاسایی بوو و هەمووان دەیان سەلماند. کێشەکە ئەوە بوو، ئەوان بۆ ئەو مانەوەی خۆیان، هەروەک پێشتر باسکرا، باجێکیان لە ئێمە دەویست کە دانی ئەو

باجە بۆ ئێمە ئیمکانی نەبوو. دانی ئەو باجە بەردی بناغەی حەرەکەتی ئێمەی وەکو جەرەیانێکی شۆرشگێر و کۆمۆنیست دەر دەهێنا. تەنانەت ئەوکات ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئێمە بوون کەهەڵوێستێکی بەینابەنییان بوو، ئەوانیش بە سەهمی خۆیان گەلێک هەوڵیاندا کە لایەنەکەی کاک عەبدوڵڵا رازیبکەن بەوەی کەواز لە جیابوونەوە بێنن و هەر وەک دیتمان سەمەری نەبوو.

× ئێستا ئەم کتێبەی کەلەبەرچاوتایە، گوزارشی کۆمیتەی ناوەندی بە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە، پاش ئەوەی کە لە (1380)ی هەتاوی چاپکراوە، موهتەدی نوسیویەتی دوژمنان بە تەمای لەت لەت بونی کۆمەڵە و تەنانەت تێکهەڵچوونی چەکدارانەی باڵەکانی بوون و زۆر لە دۆستان‌و دڵسۆزان ویستیان رێگری لەم کارەبکەن، بەلام دەرەنجام ئەو کارە،کەئەوان ئەیانویست سەرنەکەوت و دەرەنجام ساغکردنەوەی کۆمەڵەی لێکەوتەوە". کێ بوون ئەوانەی کە ئەیانویست کۆمەڵە لەت لەت بێ و شەرو تەقە لەنێوانتان رووبدا دواجار بە ساغکردنەوەی کۆمەڵە کۆتایی پێهات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەنیا دەتوانم رژێمی جمهوری ئیسلامی بۆ وەها هەوڵێک دەستنیشان بکەم. لام وایە رژێمی ئێران ناراستەوخۆ و بە وردی کاری بۆ وەها رووداوێک کردووە. بە خۆشییەوە ئەو خەونەیان نەهاتە دی، جیابوونەوەکە گەلێک هێمنانە و شارستانییانە بوو و هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی لەو چەشنەی لێنەکەوتەوە.

ئێران کێشەکانی ئێمەی تەعقیب دەکرد

× کۆمەڵە لەت لەت بوو ئیتر چی ماوەکە لەت لەت نەبێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان هۆکاری جیابوونەوەکە سەرچاوەی لە کێشە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی ناوخۆی خۆماندا بوو. رژێمی ئێران کە هەستی بەهەبوونی ئەو ناکۆکییانەکردبوو، پلانی ئیتلاعاتی تایبەتی بۆ دادەرشت. چەند نیشانەیەک هەیە لەوەی کە ئەو پلانە لە رێگای دەزگای ئیتلاعاتی رژێمەوە بە ناوی رەوتی رێفۆرمخوازی ئەوکاتی ناو رژێم دارێژرا بوو.

ئێران دەستی هەبوو لەپارچەبوونی کۆمەڵەدا

× ئەو پلانە لە کوێوە بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێم، کاتێک کە باسی پلان دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە کە هیچکام لەو هاورێیانەی پێشووی ئێمە کە جیابوونەوە، پەیوەندییان بە رژێمەوە بوو بێ، تا ئەو جێگایەی کە بەم قەزیەی مەربووتە، پلانگێر هەر دەزگاکانی ئیتلاعاتی رژێم بوون. بەڵام ئەوان لەسەر جیاوازییەکانی ناو ئێمە بۆ بەرەوپێشبردنی پلانەکەیان کەڵکیان وەرگرت. دۆستێکمان هەبوو کە هیچ پەیوەندیەکی رێکخراوەیی بە ئێمەوە نەبوو، بەڵام وەکو دۆست لەگەڵ کۆمەڵە هەڵسوکەوتی دەکرد.

لە کاتی هاتنە سەرکاری خاتەمی و هاتنە گۆری رەوتی رێفۆرم خوازی ناوخۆی رژێم، ئەو بەم قەناعەتە گەیشتبوو کە دەکرێ لە رێگەی دەوڵەتی خاتەمییەوە دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ رژێم لەسەر مەسەلەی کورد بکرێتەوە. خۆی لە ئەوروپا ئەم بۆچوونەی خۆی لێرە و لەوێ تەبلیغ دەکرد و هەوڵیدەدا روناکبیرانی کوردی لە دەرەوەی وڵات لە دەور کۆبکاتەوە. ئەو کەسە خۆی نامەیەکی

بۆ خاتەمی نووسی و ئامادەیی خۆی دەربری کە لەم بابەتەوە هەولبدات. لە درێژەی ئەو نامە نووسینەدا، ئیتلاعاتی ئێران پەیوەندییان بەم برادەرەوە گرت و هانیاندا بوو کە هەولەکانی درێژە پێبدات و تەنانەت تەرتیبی چاوپێکەوتنێکیان لە دیمەشق دابوو.

دوای یەکەم پەیوەندی کە لەم رێگەیەوە لەگەڵ چەند مەئمورێکی ئیتلاعاتی ئێران لە دیمەشق گرتی و لە شاری لەندەن بە حوزوری دوو هاورێی دیکەی ئێمە بۆی گەراندینەوە، و وتی کە پێموتون پرۆژەی ئێمە بۆ کێشەی کورد مەعلومە، دەمەوێ بزانم پرۆژەی ئێوە چییە؟ و ئەوان ئێستا شتێکی دیاریکراویان نەگوتووە و تەنیا ئەوە نەبێ کە دەڵێن، ئێمەش لەناوخۆماندا گیروگرفتمان هەیە و پرۆسەی ئاشتی دەبێ وردە وردە رێگەی بۆ خۆشبکرێ. وەڵامی ئێمە بەو برادەرە ئەوە بوو کە هەر پەیوەندییەکی لەم چەشنە کە بەنهێنی و بە بێ ئاگاداری رەسمی کۆمەلە و حزبی دیموکرات بگیرێ، پێویستە وەکو پلان سەیری بکرێ و دەبێتە هۆی ناو زراندنی خۆشت. ووتی: دەی باشە ئەوە من لە رێگەی ئێوەوە بە سەرکردایەتی کومەلەم راگەیاند، وتمان لەگەڵ حزبی دیموکراتیش باسیبکە، ئێمەش لەگەڵ هاورێیانمان باسیدەکەین و هەلوێست دەگرین.

دوای ماوەیەک وەڵامیدابینەوە کە لەلایەن تەرەفی گفتوگۆکانمەوە پێیانگوتوم کە باسکردنی ئەو جەرەیانە لەگەڵ کۆمەلە ئیشکالی نییە، بەڵام لای حزبی دیموکرات باسی مەکە، چونکە مۆبادەرەکە لە بار دەچێ. ئەو کاتە بوو کە ئێمە بە روونی هەستمانکرد کە پلانێک لە دژی کۆمەڵە لە ئارادایە، کە تەنانەت خۆی ئەو برادەرەش وردەکارییەکانی نازانێ و ئەگەری ئەوە هەیە کە لەو بە ناو گفتوگۆ نهێنییانەدا ئەو برادەرە وەکو نوێنەرێکی ناراستەوخۆی کۆمەلە قسە و هەلسوکەوت بکات. بۆیە بە سەراحەتەوە هەر چەشنە پەیوەندی و قسەیەک کە بە ناوی

کۆمەڵەوە بکرێ ڕەتمانکردەوە.

مابووە ئەوەی کە ئەم جەرەیانە لە لایەن ئێمەوە لێدوانی ڕەسمی و ئاشکرای لەسەر بدرێ. لەو کاتەدا بوو کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەرووی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵەوە بەوە گەیشت کە ئەو کارە لەو کاتەدا زیانی هەیە و نەکرێ.

ئەم جەرەیانە ڕێک لەو کاتەدایە کێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵەش توند بوونەوە و وردە وردە ئەو هاوڕێیانەی پێشووی ئێمەی بەرەو جیابوونەوە برد. هەمووان دەزانن کە چەند مانگ پێش جیابوونەوە، دوو لایەنی کێشەکە لەسەر جێگا و شوێنی بەرەی ڕیفۆرم خوازانەی ڕژێم هەڵسەنگاندن و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو. من لام وایە ئیتلاعاتی ڕژێم کە هەستی بە هەندێک جیاوازی لە ناو ئێمەدا لەسەر ئەو مەسەلەیە کردبوو، هەوڵیداوە، هەلەکە بقۆزێتەوە و ناڕاستەوخۆ کێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵە قوڵکاتەوە، ئەمە چوارچێوەی ئەو پلانەیە کە باسکرا.

×کێ بوو ئەو کەسە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێم باش نییە ئێستا ناوی بەرم.

×پێتوایە ئەوە نائاگایانەبووە وەکو تۆ دەیڵێیت یان ئاگایانەبووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من هیچ بەڵگەیەکم نییە و ناتوانم خۆی بە هیچ چەشنە هاودەستییێک لەگەڵ ڕژێم تاوانبارکەم، بەڵام هەرچەند دەقی ئەو قسانەی کە کراون لە بیرم نەماون بەڵام سەرجەمی جەرەیانەکە بەو شێوەیە بوو کە باسمکرد و مێژوو و بەڵگەنامەکان لە داهاتوودا قەزاوەتی لەسەر دەکەن.

×یەعنی کارەکەی سەریگرت؟ ئـەوەی کە ئەو کەسە ئەیویست؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی ئەو برادەرە کەوتبووە شوێنی، خۆشباوەری و تەوەهۆماتی خۆی بوو. لای وابوو ڕۆژێک لەڕۆژان دەبێتە واسیتەی، مۆفاوەزە و ئەویش تێیدا دەور دەبینێ و جێگا

و شوێنێک بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. بەڵام لە راستیدا نە رژێمی ئێران خەیاڵی وتووێژی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوو و نە هەلومەرجی وەها وتووێژێک رەخسا بوو. ئەوە غەیری پلان هیچ شتێکی دیکەی تێدا بەستە نەبوو.

×مەبەستت ئەوەیە بڵێی کۆماری ئیسلامی لەو رێگایەوە، تەنها هەوڵی لەت لەتکردنی کۆمەڵەیداوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، ئەوە هەوڵێکبوو، بەڵام من ناڵێم هۆکارەکەی ئەوەبوو، ئەوە لە جوابی ئەو پرسیارەدا دەڵێم کە دەڵێی دوژمنانی ئێمە هەولیاندەدا، منیش پێموایە دژمنانی ئێمە هەولیاندەدا. بەڵام جیابوونەوەکە بە عەمەلی نەک لە ئاکامی پلانی رژێم، بەڵکو لەدرێژەی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی کۆمەڵەدا هاتبووە ئاراوە.

×کە کاک عەبدوڵڵا و تۆ، دوژمنان تاوانبار ئەکەن بە لەت لەت بوونی کۆمەڵە، بۆ کۆمەڵەتان لەت لەتکرد ئێوە بەرپرسیارن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵە لەسەر جێگای خۆی بوو، کاک عەبدوڵڵا و هاورێیانی لێی جیابوونەوە. ئەوان ئەگەرچی لەسەرەتاوە بە روونی باس نەدەکرا، بە بیر و بۆچوون و بە رێباز و بە ستراتیژی سیاسی لەگەڵجیهەتی کۆمەڵە نامۆ ببون. پێداگرتنی ئەوان لەسەر ئەو جیهەتە، درەنگ یان زوو، ئەوانی بەرەو جیابوونەوە دەبرد. ئەوان حزبێکی دیکە، حزبێکی جیاواز بوون.

موهتەدی، پڕوپاگەندە دەکات

×هەر لەو گوزارشتەدا عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێ " یەکەم دەستکەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە، هاتنەدەری کۆمەڵە بوو لەحزبی کۆمۆنستی ئێرانو جارێکی کە بەفراوانی کۆمەڵەی بە خەڵکی کوردستانو چەپی ئێران و ناوچەکە ناساندو هێنایەوە ناو ناوان"، واتا کۆمەڵە ئیهمالکرابوو لەناو خەڵکو چەپی ئێراندا باوی نەمابوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو قسانە دەچنە خانەی پروپاگەندەوە. ئەگەر رۆژێک لەرۆژانیش باوەری بەم هەلسەنگاندن و لێکدانەوەی خۆی بووبێ، باوەر ناکەم ئێستا وابیر بکاتەوە. لە هەلومەرجێکدا کە دەسەلاتی دیکتاتۆری بە سەر ولاتدا زالە، ئەو جۆرە بە خۆدا هەلگوتنە، بۆ ماوەیەک مەودای دەبێ بەلام بەری زۆر درێژ نییە. لە لای هێزە چەپەکانی ئێرانیشدا باوەر ناکەم حیسابێکی ئەوتۆیان بۆ بکرێ. ئەمان کۆمەلەیان نەبوژاندەوە بەلکوو رێبازی سیاسی خۆیان گۆری و بەداخەوە ناوی کۆمەلەشیان لەسەردانا، کە مۆنسیفانە نەبوو.

×پاش کۆنگرەی نۆ، لە دیدارێکدا لەگەل تۆ، ئەلێیت "جیابونەوەی موهتەدی لە کۆمەلە، پاش هەلنەبژاردنەوە بە کۆمیتەی ناوەندی، بە مەبەست ئەوەی کردووە، گوایە وتویەتی حزبی کۆمۆنیست باوی نەماوەو تۆ پێی ئەلێی کە مەسەلەی میللی باوەشێن ئەکات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دیالۆگی کاک عەبدوللا لەگەل ئێمە لەسەر پێویستی حزبی کۆمۆنیست و هەروەها لەسەر مەسەلەی میللی، هیچ کامیان ئەوەندە نەچوونە پێش کە بتوانین بلێین ئەوانە بوون سەرچاوەی جیابوونەوەکەیان. کاک عەبدوللا تاچەند مانگ پێش جیابوونەوەکەی هەول ئەدات ببێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست و دوایین بەیانی سالەهاتی حزب لە لایەن کاک عەبدوللاوە بەحەماسەوە نووسراوە. لەسەر مەسەلەی میللی، تەنیا دەچێتەوە سەر یەک پاراگراف لە راپۆرتێکی کۆنگرەکانی پێشوو کە ئەویش خوێندنەوەیەکی نادروستی لێدەکات. واقعیەت ئەوەیە کە کاک عەبدوللا ئەوکات بە سەراحەتەوە باسی لەو بۆچوونانەی کە تازە پێگەیشتبوو نەدەکرد.

چەند سال دواترووردە وردە ئەو جیاوازیانە روونبوونەوە. ئەوان لەراستیدا بە ئاراستەیەکی ناسیۆنالیستیدا رۆیشتن و کۆمەلە لەسەر رێبازی سۆسیالیستی خۆی مایەوە. بەلام ئەوە بەو مانایە

نییە کە گوایە ئەوان ڕێگەیەکی باشتریان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان هەلبژارد. بەپێچەوانەوە ئەوان وەکو زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی ئێمە نیشانیاندا کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی هێزێکی کارا نین. بۆ ئەوان دەسەلاتی حزبەکەی خۆیان لەسەرەوەی چارەسەرکردنی واقعی کێشەکەیە.

ئەوان نەدەبوو ناوی کۆمەڵە بەرن

×هەر لەوجوابەدا تۆ نووسیوتە کە ئەوان کەمایەتین کۆمەڵە جێ ئەهێڵن، وەناشبێ ناوی کۆمەڵەبەرن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وایە، من وام وتووە و پێموایە حەق وابوو ئەوان لەو ناوە کەلک وەر نەگرن، چون هەم کەمایەتی بوون و هەم ڕێبازەکەیان لە ناوەرۆکدا ڕێبازی کۆمەڵە نەبوو.

×بەڵام ئەو ئەڵێ من حەقی ئەوەم هەیە کە ناوی کۆمەڵە بەرم، بەوپێیەی کە خۆم یەکێکم لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە موهتەدی دەڵێ"خەڵکێک کە هێشتا بەناوی کۆمەڵەوە کارئەکەن، ئەو کاتە ئەندام نەبون یان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوون، یا ئەندامانی دروستکەری کۆمەڵە نین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبایەتی ملکداریەت و بازرگانی نییە کە بەناوی خاوەنێکەوە دیاریکراوەوە سەبتبکرێ. حزب بریتییە لە ڕێکخراوێک کە لەدەوری بەرنامەیەکی دیاریکراو، ستراتیژێکی دیاریکراو، لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژییەکی دیاریکراو پێکدێت و ئەو جار بە پێی پەیرەوێکی ناوخۆ لە ناوخۆیدا هەڵسوکەوت دەکات. هەموو ئەو کەسانەی کە بەو پرنسیبانەی حزبەکە پابەند بن و بە پێی پەیرەوی ناوخۆ ببن بە ئەندامی ئەو حزبە، لە ناو ئەو حزبەدا مافی یەکسانیان دەبێ. ئەو لە دامەزرێنەران بووە، دەستیخۆش بێ، بەڵام بەهەزاران کەسیش بۆ درێژەپێدانی خەباتی ئەو

حزبە رەنجیان بردووە، ئەشکەنجە کراون، گیانیان بەختکردووە. دامەزرێنەر بوون، هیچ مافێکی تایبەتی بەکەس نادات. لە لایەن خەڵکیشەوە دامەزرێنەر کاتێک قەدری لێدەگیرێ کەراستگۆیانە بۆ ئامانج و ڕێبازی حزبەکەی تێبکۆشێ. ئەوان بە پێی پەیرەوی ناوخۆ کە پێشتر قبولیان کردبوو دەبوایە ناوێکی گونجاوتریان بۆ ڕێبازەکەی خۆیان هەڵبژاردبا. هەر چەند من لام وایە ئەوە کێشەیەکی سەرەکی نەبوو و نییە و کۆمەڵە لە لای خەڵکی کوردستان هەر بە تەنها یەک ناو نییە بەڵکو ناوەرۆکێکی رادیکال و سۆسیالیستی لە کردەوە دایە. کردەوەی ئەوانیش باشترین مەحەکە بۆ نەگونجاو بوونی ئەو ناوە لەگەڵ ناوەرۆکیان.

× عەبدوڵڵا موهتەدی جگە لەوە، رەخنەیەکیتری لە ئێوە هەیەو ئەڵێ "کۆمەڵە دوای لاواز بوون‌و لەکیسچونی زۆرێکی هێزی ئینسانی‌و ئاڵۆزی و چەواشەبوونێکی فکری ئەو سەردەمەکە لەناو حزبی کۆمۆنیستدا مابوە زاڵبوو بەسەریدا، کۆمەڵە بوو بەهۆی لە دەستدانی هێزێکی فکری‌و ئینسانی‌و مادی زۆر لەناو ئەو حزبەیا، تۆ لەناو حزبی کۆمۆنیست بوی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو قسانە ئاماژەیە بەجیابوونەوەکەی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران. پێویستە ئەو راستییە بسەلمێنین ئەوانەی ئەوکات لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران رۆیشتن کۆمەڵێک ئینسانی سیاسی بوون. جیابوونەوەکە ئینتخابی سیاسی ئەوان بوو. ئەوان کەوتنە شوێن ڕێبازێکی دیکە. ئێمە ئەو ڕێبازەی ئەوانمان پێدروست بێ یان پێنادروست بێ، ئەوە مافێکی تەبیعی ئەوان بوو. ئێمە دەتوانین رەخنە بگرین لەم یا لەو هەڵسوکەوتی تەشکیلاتی ئەوان لە کاتی جیابوونەوەکەدا، بەڵام ناتوانین نکۆڵی لەوەبکەین کە ئەوان دەیانەویست بە ئاراستەیەکی دیکەدا برۆن. ئەوان وەکو خۆیان دەیانگوت هێڵەکەی خۆیان گۆریبوو. ئەو جیابوونەوەیە لە بواری هێزی ئینسانی رێکخراودا زەربەی لە کۆمەڵەدا، بەڵام کۆمەڵە

زۆر زووتر لەوەی کە تەسەور دەکرا خۆی گرتەوە و ڕێگای نەدا کە بۆشاییەک لە بواری پێویستی هێزی رادیکال و جەماوەری لە کوردستان پێکبێت.

دوای جیابوونەوەی ئەم ڕەوتە زۆری پێنەچوو کە مەجالی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرینیش بۆ گەشەکردنی کۆمەڵە پەیدا بوو. بووژانەوەیەک لەئاستی خەباتی جەماوەریدا لە شارەکانی کوردستان دەستیپێکرد. دەربرینی نارەزایەتی مەدەنی، پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری غەیرە حکومی، بوون بە باو، جموجۆڵی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەری پێشرەو هاتەکایەوە، کۆمەڵە بەدروستی هەوڵیدا کە لەریزی پێشەوەی ئەو حەرەکەتە نوێیانەدا دەور ببینێ. ئەمانە هەمووی قەرەبووی ئەو جیابوونەوەیانکرد و ڕێگاینەدا کە سەرگەردانی و بێ ئاسۆیی باڵی بەسەر بزوتنەوەی رادیکاڵ و شۆڕشگێرانەی کوردستاندا بکێشێ. دوای جیابوونەوەی کاک عەبدوڵڵا و هاورێیانیشی کۆمەڵە زۆر زوو توانی بە سەر ئاسەوارەکانی ئەو جیابوونەوەیەدا زاڵبێ و دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم بە سەربەرزییەوە ئەرکەکانی خۆی بەرێوەبردووە. دیارە کەموکوریشی بووە، بەڵام هەوڵیداوە لە ناویانبەرێ.

× ئەم بەحسە لەبەرئەوەی قسە زۆر هەڵئەگرێ، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی هەر لەو گوزارشتەدا ئیشارەت بەوە ئەکا کە ئێوە کەلەبنەوە بەئاشکرا کردەوەتان دژی ئەوانکردوە، بەو پێیەی کە ئەوان رادیۆیان نەبوە ئێوە حەرەکەتی ئیعلامیتان دژی ئەوان بەرێکردوە، وە تەبلیغاتی ژەهراویتان دژی ئەوانکردوە، ئەو تەبلیغاتانە چی بوە کە ئێوە دژی ئەوان کردوتانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: جیابوونەوەکەمان پێموایە جیابوونەوەیەکی شارستانییانە بوو. هیچ کێشەیەکی لێنەکەوتەوە. ئێمە ئەوەی بۆ ژیانیان پێویست بوو لە ئیختیارمان نان. ئەوەی بۆ پاراستنی خۆیان پێویستیان بوو درێغیمان لێنەکردن. دوای ماوەیەک کە ئیتر پێویستییان بە یارمەتی ئێمە نەما خۆیان وتیان کە بیبرین. بۆ

تەبلیغاتی ژاراویش ئەوە ئارشیوەکان هەن، لام وایە بە دەگمەن دەتوانن وشەیەک بدۆزنەوە کە لە دژی ئەوان گوترا بێ و خیلافی واقیع بێ. زۆرێک لەو روونکردنەوانەی کە ئەوکاتە ئێمە لە رادیۆ و بلاوکراوەکانی ئێمەدا دەهات، ئەمرۆکە دوای کێشە و دوو بەرەکایەتی ناوخۆیان، یەکە بە یەکە لەسەر زاری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان دەردەکەون.

ئیدارەی سلێمانی هاوکاری موهتەدی کرد

×چۆن بوو پێویستیان بەئەوان نەما ولەرێگای کێیەوە یارمەتیدران؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی سلێمانییەوە کرد و یارمەتی باشیش دران.

×ئەو کۆمەک و هاوکاریکردنە ئاماژەبوو بۆئەوەی کەهەر ئەو لایەنە دەستی لەئینشعابی کۆمەڵەدا هەیە مادام پشگیریان دەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من سەرچاوەی جیابوونەوەی ئەوان لە کێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵەدا بوو. بەڵام دیارە ئەوان بەهۆی نزیکایەتی سیاسی و بە هۆی پێشینەیەک کە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی بوویان، توانیان کۆمەڵێک یارمەتی بۆ خۆیان دەستەبەربکەن.

×پێتوانییە ئەگەر ئەو هاوکارییە بۆعەبدوڵڵای موهتەدی نەبوبایە، ئەو جیابونەوەیە دوائەکەوت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەم بابەتەوە کاک عەبدوڵڵا خۆی هەڵەیکردبوو، رەخنەشی لێگیرا و داوای لێبوردنیشی لە کۆنگرەی حزب کرد. لام وایە هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان پێنەدا هەر ئەوە بوو. بەڵام سەبارەت بە سەرچاوەی یارمەتییەکەیان ناتوانم بڵێم ئەگەر نەیانبوایە جیا

نەدەبوونەوە، چونکە مومکین بوو بچن لە شوێنێکی دیکە پەیدایکەن.

× پێتانوانییە ئەوەکارێکی دۆستانە نەبوو؟ ئەو هاوکارییە ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من بە هەڵوێستی دوژمنانەی لەدژی خۆمان ناوی لێنابەم.

×ئەی بەچی ناوئەبەی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سیاسەت و هەڵوێست.

×پێتوانییە ئیمتیازێک لەو مەسەلەدا هەیە بۆ ئەو لایەنەی کە هاوکارییان ئەکا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر ئاساییە، کاتێک حزبێکی سیاسی چاو لەکێشەی ناوخۆی ئەو حزب و ئەو حزب دەکات، دەتوانی تەشخیسی ئەوەبدا کام لایان لە خۆی نزیکترن بە فکر و بە بۆچون بە سیاسەت و بە ئاسۆی داهاتوو، بە هەموی ئەوانەوە پێموایە رەوتێک کە کاک عەبدوڵلا و ئەوان گرتبوویانە بەر لە بەرنامەی سیاسی و لە ئامانجی ئەم برادەرانەی کە کۆمەکیان دەکردن نزیکتربوو.

×ئەوەش مەسەلەی ناسیۆنالیزم بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەتوانین بڵێین کە تارادەیەک لەم رەوتەدا یەکیان دەگرتەوە.

مام جەلال ویستی
جیابوونەوەی کۆمەڵە روونەدا

×ئەوەتان بەو برادەرانە راگەیاندووە هاوکاریکردنی ئەوان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکێک لەو کەسایەتییانەی کە لە کاتی جیابوونەوەکە لە نێوان ئێمە و ئەواندا دەوری نێوبژیکەری دەبینی مام جەلال بوو. ئەو هەولیدا بۆئەوەی کە ئەو جیابوونەوە رونەدا. بەڵام رێگا چارەیەک کە سەرئەنجام پێشنیاریکرد بۆ بە یەکەوە

مانەوەمان ئێمە قبولمّاننەکرد، چونکە لامان وابوو ناتوانیّ پێشی جیابوونەوەکە بگریّ وە تەنیا تۆزێک دەیخاتە دواوە و لە کاتێکدا کە بە تەواوی بەزیانی لایەنی ئێمە تەواو دەبوو.

× چی بوو ئەوەی مام جەلال داوای ئەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ناوەرۆکی پێشنیارەکەی مام جەلال بریتی بوو لە پێکهێنانی نیوچە بەرەیەک کە نزیکبوو لەوەی کەلەکاتی خۆیدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەری پێکهاتبوو. ئەوە چوارچێوەی گشتی پرۆژەکە بوو کە بە نووسراوە درا بە هەر دوو لامان. بەلاّم هەر لایەنەی تەفسیری خۆی لێی هەبوو.

ئەو برادەرانە دەیانەویست کە ئێمە کۆنگرە دوا بخەین و لەم ماوەیەشدا بە پێی تەوافوق هەر لایەنەی (50) لە سەدی کۆمیتەی ناوەندییان هەبیّ. ئەو قسەیە بە مانای ئەوە بوو کە ئێمە ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی کۆنگرەی (8)، پەسەندکراوێکی ئەو کۆنگرەیە کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە بووهەلوەشێنینەوە و لەسەروی کۆنگرەوە کەسانێکی دیکە وەکو کۆمیتەی ناوەندی دیاریبکەین کە نە مەعقول بوو، نە ئوسولی بوو و نە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەلە ئەوەیان لیّ قبولدەکردین. ئەو تەفسیرەی کە ئەوان لە گەلالەکەی مام جەلال دەیانکرد، بۆ ئەوە بوو کە ریزی هەلسوراوانی لایەنی ئێمە تووشی ئاژاوە کەن. ئەوان بریاری خۆیان بۆ جیابوونەوە دابوو، بەلاّم دەیانەویست لە کاتێکدا بە عەمەلی دەستیبدەنیّ کەدەسەلاتی زۆرتریان بە دەستەوە بیّ. لە حالێکدا کە دەسەلاتی زۆرتر تەنیا دەیتوانی بەرهەمی ململانێکی ئوسولی ناوخۆی حزبی بیّ، نەک رێک کەوتنێکی (50 بە 50)لە کاتێکیشدا کە ئەوان بە لانی زۆرەوە تەنیا لە سەدا (20)ی کۆمەلەیان پێکدەهێنا.

×هەربۆیە ئەوان تۆ بەوە تاوانباردەکەن کە تۆ لەگەلّ رەئیەکانی مام جەلالیش نەبووی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تاوانێک لە گۆرێدا نییە. ئێمە لەسەرەتاوە

کولیاتی گەڵاڵەکەی مام جەلالمان قبوڵکرد، بەڵام کاتێک کە هەستمانکرد ئەوان خوێندنەوەیەکی بە قازانجی خۆیان لەو گەڵاڵە دەکەن، قبولمان نەکرد.

مام جەلال هەڵوێستی نەگۆڕا

× مام جەلال پێی ناخۆش نەبوو پرۆژەکەیتان قبوڵ نەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای ئەو ماجەرایە، هەلویستی دۆستانەی مام جەلال بەرامبەر بە لایەنی ئێمە نەگۆرا.

×موهتەدی ئەلێ، عەلیزادە لە کۆنگرەی حەوتی حزبی کۆمۆنیستدا، ویستی ئینشعاب ببێ ، بەڵام لە کۆنگرەی نۆدا روویدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی حەوتی حزب بە شێوەیەکی دیموکراتیک بەرێوەچوو، کاک عەبدوڵڵاش تێیدا بەشدار بوو. ئەو کۆنگرەیە لە هەلەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی کاک عەبدوڵڵای کۆلیەوە. کاک عەبدوڵلا لای وابوو هەر ئەوەندەی کە رەخنەی لە خۆی گرتووە، کافییە و خۆی کاندید کردەوە بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی و چاوەروانی ئەوە بوو کە دەنگی پێبدەنەوە.

زۆرینەی کۆنگرە دەنگی پێنەدا. تەنانەت ئێمە کە هەستماندەکرد لەوانەیە هەلنەبژاردنەوەی کاردانەوەی هەبێ لەسەر داهاتووی یەک ریزی حزبی کۆمۆنیست، لەکۆبوونەوەیەکی پەراوێزی کۆنگرەدا، لە لایەن هاورێ سەلاح مازوجییەوە داوا لە ئەندامانی کۆنگرە کرا، کە سەرەرای خەتایەک کە لێی روودابوو، هەر دەنگی پێبدەنەوە. بەڵام دەنگدان نهێنییە و کۆنگرە ئەو تەوسیەی کاک سەلاحی لە کاتی دەنگداندا قبولنەکرد. پرسیار ئەوەیە بۆچی کاک عەبدوڵلا دەبێ هەڵنەبژاردنەوەی خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست بەمانای هەولدان بۆ جیابوونەوە ناوبەرێت. چ دەبوو ئەگەر ئەو وەکو زۆربەی ئەندامانی حزب بۆ دەورەیەک لە دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوبایە؟.

موهتەدی هەڵەی کردبوو
بۆیە هەڵنبژێردرایەوە

×بۆ هەڵنەبژێردرایەوە کاک عەبدوڵلا لە کۆنگرەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بنچینەن بە هۆی ئەو هەڵەیەوە کە کردبووی.

×چیبوو ئەو هەڵەیە لەبواری تەشکیلاتی کردبووی عەبدوڵلای موهتەدی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەوڵیدابوو بۆ ئـەوەی دەستی بە سەرچاوەیەکی مالی سەربەخۆ بۆ بەهێزکردنی ئەو لایەنەی کە خەریک بوو بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە، رابگات. زانیاری لەسەر داراییەک کە بۆ ئەو مەبەستە کۆی کردبۆوەو لە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە و حزبی شاردبۆوە و تەنیا کەسانێکی دیاریکراوی خۆی لێئاگادار کردبوو.

×هەر ئەو کاتە راتگەیاندوە دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنستی ئەو کاتە کە ئینشعابین وتووتە کارێکی ناشایستەیان کردبوو ، بۆیە هەڵنەبژێردرانەوە ، دەرکران وەهەوڵەکەیان پوچەڵبووە ویستیان کودەتا بکەن، کێ بون؟ چۆن چۆنی ویستیان ئەو کودەتایە بکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من وەکو کودەتا ناوم لێنەبردووە. ئەو بە سەر سەرەوەی بەشی دارایی کۆمەلە، پارەیەکی دیاریکراوی بە شێوەیەکی ناشەرعی هێنابووە ژێر کۆنترۆلی خۆی. دیارە پێویستە ئەوەش بلێم کە، ئەو هیچ کەلکی شەخسی لەو پارەیە وەرنەگرتبوو. لام وایە ئەو هەستی بەوە کردبوو کە بۆ تەداروکی کۆنگرەیەکی دلخوازی خۆی کە تێیدا کۆنترۆلی هەموو حزب و کۆمەلە بە دەستەوە بگرێ، پێویستی بە پارە هەیە.

کۆبوونەوە لەگەڵ ئیتلاعات

×ئەوەتا چەند راستە، هەر لەوکاتەدا موهتەدی لەسەر وەختی هاتنی خاتەمی داوای مفاوەزاتی کـردووەو چرای سەوزی بۆ مفاوەزات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵکردووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە نووسراوەکانی ئەوکاتی کاک عەبدوڵادا بە شێوەیەک ئەو بۆچوونە بەدیدەکرا، بەڵام لە راستیدا رەوتی رووداوەکانی لە ناوخۆی رژێمی کۆماری ئیسلامیدا خێراتر لەوە بوون کە ئەو فورسەتی قولکردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆی هەبێ. ئاسەواری شکستی پرۆژەی خاتەمی بۆ چاکسازی لە رژێمی ئیسلامیدا زۆر زووتر لەوەی کە ئەو تەسەوریدەکرد دەرکەوت. ئەو فورسەتی فورمولەکردنی بۆچوونەکانی خۆی بە دەستنەهێنا. بەڵام پاشماوەی ئەو تەوەهۆماتەی هەر تێدا مابوو، هەر بۆیە، ساڵێک دواتر، خۆی بەشداری کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵمەئمورانی ئیتلاعاتی رژێم لە شاری سلێمانی بوو.

×ئەوەتا چەند راستە گوایە لە پانزەکەس، چوار کەس لە کۆنگرەی حەوت لەو جیابونەوەیەدا بەشداربوون، مەبەستم لە کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستە، کە هەشت مانگ پێش کۆنگرەی نۆی کۆمەڵە بەرێوەچوو. کەلەوێش لەبیست کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنها دوکەسیان لەگەڵ موهتەدی بوون ئەمە تا چەند راستبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، ئەوە رێک وابوو. لە کاتی بەرێوەچوونی کۆنگرەی حزبدا، هێشتا جیهەتی سیاسی ئەو روون نەبوو تا بەو پێیە ژمارەیەک لەئەندامانی لە دەورە کۆبێتەوە. هەڵەکەشی ئەوەندە لە ناو ریزەکانی ئێمەدا گەورە و نامۆ بوو کە ئەگەر کەسێکیش لێرە و لەوێ تەئیدی کردبێ، لەم کێشە دیاریکراوەدا هەولی ئەدا کە خۆی لێدوورخاتەوە.

×بەڵام ئەوان هەربەو دووکەسەوە نەمانەوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە کادرانی قەدیمی کۆمەڵە دواتر چونەوە پاڵ عەبدوڵڵا موهتەدی ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ وایە، ئەوانەی کە کەوتنە شوێن حەرەکەتەکەی ئەو، کەسانێک بوون کە هەستیان بە نزیکایەتی لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو دەکرد. ئەو توانی، هاوپەیمانی فیکری و سیاسی لە ناو ریزەکانی حزب و کۆمەڵەدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئەوانە کەسانێک بوون کە ئامادەبوون لەپێناوی هاوجیهەتی سیاسیدا، لە خەتاکەشی چاوپۆشی بکەن.

×کۆنگرەی نۆ وەکو خۆت دەزانی، شەش مانگ دواکەوت، موهتەدی دوای ئـەوەش داوای دواخستێکی تری ئەکرد بۆ کۆنگرەوە، داوای (50٪)ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیشی دەکرد لەو گروپەی ئەو بێت، لە کاتێکا ئێوە قەناعەتتان وابوو (20٪) لایەنگرانی موهتەدی لەو کۆنگرەدا بەشدار دەبن یان لەو کۆمیتەی ناوەندییەدا بەشداردەبن، بۆچی کاک عەبدوڵڵا داوای ئەمانەی دەکرد ؟ بۆچی ئێوە قبوڵتان نەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو بۆ ئەوەی جێگە پێی خۆی مەحکەمتر بکات، پێویستی بە زەمان هەبوو. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ لەو زەمانە کەلکی پێویست وەربگرێ، دەبوایە خۆی و ژمارەیەک لە لایەنگرانی لە ناو کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا ببن. ئەوەش بە شێوەی شەرعی و لە رێگەی کۆنگرەوە بۆی مەیسەر نەدەبوو. هەر بۆیە لە رێگەی هێنانە گۆری هەرەشەی جیابوونەوە، زەختی دەهێنا بۆ ئەوەی بە شێوەی تەوافوق نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەنەکەی ئەو بن. ئەوە بۆ ئێمە قبوڵنەدەکرا، چونکە دانی ئەو ئیمتیازە بە ئەو تەنیا لە سەلاحیەتی کۆنگرەدا بوو. ئەویش نەیدەویست بێتە ناو کۆنگرەیەکەوە کە تێیدا کەمایەتی بێ. ئەوەی ئەو داوایدەکرد، دابەشکردنی دەسەلات بە شێوەی ناشەرعی بوو. ئەو داوایە لەگەڵ هەموو بنەمای فیکری و سیاسیمان، لەگەڵ سوننەتی تێکۆشانی تا ئەوکاتی حزبیمان ناتەبا بوو.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، ناسیۆنالیستێکی بێ چارەسەرە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی

× کاک عەبدوڵڵا پێیوایە یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانی ساغبونەوەی کۆمەڵە، چالاکی سەربەخۆیەتی بریتییە لەوەی کە رەوتی چەپو رادیکاڵی لە کوردستانەوە خستۆتە سەر سکەی خۆی، لە کاتێکدا ئێوە ئەوان تاوانبارئەکەن بەوەی کە ئەوان رەوتێکی ناسیۆنالیست یاخۆ مەیلو گەراشێکی قەومیانەیان زیاترهەیەو ئاڵای کوردستانیان هەڵکردوە ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە کردەوەی ئەم یەک، دووساڵەی دوایی ئەوان بە تایبەت ئەوەی نیشاندا کە بەراستی و لە هەڵسەنگاندنێکی مونسیفانەدا ئەوان ناسیۆنالیستن، بەڵام بەبروای من ناسیونالیستێکن کە لە توانایاندا نییە کارێکی گرنگیش بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بکەن. خۆ هەڵواسین بە بەرەیەکی کارتۆنی بە ناوی بەرەی گەلانی ئێران، هەستان و دانیشتن لەگەڵ کوری شاو شا پەرەستەکانی ئێران و بەدەوروبەری رێکخراوێکی وەکو فیداییانی ئەکسەریەتدا هاتن لە کوێ و هەولدان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەی کورد لە ئێران لە کوێ؟ پرۆژەی ستراتیژیکی ئەوان واتە فێدرالیسم بێ بنەماتر لەوەیە کە بتوانێ تەنانەت ئیدیعای ئەوەش بکات. بە بروای من ئەوان لە بەرەی سۆسیالیسمدا نەماون، ئەگەر دەور و بەرلێیان قبوڵکەن، پێیناناخۆش نییە ئەگەر لە جێگای خۆی وەکو سۆسیال-دیموکرات پێناسەیان بکەن. بە دوو زمان قسەکردن و بە پێی مەسلەحەت لێرە و لەوێ هەڵوێستی ناتەباگرتن، هاتوچۆ لە نێوان سۆسیالیسم و ناسیۆنالیسمدا، ئەورۆکە باوی نەماوە و خەڵک وریاتر لەوەن کە ئەو گەرمێن و کوێستان کردنە تەشخیس نەدەن.

×یەکێکی تر لە قسەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی ئەوەیە ئەڵێ "ئەوکاتە لەناو حزبی کۆمۆنیستدا ئێمە لە حزبێکابوین تەشکیلاتێکی بێ سەرەو بەرە رەنجمان دەبرد، حەق کوژی تێدا هەبوو، گەندەڵی تێدابوو، لەبەر ئەو کارانە حزبی کۆمۆنیستمان بەجێهێشت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵە هەرگیز رێکخراوێکی گەندەڵ نەبووە، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەمیشە بۆ خەلکی کوردستان نمونەی پاکی و راستگۆیی بووە. بەڵام بە داخەوە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی خۆی لە دوایین ساڵەکانی مانەوەی لە ناو کۆمەڵەدا تووشی هەڵەیەکی کوشەندە بوو کە بە داخەوە دەچێتە خانەی گەندەڵییەوە و لەگەڵ خۆشی چەند کەسێکی لە کەسانی دەوروبەری خۆی تێوە گلاند، هەر بۆیەش لە کۆنگرەی (7)ی حزبدا هەڵنەبژێردراوە. کۆنگرەکانی زۆربەیان لە کاتی خۆیاندا بەرێوە چوون، هەرگیز هیچ نمونەیەک لە پێشێلکردنی مافی ئەندامان بۆ هەڵبژاردن لە کۆنگرەکاندا نەبووە. ئاساییە کە گیروگرفتی ناوخۆیی بووە، بەڵام وەکو نەریتی جێکەوتوو هەمیشە هەولدراوە کە بە شێوەی هاورێیانە چارەسەربکرێن. ئایا بە راستی ئەو هەڵسوکەوتەی کەئەوان لەم دواییانەدا و لە کاتی پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان خۆیاندا نیشانیاندا، هیچ پەیوەندییەکی بە نەریتی تا ئێستای کۆمەڵەوە هەیە؟ ئەوەیە ئەو بوژاندنەوەی کە ئەو بەڵێنی دابوو؟

× ئەوەتا چەند راستەکە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی ئێران رۆڵیان هەبوو لە یەکخستنەوەی ئێوەوکاک عەبدوڵڵا بۆ ئەوەی کە ئەو ئینشعابە رونەدا، بەنهێنی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموایە ئەوە بنچینەی نییە.

×بەڵام پاش ئەم جیابونەوانە، هەمان رادیۆ، هەمان مەراسیم ، (26)ی رێبەندان، (31)ی جۆزەدان مەراسیمەکانی گوردانی شوان، کارەساتی هەڵەبجەو بۆتێ لای هەردووکتان بۆنتە

موڵکی خۆتان هەرکەسی بەناوی خۆیەوە دیعایەی بۆ بکات، شەهیدەکانتان هەرکەسە بەناوی خۆیەوە دیعایەی بۆ بکاو بە موڵکی خۆی بزانێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمانە بەشێک لە مێژوی کوردستانن. ئەوە مێژووی خەباتی گەلێکە بۆ ئازادی. بەرەی رادیکالی چەپ لە کوردستان دەوری چارەنووس سازی تێدا بینیوە و تەنیا ئومێدی سەرکەوتنی قەتعی دوارۆژی ئەو خەباتەشە. ئەو برادەرانەش کە لە ئێمە جیابوونەوە هەر بەشێکن لەو مێژووە. ئەم رابردووە موڵکی تایبەتی هیچ کەس نییە و هەموو کەس بۆی هەیە شانازی پێوەبکات و رێزی لێبگرێ. بەڵام بۆی نییە ئەم رابردووە چەواشە بکات. مێژوویەکی درۆیینەی بۆ بنوسێتەوە. رووداوەکانی لەسەر حەز و مەسلەحەتی ئەمرۆی خۆی لێکبداتەوە.

× بەمێژووی (2001/3/15) لەراگەیاندنێکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەیاننامەیەکیان داوەتەدەر بەناوی راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە پلان گێرییەکانی باندی خائین و ریسوایی(مەنسوری حیکمەت)، هاتوە کە حزبی کۆمۆنیست بەشدارن و نزیک ئەبنەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمە بەشێک لە شەرێکی تەبلیغاتی بوو کە ئەو دوو لایەنە لە دژی یەکتر دەستیان دابوویە. ئێمە لەگەڵ ئەو شێوە لێدوانانە لە ناو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی رژیمی ئێران نین و هەر ئەو کات هەولماندا خۆمانی لێدووربگرین. نزیکبوونەوەی ئێمەش لە جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، چاووڕاوێک بوو کەحزبەکەی کاک عەبدوڵلا بە مەبەستی تایبەت بلاویاندەکردەوە. لایانوابوو بەم شێوەیە نەیارانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستانی عیراق لە دژی ئێمە هاندەدەن کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

کۆمۆنیزمی کارگەری قسەیان بەیەکێتی و مام جەلال دەوت

×یەکێتی نیشتمانی تاکوێ گوێی لەو داوایانە ئەگرت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من گوێی پێنەدان.

×چۆن کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە نایەڵێ حزبی کۆمۆنیستی کارگەری بێتەوە فەعالییەتکات بە چ دەلیلێک بەچ هێزێک؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەداخەوە ئەوان نەک هەر لە دژی کۆمۆنیسمی کرێکاری لەو جۆرە هەڕەشانەیان دەکرد، بەڵکو بە نیازی شەڕ هەڵگیرساندن لەدژی ئێمەش بوون و چەند جارێک بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە تەقەشیان لە شوێنەکانی ئێمە کرد. خۆشبەختانە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ئەوان سەرئەنجام لەگەڵ ئەو پلانە موافەقەتی نەکرد، ئەگینا ئەگەرچی من لەو بڕوایەدام کە ئەوان لەرووی نیزامییەوە شکستیان دەخوارد، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبوو بە کارەساتێکی سیاسی و ئینسانی.

مەنسوری حیکمەت، نەخائین و نەبەکرێگراوبوو

× هەر لەو راگەیاندنەدا هاتووە کە ئاغای ئیبراهیمی عەلیزادە لەگەڵ خەتی هاوبیرانی کۆمۆنیزمی کارگەری پەیوەندییەکی نزیکایەتی هەیە، "راشیان گەیاندووە مەنسوری حیکمەت و حزبەکەی وەکو رەوتێکی سۆسیالیستی کرێکاری ناناسین، بەڵکو ئەوانە وەکو رەوتێکی خائین و بەکرێگیراو دەناسین.خائین و بەکرێگیراوی کێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبروای من مەنسوور حیکمەت و رەوتێک کەو ئەو نوێنەرایەتی دەکرد نەخائین بوون و نە بەکرێگراو. ئەوان بیری جیاواز و رێگای جیاوازیان لەگەڵ ئێمە هەبوو. ئەوە گەلێک

ئاساییە و ئەم جۆرە ناو و ناتۆرە لێدانە ناسیاسی و سووکن.
×مەبەست لەو خائین و بەکرێگیراوە چییە؟
ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان کۆمەڵەیان بەجێهێشت لە کاتێکدا کە باوەڕیان بە ڕێبازەکەی نەمابوو. باسەکانیان سیاسی بوو کە خۆیان باوەڕیان پێی بوو. پێشتریش باسمکردووە کە لە نەزەر منەوە باسەکانیان لە کات و لە شوێنێکی نابەجێیەوە دەستپێکرد، کە ئەوەش زەرەری خۆی گەیاند و جێگای ڕەخنەیە، هەر ئەوەندە. ئەوان هاوڕێیانی ڕۆژانی خۆش و ناخۆشمان بوون و تا کاتێک کە لە گەڵمان بوون بەفیداکاری و لێبراوی و ڕۆشن بینییەوە بە یەکەوە کارماندەکرد، جیابوونەوەکەش لام وایە سەرجەم جیابوونەوەیەکی شارستانییانە بوو. ئەم جۆرە پروپاگەندەیە کە لە هەر دوو لایەنەوە پەرەی پێدەدرا هیچ ئاکامێکی جگە لە ژاراویکردنی کەشوهەوای سیاسی کوردستان نەبوو.

ئەندامانی کۆمەڵە داوای مانەوەیان کرد لەحزبی کۆمۆنیست

×وەلحاسڵ کۆنگرەی نۆ کۆنگرەیەکی پڕ کێشەو قەیران و ناخۆشی بوو بۆ کۆمەڵە دەرەنجام ئەوەی لێکەوتەوە کە چاوەڕوان نەکرابوو؟
ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی نۆی کۆمەڵە کۆنگرەیەکی پڕ کێشە نەبوو. چونکە ئەوان هەر نەهاتنە ناو ئەو کۆنگرەیەوە. کۆنگرەی پڕ کێشە کۆنگرەی (7)ی حزب بوو کە تێیدا لە هەڵەی کاک عەبدوڵڵا کۆڵدرایەوە. پێش بەرێوەچوونی کۆنگرەی (9)ی کۆمەڵە بریارنامەیەک گەڵاڵەکرا کە بە پێی ئەو بریارنامەیە دەبوایە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە ناو ئەندامان‌دا ڕێفراندۆمێک بکرێ و تێیدا لەئەندامان پرسیاربکرێ ئایا دەیانەوێ لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بمێنینەوە یان نا؟. ئەوان

ئەم ڕێگاچارەیان پەسەند نەکرد. دوای ڕۆیشتنی ئەوان کۆنگرە ئەو بڕیارنامەیەی پەسەند کرد و سەرئەنجام ئەو ڕاپرسییەکرا و زیاتر لە سەدا نەوەدی ئەندامانی کۆمەڵە بڕیاری مانەوەیان لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا قبوڵکرد.

(16) ی گەلاوێژ دەریخست کێ کۆمەڵەیە؟

×کاک عەبدوڵلا ڕائەگەیەنێ ئەوەی کەپاش ساغکردنەوەی کۆمەڵە لەماوەی یەک ساڵداکراوە، زیاترە لەساڵانی ڕابردوو توانیویانەخەڵک ڕاکێشن بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وانییەکاک عەبدوڵلا ئێستا باوەری بەو قسەیەی خۆی هەبێت. لە (16)ی گەلاوێژی ساڵی (1384) ئێمە بە ناوی کۆمەڵەوە داوامان لە خەلکی کوردستان کرد بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مەهاباد و دەربرینی بێزاری لە جینایەتێک کە دەرحەق بە لاوێکی تێکۆشەری کورد بە ناوی "شوانەی قادری" کرابوو خەڵک دەستبدەنە مانگرتنێکی گشتی. هاوکات ئەوانیش هەر بە ناوی کۆمەڵەوە داوایان لە خەڵک کرد کە وەلامی ئەو بانگەوازە نەدەنەوە. ئەوەی بە کردەوە ڕوویدا مانگرتنێکی شکۆداری سەرانسەری بوو هەر لە ورمێ وە هەتا کرماشان. ئەو ڕووداوە بەراورد بکەن لەگەڵ ئەو ئیدعایە کە ئەمان دەیکەن.

لام وایە ئەو پرۆژەیەی ئەوان کە لە ڕووانگەی خۆیانەوە ناوی ساغکردنەوەی کۆمەڵەیان لێنا، بە مانای وردی وشە شکستی خـواردووە. ئەوان لەم ماوەیەدا کۆمەڵەکەی خۆیان لە سفرەی ڕازاوەی ناو ئۆردوگاکەیاندا بوژاندەوە و خۆشیان تووشی ئەو خۆشباوەرییە بوون کە گۆیا ئەوەیە بوژاندنەوەی کۆمەڵە. هەڵبەت ئەمرۆکە کەسانێک هەن کە هەولدەدەن کە

بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەم پرۆژە زیندوو بکەنەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام ئەوانیش تێیدا سەرکەوتوو نابن.

×ئەو سفرەیەی کە تۆ ئەیڵێیت ئێستا سفرەیەکی ڕازاوەیەو کۆمەڵێک بیناو خانوی سپۆرتیان دروستکردووە لە زرگوێزەڵە، ئەتەوێ بڵێی کێ لەپشت ئەوەوەیە یەعنی ئەو دەعمە لە کوێوە دێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من پەیداکردنی پارە بۆ ئەو نەوعە کارانە بۆ حزبێکی سیاسی کە لەسەر ڕێبازی کۆمەڵە نەمابێ زۆر گران نییە.

×تۆ گەیشتوی بەو قەناعەتەی کە نفوزی ئێوە زۆر زیاترە لە نفوزی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، یا ئەوەی کە ئەوان وا دەڵێن تا چەند ڕاستە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرچەند ئێستاش گەلێک نیشانە هەیە کە دەتوانێ تارادەیەکی زۆر ڕاستی ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، هەر بەم مەبەستە بوو کە من نمونەی(16)ی گەلاوێژی (1384)م بۆ هێنانەوە. بەڵام دیارە لە هەلومەرجێکدا کە دیکتاتۆرییەکی سەرکوتگەری ئیسلامی لە ئێران لەسەر کارە مەجال بۆ دەرکەوتنی ڕادەی نفوزی ئەم یان ئەو حزب بەرتەسکە. لەگەڵ پەیدا بوونی هەر تروسکاییەک لەدیموکراسی لە کوردستاندا دەردەکەوێ کە باڵی چەپی ئەم کۆمەڵگایە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتییە بە پانایی هەموو کوردستان.

×لە گوزارشتی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بۆ کۆنگرەی نۆ هاتووە " پێویستە لە مەودوا کۆمەڵە ببێتە ڕێکخراوێک و چەترێک کە کوردی ئێران لە خۆیدا نوێنەرایەتی بکا، یەعنی مەبەست لە کوردی ئێران چییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵە لەسەرەتاوە کە دروستبووە ڕێکخراوێک بوە کە خۆی بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییەوە گرێ داوە. جا لەو پێگەیەوە چووە بۆ چارەسەر

کردنی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و لەوانە مەسەلەی نەتەوایەتیش لە کوردستان. بۆیە پێموایە ئەو فۆرمۆلەی کە ئەوان بەکاری دەبەن لە واقیعدا دورخستنەوەی کۆمەڵەیە لە ناسنامە چینایەتییەکەی .

×پێتوایە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی ڕێکخراوێکی چەپە؟ تۆ پێتوایە ؟ وەکو ئەوەی ئەوان خۆیان ئەیلێن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەرەتای جیابوونەوەکەیاندا هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە ئەندامانی کۆمەڵە بە لای خۆیاندا بکێشن، بە زمانێکی چەپ قسە بکەن. بەڵام لەم کاتەوە تا ئێستا هەتا هاتووە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو ڕاست کشاون.

عیراق، نەیویست پەیوەندی لەگەڵ سازمانی زەحمەتکێشان هەبێ

× بە دوای جیابونەوەی سازمانی زەحمەتکێشان، پەیوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ عیراق پچراوە، بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکانی ئێوە بەردەوام بوو، ئەوان یەکێک لە شانازییەکانیان ئەوەیەکە ڕێگاکانیان قەتعکردوە لەگەڵ بەعس، ئەوان هیچ بارەگایەکیان نییە لەوێ، هەموو پەیوەندییەکانیان بڕیوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شاهیدی زیندوو هەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی کە ئەو پەیوەندییە بەرقەرارکەن، بەڵام دەولەتی عیراق ئەو پەیوەندییەی بەرقەرار نەکردوە.

×بۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لام وایە لەو کاتەدا دەوڵەتی عیراق نەیدەویست بە هاندەری جیابوونەوەکەی ئێمە بناسرێ. وەکو تەجرەبەیەک خۆیان دەیانگوت کە ئێمە نەدەبوایە لە جیابوونەوەکەی حزبی دیموکراتیش لە هیچ لایەنێک

پشتیوانیمانکردبا، دەبا هەر رەوتی ئەسلییەکە کە بۆمان ئەوە ئیدامەمان دابا، تا بەم وەسیلەیە ئیمکانی یەکگرتنەوەیان فەراهەم بکەین.

×ئەمە کێ؟ رەئی کێ بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: رەئی مەسئولینی عیراقی بوو کە بە نوێنەرایەتی ئێمەیان راگەیاندبوو.

×راستیاندەکرد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی کێشەیەکی دوورودرێژی مێژووییان هەبوو. لەم جۆرە مەسەلانەش کە دەهاتەپێش ئەوان زۆر تاکتیکی و پراگماتیکی بیریان دەکردەوە و لایان وابوو تەفرەقەی ناو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە قازانجی ئەمرۆی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ.

×لە گوزارشتی عەبدوڵڵای موهتەدیدا بۆ کۆنگرەی نۆ هاتووە "کە حزبی دیموکرات زۆر بە گەرموگوڕی لەو جیابونەوەیە ئەروانی"، واتە مەبەستی ئەوەیە کە خۆشحاڵە بەو جیابونەوەیە، تۆ لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبووی؟ وە حزبی دیموکرات بۆ خۆشحاڵە بەجیابونەوەی کۆمەڵە؟ کە دەرەنجام دەبینیت لە چەند مانگی رابردودا دیموکرات خۆی توشی ئەو لێکجیابونەوەو ئینشعابە بونەتەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من بە راستی بە شێوەی رەسمی بە شێوەی راگەیاندن شتێکی وام لێ نەدیتن کە ئەو خۆشحاڵییەی خۆیان دەربرن ئەوەی کە ئەم یا ئەو مەسئولیان ئەم یا ئەو بەشی تەشکیلاتیان خۆشحاڵ بوو بێ یا لە کۆبوونەوەیەکی ناوخۆیی خۆیاندا خۆشحالی خۆیان دەربری بێ ، خۆ ئێمە ئاگاداری ئەوان نین، بەڵام روو بە دەرەوە ئێمە شتێکی ئەوتۆمان نەدیتوەلێیان.

کۆمەڵە، دەستی لەجیابوونەوەی دیموکراتەکاندا نەبوو

×ئێوە بەجیابونەوەی ئەم دواییەی (حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران) لە (حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران) بالی مستەفاهیجری تا چەند خۆشحالن، کە قسەی ئەوە دەکرێ کە کۆمەڵە خۆشحاڵە یا لەپشت ئەو مەسەلەیەوە چەندین دیداری خێرا ئەنجامدراوە بۆ نمونە لەنێوان عەبدوڵلای موهتەدی و بالی جیابووەی حزبی دیموکرات؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هیچ هەوڵێکمان بۆ جیابوونەوەی ئەوان نەداوە. تەنانەت ئەو گرژی و ئالۆزییەی کە لە نێوانیاندا پەیدا بووە پێمان ناخۆشبوو و پێمانوابووە کە بە زیانی خەباتی سیاسی هاوبەشمان لە دژی رژێمی کۆماری ئیسلامییە. ئەم جۆرە رووداوانـــەی کە لە کاتی جیابوونەوەکاندا ڕوودەدەن کەشوهەوایەکی نالەباری سیاسی لە کوردستاندا دەخوڵقێنن کە لە نیهایەتدا بە زەرەری هەموو لایەک تەواو دەبێ. جیابوونەوە دەتوانێ گەلێک ئاسایی بێ بەو مەرجەی کە لەسەر بنەمای ناکۆکی سیاسی جیدی، ناکۆکی ستراتێژی و بەرنامە و بە شێوەیەکی هێمنانە و شارستانییانە بەرێوە بچێ.

دیموکراتەکان، کێشەی پلەو پایەیان هەبوو

×بەقەناعەتی تۆ فاکتەرەکانی پشت جیابونەوەی سەرلەنوێی حزبی دیموکرات پاش جیابوونەوەی سالآنی کۆتایی هەشتاکان لەنێوان حزبی دیموکرات و رێبەرایەتی شۆرشگێر، ئەو فاکتەرانە چین، چەندە خەتەرە لەسەر مەسەلەی کورد؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من پێموایە کە رەهبەرانی حزبی دیموکرات خۆشیان نازانن کە ئەوکات بە وردی لەسەر چی جیابوونەوە. واتە

ناتوانن تەوزیحێکی واقعی بدەن لەسەر هۆکاری جیابونەوەکەیان، نەک ئەوەی کە ئەیشارنەوە، لەوانەیە هەر خۆشیان تەشخیسی ئەوە نەدەن کە بەراستی لەسەر چیبووە. بەڵام من پێموایە کە زۆرجار ئینسانەکان بەعزە کردوەوەیەک دەکەن کە خۆشیان نازانن سەرچاوەکەی چییە، بەڵام کەسێک لە دەرەوەی خۆیان دەتوانێ بزانێ کە سەرچاوەکەی چیبووە.

بەبروای من لە ناو حزبی دیموکراتدا کێشەی تەشکیلاتی هەبووە، ناکۆکی لەسەر کورسی و پایە هەبووە، پێشێلکردنی دیموکراسی هەبووە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ڕێبەرانی حزب ناتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن؟ بۆ ئیمکانی ئەوەیان نییە چارەسەری بکەن؟ لەبەرئەوەی کە نفوز و متمانەی پێویستیان پێناکرێ، ئەو متمانەیان لە دەستداوە. بەڵام ئەو نفوزومتمانەیە لە کوێ لە دەستچووە؟ لە مەیدانی سیاسەتدا. واتە ئەگەر لە حزبێکا کۆمیتەیەک یان تەنانەت بڵێم کەسایەتییەک لە قۆناغە گرنگەکانی سیاسی کە بەسەر کۆمەڵگا و خەباتەکەیاندا دێت بتوانێ ئەو ڕێکخراوەیە یان ئەو کۆمەڵگایە بە سیاسەتی دروست بە سلامەتی دەربازبکات، کادر و ئەندامانی ئەو حزبە ئەوەندە خۆیان بەقەرزاری ئەو رەهبەرییە دەزانن کە لەکاتی قەیرانی سیاسیدا کە حزبەکەیان تووشی دەبێ بە قسەیان بکەن. حزبی دیموکرات بەهۆی ئەوەی کە بە درێژایی چەند سالی پێش لە تیرۆری قاسملوو چی سیاسەتی دارشتوە غەلەت دەرهاتوە، چی سیاسەتی دارشتوە نەتیجەی پێچەوانەی بووە، لەو کاتدا تووشی ئەزمە دەبێ و دکتۆر قاسملوو وەکو کەسایەتیەکی ناوداری ئەو حزبەش ناتوانێ کۆنترۆلی بەسەردا بکات. با بۆ نموونە باسبکەم. سکرتێری گشتی حزب دەچێتە ناو گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی بە بێ ئاگاداری دەفتەری سیاسی حزبەکەی، گفتوگۆ دەکات لە کاتێکدا کە حزبەکەی خۆی لە لاوازترین هەلومەرجی ژیانی دایە و رژێمیش لەبەهێزترین هەلومەرجی خۆیدا. کوا ئەو

هاوسەنگییە گفتوگۆی هەڵدەگرت.

لە شەر لەگەڵ کۆمەڵەدا کۆمەڵێک پێش شەرتی نادیموکراتیک بۆ کۆتایی پێهێنانی شەر دادەڕێژن کە نەک هەر تەنیا کۆمەڵگا لێیان قبول ناکات بەڵکو ناتوانن دۆستان و سەمپاتەکانی خۆشیانی پێ ڕازیبکەن.

لە دارشتنی سیاسەت بەرامبەر بە ڕەوتی ڕیفۆرمی حکومەتی لە ئێران تووشی بێ ئینسجامی دەبن و سەر لەلایەنگرانی خۆشیان دەشێوێنن.

خەباتی چەکداری بەکردەوە وەلا دەنێن بە پێ ئەوەی کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سیاسی و ستراتیژیک بۆ خەلک و بۆ ڕیزەکانی خۆیان بدەن. حزبێک کە بۆ سالیانی دوورودرێژ بنەمای چالاکی خۆی لەسەر خەباتی چەکداری دادەڕێژێ، لە وەها کاتێکدا چۆن تووشی ئەزمە نابێت؟. خۆیان بە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەوە گرێدەدەن و بە پرۆژەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەلێن، دوای ماوەیەک بە خشکەیی لێی پەشیمان دەبنەوە و هەوڵدەدەن هەلوێستی ڕابردوویان پینەوپەڕۆ بکەن.

ئەوانە و لەوانەیە چەندین نموونەیتریش کە هەر یەکێکیان بۆ هەڵتەکاندنی حزبێکی نۆرمال بە بێ ئەوەی ڕەخنە لەخۆی بگرێ، کافییە، هەموویان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ڕوویانداوە. ئەم قەیرانە لە کێشەی دیموکراسی ناوخۆی حزبدا و لە کێشەی پاوانخوازی سەرکردایەتی و کۆمەڵێک شتی ڕێکخراوەییدا سەر هەڵدەدات، بەڵام ئەمانە ڕووکەشی ئەزمەکەن و ناوەڕۆکی ئەوەیە کە باسمانکرد. بەبروای من ناسیۆنالیزمی کورد لانیکەم لە سێدەیەی ڕابردوودا نیشانیداوە کە ناتوانێ ڕێبەرێکی لێوەشاوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بێ، ناتوانێ کۆمەلگا بە سەلامەت لەم کێشەیە دەرباز بکات و خەلکی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان شاد بکات. خەتەرێک ئەگەر هەبێ لێرەوەیە. بەڵام کۆمەلە لە کوردستانی ئێران دەتوانێ بەرامبەر بەم خەتەرە بەدیل بێت. ئێمە هیوادارین و هەولدەدەین دەوری خۆمان لەم بابەتەوە بنوێنین.

×پێتوانییه فاکتەرێکی دەرەکی مەبەستم ئێرانە لەپشت ئەو مەسەلانەوەیە ناڕاستەوخۆ، وەکو چۆن وتت لە جیابونەوەی کۆمەڵەدا دەستی هەبوو، جارێکی تر فاکتەرێکی ناوخۆیی کوردستانی عیراق کە مەبەستم یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانە دەستیان لەو مەسەلەیەدا هەیە وئەوەی کە تۆ باستکرد ناوشیاری سەرکردایەتی سیاسیە، هەرئەم سێ فاکتەرە هەرسێکیان لەپاڵ جیابوونەوەی حزبی دیموکراتن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەزانم کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر ڕێگا دەستێکی هەبوو بێ بە دلنیاییەوە کەلکی لێوەرگرتووە. بەڵام ئایا لە چ کەناڵێکەوە کردویەتی؟ کەی کردویەتی؟ چۆنی کردووە؟ لەو بابەتەوە دەبێ فاکتی موشەخەس هەبێ کە ئینسان بتوانێ قەزاوەت بکات. من ئەو فاکتانەم نییە.

یەکێتی و پارتی
هۆکاری جیابوونەوەی دیموکرات نین

×ڕۆڵی یەکێتی و پارتی ڕۆڵێکی نێگەتیڤانە نییە لەو مەسەلەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕەقابەتی یەکێتی و پارتی لە ناو کێشەکانی ئەم دواییانەی حزبی دیموکراتدا ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو، بەڵام من ئەوان بە هۆکاری لەت بوونی حزبی دیموکرات نازانم.

×فاکتەرێکن یەکێکن لە فاکتەرەکان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: فاکتی پێویستم بۆ وەها قەزاوەتێک لە دەستدا نییە.

×یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران بە منی وت "جیابونەوەی کۆمەڵەکان زۆر مۆدێرنانە تربوو لە جیابونەوەی ئێمە، کە خەریکە ئەگاتە شەڕە تفەنگ، پێتوایە ئەمە ئیمتیازێکە بۆ کۆمەڵە؟یان ئەمە فەرهەنگی کۆمەڵەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ناو کۆمەڵەدا ئێمە بەردەوام هەوڵماندااوە کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان بە سوونەتەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. ئەڵبەت ئـەوەش بڵێم کە بە بــڕوای من جیابوونەوەیەکی شارستانییانە هێندە شانازییەکی گەورە نییە، ئەوە لانیکەمی تەوەقوعێکە کە ئینسانێکی سیاسی ئەم سەردەمە دەبێ لە خۆی و لە رێکخراوەکەی هەیبێ. بە پێچەوانەکەی بە راستی کارەساتە.

سەلاحی موهتەدی موخالیفی فیکری ئێمەبوو

× یەک پرسیاری تایبەت سەبارەت بە جیابوونەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان لە کۆمەڵە، وەکو چەندین جاریش بیستومە کە(سەلاحی موهتەدی) رۆڵێکی دیوە لەم مەسەلەیەداو لە بزووتنەوەی سیاسی بەردەوامی کۆمەڵەی ئێراندا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەندەی کە من لە نزیکەوە کاک سەلاحی موهتەدی بناسم، هەر لەسەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵەوە تا بە ئەمرۆ لەگەڵ رێبازی سیاسی و جیهەتی فیکری و بەرنامەی ئێمە مۆخالیف بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە وەکو ئینسانێکی سیاسی هەم هاتوچۆی بۆ لامان هەبووە و هەم ئێمە چووین بۆ لای ئەو و پەیوەندییەکی سیاسی نۆرمالمان لە گەڵی هەبووە. ئەو بەردەوام هەولیداوە کە لەو پەیوەندییە بۆ ئەوەی کە ئێمە بەرەو ناسیۆنالیزم رابکێشێ و لە کۆمۆنیزم دورمانخاتەوە، کەڵک وەربگرێ. ئەوەش شتێکی گەلێک ئاساییە. بە لای منەوە گەلێک ئاساییە ئەگەر ئەو لە کاتی جیابوونەوەی باڵی کاک عەبدوڵلا و ئەواندا لایەنگری لێکردبن، چونکە ئەوە ئاواتێکی چەندین ساڵەی ئەو بوو کە لای وابوو خەریکە دیتە دی. دیارە رۆڵێک کە ئەو هەیبووە بۆ خۆی و بۆ رەوتەکەی باش بووە و بۆ ئێمە و بۆ رەوتەکەمانخراپ بووە.

یەکێتی هاوکاری باشتری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کرد

×جگە لەوانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە پێی نفوزێک کە لە ناو یەکێتیدا بوویەتی لە کاتی جیابوونەوەکاندا هەولیداوە کە بە تایبەت لە بواری مادییەوە کارئاسانییان بۆ بکات.

×چی بۆ کردون، شتی بەرچاوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەبواری دابینکردنی ئیمکاناتی ماددی، لە بواری ئاسانکاری ئیداری، لە بواری کردنەوەی ڕێگایان بۆ زانکۆکانی کوردستان و شتی تری لەو چەشنە.

موهتەدی دەڵێ دەچینە بەربەفر ناچینە ناو حزبی کۆمۆنیست

× کاک عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێ کادیرەکانی ئێمە پاش ساغکردنەوەی کۆمەڵە وتیان لەبەرئەوەی حزبی کۆمۆنست زۆر غەدری لە کادرەکانی ئێمە کردوە ، کادرەکانی ئێمەو پێشمەرگەکانی ئێمە گوتویانە دەچینە بەربەفر، بەڵام ناچینە ناو حزبی کۆمۆنست ، ئەو غەدرانە چیبوە ئێوە کردوتانە؟ تاچەند ئەوانە راستە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک عەبدوڵڵا ناتوانێ هیچ نموونەیەکی بەرچاو لەم بابەتەوە بێنێتەوە. دۆست و دوژمن دەزانێ کە ئەوە لایەنی ئێمە بوو ئیمکانی ئەوەی پێکهێنا کە جیابوونەوەکە شارستانییانە و بە بێ کێشە بەرێوەبچێ. کادرەکانی ئەوان نایەنە ناو ریزی ئێمەوە نەک لەبەرئەوەی کە غەدریان لێکرابێ، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە رێبازێکی سیاسی بە تەواوی جیاواز لە

کۆمەڵە و لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران گرتووەتەبەر، ئەوەندە جیاوازە کە تەنانەت کاک عەبدوڵڵا لە خۆی رادیوە کە بیر لە پرۆژەی هاتنە سەر مەقەرەکانی ئێمە بە دەستی ئەوان دابرێژێ. ئەڵبەت لام وایە ژمارەیەکی زۆر کەمیان ئامادەیی چوونە ناو وەها کارەساتێکیان تێدا هەبووە. هەر ئەو ژمارە کەمەن کە کاک عەبدوڵڵا دەڵێ دەچنە بەر بەفر و نایەنەوە ناو حزبی کۆمۆنیست.

×عەبدوڵڵای موهتەدی دەڵێ" ئێمە ئامادەین یەکبگرینەوە لەگەڵ ئەوان یان ئێمە رازین بەو یەکگرتنەوەیە"، بەڵام بەمەرجێک ئەوان لە حزبی کۆمۆنیست بێنە دەرەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو قسانە لەچوارچێوەی راستگۆیی سیاسی دەر دەچن و دەچنە خانەی دیپلۆماسییەکی بورژواییانەوە. ئاشکرایە کێشەی ئەوان لەگەڵ کۆمۆنیزم وەکو بەرنامە و رێبازی سیاسییە نەک لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست.

×ئەگەر تۆ داوای یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەوان بکەی، مەرجت چییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە بۆ ئەندامگیری لە ناوخۆماندا پێش مەرجمان هەر ئەوەیە کە لە پەیرەوی ناوخۆماندا نوسراوە. هەر کەس بەرنامەی ئێمەی قبوڵ بێ و ئامادە بێ بە شێوەیەکی رێکخراو لە ناو حزبی ئێمەدا چالاکی بکات دەتوانێ ببێ بە ئەندامی ئەو حزبە، بۆ ئەوان یان بۆ هەر کەسێکی دیکە.

بابێنەوە ناو کۆمەڵە

×جارێکی کە بێنەوە ناو کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەو مەرجەی سەرەوە.

×هەر لەژێر ناوی سازمانی کوردستانی- حزبی کۆمۆنستی ئێران (کۆمەڵە)دا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ.

بائەوان ناوی کۆمەڵە لەسەر خۆیان لا بەرن

×ئەوان قبوڵیان نییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: قبوڵیان نییە، هەر بۆیە نایەنەوە و ئەو قسانەش موجامەلەیەکی بێ ناوەرۆکە.

×یەعنی هەروا پەرش‌وبڵاو، هەردوو ڕێکخراوی سیاسی دەبن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: باشتروابووباشتر وایە کە ئەوان ناوێکی دیکە لەسەر خۆیان دابنێن کە گونجاوتر بێ لەگەڵ ڕێبازی ئێستاپان. ئەگەر وایانکرد ئەوە کێشەی دوو کۆمەڵە و چەند کۆمەلە چارەسەر دەبێ. ئەگەر واش نەکەن بەبروای من مەسەلەیەکی گرنگ نییە. کۆمەڵە دەتوانێ لە مەیدانی کردەوەدا جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ هەر حزب و ڕێکخراوێکی دیکە کە بەناوی کۆمەڵەوە کاربکەن نیشان بدات. کۆمەڵگای کوردستان سیاسی تر لەوەیە کە مەسەلەی ناو کێشەیەکی درێژماوەی چارەسەر نەبووی بۆ بخولقێنێ.

×ئەتەوێ بڵێی ئەوان چەپ نیین و با بەناوی مەیل‌و گەرایشی قەومی کاری خۆیان بکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە دەتوانێ تەعبیرێک بێت.

× عەبدوڵڵای موهتەدی ئەڵێ "ئێمە داوای سێ پێشنیارمانکردووە لەکاک ئیبراهیمی عەلیزادە یەکەمیان هەردولا نێوی یەکتری بەکاملی بەرین، بەو شکلەی کە ئاوایە، بەڵام ئێوە ئەم داوایەتان قبول نەکردوە بۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشەی ناو بنچینەی نییە، هەڵبژاردنی ئەو ناوە لە لایەن ئەوانەوە نارەوا بووە بەڵام جیاوازی سەرەکی ئێمە لە جێگایەکی دیکەدایە. ئەو کێشەیە ئێستا لە کۆمەڵگای

کوردستانیشدا فەرعی بووەتەوە و مەشغەڵەیەکی جیدی نییە. ئەو ناوەی کە ئەوان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو واتە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دوو وشەی تێدایە کە لە دیپلۆماسییەتێک کە ئەوان پێویستیان پێیەتی، ژانە سەری زیادییان بۆ دەخولقێنێ. ئەویش شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێشانە. وەرگێرانی هەردوو ئەو وشانە بە زمانە ئەوروپاییەکان بە لای ئەوانەوە خۆش ئاهەنگ نییە. هەر بۆیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەو تێکستانەدا کە بە زمانی ئینگلیزی دەیان نوسی ناوی "حزبی کۆمەڵە"یان بە کاردەهێنا. ئەوە بۆ دەربازکردنی خۆیان لە قورسایی ئەم دوو وشەیە بوو. جا ناوێک کە ئەم هەمووە کێشەیەی بە دواوە هەبێ بۆیان و بە رەسمیش لە رێبازەکەی لایاندابێ، چ قازانجێکی هەیە و ئەگەر هەیبێ تاکەی دەیبێ؟

بەڵگەنامەکان بڵاودەکەینەوە

×خاڵی دووهەمیان دیارە داوای سێ خاڵیان لەئێوەکردوە کۆبوونەوەیەک لە ئاستێکی باڵا لە نێوان کۆمیتەی ناوەندی ئێوەو ئەواندا بۆ قسەکردن لەسەر ئەسنادو تەدارەکو کۆمەڵا شتیتر، بەڵام تائێستا ئێوە کۆنەبوونەوە لەگەڵیان ئەو داوایەتان قبوڵ نەکردون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئێمە ئەو داوایەمان کە نەک لە دانیشتنی رەسمیدا بەڵکو لە رێگای ناوبژیوانانەوە هاتووەتە گۆرێ لێ قبولنەکردوون، چونکە بە پێی پەیرەو و پرۆگرامێک کە هەردوو لامان لە کاتی خۆیدا سەلماندوومانە حزبی دایک لەسەر جێگای خۆیەتی و ناکرێ باس لەدابەشکردنی هیچ ماتریالێکی بکرێت. ئەو داوایەی ئەوان شەرعیەتی نییە. ئەوەش بزانن کە ئێمە خەریکین زۆربەی بەڵگەنامەکانی ئەو حزبە، ئەوانەی کە

کێشەی شەخسی بۆ هیچ کەسێک ناخوڵقێنن لەسەر تۆری ئینترنێت دادەنێین کە بۆ ئەوان و بۆ هەرکەسی دیکە کە بیەوێ لە دەسترەسدا بێ. لام وا نییە ئەوان زۆر بە ئاشکرا بوونی ئەو بەڵگەنامانە خۆشحاڵ بن.

×دانیشتنتان بووە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ساڵێک لەمەوپێش.

×لەسەرچی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر هەندێک کێشە کە پەیوەندی هەبوو بە نزیکبوونی مەقەر و ناوەندەکانی چالاکیمان لە یەکتر.

×کێشەکان چی بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کەسی ئێمە بەردەرگای مقەری ئەواندا رۆیشتووە، پیلەیان پێگرتوە بردوویانە لێیانداوە بریندداریانکردوە عەزێتیانکردوە، هاتونەسەر ئەم بەرزاییانە لەوێدا تەقەیان بەسەر ئۆردوگاکەی ئێمەدا کردوە. من بیرم نایە ئێمە هیچ مەوردێک دەردی سەری‌و کێشەمان بۆ ئەوان خولقاندبێ. دوایین جارێک کە کێشە دروستبوو ئەوان دوکەسیان بە حاڵەتێکی تۆزێ ناخۆشەوە یەعنی وەزعیان تەواونەبوو هاتبونە بەردەرگای ئۆردوگای ئێمە. دوای تۆزێک لێکۆڵینەوە ئەو کەسەیان کە رێزی لە بەرپرسی پرسگەکە نەگرتبوو، ناردمانەوە بۆ لای خۆیان.

×ئامادەنین ئێوە ئەسنادەکان کۆپییەکانیشیان بدەن بەئەوان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەسەر تۆری ئینتەرنێت هەیە با بچن هەڵیبگرن.

کۆمەڵە حزبە، شەریکەی بازرگانی نییە

×ئەی بۆ راستەوخۆ نایاندەنێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرکەسێ رۆیشتوە لەو حزبە رۆیشتوە و خۆ شەریکەی بازرگانی نییە کە هەر کەس رۆیشت داوای بەشبکات. حزبایەتی رێ و رەسمی خۆی هەیە. جگە لەوانیش

گەڵێک کەسی دیکە هەن کە لەو حزبە ڕۆیشتوون چۆندەکرێ دەستبکەین بە دابەشکردنی بەڵگەنامەکانی حزب لە ناو ئەم و ئەودا. ئەمانە بەشێک لە مێژووی ئەو وڵاتەن و هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لێیان ئاگادار بێت. هەر بۆیە لەسەر تۆری ئینتەرنێت دانراوە.

×ئەگەر لەسەر ئینتەرنێتی بێ ، بە (PDF) ناتوانن کۆپیکەن ئەوان؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەدەنگ و بە نوسراوە هەمووی قابیلی کۆپیکردن و دەسترەسن.

×مەبەستتان لەوە چییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: مەبەستمان ئەوەیە کە مێژوی کوردستان موستەنەد کەین.

×خاڵێکی زۆر گرنگ کە لە گوزارشتی کۆمیتەی ناوەندی نوێی کۆمەڵە، عەبدوڵڵای موهتەدی پێشکەشی کۆنگرەی کردوە ، خاڵێکی زۆر گرنگە سەرنجت بۆ ئەوە رابکێشم ، دەبێ "ئێمە داوامان لە رەهبەری حزبی کۆمۆنستی ئێران- سازمانی کوردستانی ئەو حزبە کردوە، ناڵا کۆمەڵە، سەبارەت بەو دیعایەی کە جەماعەتی مەنسوری حیکمەت کردویانە و لەسەر تۆری ئینتەرنێت بلاویانکردۆتەوە، ئەو کاتە کە گوایا پیشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەوری کۆنگرەی نوێ ئەوانی گرتوەو لەژێر بەرقی سەرنێزەی ئەواندابوە کە پرۆژەی هاتنەدەری کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنستی ئێران روویداوەو داوامانکردوە ئەمە بەدرۆ بخەنەوە بەڵام نەیانکردوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە راست نییە کە ئێمە بەدرۆمان نەخستبێتەوە، من خۆم وتوێژم کردوە لە گەڵ رۆژنامەکانی کوردستانی عیراق وئەوەیان لێپرسیوم و ووتوومە شتی وا نەبووە.

×ئێوە لەکاتی کۆنگرەدا شتی واتانگوتوە کە گوایا یەکێتی نیشتمانی دەوری بارەگاکانی ئەوانی پاراستوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نە، بنچینەی نییە، نە یەکێتی ئەو کارەی کردووە نە ئێمەش وتوومانە.

یەکێتی هاوکاری موهتەدی کردووە

×نەتان وتووە یەکێتی نیشتمانی رادیۆی داوەتێ هاوکاریکردوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە یەکێتی یارمەتییان دەکات، ئەوە مەوزوعێکی دیکەیە، ئاشکرایە و شاراوە نییە. ئەوەی ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە پروپاگەندەیەکمان کردبێ، ئەوە راست نییە.

×ئێوە بانگەشەی ئەوەتانکردووە کە ئەو رادیۆیەی لە یەکێتی نیشتمانی وەرگرتوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) یارمەتی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی داوە، زۆر و کەمییەکەی بۆ ئەم و ئەو بە جێگای خۆی. بۆ ئەوانیش هەر لەوچوارچێوەیەدا بووە.

ئێمە دژو ئەوان هاوکاری ئەمریکان

×ئەی بۆ مەنسوری حیکمەت ئەوەیان بڵاوکردەوە؟ مەبەستیان لەو بڵاوکردنەوەیە چیبوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەبلیغاتی سیاسی خۆیانە و خۆیان لێی بەرپرسن.

ئێمە سۆسیالیست و ئەوان ناسیۆنالیستن

×هێزی پێشمەرگەی ئێوە یان ئەوان ئێستا بەهێزترە،

ئێوە لەو بارەیەوە جیاوازییەکانتان چیە؟ یەعنی جیاوازیەکانتان لەباری نەزەری، پێشمەرگایەتی، تەشکیلاتی، ئیداری مالی، پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوە لە کورتترین خاڵدا چییە؟ چۆن ئەکرێ یەکێک ئەم هەموو سیفاتانە بناسێتەوە لە کۆمەڵەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پێموانییە ئەوان لە هیچ بوارێکەوە لە ئێمە بەهێزتر بن. لە بواری ڕێکخراوەییەوە ئەوان ڕێکخراوێکی هەر بە تەنها کوردستانین، بواری چالاکی ئێمە لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا سەرانسەرییە.

بەرنامەی ئێمە بۆ دووا ڕۆژی ئەو وڵاتە بە سەراحەتەوە لەسەر بنەمایەکی سۆسیالیستی دامەزراوە، هی ئەوان بە ناسەریحی لەسەر بنەمایەکی ناسیۆنالیستی دارێژراوە. ئەوان هاوپەیمانانی سیاسی خۆیان لە ناو بەرەی ڕاستی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا دەبیننەوە، ئێمە ڕوومان لە بەرەی چەپی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە. ئەوان تەئیدی سیاسەتی ئامریکا لە ناوچەکە دەکەن و خۆیان بۆ بەهرەمەند بوون لە ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە ئامادە دەکەن، ئێمە لامان وایە سیاسەتی ئامریکا بۆ دوارۆژی ئێران کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە و لەگەڵی نین.

ئەوان هەوڵدەدەن یارمەتی دارایی لە ئەمریکا وەر بگرن و ئێمە ئەو سیاسەتەمان پێ زیانبارە. لە بواری ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا لام وانییە جیاوازییەکی بنچینەی هەبێ، بەڵام ئێمە دژی گەلێک لەو کردەوانەین کە ئەوان بە دەستی ئەو هێزەیان جاروبار لە ناوەوەی کوردستان دەیکەن، بۆ نموونە لە جەریمەکردنی ئەم و ئەو و کۆکردنەوەی پارەدا.

×سنوورەکانتان زۆر لەیەک نزیکە، تەنهاچەند سەد مەترێکیتان بەینە، ئەوە تا چەند لەروی نەفسییەوە لەروی سایکۆلۆژییەوە تەئیسر لەوەدەکا کە ئێوە ڕۆژانە یەکتر ئەبینن، تا چەند ڕۆژانێک بووە بەیەکەوە پێشمەرگەبوون خەباتتان کردوە، بەڵام ئێستا بوون بە دوو بەشەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستا بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستیەی کە ئەوان لە باری رێبازی سیاسی و بەرنامەیی و بۆچوونەوە تەواوەن وەکو حزبێکی دیکە خۆیان نیشاندەدەن و حزبێکی دیکەن هەمووشتێک ریلاکس تر بۆتەوە، یەعنی ئێستا بەبروای من هەرچی ئەوان رێبازی فیکری و سیاسی و عەمەلییەکەیان شەفافتر بکەنەوە ئیمکانی بە یەکەوە ژیان و ئیمکانی تەبایی زۆرتر دەبێ.

×بۆئەوان پێش ئێوە(T.V)یەکی سەتەلایتیان دانا، لە کاتێکادا ئێوە پێشتر بەنیازبون داینێن، ئەوە تاکتیک بوو پێش ئێوە کەوتنو بوون بەخاوەنی یەکەمین تەلەفزیۆنی ئاسمانی بۆ ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی لەشاخ، وەکو خۆشیان ئەڵێن بوون بە دووەمین ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەشاخ دوای پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) بەو ئیعتبارەی ئەوان یەکێتی و پارتی بەحکومەت دەزانن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان پارەیان لە ئێمە زۆرتر بوو هەر بۆیە توانیان دەسپێشخەری بکەن. ئێمە بۆ دامەزراندنی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە بنچینەن پشتمان بە یارمەتی خۆبەخشانەی ریزەکانی خۆمان لە دەرەوەی وڵات و هەروەها خەڵکێک کە ئامادە بوون لەم بوارەدا هاوکاریمان بکەن، بەستبوو. ئەگەر بتانەوێ دەتوانن بە وردەکارییەکی زۆرترەوە باسی چۆنیەتی دامەزرانی ئەم کاناڵە تەلەفزیۆنییەتان بۆ بکەین.

کۆمەڵە بەکۆمەک دامەزرا (TV)

×بەڵێ... بەڵێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کاتێک بریاری دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە هاتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، کۆمیتەیەکمان بۆ دابینکردنی ئیمکاناتی دارایی بۆ بەرێوە چوونی پرۆژەکە

دیاریکرد. ئەو کۆمیتەیە داوای لە هەموو ئەندامانی حزب لە دەرەوەی وڵات کرد کە هەر کامەیان لانیکەم بری هەزار دۆلار بە قەرزبدەن بە سەندوقی تەلەفزیۆن. بەو مەرجەی کە هەرکات کۆمەڵە لە توانایدا بوو بیانداتەوە. جا خۆیان ئەو برە پارەیان هەیە، یان قەرزیدەکەن، ئیشی خۆیانە.

هەروەها داوا لە هەموو ئەندامان کرا کە هەر کامەیان کە توانای ئەوەیان هەیە پارەیەک لە بانکەکان قەرزبکەن، ئەو کارەبکەن و کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە قیستی بانکەکەیان بۆ ئەداتەوە. هاوکات لە دەرەوە و لە نـاوەوەی وڵاتیش داوای یارمەتی بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆنکرا. دوای ماوەی چەند مانگ بڕێکی نیسبەتەن باش پارە کۆبووەوە. ئەو پارەیەمانکردە دووبەش، بەشێکی بۆ دابینکردنی مەسرەفی سەرەتایی تەلەفزیۆن و بەشێکی سەرمایەگوزاری پێکرا بۆ ئیدامە کارییەکەی.

هاوکات گەلێک لە مەسرەفەکانی ناوخۆی حزبمان داشکاند و بە تایبەت هاورێیانمان لە هەموو شوێنێک بە مەبەستی سەرخستنی ئەو پرۆژەیە، لە گەلێک لە پێداویستییەکانی سەرەتایی خۆیان سەرفی نەزەریان کرد. بەم جۆرە بوو کە ئێمە پشت بە خۆمان و ئیمکاناتی خۆمان و یارمەتی خەلکی دڵسۆز توانیمان ئەو پرۆژەیە بەە سەرئەنجام بگەیەنین.

×کەواتە ئەوە ڕاست نەبوو کە وتیان یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەلەفزیۆنەکەي بۆ داناون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ درۆ بوو. یەکێتی نیشتمانی کوردستان یارمەتی ژیان و بەرێچوونی هاورێیانمان لە کوردستانی عیراق دەدات. ئەوەش پەرەنسیپ و مێژووی خۆی هەیە.

ناتوانم بڵێم یەکێتی چەندە پارەمان دەداتێ

×چەندتان ئەداتێ مانگانە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە نهێنییە کە بە داخەوە ناتوانم ئێستا ئاشکرای بکەم.

×ئەی ئەوەتا چەند راست بوو کە ئیسرائیل یارمەتیداون لە دانانی تەلەفزیۆنەکەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بنچینەی نەبوو.

×تەلەفزیۆنی کۆمەڵە، بۆ ناوتان نا تەلەفزیۆنی کۆمەڵە؟ چۆن بوو کە عەبدوڵڵای موهتەدی بیریان لەوە نەکردوە، پێش ئێوە تەلەفزیۆنێکیان دانا ناویان نەناکۆمەلە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵە ناوێکی ناسراو و خۆشەویستە لە کوردستان، ئەوەی کە خەڵکی دیکە بە رێبازی دیکە و بەم ناوەوە چالاکی دەکەن غەدرێک بوو کە لە کۆمەلە کرابوو. ئێمە بریارماندا بەم شێوەیە رێگانەدەین کە ئەو ناوە وا بە هاسانی لە ناوەرۆکەکەی جودا بکرێتەوە. هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵە بۆ ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە لەپێناوی ئەو مەبەستەدا بوو.

×بەس لەلایەن خەڵکی دۆستی کۆمەڵە و سەرمایەدارەوە یارمەتیدراون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ.

×ستودیۆتان هەیە لە زرگوێز؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ستودیۆیەکمان لە زرگوێز هەیە، بەڵام ستودیۆی سەرەکیمان و ناوەندی بەرێوەبردنی تەلەفزیۆنەکەمان لە دەرەوەی وڵاتە.

×پێموایە نەتانوێراوە لەبەر تۆپبارانکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەرووی ئەمنییەوە لێرە دابنرێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشەکە لەسەر وێران و نەوێران نییە. لە بواری بەرژەوەندی داهاتووی کۆمەڵە ئەوە باشترە کە ناوەندی

دەزگا سەرەکییەکانی تەبلیغاتی کۆمەڵە لە ئۆروپا دامەزرابێت. تۆپباران و هێرشی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە حیساباتی ئێمەدا جێگای خۆی بۆ کراوەتەوە.

×شۆڕشێکی ڕاگەیاندنی گەورەبوو تەلەفزیۆنی کۆمەڵە، بۆ کۆمەڵە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەلەفزیۆن میدیایەکەی سەرەکی و گرنگە. لەم عەسرەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی لە ئیمکاناتی ئەم ئامرازە گرنگە بێ بەهرە بێ.

×بەس خاتری کۆماری ئیسلامی ئێران دەگرن، لە بەرنامەکانتان لەوەی کە جمهوری ئیسلامی زۆر تەعەسوبی نەبێ و نەوروژێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: نا، خاتری کۆماری ئیسلامی ناگرین، بەڵام تەبلیغاتی ئێمە پرنسیپی جێکەوتووی خۆی هەیە، بەو پێیە هەڵسوکەوت دەکەین. ئەو تەبلیغاتە دەبێ بە وشیارکردنەوەی جەماوەر و بە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری خزمەت بکات. ئێمە بە توندی خۆمان لەئاژیتاسیۆنی نا سیاسی دەپارێزین، بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی بێ یان هەر نەیارێکی کۆمەڵە.

×بەرنامە و ڕەنگدانەوەی مەسەلەی چەپ زۆر کاریگەری هەیە لەسەر تەلەفزیۆنەکە، ئەوە بۆ چوون و فکرەی تۆیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەلەفزیۆنی کۆمەڵە هەوڵدەدات ڕەنگدانەوەی خەبات و ئاواتەکانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بێ، بە کرێکار و زەحمەتکێشەوە، بە ژنی ستەم لێکراوەوە، بە خوێندکار و مامۆستا و بە پەرەستارەوە، فەرمانبەری ئیدارە دەوڵەتییەکانەوە، بە خەڵکی کەم داهاتی بازارەوە، بە گشتی هەر کەسێک کە لە بواری ئینسانییەوە هەست بە ئازارێک دەکات و ویستێکی عادلانەی هەیە. سەرنجی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگادەدا، کێشەی مادە هۆشبەرەکان، کێشەی لەشفرۆشەکان، کێشەی منداڵانی کار و خەڵکی بێ

خانە و لانە، ئەمانە هەمووی لە بەرنامەی کاری ئەو تەلەفزیۆنەدا ڕەنگدەداتەوە.

×ڕۆڵی دەنگی شۆڕشی ئێران و پێشرەو ئۆرگانەکانو دەنگی حزبی کۆمۆنیستی کەمٚ نەکردۆتەوەو لاوازی نەکردون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئاشکرایە کە دەوری ئەم ئامرازانە کەم دەکاتەوە. تەنانەت لەوەش واوەتر، دەتوانم بڵێم کە کەم و کوڕییەکانمان لەم زەمینانەدا دەشارێتەوە. ئێمە پێویستە هەوڵبدەین کە ئەم ڕاگەیەنە گشتییە گرنگە واتە تەلەفزیۆن جێگا و شوێنی واقیعی خۆی پەیدا بکات و کتێب و ڕۆژنامە خوێندنەوە کە گەلێک گرنگە بۆ قولکردنەوەی ووشیاری جەماوەر. ئێمە پێویستە هەوڵبدەین کە فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە و ڕۆژنامە خوێندنەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێبکەوێ. تیراژی کتێب و ڕۆژنامە بچێتە سەرێ. هەر بەو مەبەستە تەلەفزیۆنی کۆمەلە بەرنامەی تایبەتی هەیە و پەرەیشی پێدەدا. لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری باوەکو سەدان کەنالی تەلەفزیۆنیش هەیە، بەڵام تیراژی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب هەر لەسەرەوەیە، بۆ ئێمەش هەر ئەو نەریتە بە کەلکە.

×کێ سەرپەرشتی مەکتەبی ڕاگەیاندن ، یان ڕاگەیاندنی کۆمەڵە ئەکات لێرە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بە گشتی کۆمیتەی ڕەهبەری کۆمەڵە خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کاری ڕاگەیاندن دەکا و لە ناوخۆیدا کاری دابەشکردووە. بۆ تەلەفزیۆنی کۆمەڵەش لەو کاتەدا کۆمیتەیەکی باڵامان هەیە کە لەسەر هێڵە گشتییەکانی کاری تەلەفزیۆن بڕیار دەدات و هەر کام لە ستدیۆکانیش بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی خۆیان هەیە.

×ئەڵێن تۆ زۆر دەست ئەخەیتە ناوکاروباری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەوە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کردبێتم لەچوارچێوەی ئەو ئەرکانە

دایە کە پێم سپێردراون. هەوڵیشمداوە بۆ ئەوەیکە کەمیان بکەمەوە.

×بەرنامەی داهاتوی کۆمەڵە لەبواری راگەیاندندا چییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هەوڵدەدەین کە سەعاتەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆمەلە زیادکەین تا رۆژێک کە دەگاتە (24) سەعات. دەولەمەندکردنی چ لەبواری ناوەرۆکدا و چ لە بواری تێکنیکیدا. جگە لەوە هەولدەدەین کە نەکەوینە شوێن ئەو رەوتی خۆرسکەی کە هەموو شتێک لە تەلەفزیۆندا دەبینێتەوە. دەرکردنی رۆژنامەیەکی لە تیراژی زۆردا، یارمەتیدان بە چاپ و بلاوکردنەوەی کتێبی سیاسی و زانستی بەکەڵک کە دەرک و تێگەیشتنی کرێکاران و خەلکی ئازادیخوازی کۆمەڵگا قولبکاتەوە. ئێمە پێویستە هەولبدەین ئەو کەلێنەی کەلەناو کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا لە نێوان رووناکبیران و جەماوەری خەڵکدا هەیە پر بکەینەوە. ئەو کارە بە دەرەجەی یەکەم بە چاپەمەنی دەکرێت نەک بە تەلەفزیۆن.

×بەرپرسەکانی تری کۆمەڵە لەراگەیاندنەکان کەمتر دەرئەکەون بەو شکڵەی تۆ، ئەوە سیاسەتێکی تەعمیمکراوەوە دابەزیوە کە پێویست ناکا هەر کەسە بۆ خۆی لێدوان بداتو دیدار بکاو قسەبکا لەسەر سیاسەتی گشتی کۆمەڵە یان فاکتەرەکانی پشتی چین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەپێچەوانەوە ئێمە تەوجیهاتی نێو خۆمان ئەوەیە کە هەموو کەس بەراشکاوی لە هەموو جێگایەک بتوانێ دەرچێ، ئێستا کە تەلەفزیۆنمان هەیە هەولدەدەین کە بۆ ئەو مەبەستە بە باشی کەلکی لێوەربگرین. بە شاهیدی بینەرانی تەلەفزیۆنی کۆمەلە تائێستا لەم بوارەوە پێشکەوتنی باشمان بووە و زۆربەی هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندی و بەشێک لە کادرەکانی کۆمەلە دەوری خۆیان بینیوە و پێویستە پەرەشی پێبدەین.

×تۆ زۆر ئەخوێنیتەوە، بەبەردەوامیش لەسەر ئینتەرنێتی،

ئەتوانی پێمبڵێێ باشترین کەناڵی سەتەلایتی جیهانی کە تۆ زۆر موعجیب بیت بەهەواڵو ئیخباڕوکارکردنی کامەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کەنالەکانی ئینگلیسی و فەرانسەوی تەعقیب دەکەم. بە زۆری "بی.بی.سی"، "ئیۆرۆ نیوز" و "کەنالی 2"ی فەرانسە.

فەرەنسی و ئینگلیزی دەزانم

×فەرەنسی و ئینگلیزی ئەزانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ تارادەیەک پێویستییەکانی خۆم دابین دەکەم.

×کەناڵێکی فارسی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ کەناڵێکی فارسی وا شک نابەم کە بتوانم بە ئیشتیا دابنیشم و بەرنامەکانی ببینم.

×کەناڵەکانی کۆماری ئیسلامی باش نین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڕاستی کەنالەکانی کۆماری ئیسلامی تەحەمول ناکرێن.

×بۆ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەبەرئەوەی کە زۆر یەک لایەنەن، لەبەرئەوەی کە زۆر مەحدودن، لەبەرئەوەی کە تەنانەت هەواڵێکیش کە بڵاودەکەنەوە غەرەزئاوییە و ئەوەندە زەهری خۆیان تیا رشتووە کە بنیادەم دائیمەن هەست بەوە دەکات کە فریوی دەدەن یان سووکایەتی پێدەکەن. تەنانەت کاتی وا هەیە کە وتاری رۆژنامەیەکی خاریجی تەرجومە دەکەنەوە، بەڵام بە فەرهەنگی خۆیان دایدەرێژن و هەلوێستی خۆیان لە جیاتی هەلویستی رۆژنامەکە بە شێوەیەکی شاراوە جێدەکەنەوە. هەر بۆیە ئەمانەشیان جێگای هیچ متمانەیەک نییە.

×خەڵک چەواشەدەکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وایە.

×عەرەبی ئەزانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حاڵی دەبم بەڵام قسە کردن زۆر بە کەمی.

×گوێ لە جزیرە ئەگرێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، جاروبار.

×پێتوا نییە کەناڵێکی زۆرباشی عەرەبییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: کەناڵی ئەلجەزیرە لەسەرەتاوە زۆرباش دەستی پێکرد و تارادەیەکی زۆر کەشوهەوای دیکتاتۆری و سانسۆری لەوڵاتانی عەرەبیدا گۆری. بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی کە بەرامبەر بە رەوتی ئیسلامی توندرەو و هەروەها شۆڤینیزمی عەرەب هەڵوێستێکی لایەنگرانەی ئاشکراتری گرتووەتەبەر، بەبروای من گرنگی جارانی نەماوە. بەڵام بەو حاڵەشەوە دەبێ هاتنە کایەی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە وەکو رووداوێکی گرنگ لە جیهانی وڵاتانی عەرەبیدا چاو لێبکرێ.

(رۆژ TV)و لۆمۆندو ئاوێنە و BBC و پەیامم پێ باشە

×باشترین کەناڵی کوردی سەتەلایت کامەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لەرووی ناوەرۆکەوە کەناڵەکەی خۆمانم لە هەموو کەناڵەکانی دیکە پێباشترە. هەرچەند لەرووی تەکنیکییەوە گەلێک لاوازە. لەباری تەکنیکییەوە رۆژ(TV)کەناڵێکی دەولەمەندە، هەرچەند سیاسەتی تەبلیغاتییەکەیم بە دڵ نییە.

×باشترین رادیۆی جیهانی کە تۆ زۆر گوێی لێبگرێ؟

ئیبراهیم عەلیزادە: "BBC"، رادیۆی دەولەتی بەریتانیا و "RFI" رادیۆی دەولەتی فەرانسە.

×رادیۆیەکی کوردی باش هەیە؟
ئیبراهیم عەلیزادە: نەم بیستوە.
×باشترین رۆژنامە کە تۆ زۆر موتابەعەی بکەی؟
ئیبراهیم عەلیزادە: لە رۆژنامەکانی دەرەوە من (لۆمۆند و لۆمۆند دیپلۆماتیک)م پێ باشە
×باشترین رۆژنامەی کوردی؟
ئیبراهیم عەلیزادە: ئاوێنە.

رۆژنامەی ئاوێنە زۆر باشەو یارمەتی هاوڵاتیمان داوە

×دەنگوی ئەوەش هەیە ئێوە لەپشتەوە یارمەتی ئاوێنەدەدەن؟
ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو دەنگۆیە راست نییە. بەڵام لەسەرەتای دامەزراندنی رۆژنامەی هاووڵاتیدا ئێمە تارادەیەک یارمەتیدەریان بووین.
×باشترین سایتی ئینتەرنێتی؟
ئیبراهیم عەلیزادە: لە سایتە ئینتەرنێتییە ئینگلیسی زمانەکاندا سایتی "BBC" و "Z.NET" و لە سایتە کوردییەکاندا سایتی پەیام و دەنگەکان.

بەلینین زۆر موعجیبم

×باشترین سیاسەتمدار کە لەسەرتاسەری دنیادا پێی موعجیب بێ؟
ئیبراهیم عەلیزادە: زۆر موشکیلە ئەمە. بەڵام لام وایە تا ئێستاش لینین هەرە گەورەترین سیاسەتمەداری سەدەی بیستەمە. نەک هەر لەبەرئەوەی کە هاوبیروڕامە، بەڵکو بەڕاستی

بەهۆی ئەوە کە لەتەمەنی کورتی خۆیدا کاری گەلێک گەورەی کرد.

×باشترین سیاسەتمەدارێکی کورد کە تۆ موعجیب بی بە سیاسەتی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: شک نابەم ، بەداخەوە.

×عەبدوڵلای موهتەدی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: تەبعەن ناتوانێ وابێ.

×ناڵێم باشتربێ ئەڵێم وەکو سیاسەتمەدارێک؟

ئیبراهیم عەلیزادە: عەبدوڵلای موهتەدی ناتوانێ ئەو کەسایەتییە بێ. هەڵەی زۆر گەورەی لە ژیانی سیاسی خۆیدا کردووە.

×بە شۆڕشگێری دەزانی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مەبەست کام شۆڕش بێ، ئەو لە ڕابردوودا کۆمۆنیستێکی شۆڕشگێر بوو.

×بوو؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، گەلێک ئاسایی و دۆستانە لەگەڵ یەک دواوین.

ئامادەم لەگەڵ موهتەدی دانیشم

×ئامادەی لە مونازەرەیەکی ئاوا دانیشن دووبەدوو قسەبکەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر زەرورەتێکی سیاسی هەبێ بە لامەوە موشکل نییە.

×بەس ئەو هەمیشە ئەڵێ ڕێزی تایبەتم هەیە بۆ ئیبراهیمی عەلیزادەو بەکەسێکی شۆڕشگێرو تێکۆشەری ئەزانم لەناو کۆمەڵەدا؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حەق وابوو کەئەو ڕێزبۆرابوردوویەکی پڕ لە شانازیدا بنێ کە لە ریزی کۆمەلە و حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بە

دەستیهێنابوو. ئەو ئینسانێکی بە توانایە و دەیتوانی ئەگەر لەسەر ئەو رەوتەی خۆی مابا دەورێکی کاریگەر لە بزووتنەوەی ئێمەدا ببینێ.

×دوای جیابونەوەتان رۆژێک لەرۆژان توشی یەک هاتون مەرحەباییەک، دانیشتنێک، قسەیەک؟

ئیبراهیم عەلیزادە:بەڵێ بوو.

ئامادەم موهتەدی ببێتە سکرتێری کۆمەڵە

×ئەگەر سوتفە توشی یەک بوون؟

ئیبراهیم عەلیزادە: حەتمەن بە ئیحترامەوە رەفتاری لە گەڵ دەکەم و تا ئێستاش بیرم نایە لە هیچ دیمانەیەک لە هیچ دیالۆگێکدا و لە هیچ شوێنێکا بە بێ ئیحترامی ناوم بردبێ.

×ئەگەر موهتەدی بگەرێنەوە ناو کۆمەڵە، ئامادەی واز لە سکرتێری بهێنیو تەسلیمی عەبدوڵڵای موهتەدی بکەی؟

ئیبراهیم عەلیزادە: وەختێک هەمووومان پێکەوە بووین بە دڵنیاییەوە ئامادە بووم دەنگبەوە بدەم کە شوێنی سکرتێری بەو بسپێردرێ. خۆیشی ئەوە دەزانێ. ئەو لەگەڵ من موشکیلی نەبوو، بە دەرەجەی یەکەم کادرەکانی کۆمەڵە بوون کە متمانەیان پێنەدەکرد.

×پێتوانییە عەبدوڵڵای موهتەدی یا ئیبراهیمی عەلیزادە بە بێ کۆمەڵە ئەو کەسایەتی و شەخسیەت و سیاسەتمەدارە نین، یان عەکسەکەی راستە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: دەزانی مەسەلەکە چییە؟ مەسەلەکە ئەوەیە کەسایەتیەکان لەرێگای رێکخراوەکانیانەوە موهیم نابن، لە رێگای خەباتی جەماوەرییەوە ئەهەمییەت پەیدا دەکەن، ئێمە لە ناو کۆمەڵەدا بە دەیان کادرمان بووە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبون، بەڵام لە روی کۆمەڵایەتییەوە زۆر دەورێکی

گەورەیان بووە وە خەڵکی دەرەوەی ئێمە ئەوانیان بە ڕەهبەری کۆمەڵە زانیوە.

یەعنی ئەگەر لە کەسێکت پرسی بێ لەشاری سنە، ڕەهبەری کۆمەڵە کێیە؟ گوتوویانە(سدیق کەمانگەر) لە حاڵێکدا ئەو کاتە (سدیق کەمانگەر) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە نەبوو. من دەمەوێ بڵێم کە ڕێکخراوی ئێمە، تەلەفزیۆنی خۆمان، رادیـۆی خۆمان، گۆڤاری خۆمان ئێمە تەرح دەکا، وێنەی خۆمان بڵاو دەکاتەوە، ئەمە شەرت نییە ئێمە بکات بە ڕەهبەری ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵگا خۆی دەبێ ڕەهبەرانی خۆی هەڵبژێرێ، وە مەعمولەن ئەو ڕەهبەرانە لە مەقاتعێکی مێژووییدا کە دەخولقی بۆ کۆمەڵگایەک خۆ نیشاندەدەن وە ئەو دەورە پەیدادەکەن، شۆرشێک شکست دەخوات یەکێک دەوری هەیە لە بەرزکردنەوەی، سیاسەتێک ئاڵۆگور دەکرێ کۆمەڵگایەک لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەک دەبردرێ لە کاتێکی هەستیاردا. بەپێچەوانەوە ئەو هەلانەش لەو مقاتعەدا ڕوو ئەکەنە هەموو ڕەهبەرێکی ڕێکخراوەیی دەبەنە خوارخوارەوە.